**هێلانەی شەیتان.**

کۆبەندی چەند وتارێك.

ئەرسەلان مەحمود.

دیزانی ناوەوە: 𝒜ℳ𝒦.

بەرگ: ئیبراهیم ساڵح.

چاپی یەکەم.

چاپخانە: کارۆ

تیراژ: ١٠٠٠

ژمارەی سپێردراو:٢١٠٤

بەتاکی ئازاد،

بەوانەی ژیان لەجیاوازی و جیاوازی لەژیاندا دەبینن،

پێشکەشە

# هێلانەی شەیتان

کۆبەندی چەند وتارێك

ئەرسەلان مەحمود

# تیشکێك

دەمێك ساڵە دەخوێنمەوە، بەڵام زمانێك کوا لەکوێ بەتەنها دەتوانێ هێندە کۆمەك بەخش بێت مرۆ بگەیەنەتە دڵخوازو بکات بەخوێنەرێکی جیددی. لەیادیشمە یەکەم وتارم ساڵی١٩٩٣لەرۆژنامەی"**کوردستانی نوێ**"دا بڵاوکرایەوە، ئەمە ئەوێرۆژێ پژانێك بوو هەم خۆش و هەم تینوتاو بەخش، دەی چۆن خوێندنەوە عەشقی زانینخوازی، وزەی هەمەلایەنی دەوێ، ئاواو زیاتریش نووسین و بڵاوکردنەوە، توانست و بەرپرسیارێتی و هێزی هەمەڕەنگ و ڕەهەندی دەوێ.

**هێلانەی شەیتان**، ڕوانگەو بەرهەمی ئەم بەرپرسیارێتییەو کۆبەندی چەند وتارێکە لەدوتوێی خۆیدا بوارە فەرهەنگی، مەدەنی، ئەدەبی، سیاسی، کارگێڕی، ڕێکخراوەیی، جێندەرو پرسەکانی پەیوەست بەگەنجانی شەنکردوە. بێگومان هەر یەك لەم وتارانە پێشتر سەربەخۆ نوسراون و خۆکاریش بڵاوکراونەتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە کرۆك و یەکەی بابەتی لەهزرین و لەڕوانیندا بەنێوانیانەوە ئامادەگی زیندوی خۆی هەیە، هەربۆیە بەیەکەوەو لەم هەگبەیەیشدا لام وایە خوێنەر زەلیل ناکەن و هێشتا دەتوانن ئیزافە بەخش بن.

ئەز نەهێزی تێکدانی دنیاو نەخەونی ڕوخاندنی ئەوەشم هەیە تائێرە بەدەستهاتووە، باوەڕیشم وایە ئەوەی هەردەم دەبێ بەخۆیەوە خەریکمان بکات بونیادنانەوە بێت لەشتە هەرە بچوکەکانەوە نەك گوێڕایەڵکاری و گێڕانەوەی حیکایەتە گەورەکان. بێدادی دیارەو ئەوەی نادیارو تەمومژاوییە هەردەم هەر دادە، ئەگەر ڕاستگۆیانە بدوێین بەڕونی لەوە تێدەگەین ناکۆکی بێمانای کۆمەڵایەتی و بێبنەمای سیاسی لەکوردەواریدا بەناوی کوردایەتی و بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە، تاك بەتاکی کوردەواری لەخۆیدا لولداوە، هەر بۆیەو لەدیدی مندا زەمەنی ئەم بەڕەمزیەتکاریە لەدوێنێدا بەجیماوە، ئەمە بەو

مانایەی نەکاری ئێمەومانێکە سازشکارانە بدوێین، نەوەها گوتنێکیش دەچێتە خانەی خزمەتکردن بەخاك و خەڵکەوە، هەروەکچۆن ئەم خۆگونجاندن و بێدەنگییە درکپێکراوە خۆپارێزگەراییەی جا بەهەر بروبیانوو یا پاساوێکیشەوە دەگوزەرێ بەدرۆزنانە دەزانم، ئەوەی وزە ئەداتە گەندەڵکاری ئایدیای خێڵە فەرهەنگی تاك نیە، ئەوەی هەتاو ئەداتە فەرهودکاری دەسەڵاتی تاریکە شەمعەی شەقام نیە، ئەمەی بەها ئەداتە کۆنەپارێزی، کاوێژو کاوێژکارییە، سەروا نیە !

بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە بمەوێ ئیددیعای ئەوە بکەم، ئەوەی لێرەدا وتراوە تەاوی باسە، نەخێر نەك هەر لەنووسیندا لەهەر شتێکدا مەودایەك فاسیلەیەك بۆشاییەك دەبێت هەر هەبێت، ئەمە نەبێت هزرین دەکەوێتە ژێرپرسیارەوە، پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی کردن و بەشدارییپێکردن دەخنکێت، نووسەرو خوێنەر لەدوو کارەکتەری کارلێکەرو کارتێکەری یەکترییەوە بەیەکتر نامۆ دەکات. هەروەك چۆن ئەم کۆباسانەی دەیانخوێنیتەوە مەرج نییە وا خەیاڵبکرێ خوێنەر دوچاری سەرسامی و شۆك دەکەن، نەخێر ئەو خوێنەرانەی وەها لەنوسین دەڕوانن یۆتۆپی یا بێچارەن، خوێنەری زیندو، خوێنەرێکە بنکۆڵکارو بەپرسیار، بەدوای ئارگۆمێنتەوەیە.

داماوترین نووسەرو خوێنەریش ئەو نووسەرو خوێنەرانەن لەدیدی ئەوانی ترەوە دەنووسن و دەخوێننەوە، تەمبەڵی و تەوەزەلی ئەم نەوعییەتانە لەوەدایە نەدەتوانن قولێ بیر بکەنەوەو نەدەکارێن قوڵیش بەناو نوسین و خوێندنەوەدا ڕۆبچنە خوارێ، ڕەنگە ناوهێنانیان بەنووسەرو خوێنەری نابینا "بەمانا عەینییەکەی نا، وەك هزرو چینەوەی هزرین" چونکە هەردەم پێویستیان بەئیرشاداتی ئەوانی ترو خوێندنەوەی حیکایەتەکانە لەلایەن ئەوانی ترەوە.

ئەرسەلان مەحمود

# مەلەوانی وەهمی

شکست و سەرکەوتن دوانەیەکی بەردەوام لەجێگۆڕکێدان بەیەکتری. هەر یەکێکیان هۆکارو دەرئەنجامی تایبەت بەخۆی هەیە پەیوەستن بەچۆنییێتی وەڵامدانەوەو چۆنایەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوەی هەیە، یان ئەوەی بووە بەپێشهات، یان ئەوەی بڕیارە ڕوبدات، وڵامدانەوەو چۆنایەتی مامەڵەو هەڵسوکەوتە ئەرێنییەکە سەرکەوتنەو پێچەوانەکەیش شکستەکەیە. مرۆڤ چۆن دەکاریٚ هەردەم وڵامدەرەوەیەکی ئەرێنی و هەردەم مامەڵە کارێکی نەوعی بێت، پەیوەستە بەچۆن و چەندایەتی توانای دیاریکردن و بژاردەکردنی شتەکان لەخۆدا، غیابی وەها هزرین و توانستێك لەهەر خودێکدا مرۆ بەرەو پوکانەوە زیهنی و ئاکاریەکان دەبات، چونکە ناتوانیٚ دوبارە کردنەوەی هەمان هۆکارو میکانیزمە تەجروبە کراوەکەی پێشوو تێپەڕێنێت و زاڵبێتەوە بەسەر ئێستای خۆیی و دۆخە نوێیەکەدا، بەمەیش مرۆ لەبوونەوەرێکی بەرکار دەکاتە بەرخۆرو تەوەزەل و بەرەو ئەنانیەتی دەبات.

سەرکەوتن، واتا تواناکاری دیاریکردن و بژاردەکردن و دۆزینەوەی میکانیزم و ئامرازی نویٚ، سەرچاوەو بنەمای هەڵێنجانەوەی ئەم دیدگە نوێیانەش بێگومان هەروا عەشوائی و هەروا لەخۆوەو لەبۆشایی دا نییە، پەیوەستە بەم پرەنسیپ و دسپلین و بنەما تایبەت و گشتیانەی دنیابینییە هاوبەشەکەی لەسەر بونیاد نراوەو وەستاوە، پەیوەستە بەو مۆراڵەی ڕەجعیگەرایی، گەندەڵکاری، ستەمکاری و بەقوربانیکردنی ئەوانی تر لەپێناو خۆدا بەتەواوی ڕەتدەکاتەوە. مانەوە لەڕابردوی دورو نزیك و دوێنێدا، کات بەفیرۆدان و خودکوژییە لەخۆدا، هاوسەنگ و هاوتەریب ڕێکاری و ڕێگە برین پەیوەستە بەوەی دەرگەی ئیجتیهاداتی نویٚ و نوێگەرایی هەردەم واڵاو کراوە بێت. ئەوەی بیەویٚ بەباڵی ئەوانی تر بفڕیت ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکات بەپشتی ئەوانی تر بپەڕێتەوە، تا ماوە ئاسمانی ڕوی هەر سەری لوتی دەبێت!

# حوکم وەك زادەی لاوازی

ڕەوشت لەکاردا، هەستکردن و درککردنە بەوەی دەبێت هەبێت، نەك وەك ئەوەی دەتەوێ نییەو ببێت، لەنائامادەیی وەها هزرینێکدا هەر جۆرە قۆرغکارییەك هەر چەشنە پاوانخوازییەك تایبەت لەدنیای بەڕێوەبردن و سیاسەت و جێبەجێکردندا، ئەم لادان و بادانە تەنانەت ئەگەر لێکەوتەی باشیش بخەنەوە سەرئەنجامەکەی هەر دەچێتەوەو دەڕژێتەوە خانەومانەی بێ ڕەوشتییەوە، خودی بێڕەوشتییش لەکاردا جێکەوتەکەی دیارەو بەزلزلەو زام کۆتایی دێت!

ئەوەی هەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ئەم دواییەی هەرێم بەدوای خۆیدا هێنای، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر، سەرئەنجامەکەی حکومەتێك بوو چەند لایەنە، دیارە بەپێوەرو بنەمای ڕیزبەندی دەنگ، بەڵام ئەوەی ئێستا بەدی دەکرێت، حکومەت و حوکمێکە نا پابەند لەپراکتیزە کردندا، حکومەت و حوکمێکی ترە لەناو حکومەتە هاوبەش و حوکمە پشك کراوەکەدا، ئەمە لەکورت ترین و پوختە ترین گوزارشتکردندا زادەی ترس و لاوازی بنەما ئەکارییەکان و خۆبەخاوەندارێتیکردن و ئەقڵانیەکانیشە لەبوارەکانی بەڕێوەبردن و سیاسەتکردندا.

تاکڕەوی و پاوانکاری لەئەداو هزری هەر تاك یا هەر بەڕێوەبەرو تەواوی ئەوانەیش پێیاندەگوترێت سەرکردە، دەرەنجامەکەی جگە لەڕوخاندنی پایە بنچینەییەکانی ئاکار لەکاردا، خودی متمانە لەهزرو زیهنییەتە گشتییەکەیشدا دەکرۆژێ و دەکوژێت. بۆچی؟ چونکە ئاکارو بەڕێوەبردن، ئاکارو سیاسەت، نەك هەر پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە، لەبنەمادا یەکتریش تەواو دەکەن، ئەوانەی پێچەوانە بیردەکەنەوەو لایان وایە سیاسەت تەنها بەدەستهێنانی دەسەڵات و سەپاندنی هێزو ئیرادەی تاکڕەهەندگەراییە بەسەر ئەوانی تردا، ڕاستییەکەی سەر بەقوتابخانەی "ماکیاڤیلیـ"ـن.

لەدیدی "ماکیاڤیلی"ـدا، پێویست ناکات میر واتا سەرکردەو کەسی یەکەمی بەڕێوەبەر خاوەن ئاکاری باش و پابەندی بەها ئاکارییەکان بێت، گرینگ ئەوەیە بەڕواڵەت خۆی وەك مرۆڤێکی پابەندو باش نمایش و نیشانبدا بەسە، یانی ئەم هزرینە لەو بڕوایەدایە پێویست ناکات سیاستمەدار پابەند بێت بەرەوشتە باش و رێککەوتنەکانەوە پێشوەختە بڕیار لێدراوەکانەوە، بەڵکە لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات و مانەوەی لەدەسەڵاتدا، دەبێ پەنا بەرێتە بەر گرتنە بەری هەر جۆرە نواندن و نمایش و فرت و فێڵ و بەشینەوەی هەر جۆرە درۆو دەلەسەیەك، وەك ئەوەی دەوترێ دروست هزری پەرتکەو زاڵبە بەبنەما دەگرێت.

بەڵام ئاکار لەبەڕێوەبردن و لەسیاسەتکردندا، بێگومان بەمانا تەندروستییەکەی، ماناو مەغزاو بوعدێکی تری هەیە، هونەری هەماهەنگ کارو بەیەکەوە کارکردنە بەئامانجی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لەفۆڕم و فەزای نوێگەردا، ئامرازی خزمەتکردنی گشتییە بەمانا هاوچەرخییەکەی، نەك هونەری خود سەپاندن و ئامرازی خودگەرایی قازانج ویست. غیابی ئاکارو ئاکارگەرایی لەکارو بەڕێوەبردن و سیاسەتکردندا، ئەم ڕستەیەی تۆماس هۆبز لەواقیع و حەقیقەتدا بەمانا دەکات: مرۆڤ لەئاست مرۆڤدا گورگە!

بێگومان ئەمە لەواقیعدا سەرئەنجامەکەی پڕ مەترسیدارە، لەبری ماف و ئازادی و ئەرکدار کردنی یەکتر، ئەم لەسەر ماف و ئەرك و ئازادییەکانی ئەوی تر ڕەهاو دەستکراوە دەکا تا بژی و بلەوەڕێت. کارگەرو بەڕێوەبەرو سەرکردەی ڕاستەقینە وەك ئەوەی کانت دەیڵێت: دەبێت خاوەن ئاکاری باش و شایستەو ڕۆشن و پابەند بێت، ڕەوایەتی لەکاردا لەبری زاتییەت و پابەندبوونی بەپرەنسیپ و بەبنەماکانی پرۆسەی بەڕێوەبردن و بڕیاردان هونەرن، هونەری کەڵکوەرگرتن لەزۆرترین توانستەکان بێگومان لەپێناو خزمەتکردنی هەمووان، ئەمەیش بەبێ گەڵاڵەکردن و بەبێ پەیرەوکردنی پرۆگرامە هاوبەشەکە نەبێ بەدینایەت.

# کویٚ کێشەی هاوردەی کویٚ کردوە

وەك ئەوەی کورد هەر لەئەزەلەوە مافی چجۆرە خۆ بەخاوەندارێتی کردنێکی خۆی لەخاك و خۆی وەك نەتەوەو پێکهاتە مرییەکەی خۆی نەبووبیٚ و بۆی نەبیٚ هەیبێت، سەدانساڵە خاك و نیشتمانی کورد ئاشکرایە بەبیٚ ڕەزامەندی خۆی بەهەر هۆیەك بووبێت کراوەتە دیاری دەست دەوڵەتانی ناوچەکە، سەدانساڵێشە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی بێگومان لەبری هێنانە ئاراوەی چارەسەری بابەتیانەی کێشەی کورد تەنانەت لەناو چوارچێوە سەپێندراوە دەستکردەکانیشدا فاشیانەو دوژمنکارانە کار لەسەر سڕینەوەی شوناسی کورد دەکەن کەچی دەشلێن نابیٚ کێشەت هەبیٚ، نابیٚ هاوار بکەی، نابیٚ چیاو چۆڵ و قەندیلمان لێبگری!!

دەی کەواتا ئایا ئێستا ئەمە کوردە کێشە هاوردەی ئانکاراو تاران و دیمەشق و بەغدا دەکات یا ئەوە خودی ئەم دەوڵەتە فاشیانەن بەنیازی فراوانخوازی و بەئامانجی داگیرکاری لەنێوان خۆیاندا دڵخوازانەو بێشەرمانە هەر جارەو بەبیانەوێك تۆپتۆپێن و بازرگانی بەکوردو کێشەکەیەوە دەکەن؟! دەی ئایا ئەمە کوردە نایەویٚ کێشەکەی لەناو ئەم دەوڵەتانەدا بگاتە چارەسەر یان ئەوە خودی ئەم وڵاتانەن بەردەوام دەیانەویٚ کێشەی کورد لەژێر هەژموونی عروبەو تەتریك و مەزهەبگەرایی و ناسیۆنالیزمی قەومی روتدا وڵاتبەدەر بکەن؟! ئەمە حزب و حزبی کوردییە لەناوخۆی ئەم وڵاتانەدا نایانەویٚ بسازێن یان ئەوە ئەم دەوڵەتانەن ئەمانیان بەکوردو کێشەکەیەوە هەڵداوەتە ئەودیوی سنورەکانی خۆیان و ناشیانەویٚ فززە بکەن؟!

کێشەی کورد لەڕاستیدا، نەسەرچاوەکەی کورتەك و نەشنگال و نەشیلادزیٚ، نەگەرمیان و نەکوێستانیشە، هەروەك چۆن نەبەخولقاندنی کوشتارگەیش لێرەو لەویٚ بەکۆتایی دەگات، لەویشە بەولاوە ڕەگ و ڕیشەی کورد بەدەست خۆفرۆشەکانیەوە نیە وەك ئەوەی هەر خۆیان وا وێناو ئیددیعای دەکەن، لەدڵی نیشتمانەکەیدایە، بەڵیٚ کێشەکەی

ئەزلی نیەو خودا هەڵینەداوەتە دەرەوەی وجودو ئەم گەردونەوە، لەگارەو ئاویەرو قەندیلەوە نەهاتووە نایەت، سەرچاوەکەی هۆکارەکەی بێباکی ولأتانی سەرمایەداری و قازانجخوازی بەتایبەت ڕۆژئاوایی ئەوجا ئانکاراو تاران و بەغداو دیمەشقە، لەوێوەیە بێچارەو وڵاتبەدەر کراوەو دەکرێت!

بەڕێژەی ڕەها ئەمە حزبە کوردییەکان نینە بیانووی هێرش و پەلامارو کورد کوژی نەك هەر لەناوخۆی ئەم دەوڵەتانەدا، بگرە لەدەرەوەی سنورەکانی ئەم وڵاتانەیش ئەدەنە دەست حکومەتەکانی بەغداو ئانکاراو تاران و دیمەشق، ئەوە ئەم دەوڵەتانەن لەبری هێنانە ئاراوەی چارەسەر هەردەم بەدوای خولقاندن و دیزاینکردنی بیانووی نوێدا دەگەڕێن تا لەڕێگەیەوە کورد وەك هەمیشە پێکدادەن لەبۆشایداو بیخولێننەوە لەدەورو بەدەوری هیچدا، بەمەیش هەم ئەوەی هەیە لەباری بەرن هەم ڕەوایەتی هەمیشەیی و بەردەوامی بدەنە هەنگاوە دژو دوژمنکارییە فراوانخوازی و داگیرکارییەکانیان، بێگومان نەك هەر نیشتمان فرۆشان ئەم دەوڵەتانە خۆیشیان باش لەم حەقیقەتە تێدەگەن.

هەنە دەڵێن ڕەوا نیەو نابێت لەباشورو چیاکانی باشورەوە بەرەنگاری چەکداری گەریلاو پێشمەرگەی کورد بەرامبەر بەدەوڵەتانی ناوچەکە بنوێندرێ و بەکار ببرێت، دەی ئەی ڕەوایەتی داگیرکاری و پەلاماردان و بۆردومانکاری ئاسمانی و ڕێسمانی ئەمان بەسەر خاك و خەڵکەکەی باشوری کوردستان چییەو لەچییەوەو لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە، کێ ئەم کێشەیەی ئاودیوی سنور کردوە، کێ و کوێ کێشەکانی هاوردەی کێ و کوێ کردوە؟!

# حزب وەك مۆڵ وەك بژاردەی رستكراو

گەر بابەتیانە سەیری حزب و حزبیەكانی ئەمڕۆی كوردەواری بكەیت، بەبێ ئەوەی بتەوێ واببینیت پتر لەكاڵاو كەلوپەلی مۆڵەكان دەچن، یانی بەفۆرم و ڕواڵەت نوێگەرو بەپراكتیك و ناوەرۆك و لەواقیع و لەحەقیقەتدا كۆنەو بێبەها لەدروستكردنی ئیزافەدا. ئەوەی بخوازی و بتەوێ لەماركێت و مۆڵەكاندا هەیەو حازر بەدەستە، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆری ئەم كاڵاو كەلوپەلانە چۆن پەیوەندییەكیان بەڤێرژنە سەرەكییەكەوە نیەو نەماوە وەك ماركەو لەڕوی كوالێتییەوە، ئا ئاوهاو زیاتریش حزب و حزبیەكان ترازاون لەحزب و حزبایەتی كردندا، حزب لەبری ئامرازی خزمەتكردنی خەڵك بێت، خەڵكی كردوە بەئامارازی خزمەتكردنی خۆی، حزب دروست بووە بەدامەزراوەیەكی ڕوتی قازانج ویست لەسەر كەوڵ و بەرژەوەندییەكانی خەڵك، حزبیەكان لەبری كارتێكەری فكری و فەرهەنگی و بابەتی بن كارتێكراوی خود زومكردن و خود بژێوی و خود تەرك و تەریك و لاڕێ كاری بوون لەئەداو كاری حزبیدا.

دەی حزب و حزبی پەتی و پەتیاری لیبڕاڵ و ڕەجیعیگەرا، هەر هەمان ئەم كاڵاو كەلوپەلە كۆن و بێبەهایانەی بازاڕن، هەر هەمان ئەم ناوە بێ ناوەرۆك و هەر هەمان ئەم ماددەو هەمان ئەو مەعدەنە بێ كوالێتییەن لەبنەمادا، چونكە سەرو بەرو هیچ پەیوەندییەكیان بەڤێرژنە ئەسڵییەكەی ئایدیاو فەلسەفەی حزب و هزرینە حزبیەكانەوە نیەو نەماوە. تەنانەت بەحەوت پشتیش ناچنەوە سەر سەرچاوە سەرەكییەكەی وەها دنیا بینیەك، بەڵام بێپەرواو لەبازاڕێكدا هاوبەش و مغەوەش بێئەوەی تاكە پرسیار دەربارەی ڕەگوریشەی ئەم هەڵمەت و هزرینە لاڕێكارییە لەخۆیان بكەن ڕۆژانە سەرگەرمی موزایەدەو چنینەوەی بەرهەمی كەسابەتی تایبەت و تەمومژاوین!!

سیاسیەكان ئەم فەزاو فەوزاو بەرەڵڵاخانە بازاڕییەی لەمۆڵەكان و لەژیانی حزبدا دەگوزەرێ بێگومان بەهۆی كاڵبوونەوەی مۆراڵە بەپرەنسیپ و دیسپلینكراوەكان

لەپێکهاتەو ژیانی حزبیدا هەروەها لەغیابی دەستورو نەبوونی دەسەڵاتێکی بەبنەما چاودێریدا ناویان ناوە بازاڕی ئازادو ئازادی بازار، حزبی ئازادو ئازادی حزبی. مەترسیەکانی ئەم مێگەل بەمۆدەکارییە چۆن لەمۆڵەکاندا بێگومان بەناوی مۆدە فرۆشییەوە کڕیار لەباری دەرونیدا شۆك دەکەن و گیرفانەکانی خاڵی دەکەنەوە لەدینارو درهەم، ئاواو خراپتریش غیابی کاری مەنهەجی و جێمانی حزب لەوەزیفە ئەساسیەکەی خۆی سیحرێکە سەرئەنجام سەر بەحزبیەکان و لەوێشەوە سەر بەتەواوی یەکە پێکهێنەرە جڤاتییەکان دادەنەوێنێت.

ئەمانجەکەیش ڕوونە لەپێناو دەستگرتنە بەمانەوەی خۆیان و هاڕاندنی ئیرادەی نوێکاری و گۆڕانکاری لەیەکە پێکهێنەرە حزبی و جڤاتیەکاندا. هەرگیز لەبازرگانی نەزۆك لەحزب و حزبی کۆنە فرۆش، لەچالاکوانی بەمنگەو چەنە فرۆش لەرۆشنبیری دەستودەم و داوێن شڕ لەبژاردەی دەستگێر لەمارو مێروە حیز فرسەتەکان، لەمانەی لەوپەڕی ناپسپۆڕی و بێ ئەمەکیدا بێگومان لەسەر حسابی شۆڕش و سەرکەوتنە بەدیهاتووەکان مەبەست و بێ مەبەست مناسەبەو بێ مناسەبە بەناوی کوردایەتی و لەسەر کەوڵی ناوە شکۆدارو رۆحە یاخییەکان بالۆرە لێ دەدەن، چاوەڕوانی ئەوە مەکە میرات و دەست مایە لەگەڵ نەوەکانی داهاتوودا دەستاودەست پێبکەن، ئەمە ئەم ڕەفتارو دەرئەنجامەیە بەزمانە مۆڕاڵییەکە پێی دەوترێ تەپکەو تەڵەکەبازو فێڵبازگەرایی.

# سەردەمی پرسیارە گەورەکە هاتووە

ئەم دەیەی ڕابردو بەتەجروبە دەریخست خەموو ئێشوو ئازار بەهات و هاوار بەڕوخاندن و سوتاندن بەپراکتیزەکردنی هزری یەکتر سڕینەوەو بەنانەوەی ئاشوب و پشێویی یان بەدروستکردنی دەستگەریی و پەنابردنە بەر میزاجگەرایی و مەجازی پەرتەکەو زاڵبە لەسیاسەت و بوارە ڕێکخراوەی و کارگێڕی و ژاریبەکاندا کۆتایی نایەت.

ئێمەی کورد گەر بمانەوێ برەو بدەینە گیانی بەیەکەوە هەڵکردن و بەیەکەوە کارکردن و بەهکەوە گەشەپێدانی ژیان و راپەرینسازی، بێگومان لەپێناو هەبوونێکی باشترو ئایندەیەکی شایستە ترو ڕوناك تردا، ئەوا پێویست بەوە ناکات ئەوەی هەیەو بەدەست هاتووە، جا لەژێر هیچ برو بیانوویێکدا یا لەبن هەر دروشمبازی و هەر پاساوێکدا ژێرەوژو بکرێت، ئەم دەیانساڵەی دوای ڕاپەرین ئەگەر هەر هیچێکی ساغ نەکردبێتەوە ئەمەی بەیانکردوەو رونکردوەتەوە ئەوانەی پتر روخێنەرن ناشێت و نابێت هەرگیز ئەوەندە بیناکار بن، وابزانم ئەمە مەفوهوومەو هیچ پێویستی بەڕونکردنەوەو هێنانە ئاراوەی ئارگۆمێت نیە !

گۆڕانکاری ڕیشەیی دیارە لەگشت بوارو شتێکدا، لەتەکاندانی تەپوتۆزی سەر ئەم شتەو شتەکانی تردا بەتەواوی لەخوڵقاندنی زەمینەسازی دەست پێدەکات، ئەوانەی چەندین ساڵە بەژێر لێوی چاکسازی و پاکسازییەوە ئیددیعای ئەوە دەکەن و هەزارانجار وتووانە دنیایەکی تری تەواو نوێ دەهێننە دی، ڕاستیان نەکرد. خەڵکی کوردستان نەدەیانەوێ هەولێریان بۆ بکرێتە دوبەی، نەکەرکوکیش بەبرۆکسل، دەیانەوێ لێانگەڕێن وەك ئەوەی دەیانەوێ ئەزمون بکەن، دەیانەوێ ئەم ولآتە هەرخۆی بەسروشتی خۆی گەشە بکات و هەمووان تیایدا ئارام بژن بەسە.

دەمێك ساڵە سەردەمی ئەم مۆدێلە بەسەرچووە جەنگ بتوانێ گۆڕانکاری و بەهای نوێ لەهەبووندا بەرهەم بهێنێت، لەهیچ یەکێك لەجەنگ و ململانێی گەورەو بچوکە لۆکاڵی و

جهانەکان دەوڵەتانەکاندا شەڕێك نییەو نادۆزیتەوە لەسەر حەقیقەت و بەهایەك قەومابێ و بەکۆتای هاتبێت.

تەنانەت خودی هەرێم و خاکێکیش نابینیتەوەو نادۆزیتەوە کێشەی یەکەم و دواهەمین بوبێت، جگە لەوەی دەولەت بتوانێت بمێنیتەوە، ئەمەیش بەهەر بەهاو نرخێك بووە، لەبەر ئەوە هێشتا درەنگ نەبووەو کاتییەتی کورد هاودەنگییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی هاوچەرخ نەك ڕۆمانسیەتی ناسۆنالیستانەی کوێرانەو ڕاسیزمگەرایی لەخۆیدا بکاتە بژاردەی هەرە لەپێش و بنەڕەتی، ئەمەیش تەنها بەتێپەڕاندنی هزرو فۆرمی حزب و دامەزراوەی کۆمەلأیەتی و ئاینی داخراوو نەبێ نایەتە دی.

کورد لەبری گەشەپێدانی گیانی نیشتمانی، هەتا بیر لەشوێن پێلێژ کردنی یەکتری و جێگرتنەوەی یەکتری بکاتەوە، مومکین نییەو نابێت هەرگیز بگاتە ئارامی و ناگاتە هەبوونێکی سەربەخۆی زاتی و مەوزوعی بەمانا تر، هەر میللەتێك لەڕوی فەرهەنگییەوە نەتوانێ لەخۆیداو لەگەڵ جیاوازییە ناوخۆیەکانی خۆی و ئەوانی دەرەوەی خۆدا هەڵبکات و بسازێ بەدڵنیاییەوە ناتوانێ لەقۆناغێك بەرەو قۆناغێکی نوێ بپەڕێتەوەو بەرگەی مانەوە بەمانا شایستەییەکەی هەبوون بگرێت، جا چجای گەشەکردن.

لەماوەی ئەم دەیانساڵەی دوای ڕاپەرین بەداخەوە ئێمەومانێ شاهێدی ئەوەین شتانێکی ئەوتۆی گەورەو کاریگەر نەگۆڕدراوەو نەهاتووەتە دی، ئەمە بەمانا نادیدگەراییەکەی نا، ئەوەی بەدیهاتووە کەم نییە بەڵام هێزی گەورەو زۆری تیادا نییە، ئتر کاتی پرسیارە جیددی و مەزنەکە هاتووە، هەر بەراست حکومڕانێتیکردن بەم جۆرەی هەیەو دەگوزەرێ لەکوردەواری و لەکوردستاندا چیتر ڕەواو پێویستە؟! گەر لەئەز دەپرسیت، بێگومان نەخێر، بەڵام بۆچی؟

بێگومان چونکە سەردەمی ئەوە بەسەرچووە باوك بەتەنها لەبری خێزان بیر بکاتەوەو بڕیار بدات، چونکە زەمەنی ئەوە نەماوە ناوەندەکانی خوێند بەتەنها هەر ناوەندی

مەشخوڵکردن و بڕوانامەدار کردنی نەوە لەدوای نەوەکان بن، چونکە لەدنیادا کۆتایی بەجوینەوەی تەفسیرو بانگەوازی ئایینە ئاسمانیەکان لەفۆڕمە کۆنەکاندا هاتووە، چونکە کاتی ئەوە نەماوە حزب وەك دەیانساڵە لەجێگەی حکومەت دابنیشێ و حوکم بکات، چەرخی ئەوە نەماوە پاڕلمان و دامەزراوە دادوەرییەکان هەر خەریکی شتە بچوکەکان و یاسا ڕێژکاری کۆمەڵگە بن، ئەم سەردەمە گوزەشت ڕێگرو بەڕێوەبەران بەرکردەو سەرکردەکان پێگە لەپێش و ڕێبەران و پلەدارانی باڵای دەسەڵات هەر خەریکی ئەوەبن بەرژەوەندی هاوبەش لەناو خۆیاندا پەیدا بکەن و دڵخوازانە لەسەر کەوڵی خەڵك بلەوەڕێن.

ئەم ژیانکردن و سیاسەت کردن و حوکمکاری و ڕێکارانەی ئێستا بەتەواو لەدژایەتییەکی قورسدان لەگەڵ بەرژەوەندی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی خوارەوە، بەردەوامی پێدانیشیان دیکتاتۆریەت و تۆتالیتاریەت بەدوای خۆیاندا دەهێنن. ئەزموونی ئەم دەیان ساڵەی ڕابردو لەحکومڕانێتیکردندا، بێنەخش نەبووە، بەڵام لەڕاستیدا سەرکەوتوش نەبووە، ئێستا ئەرکەکە لەجاران قورسترە ئەمە هەم لەناوخۆدا هەم لەسەر ئاستە عراقی و هەرێمایەتی و دەولییەکەیش هەروایەو هەر ڕاستە، کورد چۆن عیراقی بونیاد نایەوە لەڕابردودا، ئێستا دەبێ هەم خۆی لەهەولێرو هەم خۆی لەبەغداو هەم لەسەر ئاستە هەرێمایەتی و دەولیەکەیش عەقڵمەندانە بونیاد بنێتەوە.

تا گەیشتن بەوەها حەقیقەتێك و تێپەڕادنی ئەم قۆناغە خێل و لێلاّوییە، ڕاپەڕین لەفۆڕم و بونیادێکی تردا دەسەلاّتدارەکان خۆشیان بێ و ترشییانبێ بەردەوام دەبێ و لەبرەوی خۆی ناکەوێت.

# مەیلی رۆشنبیرو غایەی دەسەڵات

تەنها ئازادیەكی شایستە بەماناو مەغزاكانی ئازادی، ئیتر ئازادی جەستەیی یان ئازادی هزری یاخود رۆحی بێت، زەوت نەكردنی ئازادییە بەمانای وشە، سنوردار نەكردنیەتی وەك تەنها پێویستییەكی حەتمی لەپێناو بەخشینی مانا بەمانەوەی ژیان.

لەسەروی مێگەل ژیانكردنەوە مرۆڤ پێویستی رەهایی بەمانەوەی ئیرادەو بەردەوامییەكی وەها ئامانجدار هەیە دواجار بیگەیەنێتە ئاسایش و ئارامی، ئەوەی بیەوێ لەمە تێبگات رەنگە ئاوڕدانەوەیەكی زۆر خێرای گۆڕانكارییە ڕیشەییەكانی ڕابوردوی دورو نزیكی كۆمەڵگەی مرۆیی بەس بن بۆ دەرخستن و بەرجەستە كردنی وەها راستینەیەك. بێگومان زۆریبردوە تا مرۆڤ توانیویەتی ماف و ئازادیە خودییەكانی لەخۆداو لەواقیعدا بەرجەستەو بەمانا بكات، قسەی ئێمە لێرەداو لەم وتارەدا لەسەر ئەوەیە لەوڕۆژەوەی پرسی ئازادی و كرانەوە بەڕوی خودو دەرەوەی خۆدا لەخەم رەخساوە، ڕۆشنبیران وەك یەكەیەكی جیاواز لەئەداو بیركردنەوەداو یەكانگیر لەهەژموون و هەیمەنە پێكردندا بەسەر دەسەڵاتە جیاوازە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان و پاشەكشێ پێكردنی و هزرو زیهنەیەتی باوگەردا، جەدەلی نێوان رۆشنبیران و دەسەڵاتە جیاكان بووە بەواقیع و بووە بەمایەی بەرهەم هێنانی كۆمەڵگەیەكی گەشەكردوترو جێگركردنی سیستمێكی دژە یۆتۆپی بۆ رێگری كردن لەخراپ بەكارهێنانی ئازادییەكان.

لەوڵاتانی دیموكرات و گەشەكردودا هێشتا زیاد لەهەر جێگایەكی تر كاریگەری رۆشنبیران لەسەر دەسەڵات مەسەلەكی حەتمی و نكۆڵی هەڵنەگرە، دروست پێچەوانە بەوڵات و رۆشنبیرانێكی لەمەر خۆمان، پێكهێنان و ئاراستەكردنی رای گشتی لەسەرەتایی ترین ئەم كاریگەرییە ئەرێنیانەی سبەینێیەكی رونتر بەدوای خۆیاندا دەهێنن، راستە لەوڵاتێكدا مۆنۆپۆلكردنی چالاكییە جۆراو جۆرە كۆمەڵاتی و ساسیەكان سۆز بزواندن بۆ قەناعەتپێكردنی خەڵكی، دەستبەسەرداگرتنی زۆرینەی بزاوتە مەدەنی و پیشەیی و

ئابورییەکان هەروەها فەلسەفەی کارکردن بەئاراستەی زاڵکردنی هەیمەنەی ئایدیۆلۆژیای حزبی، چین و توێژەکان لەگشتیدا خستووەتە ڕەوشێکی نادیارو نەخوازراوی بەردەوام و نا ئاسایی.

جێگەی داخ و ئەسەفێکی گەورەیە، ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم بەهۆی پەتی و پەرتبوون و لەپەراوێزدا هەڵسورانەی ڕۆشنبران ڕوی نەدا چوار کەس بهێنرێتە سەر جادەو مەیلێکی شاراوە نەخرابێتە ناو ڕەخنەو گوتارو جەم بوونەوەکانەوە، ئەسەفە قوڵەکە ئەوەیە بەم نەفەسە تەنگ و تروکەوە هێشتا تەبلیغاتی داهێنان و کرانەوەی کۆمەڵگەو فراوانبوونی ئازادییەکان دەکەین، لەکاتێکدا بۆ کەسێکی کارتێنەکراوو ناڕازی، بەحساب پیشەی ڕۆشبیری موژدە بەخشترین ڕێگەیە بەرەو کاریگەری دروستکردن لەسەر دەسەڵات و کۆمەڵگەو هێنانەدی وەدی نەهاتووەکان، کەچی ڕۆشنبیری ڕۆشنبیرانی کورد هێشتا ئەوەندەی کارتێکراوە کارتێکەر نیە. لەوەها دۆخێکدا مرۆڤ لە هەر پلەو پایەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی و کارگێڕیدابێ، بەمانایەکی دی چ دەسەلاتدار یا لەدەرەوەی دەسەڵات بێ، دەبێ بەشوێن دۆوینەوەی باشترین رایەڵەکانی پەیوەندیگرتن یا دروستکردنی جەدەلە تەندروستیەکانی نێوان تاك و کۆمەڵگەو دەسەڵاتەوە بێ، دەبێ لای هەمووان رون و راشکاوبێ دەسەڵات دراوە بەچی و چۆنیش ماف و ئازادی و ژانێکی شکۆمەندانە فەراهەم و سنوردار دەکرێن.

راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ دەسخستنی هەریەك لەوڵامی ئەم پرس و بابەتانە دەتوانێ تێگەیشتنێکی هەمیشەیی و بابەتیمان بداتێ، بەپێچەوانەوە نەبینینی وەها بینەزمییەك دەستنیشان نەکردنی هۆکارەکانی ئەو بێنەزمییەو گوێ نەدانە خستنە روی رێگە چارەکان لەژێر هەر دروشم و برو بیانوو یا سیناریۆو بۆ هەر جۆرە خۆپارێزییەك بێ، نەخۆشییە ناوەکی و ئاریشە لاوەکیەکان قولدەکاتەوەو هێندەی دی پاشەکشێ بەکرانەوەی کۆمەڵگە دەکات، هەر دەسەڵاتێك بوار نەداتە هەڵکشانی ئەم ڕێچکانە، ڕەوا نیە پشت و پشتیوانی ڕۆشنبیرانی هەبێ و لێبکرێ. ڕۆشنبیری جیددی، بەهەموو مەیلی

خۆیەوە وەك ئەوەی دەسەڵات لێی دەخوازێ هەرگیز گرنگی نادات بەوردەکارییە تەکنیکییەکان هەرگیز گرانی و دەرگیرییە عەمەلییەکان نەئیشی ئەون تا شانیان بداتە بەرێ و نەخەمی ئەویشن تا وابکە لەخەمیان بڕەخسێنێ، ئەوەی زیاتر سەرنجی ئەو رادەکێشێت بریتیە لەهەڵێنجانی دیدگە فراوانەکان و خستنە رویان، کاری ئەو بەدەستهێنانی تێگەیشتنی بابەتی و بەربڵاوە لەریزبەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ژیارییەکان بەئامانجی تەرحکردنی سیستمێك پەیمانی هێنانەدی خەون و خولیاو هەبوونێکی باش و سەلامەت دەدات.

گرنگترین ڕێگرییەکانی مرۆڤی رۆشنبیر، ئەوانەی پرسی فراوانبوونی ئازادییەکان و کرانەوەی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی ڕاستینەیی لەناخیدا خەملێووەو جیا دەکاتەوە لەو مرۆڤانەی لەبوارە رامیاریەکاندا بڕیار دەدەن بریتییە لەبێ متمانەیی و گوێ پێنەدانی دەسەڵات، بریتییە لەو بابەت و باسانەی بەلای سیاسیەکانەوە رەخنەو پاساوی رۆشنبیران هیچ بایەخێکی نیەو بێپەروا تاوانباریان دەکەن. ئەمەش زیاد لەهەر شتێکی دیکە، ڕێگرییەك دەخولقێنێ تێپەڕاندنی مەحاڵ بێت، تایبەت لەنێوان ئەم دەسەڵات و ڕۆشنبیرانەی خۆیان تەرخانکردوە بۆ سەرخستنی هەمان ئەو پرس و بابەتە پاڵپشتی بکەن، دیارە توانای تێگەیشتن و گەڕان بەناو پێگە نوێیەکاندا، توانای ئەزموونکردنی دیدگە نوێیەکان مەعلومە ژینگەیەك دەخولقێنێ، بەبێ ئەو ژینگەیە ڕۆشنبیران ناتوانن هەناسە بدەن!

ئاشکرایە لەهەر شوێنێك ئارامی و بەختەوەری لەئارادا بوون، بیانووێك بۆ وەها هەڵڵاو هەلێسانێك وجودی نامێ و هیچ لایەکیش بێئەوەی بۆ بەرژەوەندییە گشتیەکانی کۆمەڵگە بگەرێتەوە، ناتوانێ وەها کاردانەوەیەك لەبەرژەوەندی خۆی یا لەدژی ئەوانی تر بەکار بەرێ وەك ئەوەی دەبرێ و لەسایەیدا مرۆڤی کورد لەهەر چاڵێك بێتە دەرەوە دەکەوێتە چاڵێکی ترەوە!

بەڵێ ئەگەر بەو چەشنە هەمووامان لەگەڵ یەکتری خەریکی شەڕ کردن بین، ئەگەر ڕێکخستنە کۆمەڵایەتیەکانمان هەروا بەحزبی بکرێن و ئاسایشی تاکە کەسیمان هەروا بەرەو نەمان بچێت، ئەگەر هەروا کێشەکانمان لەکێشەی جیهانییەوە بەرەو بچوکبوونەوەو ناوچەیی و کەسی بەرین و هاوڵاتیبوونمان بخەینە بەردەم پرسیارو مەترسی لەناوچوونەوە، ئەگەر هەروا تۆممەو درِدۆنگی ببەشینەوە، ئەگەر جەدەلی نێوان رۆشنبیران و دەسەڵات هەروا دیوار کوتانبێ و هیچ لا گوێچکە بۆ ئەوەی تر نەکاتەوە، نەك هەر دەستمان لەکۆمەڵگەیەکی کراوە گیرنابێ بگرە دواجار زەرەرو زیانێکی لەوە چاوەڕێنەکراوتر دەچێژین لەرابردودا چەشتوومانە !

لەبەر ئەوە چەندە پێویستمان بەڕۆشنبری جیددی دەرەوەی دەسەلآت هەیە، هەزار هێندە پێویستمان بەسەرکردەی ڕۆشنبیری و ڕۆناکبیر هەیە، ڕۆشنبرو سەرکردەیەك هەرچەند ئەگەری بەدیهێنانی دەستبەجێی خواستەکان کەم بێت ئامادەبێ لەو پێناوەدا ڕێبەری و ڕێنوێنی بکاو کاربکات، با سازشکاریە عەمەلییەکان جێبهێڵن بۆ سیاسەتمەداران، لێ دەبێ ئەوە بزانرێ شلکردنی کۆنترۆڵەکان هەروا بەشێوەی پەتی نەلەڕوی ڕۆشنبیرییەوە جێگای ڕێزن و نەئەگەری ئەوەیشیان هەیە هیچ هەڵکشانێکی بابەتییان لێبکەوێتەوە.

# ژەهری شاشەکان

ماوەیەکی زۆرە بەشێکی دیار لەکەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکانی باشور، بەمەست و بێ مەبەست، بەئاگاو بێ ئاگا لەڕێگەی پێشکەش کردنی کۆمەڵێك بەرنامەو نیشاندنی دەیەها فیلو و درامای بەئامانج بەرهەمهێندراو خەریکی تێکشکاندنی سایکۆلۆژیای تاکی کوردو بریندار کردنی شعوری نەتەوەیی و نیشتمانی مرۆڤی کوردن!

جێگەی داخە هەر یەکێك لەم کەناڵ و میدیا ڕستکراوانە، بەفەرمی لەلایەن حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار ڕێگە پێدراون و زەمان و زەمینەی کار کردنیان بۆ ڕەخسێندراوەو هەشن بێپەروا سپۆنسەری ماددییان دەکەن، ئەمە چجۆرە عەقڵیەتێکە لەپشتیانەوە بێگومان ڕۆشنە، دیاریشە ئامانجەکە چییە ئەوها دەستکراوە کراون تا دڵخوازانە سوکایەتی بەفەرهەنگ و تۆرەی کوردی و گاڵتە بەبەها باڵاکانی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆیی کورد بکەن!

لەفەرهەنگی خێڵگەراکاندا مژوڵکردنی ڕەعییەت بەمژینی هەنگوینی سەر پەنجەی خۆی کارێکە باو، هەرچیەك دەکەی بیکە تەنها هۆشیارییەکەت بەشی ئەوە نەکات بیربکەیتەوەو زاتی سەرکردایەتی کردنی خۆت نەکەیت بەسە، هەرچیەك دەکەی بیکە تەنها شکۆت بەشی ئەوە نەکات شان لەشانی خاوەن شکۆ بدا بەسە، خێڵ گوێ بەئایندەی ئەوانی دی دەرەوەی خۆی نادات، نەتەوەو نیشتمانپارێزی بکەوێتە دەرەوەی ئیستحقاقی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە هەزار بەهەزار غلۆری دەکاتەوە ناو کۆش و باوەشی ئەوانەی دەست بەمانەوەو هەبوونی خۆیەوە دەگرن، لەزیهنیەتی ئەمانەدا عەقیدەو فەرهەنگی ڕەسەن هەر ئەوەیە خۆی لەسەری دەلەوەڕێ و دەژی، ئەوەی خەتەرە دەستکاری کردنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم هەواو هەوەسەیەو بەس!

ئەگەرنا، وتمان فەرهەنگی ئێمە کەم خوێنەو دەبێ وابکەین هەم لەخۆیداو هەم بەڕوی دەرەوەی خۆیشیدا بکرێتەوەو بکارێ و تەفاعوڵ بکات، وتمان هاوتای جومگە جیاکانی

تر فەرهەنگکەیشمان پێویستی بەخاوێنکردنەوەو پاکسازی و چاکسازی هەیەو دەبێ هێزی هەبێ، وتیشمان هەر فەرهەنگێك توانای بەریەککەوتن و ترسی لەفەنابوون و توانەوەی خۆی هەبێ، نەخۆشەو ئەمڕۆش نەبێ سبەی لەخۆیدا هەر دەبێ بمرێ و دەفەوتێت، بەلاّم هەرگیز نەمان وت لەژێر ئەم ناوەدا ئەم هەموو ئیرشاداتە بەناوەرۆك نەزۆك بەنسبەت مرۆڤی کوردو ئامانجدارە ترسناکە لەسەر شوناس و فەرهەنگی کورد، دەرخواردی خەڵکی کوردستان و تاکی کوردو نەوەکانی ئەم میللەتە خێر لەخۆ نەدیووە بدرێ.

باوەڕ بکەن نەتەوەیەك نییە، تەنانەت لەئەوروپاو دنیای هەرە پێشکەوتوو پێشەنگیشدا شك نابەی دەست بەهەبوونی ڕەسەناەتی و پارێزگاریکردن لەفەرهەنگەکەی خۆی و سایکۆلۆژیای خەڵکەکەیەوە نەگرێ و شانازی پێوە نەکات، هەروەك چۆن نیەو شك نابەی هیچ داگیرکارو دژبەرێك هەبێ و بیەوێ تەنانەت لەبەریەککەوتنە زۆر ئاسایی و زۆر سادەو تەرفیهییەکانیشدا قسەی باش لەسەر ئەم نەتەوەو ئەم گەلانە بکات داگیرو دابەشی کردون تا بێپەرواو بێباکانەبێ بەرنامەو فیلم و دراماو بەرهێنانی لەبەرژەوەندیدا بکات.

دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان، جگە لەجەنگ و ماڵوێرانکردنی کورد لەهەر کوێ دەستیان پێگەشتبێ، لەلێدوان و بونیادی ئەدەبیشیاندا کورد بەچیایی و نەزان و نەفام و نەخوێندەوارو بکوژو جەردە ناودەبەن و دەناسێنن نەك هەر لەناوخۆدا بگرە لەناوەندە جیهانییەکانیشدا، ئەمە مەعلومە.

دەی وەرن خەیاڵبکەن! دەبێ چۆن و چجۆرە بەرهەمێك لەبەشە کوردییە بندەست کراوەکانیاندا لەسەر نەتەوەو نیشتمان و مرۆڤی کورد بەرهەم بهێنن و ئاڕاستە بکەن، ئایا لایك و کۆمێنت و کێشکردنی زۆر ترین بینەر لەڕێگەی ئیغرا کردنی بێ دەماغانەوە

ئەمە دەهێنێت سایکۆلۆژیای تاکی نەتەوەکەت و فەرهەنگی میللەتەکەت و شکۆی نیشتمانەکەتی پێ شکاو بکەت؟!

ئەم بێباکی و هەمەجییەتە لەڕاستیدا دەرچەی ناهۆشاری و ملکەچی لەمێژینەیە بۆ داگرکارو نەفسەت لارو لاوازی بەڕیوەبەرانی ئەم کەنالأنەو خودی ئەوانەیشە لەپشتیانەوەن، ئەگەر نا کێ هەیە نەزانێ لەبیرڤانەوە بۆ دۆڵی گورگان و کۆلانەکانی پشتەوەو شوفێری تاکسی و کچە زەنگن و کورە هەژارو هەرێمی سوڵتان و..تاد ئامانجەکە چیەو داگیرکار دەیەوێ لەڕێگەیانەوە کوێ بپێکێت، بێگومان مەعلومە، داگیرکار ئەوەی نەیتوانی لەڕێگەی چەك و فڕۆکە مەرگ چێنەکانیەوە بیخاتە ناو زائیدەکەوە، شاشەکان ئاڕاستە دەکات!

حکومەت لەگوێی گادا خەوتووە، دایك و باوکان ئێوە خۆتان منداڵەکانت لەژەهری ئەم جۆرە شاشەو هونەرە ئیغراکارو هەڵخڕێنەی کەسێتییان بەدور بگرن، زەمانەی سەرمایەداری خاکەکەمانی کرد بەچوار بەشەوە ئێستا دەوڵەتانی داگیرکاری دەرودراوسێ جگە لەدزین و بەتاڵانبردنی خێروبێرەکەی، پتر لەهەر کات سەرگەرمی ئەوەن سەرمایە مرۆییەکەیشی ئیرادە شکاوو خۆبەدەستەوەدەر بکەن و بیکەن بەهەزار پارچەوە، کارەکتەرەکەی پشتەوەی ئەم فەوزایە هێشتان لەخەمی دلڕاگرتنی داگیرکاردان ئاگاداربن!

بەویژدانتان وێڕای ئەم جۆرە فیلم و دراما ئامانج ڕەشانە، ئەمە مەهزەلە نیە چییە، بەرنامە لەسەر ژن بکەیت و مەتبەخ لەگەڵیا ببەیتە ستۆدیۆ، بەرنامە لەسەر گۆرانی و میوزیکی کوردی بکەیت و لێوڕێژی بکەی لەئەرەبێسك و سمت بادان، بەرنامە لەسەر پرس و بابەتی هەموو جۆر بکەیت و پڕی بکەی لەلیقە لیق و فیقەفیقی بێ ماناو پڕو پوچ، کۆمیدیا بکەیت و گریانت بۆبێ، مۆدیل بهێنیتە گۆڕێ و قسە بخەیتە سەر جێگە..تاد !!

# مەیدانەکە چۆڵ مەکەن

بارودۆخی کوردو ناوچەکە بەگشتی، زۆر ئاڵۆزە، ئەوەندەی تێبینی کراوە هەتابێ بەرەو ناجێگیری زیاتریش بچێت، کەوابێ تەحلیلکردن و لێکدانەوەی هەروا سادەو سانا نیە. لەو بڕوایەدام زۆرینەی هەرە زۆر لەوەی دەگوترێت، ڕاو سەرنج و بۆچوونی تایبەت و تاکە کەسییانە بێت، ئەمەش مافەو تا ئەو شوێنەیش نابنە مایەی تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نانەوەی پشێوی، شتێکی ئاساییە، ئەوەی نا ئاساییە خەڵکی بەڕەهاییەوە بیانکەنە خۆراك و دەرخواردی خەڵکی بدرێن.

چونکە لەڕوی زانیاری وردو ڕەخنەی جیددی و زانستییانەوە، زۆر کەمخوێنن و بەهایەکی ئەوتۆیان نیەو نابێت لەسەر ڕەوەندی ڕوداوەکان، ڕەخنەو هەڵسەنگاندن و شرۆڤەی بابەتیانە، ئاگایی و زانیاری و سەلیقەی وردو دیقەتێکی زانستیانەو توانایەکی زۆر بەهێزو بێلایەنانەی ماریفی دەوێت. خۆشبەختانە، هێشتا دەرگەکانی دیالۆگ لەنێوان هەولێرو بەغدا بەکراوەیی ماونەتەوە، بەڵام بەدبەختیەکە ئەوەیە کەس نیە لەودیووی دەرگەکان میتینگ و دیالۆگی جیددی بکات! سەرنج بدەن: بەدرێژایی هەموو ئەو ماوەیەی ڕابردوی نزیك و دور، ئەگەر جارێك هەولێر داوای دیالۆگ و گفتوگۆی کردبێت، لەبەرامبەردا بەغدا بەجۆرێك لەجۆرەکان لەبری بەدەنگەوە هاتن داوای شەڕی کردوە، ئەمە پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە، نامەوێ بچمەوە سەر هێنانەوەی نمونەکاری، خوێنەری هۆشمەندو بەئاگا ورد لەمە تێدەگات.

دیارە هەر کاتێکیش شەڕ هاتبێتە ئاراوە، هەردولا مەیدانی شەڕو جەنگیان نەك هەر چۆڵکردوە، بگرە داویانەتە دەست داعش وەك لایەنی سێیەم و هەڵتۆقێندراو، هەروەك ئەوەی لەموسڵ و شەنگاڵ ڕویدا، ئەمە بەر لەهەر شتێك، لێکەوتەو بەرئەنجامی هەرە لەپێشی نەبوونی دیالۆگی جیددی و

لێكتێنەگەیشتن بووە لەنێوان هەردولادا، كورد عێراقێكی هاوسەنگی گەرەكەو، عێراقیش مەركەزیەت و هەیمەنەو هەژمونپێكردنی تائیفی و مەزهەبگەرایی!

هەردولاش لەبری ئەوەی بگەنە ئەنجام و دەرئەنجامێكی هاوبەش، دەیانەوێ تێگەیشتنەكانیان بسەپێننە سەر یەكتری، ئەمەیش نەك هەر ئیزافەی دروست نەكردوە، ئەوەتا بەیەكەوە ژیانیش لەچوارچێوەی ئەم عێراقە بەزۆر بەیەكەوە لكێندراوەدا وەك ئەوەی دەگوزەرێ كەوتووتە ژێر پرسیارو مەترسییەوە.

ئەگەرچی بەرژەوەندییە هەرێمایەتییەكانی چوار دوژمنە دراوسێكەی كورد، مەبەست لە" عێراق، ئێران، توركیا، سوریا " یە، نەهەمان ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشەی چەند دەیەی ڕابردون و، نە وەك دەوڵەتیش خاوەن ئەو پێگەو مقەوماتە لەپێش و هاوبەشە بەهێزەو زاڵەی جاران ماون، جارێ ئەوە سوریا وەك یەكێك لەوان لەگیانەڵڵادایە، بەڵام ناكرێ كورد جموجۆڵە سەربازی و دیبلۆماسیەكانی تایبەت ئەم ماوەیەی ڕابردوو ئێستایان بەهەند وەرنەگرێت.

ئەوان هێشتایش هەر هیچ نەبێت لەڕێگەی جوڵاندن و بەگەڕخستنەوەی هزری فاشیزمی مەزهەبییەوە دەتوانن بگەنەوە یەك لەكەوانە دوژمنكارییەكەی كورددا، هەڵوێستە لاوازو فرسەتبازییەكانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەهەمبەر كورد، هێندەی دی وزە دەبەخشێتە جەمبوونەوەو هەنگاوەكانیان لەواقیعدا، لەبەر ئەوە ئەمە مەترسیدارە.

ماكیاڤیلی دەڵێت: دەنگی خەڵك دەنگی خودایە. واتا ئەوەی یەكلاكەرەوەیە دواجار دەنگی خەڵك و جەماوەرە هەروەك چۆن خودی مۆدێرنێتەش دواجار ڕەوایەتی دەسەڵات و هەژمونی خۆی هەر لەخەڵك و جەماوەر وەرگرت.

# ئەگەر نیشتمان دایك بێت

بەنێرو مێر چواندنی زەوی و ئاسمانەکان، چەند مەجازییە، هەزار ئەوەندە وەها تەبلیغاتێك لەهزرینێکەوە دیّ دژە بەهاو مۆڕاڵی جێندەری، ئەمە هەم وەك فکرو، هەم وەك ئایدیاو، هەم وەك ئەندێشەو، هەم وەك پرانسیپ و بوونیە مرۆییەکەیش، هەر ڕاستە. لەزیهنیەت و ئەندێشەی کۆمەڵگەی سوننەتی و پیاوسالاریدا، ئەوەی نەتوانیّ هێزمەندانە واتا لەباری جستەییەوە بەرگە بگریّ و بەرگری لەخۆی بکات مێرە، مێر وەك هاویّ، وەك دۆست و دەزگیران، وەك خوشك وەك هاوژین وەك دایك!

کاتێك دەگوترێت: نیشتمان دایکە. ئەمە بەبنەما لەوەها پیرۆزی یا خۆشەویستییەکەوە نەهاتووە دایك هەیەتی لەماناو مەغزاو پێکهاتە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکەیدا، بەڵکە لەمەوە هاتووە، دایك مێرە، مێریش خاوەنی ئەو هێزمەندییە فیزیکییە نیە لەواقیعدا، لەبەر ئەوە ئەوەی دەبێت بیپارێزیّ پیاوە، پیاو وەك باوك، پیاو وەك سوژە، وەك بکەرو کێڵەرو، وەك چێنەر، پیاو وەك ئاسمان، ئاسمان وەك سەرو سەروەر سەروا، وەك نێر لەسەرەوەو ڕەها، لەسەرەوەو ڕەها وەك ئەوەی چۆنی بیەوێت ئاوا زەوی و، ئاوا ئەوەی پێیدەگوترێت نیشتمان، تەڕو توش و تەی بکات!!

هەروەك چۆن ئەوەی لەبەرامبەردا ئەم زەوی و ئەم نیشتمانە، خوا نەکا ئەگەر هەر چەند بیەویّ لەخۆیدا بتەقێتەوە بەڕوی ئەم سەروەرو ئاسمانەی خۆیدا، زات نەکاو نەتوانیّ هاوکێشەکە هاوسەنگ و هاوتەریب بکات.

ڕەشەبای خود پەسندی و خۆ سەپاندنی سیاسەتکارە دژە جێندەرو ڕەگەزپەرستەکانی دنیا، ئەگەر لەخۆرئاوا وایکردبیّ خۆر بخەنە دەریاوەو جۆرە ڕۆمانسییەتێك ببەخشنەوە بەژیان لەناو کوردە سیاسەتکارەکانی کوردستاندا، وڕە وڕو گڕە گڕەکەی ئەوەندە تاقەت پڕوکێن بێت، تکە تك و تەمە تەم و منە منەکەی وابکا ڕۆناکی هەر تیادا هەڵنەیەت!

سەیرکە هاورێ! هەیانە خۆی بەهەڵگری پەیامی دنیای ئەودیوو دەزانێ، بەڵام دەیەوێت لەم دنیایەدا بەر بگرێ و بەهەشتێك لەدرۆ بەرپاو ساز بکات! هەشیانە خۆی بەسترانبیژو ئاوەز ژەنی ژیانکردنی مەملەکەتێك لەنوێگەرایی دەزانێ و، هات و هاواری کەشکەلانی فەلەك دەبڕێ، بەڵام بەشنە بایەك لەدەرو دراوسێکانیەوە گەر هەڵبکات، دەکەوێتە هەلەکە سەما لەپراکتیك و لەئەدا کردندا.

نیشتمانی کورد، ئەوەندەی بەدەست سیاسەتکارە کوردییەکانیەوە بووە بەتەنگەبەرو تونێلێك لەرژانی جۆرەها تاریکی، هەرگیز ئەوەندە دژو دوژمنایەتییە دەرەکییەکانی، نەیانتوانیووە زیانی لێبدەن!

هەڤاڵ، نیشتمانی کورد ئەمڕۆ لەهەر کاتێك زیاتر، لەخەونێك دەچێت ناخۆش، بووە بەجەنگەڵێك بەرەڵڵا، بووە بەحەوشەیەك سامناکی بتوانێ دڵخوازانە تەراتێنی تیادا بکات، سیاسەتکارەکانی دەرزییەك بەدەستیانەوە هەیە ڕۆح ئەشکەنجەو جەرگ کونکون دەکات، بەجۆرێ هەرچەند بڕوانی شتێکی دی بەدینەکەی وجودو بەهای هەبێ و مابێت جگە لەخودی خۆیان لەخۆدا.

ئەرێ ئەم نیشتمانە، کەسێکی تیادا نیە قارەمانەکانی لەبێشەی شکاندنی شکۆی میللی و یەکتریدا بێدار بکاتەوە؟! ئەرێ ئاوێنەی هۆلێك نییە لەم وڵاتەدا، شۆڕشگێڕەکانی دوێنێی، ئەمڕۆی خۆیان و ژیانی ئێستای خەڵکی نیشتمانەکەی خۆیانی تیادا ببیننەوە؟!

ئەرێ گەر نیشتمان دایك بێت، مرۆ چۆن جورئەت دەکات ئەمە بەدایکی خۆی بکات؟! چۆن دەکارێت هەر جارەو دەوڵەتێك، هەر جارەو دەرو دراوسێیەك بهێنێتە سەر سینگ و کەرامەت و عیززەتی نەفس و مەئوای میهرەبانی دایکی خۆی و، زات بکا بەدەستەکانی خۆی ئەتکی پێبکات؟!

چۆن دەتوانێ شیرو بیرو خێرو بێرەکەی دایك هەروا سادەو سانا هەرزانفرۆش و نیشتمان بەدەر بکات؟! دایك، دایکە، نە نیشتمان دایکەو، نە دایك نیشتمانە، ئەگەر دایك نیشتمان

بێت، ئێستا من و هەزارەهای وەك من بیٚ نیشتمانترین مرۆڤی سەر ئەم زەمینەین، گەر نیشتمان دایك بێت، کەس لەکورد بیٚ دایك تر نیە!

نیشتمان، ئەو بوعدە جوگرافی و ئەو فەزا مرۆیی و ئەو فەرهەنگە هاوبەش و مەدەنییەیە، مێرو بەکلۆیەك شەکر دەگرێت، نەك کەروێشك بەسیحرو جاددو عەرەبانە! نیشتمان ئەو مەوداو مەغزا مرۆییە خاوێنەیە یەکەپێکهێنەرە جڤاتییەکەی تیایدا هەست بەهاولاتیبوون و درك بەشارۆمەندیبوونی خۆی وەك تاك بکات، نەك هەلاویردو هەلاتن لێی!!

نیشتمانی کورد، نیشتمانی هەلاویردی بەشەرییە، شك نابەی هەبیٚ و بتوانیٚ لەوسەر بۆ هەتا ئەوسەری سنورەکەی، کوێی بویٚ ئازادانەو سەربەستانە تیایدا بژی و بمێنێتەوە! نیشتمانی کورد، بەدەست سیاسەتکارە هەناو پیسەکانیەوە، هەردەم لەبیانوێك زیاتری هەیە تا ئەندێشەو خەیالەکانی تاك و خەلکەکەی تیادا بکوژی!

هەردەم لەئامرازێك زیاتری تیادا دەژی تا ژیانکردنی وەك ئەوەی شایستە بەهەبوونە تیادا نەهێلیٚ و بکوژیت! لەڕاستیدا حەز ناکەم بلێم: ئەگەر نیشتمان دایك بێت، سیاسەتکارە هەناو ڕەشە کوردەکان لەڕیزبەندی هەرە خراپترین بوونەوەرە دایك خۆگێکانی دنیادان، بەلام لەڕاستیدا وان!!

# درۆیینە بانگەشە

ئەندێشە زیندانیی ناکرێ، بەڵام دەکوژرێ، حیزبی کوردی لەئەداو لەپڕاکتیکدا، بکوژە هەرە گەورە و کاریگەرەکەی ئەندێشەیە لە کوردەواریدا، ئەمە هەم لەسەر ئاستەکانی تاك هەم لەکۆشدا هەر راستە. مەجاز جوانە، بەڵام لە ئەدەبدا، نەك لەسیاسەتدا.

چونکە دەگمەن بەواتاو بەرجەستە دەبێت لەواقیعدا، یەکێك لەهۆکارە هەرە دیارەکانی سەرکەوتنی فەرەنسییەکان لەشۆڕشەکەیاندا، واقیع بینییان بوو لەدروشمەکانیاندا، کورد لەژێر دروشمی"داری ئازادی بەخوێن ئاو نەدرێ بەرناگرێ" وەك دروشم و تێکستێکی مەجازی شکستی هێنا دروشمێك بوو پتر هەڵخڕێنەر سەدان هەزاری لەتێکۆشەرەکانی گەیاندە کاروانی شەهیدان، کەچی ئەو دارەی بەحساب بەخوێن ئاو درا، نەك بەرەکەی، سێبەرەکەیشی لەواقیع و لەرەنگدانەوەی ژیانی خەڵکیدا دیار نەما!

بێگومان لەواقیعدا، هەر دارێك بەخوێن ئاو بدرێ، وشك دەبێت، وەها دارێك بەرو سێبەری لەکوێ بێت! لەبەر ئەوە، ئەمە داری ئازادی و دیموکراسی نیە دەبێت بەخوێن ئاو بدرێت، بەڵکە ئەوە داری زەقنەبووتێکە لەو گۆڕەی. شتگەلێك هەن، هەرگیز نابێ بەزۆر بسەپێندرێن، چونکە دواجار لەواقیعدا ناسەپێندرێن، بەنموونە هەر یەك لەتێگەیشتن و هاوڕێیەتی ئەم فزولّیەت و گشتاندنە هزرییەی لەناو حیزب و لەنێوان حزبە کوردییەکاندا سەبارەت بەوەتەنیەت و دیمۆکراسی و هەماهەنگکارییەوە پێڕۆ دەکرێت، هەزار بەهەزار پێچەوانە بەوەها بەهاو بابەتیبوونێکە هەم لەفۆرم و هەم لەناوەرۆکدا.

هەمووان لەگەڵ کوردایەتیدان، بەڵام بەشەرتی چەقۆ، هەمووان لەگەڵ دیمۆکراسی دان بەڵام بەبێ بوونی جیاوازیی وەك ئەوەی جیاوازیی بەپرەنسپ کەوتبێتە دەرەوەی فەلسەفەو هزری دیموکراسیەت. لەوەیش بەولاوە هەبوونی جیاوازیی بەهەردوو بارەکەدا، وەك ناپاکیی و لاڕێکاریی ئەژمار دەکرێت لەسەر یەکتری، هەمووان باس لەهەڤاڵبەندیی و، بەیەکەوە هەڵکردن و کارکردن دەکەن، بەڵام لەدەرەوەی هاوتەریبی و هاوسەنگی

وەك مۆڕاڵ، هاوڕێ دەبین بەڵام برا گەورایەتی هەر هی منە، نەتەوەگەر دەبین، بەڵام بەسەرۆکایەتیی من، دیموکراسی دەبین، بەڵام بەبێ هەبوونی جیاوازیی!!

چەکە کورد کوژە هەرە کاریگەرەکە بەدرێژایی مێژو، لەڕاستیدا ئەو منە منەیە لەفەرهەنگ و لەسیاسەت کردن و لەژیانی کۆمەڵایەتیدا. ئاخر تۆ گەر هەر دەتەوێ برا گەورە بیت، هەر دەتەوێ خۆت سەرکردە و خۆت ڕابەرو مێشکە خوازەیی و گوڕاوەکەی دیموکراسیەت بیت، هەڵبژاردن و گشتپرسیی و بانگەشەی هەماهەنگکاریی و دۆریینەت لەچییە؟ بۆ نموونە دەتەوێ کێ بخەڵەتێنی؟! یان دەخوازی وەك ئەوەی بەرنامەی بەرنامە لەزۆرینەی بەرنامەکانیدا حیواریکی هەبوو کاتی خۆی دەیگوت: حەی حەی! مستەرهەر خۆی کێشەکان دروست دەکاو هەر خۆیشی حەلیان دەکا، بکەی!!

# دیكارت هەڵەیكرد

هزر، چییە یا لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت، لەكوێدا دەتروكێت، كەی دەخەملێت و چەندی دەویٚ تا دەفراژێت، پرسیارێكە تەواو زانستیانە، ئەو كەسەی دەكاریٚ هزرین بكات، لەڕاستیدا دەبیٚ خۆی لەو بابەت و شتانە بپارێزیٚ و ببوێریٚ بەبنەما كارو ئەرك و شارەزایی ئەو نینەو، ڕۆشنبیرییەكەی كۆمەك بەڕانانیان ناكات. قسەی ئەز لێرەدا نەلەسەر وڵامدانەوەی وەها پرسیارێكەو، نەشرۆڤە كردنی هزر ناسیش، ئەوەی هەیە تەتەڵەكارییەكە لەهەمبەر سوژەكەی، سوژەی هزرینكار، واتا ئەو كەسەی هزرین دەكات یا بیر دەكاتەوە، نەك خودی هزرو بیر بەمانا زانستییەكەی.

دیكارت هەڵەی كرد كاتێك دەڵێت" من بیر دەكەمەوە كەواتا هەم". بەڕامانێك لەمرۆڤی كورد، دەگەیتە ئەو باوەڕەی مەرجنییە بیركردنەوە هەبوویی بگەیەیەنێت، ئەوەتا كورد بیرناكاتەوەو، هەیشە! دیقەت بدەن: كورد وەك تاك، وەك جڤات، وەك ئەوانەی پێیان دەگوترێت سەركردەو تەواوی یەكە پێكهێنەرە سیاسیەكەی، كاتێك دەدویٚ و قسە دەكات، وەك ئەوە وایە باپیرە گەورەی بیٚ و بدوێت، وەك ئەوە وایە هۆزو عەشرەت و مەلاو سەرخێڵەكەی بیٚ و قسە بكات، تەنانەت وەك ئەوە دەئاخافێت هەر لەشێخ عوبێدوڵڵای نەهرییەوە تا بەئێستای دەگات، ئەوەی بەسەر كورد هاتووەو، دێت، بەدبەختییەو بەتەنها هەر لەبەر كوردبوونەكەی بووەو دەبێت!!

كورد، ئاوڕ لەخۆی ناداتەوە ناتوانیٚ ئێستای لەخۆداو بەدەرەوەی خۆیدا، وەك ئەوەی هەیە واقیعبینانەو ڕاستگۆیانە بەموخاتیب بگریٚ و بدوێنیٚ توانای دەردەشەكردنی خۆی نیە هەناسە كۆمەڵایەتییەكەی لەفەرهەنگ و نەرێتگەرایی عروبەو وەنەوزو نەفەسە سیاسییەكەی لەئانكاراو تارانەوە دێت، كورد سەر بەهەر شتێكە خۆی نەبیٚ، سەریش وەك كانگای هزرینكاری و بیركاری، ئەگەر بەخۆت نەبیٚ، مومكین نیە بتوانی بیری پیٚ

لەخۆت بکەیتەوە. هەر ئەمەیشە وایکردوە ڕۆژی کورد هەر یەك ڕۆژو، ساڵەکەشی هەر یەك ساڵ بێت و، نەتوانێ تێپەڕێ و بپەڕێتەوە لەڕابردوی خۆی!

بیرکردنەوە بوونت نا، نەوعیەتی هەبوونەکەت دیاری دەکات، کورد هەبووێکە تەریك، هزرینکارییەکەی زۆر تەنگەبەرو کەم خوێنە، لەبازنەیەکدا دەخولێتەوە تاریك، جگە لەبەزیندو هێشتنەوەی ڕابردوی، جگە لەڕەنگ و ڕەسمکردنەوەی تەشریفاتخانە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی، مێشك بەشتانی دییەوە خەریك ناکات! بەمەیش ناگوترێت بیرکردنەوەو، هزرینکاری. ئەوانەی بیرناکەنەوە چەند لەشکڵدا جیاواز دەربکەون، لەفۆرم و ناوەرۆك و پێکهاتەدا بەردێکن خاوەن کەرامەت و هیچی تر، کورد بیرناکاتەوە، بەڵام وەك بەردێك خاوەن کەرامەتی خۆیشیەتی!!

ئەوانەی بیر دەکەنەوە، دەشێت بیناکارو، هەم وێرانکاریش بن، دەشێت جیاواز بژی و، هەم بکوژی جیاوازییەکانیش بن، کورد بیناکار نییە، خودی بیرنەکردنەوەیش لەخۆیدا یەك شتە، ئەوشتەیش وێرانکارییە، هیچ هێزێك بەهێندەی هێزە ناوەکییەکەی خۆی لەکوردا، کوردی وێراننەکردوە، ئەوانەی بیر دەکەنەوە، ئاساییە ئەگەر هەردەم هاوڕایی نەبێت لەنێوانیاندا، بەڵام ئاسایی نیە بەردەوام ناکۆك بژین لەخۆیان و لەنێوان خۆیاندا، کوردو ناکۆکی هەمیشەیی لەخۆدا، دوانەییەکی لێکدانەبڕاون، وەك ئەوەی بەیەکەوە لەدایکبووبن و، بیانەوێ هەر بەیەکەوەیش یەکتری گەورە بکەن و بمرن!!

لەڕاستیدا، ئەمە دەرهاویشتەی بێ کرۆکییە لەبیر کردنەوەی کورد دا، بێ کرۆکیش لەبیرکردنەوەدا، بێناوەرۆکییە لەخۆدا، لەخۆدا وەك شوێنگە لەسەر نەخشە، لەخۆدا وەك فەزا، فەزاش وەك کەش و هەوا نا، وەك پێکهاتە مرۆییەکە، ئەو پێکهاتە مرۆییەی جگە لەمرۆڤ هەر شتێك هەیە تیایدا ئامانجە!! ڕاستە، زۆرینە جا لەژێر هەر ناوێکدا بووبێ، وەك هەمیشە لەبن دەست کەمینەیەکدا حوکمی کراوە، ڕاستە تەنانەت دیمۆکراسیەتیش لەدنیادا نەیتوانووە ئەو بگۆڕە هاوسەنگ و بنەڕەتیە بێت، بەڵام خودی

ئەو کەمینە دەگمەنانەی بەهەردو بارەدا حوکمێکی باشیشیان کردوە لەقۆناغێك لەقۆناغەکاندا، سەرئەنجام مایەی سەر ئێشەو سەرکوتکردنی هەزارەها لەهاوڵاتی و هاوەڵە نزیك و دورەکانی خۆیشیان!!

دەی باشە، هۆکار چییە هەتا ئێستایش تاك و یەکە دەستە جەمعییە بەئەژمار بیرکەرەوەکانی کورد گروپە خاوەن بیرورا باڵاکانی مەملەکەت بێباك و ملکەچ بەوەها سوکایەتی پێکردنێك و جیاکارییەکی مرۆین؟!

هەر بەجیددی ئایا پێگە لەپێشە کۆمەڵاتی و ئابوری و سیاسیەکانی کورد، بەرزە مرۆڤن و، خەڵکانی ئاسایی نزمە مرۆڤ و ناتەواون لەڕوی توانستە بەدەنی و نواندنی چالاکییە عەقڵانی و زیهنییەکانەوە؟

ئەگەر وابێ ئایا ئەمە سوکایەتی کردن نیە بەهزرو هزرینکارییەکی مەدەنی و عەقڵانی، ئەی ئەگەر هیچ لەمانە وانیە مرۆڤی کورد کوا لەکوێی ئەم سیستمە جیایانەی هەن لەدنیادا خودیخۆی وەك مرۆڤ بەئامانج گرتووە؟ ئایا ئەمە بەتەنها هەر پەیوەندی بەغیابی هزرینی کورد خۆیەوەتی، بێگومان نەخێر، ڕاستە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش بەشێك لەم ئۆباڵەی دەکەوێتە سەر.

بۆیە دەتوانم بڵێم: ئەگەر وەها ڕزیوو هزری و هەڵاوێرد کارییەك لەئەوروپاو تەنانەت دنیای هەرە پێشکەوتووشدا، هێشتا هەر لەژێر پرسیاردا مابێ و بژی، ئەوا کوردەواری وەك گۆشەك تەنگ و تاریك لەم دنیایەدا، لەژێر مەترسیدا دەناڵێنێت، هزرینکاری لەیەکە پێگە لەپێشەکانی کوردەواریدا، هەر چەند لەهەنگاوی یەکەمدا بیناکار بووبێت دواجار وێرانەیی لێکەوتووەتەوە.

# حزب و حکومەت و مزگەوت

ئازادی، لەدیدو زیهنیەت و ئەندێشەو ئەدەبیات و ئەفکاری حیزبە نەتەوەییگەراو چەپگەراو ئیسلامیگەراو سۆسیالیستیە کوردییەکاندا، نەك هەر وەك بەها تاکگەراییەکەی بوونی نیە لەواقیعدا، یەکە جڤاتییەکەیشیان لەخۆیدا بەوەها هزرینك لاڕێ و گلاراو کردوە! ئەوەی هەیە، بەتەنها هەر لەرزگاری نیشتمانی و ئازادی نەتەوەیی و دەستە جەمعیەتدا، کۆت و پەت و پێوەند کراوە، وەك ئەوەی ستەم و ستەمکاری لەڕاپەڕیندا، کۆتایی پێ هاتبێت و، ئازادی تاك مرۆ بەرەو لادان و بادانە فەرهەنگی و کۆمەڵاتیەکان بەرێت!!

ئەمە تۆمەت بار کاری و بەشینەوەی نادیدگەرایی و تێکەڵکاریەك نیە لەنا هۆشمەندییەوە هاتبێت، کەسێك هەیە لەماوەی ئەم دەیانساڵەی دوای ڕاپەڕیندا، بیری کردبێتەوەو، دەیانجار لەشعوری نەدرابێت. تاکێك هەیە لەماوەی ئەم دو دەیەو نیووەو زیاتریش دا، ڕای هەبووبێ و، چەندینجار ڕاو نەنرا بێت!! هەیە لەخەیاڵێکدا فڕیبێت و، نەڕفێندرا بێت، ئەرێ ڕویداوە یەکێك زریکەی ئازادانەی لێدابێ و، زیندانی نەکرابێت. باشە دەشێت هەبێ زاتی کردبێ لەکەوڵە نەرێتیەکەی خۆی دەرکەوتبێتە دەرەوە، بەڵام لەشەقام و بڵندگۆکانەوە کەرامەت شکاو نەکرابێت!! ڕۆژنامەوانێك گوتی: ئەمە مەلەفی فەسادی کارگێڕی و ئەخلاقی، فلان و فیسار مەسئولەیە، کوشتیان!!

میدیاکارێك وتی: ئەمە شوناس و ئەمە وجودە ئەسلێیەکەی ئێوەیە، نەفییانکرد، نووسەرێك ڕق نا، تەنها گوتی: کچەکەی سەرۆکم خۆشدەوێ، تیرۆریانکرد. هاوڵاتییەك لەسەر ماچێك لەپارکی ئازادیدا وڵاتبەدەر کرا سەدانی دی خنکێندران هەزارانی دی سوتان تەنها لەسەر ئەوەی وتوویانە خۆشمدەوێی. نامەوێ ڕوایەتی بدەمە جنێودان و خۆ هەرزانفرۆشکردنە خودییەکان، بەڵام ئەمە کەی ڕوایە دەسەڵات و بەرپرسەکانی ئەم

وڵاته، ئازادانه سەروەت و سامانی وڵات بدزن و بەهەدەر بدەن، گەنجێك ئازادانه، بەنمونه لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا نەتوانێ پێیانبڵێت درو نەزان و پشتە چاوتان برۆیە!!

کەی ڕوایه خۆت بەسەرۆك بزانیت و نەشتوانیت بەپێیەکانی خۆت بەناو بازاڕو خەڵکەکەتدا بڕۆی و بانگەوازی ئازادی و سەربەخۆیش بەگوێی خەڵکی دا بدەی!! سەیر دەگوزەرێ لەم وڵاتەدا، ڕۆژ نیە ڕۆژنامەوانێك لانیکەم دارکاری نەکرێت! ڕۆژ نیە مێنیەك نەکوژرێ، یا لەژێر فشاردا خۆی نەکوژێت! ئەگەر بەیاسا و ڕێسا نەتواندرا بەر بەئازادی و ئازادییە فەردییەکان بگیرێت، تارمایی حیزبی دەبێت بەجێگرەوە! ئازادی لەترافیکی عورف و نەرێت بدا، دنیا خرابوونە!

هەمیشە لەبیانوێك زیاتر هەیە بۆ زەوتکردنی ئازادییەکانی تاك، دەنگە ئازادەکان وەك شێرپەنجەو نەخۆشییە جەستەیی و دەروونییەکانی کۆمەڵگە حیزبی و کۆمەڵگە مرۆییەکە دەبینێدرێن!! ئەگەر نا، ئەوە چجۆرە حیزب و پێکهاتەیەکە بەرگەی ئازادی وتن و نووسین و ئەزمونکردنی زانینگەرایی جەستەو ئاکاری و عەقلانیەت لەخۆدا ناگرێت. مەگەر مرۆڤ بەسروشت بونەوەرێك نیە ئازادو سەربەست، مەگەر لەڕاستیدا هیچ حیزب و دەسەڵات و مزگەوتێك مافی ئەوەی هەیە کەس ناچار بەملکەچگەرایی پێناو ویستەکانی خۆی بکات ئەمە چجای قانگدان و تۆقاندن و ڕفاندن و ئەشکەنجەو تیرۆرکاری دەرونی و جەستەیی و مۆڕاڵی!! حیزب و حکومەت و مزگەوت، بەسروشت ئەو دامەزراوە مەدەنی و ڕەهایە ڕێگە پێدراوە نین چۆنیان بوێت ئاوا ببنە لەمپەرو بەربەست لەبەردەم گەشەکردنی ئازادی خود لەخۆدای تاکەکان.

ئەو ساتە نەشئە بەخشە کورتخایەنانەی سەردەمی دوای ڕاپەڕین، تێپەڕین، ئێستا هەم دنیا لەشوێن و شوێنگەی ترەو، هەم مرۆڤی کوردیش پەرپوەتەوە لەم ڕابردووەو، رویکردوەتە بیرکردنەوەو ڕامان لەڕەهەندە جیاوازەکانی ئازادی و دەیەوێ ئەزمونیان بکات. ئەو ئازادییە فرە ڕەهەندانەی خۆیان لەئازاد بوونی خۆ لەخۆدای تاك دەبیننەوە،

ئاخر مرۆڤ تا دەربازی زیندانە ناواخنە تاریکەکەی خۆی نەبێت، نەیتوانیووە رزگاری بیّ و بەخۆی بلّێت ئازادم، نەیتوانیووە ڕزگاری بێت لەدەست ئەو بەندو باوە نەرێتگەراو سوونەتگەراو دەستە جەمعیانەی خۆرکەی تاکن.

پارت، حکومەت و مزگەوتەکان بەپیوەری یاساو ڕێسا ئەرزی و ئاسمانییەکان و لەبنەماشدا ئامرازی بەدیهێنەری ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانی و فکری و تەنفیزی و بلّاوکردنەوەی هۆشیارییە کۆمەلّایەتی و فەرهەنگی و گەشەپێدانی هزری بەیەکەوە ژیانی خەلّکن نەك ژەهراویکردنی بیرو باوەڕی تاك و خەلّك لەپێناو بەدناوکردنی ئەوانتری بەرامبەرو جیاواز. ئازاد بوون لەخۆدا، هەرگیز بەمانای دژایەتیکردنی حیزب و دەسەلّات و دین نایەت لەڕاستیدا، ئازادی ئەزمونکردنی مافە لەخۆدا وەك تاك، مرۆڤی ئەم سەردەمە، ناتوانیّ بڕوا بەو وەهمە بهێنێت هەتا ئێستایش بانگەشەی ئەزمونکردنی ژیانکردن دەکات لەڕابردودا!

ستەم هەر ستەم و ستەمکار هەر ستەمکارە ئەوەی دراوسێکانی کوردستان بەرامبەر بەکوردو خاکەکەی دەیکەن چەندە ستەم و ستەمکارییە ئەگەر لەناوخۆی کورد خۆیشیدا هەبیّ و بیەویّ ستەم لەئازادی و ئازادیخوازی بکات هەر ستەم و هەر هەمان ستەمکارییە. ئازادی نابەخشرێت وەك ئەوەی تا هەنوکەیش پارتە کوردییەکان ئیددیعای دەکەن، گوایە ئەمان ئەم ئازادییەیان بەخشیووەتە خەلّك! بەم عیبارەتە بێت هەر کاتێك بیانەویّ دەشتوانن ئەو بەخشینە زەوت بکەن و بیگەڕێننەوە لای خۆیان، ئازادی بەرهەمی بەریەککەوتنی مرۆڤەکانە، لەگەلّ خۆیاندا لەدایك دەبیّ و گەورە دەبیّ و پەرەی پێدەدەن. ئەوەی دەبیّ بەها بداتە پارت و دەسەلّاتە جیاوازەکان، خەلّکە، نەك حزب و مزگەوت و ئایدیاکان.

# لەم واقیعە تاڵەدا

شەڕو ململانێ ناوخۆییە حیزبی و حیزبیەکانی وڵاتی ئێمە، دیارە دور لەڕوایەتیپێدان، ئەگەر هەتا دەیەی ڕابردویش بریتیبوو بێت لەجۆرە شەڕو ململانێیەکی دوو جیهانی دژ بەیەکی جیاواز لەڕوانگەو لەدنیابینیدا، ئەی ئەوەی ئەمڕۆو لەفۆرمێکی تردا خۆی وێناو دوبارە دەکاتەوە، چییە؟!

ئایا هەر هەمان جەنگ و هەر هەمان ئەو ململانێیەیە بەڵام بەجۆرێکی دی، یا شەڕو شەیپور لێدانە بۆ بەشینەوەی بوغزو نانەوەی ئاشوب و چاندنی دڕدۆنگی و غەریزە سازی لەپێناو فراژۆ پێکردنی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی حیزب و حیزبیەکانی ئەم وڵاتە؟! لەم واقیعە تاڵەدا، شەڕ فرۆش و جنێوفرۆش و هەرزانفرۆش زۆر سادەو ئاساییە ئەگەر سەرکردەیەك بێت، ئەگەر پەرلەمانتارو ئەگەر وەزیرو ئەگەر فەرمانبەرو ئەگەر کارمەندێك بێت، سادەو ئاسایی و زۆریش بووە بەشتێکی سادە ئەگەر دەسەڵاتدارو ئەگەر ئۆپۆزسیۆنیش بێت، ئاسایی و بەسیتە زۆر ئەگەر چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنیەکانیش بێت، ئەساییەو زۆریش چاوەڕێکراوە ئەگەر وتار خوێن و وتار نووس و ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیرو ڕۆناکبیرو ڕەخنەگریش بێت، دەشێت هەر شتێك هەیە دەشێت لەسەر زمان و زیهنیەتی ئەوانەدا ڕوبداو هەر یەکێکیشیان ببێتە زارەترەکی بەشینەوەی ڕق و قینەو ناتۆرە سازی بەئەژدادی بابای بەرامبەرو جیاواز!

تۆ قسە دەکەی، یەخەی باوکت دەگرن، تۆ هەڵوێست دەنوێنی، بەدایکتدا دێنە خوارێ، تۆ ڕەخنە دەگری، سوکایەتی بەخوشك و ژن و کچەکەت دەکەن، خوا نەکا بڵێی نا، هەزار سیناریۆ لەپێناو لەکەسێتی دانت ئامادەو ئیغراو ئیفراز دەکەن، شەرم لەم هەموو ڕاو ڕوت و چەتەگەری و بگرەو بکوژەو هەڵاوێردییە جێندەرییەی خۆیان و بندەست خۆیان ناکەن، بەناتۆرەو فرێدانی تۆمەتی ژەهراوی دەیانەوێ تۆ بسڕنەوە لەسەر نەخشەو بەخششت بخەن، کێ ماوە قسەیەکی کردبێ، هەڵوەستەی کردبێ و

هەڵوێستێکی نواندبێ، بەهەر ڕێگەیەك لەڕێگە ڕوتە ئاست نزمەکان لەشکۆی نەدرابێ، نەگیرابێ، لێینەدرابێ، نەڕفێندرابێ، ئاوت نەکرابێ و کێشەی بۆ دروست نەکرابێ،کێ ماوە وتبێتی نا، نەکرابێ بەئەڵقە لەگوێی ئەم دەوڵەت و ئەو دەزگەو دامەزراوە هەواڵگری و ئەمنیە، ئەرێ کەسێك شك ئەبەن حەقیقەتێکی بەیان کردبێ و بۆی نەخرابێتە ناو دو نانی گەرمەوەو گەمارۆ نەدرابێ؟! تاد

ئیدی ئەمە، دەرهاویشتەیەکی بۆماوەیخوازی نەبڕاوەیەو هەروا سادەو، هەروا سانایش بەکۆتا نایەت و کاڵنابێتەوەلەزیهنیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکەدا، نەمۆڕاڵ و نەهۆشیاری مافناس، ئەرکناس، دۆخناس، ئاکار باشیش وەك ئەوەی شیاو بەهەبوونی مرۆڤە لەم سەردەمەدا، لەبنەمادا نیمانەو لەئارادا نییە، هەر ئەم نەبوونەیشە وایکردووە، لەبری گەشەکردنی دیموکراسیەت و، بەیەکەوە هەڵکردن، فێڵکردن لەدیمۆکراسییەت ڕەگ و ڕیشەی خۆی زیاترو زیاتر بڵاوبکاتەوە، هەر ئەمەیە وایکردووە تەنها دیمۆکراسیخوازی ڕواڵەتگەراو، ڕوکارگەریخواز بین، بەوەها هەبوونێکیش دەوترێ هەبوونی ساختەگەرایی. هەبوونی ساختەگەرایی، یانی کارتێکەر، ئیدی ئەو کارتێکەرە، هەرچییەك بێت، یانی بارودۆخ بێت، یاسایی ئەخلاقی و، دەسەڵاتی ئایینی و، سیاسی و، دابونەریت و، هەر تشتێکی تری لەو بابەتانەیش بێت، ژیانی ڕەسەنی خۆی ناژی و، واز لەهەڵبژاردنی خۆی دەهێنێت، لەبەرامبەردا، بوار بەوانیدی دەدات تا ئیمکانەکانی بۆ دیاری بکەن، بەو مانایەی کارەکتەر ئیدی ئیمکان و توانا تایبەتیەکانی خۆی لەدەست دەدات و دەیەوێ لەئیمکان و توانا گشتییەکانەوە بژیت، یانی لەسەر کەوڵی ئەوانی دی ژیان بکات، بەپێچەوانەوە، هەبوونی ڕەسەن ئەو بوونەیە، کارەکتەر بەهەموو ماناکانییەوە تیایدا هەست بەبەهای بوونی خۆی دەکات و لەوانی دی دادەبڕێت، دیارە دابڕان نە بەمانای ئەوەی کارەکتەر بەتەنها دەژی و دورە لەوانی دی. یانی جۆرێك لەدۆزینەوەی خود، بەڵام خۆ زۆرینەی هەرە زۆری یەکە پێکهێنەرە گەلی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، لەو بوونە ڕەسەنە بێئاگایەو بەمەوجودەکانی

دیکەوە خەریکەو لەدەرەوەی خۆی و لەوانی دیدا خۆی خالّیدەکاتەوەو، دەیەوێت بژی، ئەمە بێئەوەی هەست بکات لەدواجاردا کۆمەڵە کاردانەوەو تواناو ئیمکانیاتی ئەوانی تری بەسەردا دەسەپێنرێت. یانی یاریکردن بەهەبوون و ڕەسەنایەتی ئەوانی دی، وەك یاریکردنە بەریزکردنی پولی دۆمینە، هەموو ئەوانی تریش بەرەو کەوتن دەبات، لەبەر ئەوە دەبێت کەڵك لەدوو شت وەربگرین:

یەکەم/ هیچ کارەکتەرێك سۆپەرمان نییەو، ماف ئەوەی نییە لەسەر کەولّی ئەوانی دی بێ و بییەوێ دلّخوازانە ژیان بکاو مێگەلیانە بلەوەڕێت. ڕەوایەتی هیچ کارەکتەرێك لەوەدا نییە بەها بۆ ئەوانی دی، نەهێلّێتەوە، بێ و بیەوێ بیانکاتە کەرەستەیەك بۆ خۆزومکردنی خۆی.

دووەم/ کارەکتەری ساختە، هەرگیز ناتوانێ بۆ هەتا سەر درێژە بەکردەوەکانی بداو هەروا ساختە چیانە بەرژەوەندییەکانی بسەپێنێت، هیچ پاساوێکیش لەئارادا نیە، ڕێگە بەوە بدات، لەسەر کەولّی ئەوانی دی، بژیت.

# رەنگدان لەبێ رەنگییدا

مانەوەی هەر میللەت و نەتەوەیەك بەژێر دەستەیی و لەبندەستەیی و بێدەسەڵاتیدا، پڕ جەمسەرو فرە ڕەهەندو هەمەلایەنە، هۆکارە هەرە سەرەکییەکەی بەدبەختی و بێچارەیی نیە وەك ئەوەی ئیدیعا دەکرێت، بگرە بێ مۆڕاڵییە لەبێ ڕەنگیدایە! مۆڕاڵ بەمانا خۆرئاواییەکەی، ڕەنگدان بەمانا ڕۆشنگەری و پرشنگ دارییەکەی، نەخێر تەنها پەیوەندی بەنەبوونی ئەو ئامرازە ناسێنەرە ستراتیژییە نەتەوەیی و نیشتمانیانەوە هەیە، ئێستا لەچاوی دوێنێداو ئایندە لەتێپەڕاندنی هێزو هزرو زیهنیەتی خێڵەرایی و نەرێتپارێزی و حزبی ڕوتدا، دەبینن!

کورد، وەك نەتەوە، وەك خاوەن خاك، وەك فەرهەنگدار، بەڵام لەغیابی ئەو ڕەنگدان و پرشنگدانە ڕۆشنگەرییەدا، وەك ئامادەیی لەبۆشایی بونیادنانی ئەو ئامرازە کاریگەرە عەقڵانیە ستراتیژییانەدا، سەدانساڵە تێدەکۆشێت، سەدانساڵە قوربانی دەدات، جینۆسایدو ئەنفال دەکرێت، شکست دەخواو هەڵدەستێتەوە بەڕوی شکستداو بەر بەتیرۆرو شکست بەتیرۆرستان دەهێنێت، کەچی ناتوانێ دەربازی سەر شاڕێی سەلامەتی و سەربەخۆیی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆی بێت! سەدانساڵە لەبری ئەوەی یەکەی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبێت لەخۆیدا، جگە لەخۆی، دابەش دەبێت بەسەر هەموو ئەوانی تری غەیرە خۆی لەخۆیدا، ئەمە هەم وەك بوونیادە مرۆییەکەی و هەم وەك فەزاو فزولێەتە ژینگەییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەیشی هەر ڕاستە!

بەکوردی و کورتییەکەی، کورد لەبەر ئەم پەرت و پەرێشانییە ناوەکییەی خۆی، لەبەر ئەم بێنەو بەرە هەناو سزییەی خۆی، تا هەنوکەیش نەی توانیووە هاوتای ئازایەتییەکەی لەمەیدانی جەنگدا نەی توانیووە هاوتای قوربانیدانەکەی خۆی لەبواری پێشمەرگایەتیدا، ڕون و ڕاشکاوانە کوردو کوردایەتییانە، برەو بداتە لایەنە هۆشیاری و عەقڵمەندی و مۆڕاڵە هەمە کییەکەی خۆی و، هەبوونی خۆی لەمەیدانی واقیع دا جێگیر بکات و بسەلمێنێت!

تەنانەت نەیتوانیووە وەك حزب و حزبییەکانی، بگاتە بونیادنانی یەکەیەکی هاوبەش و ڕێژەیی نیشتمانی لەسیاسەت کردن و موخاتەبە کردندا بەڕوی دەرەوەی خۆی و ناوخۆی خۆیشیدا!

لەبەر ئەوە ئەوەی ئێستا گەنجانی کورد لەمیدیاو سۆشیال میدیا دا، لەکۆڕو کۆبوونەوەو بەریەککەوتنە جیاوازەکاندا بەیەکتری دەکەن، باشتر وایە لەبری ئەم چەلەحانێ و چەنە بازییە، چاکتر وایە لەبری ئەم تەڵە تەقاندن و دەمە تەقێییە تاقەت پڕوکێنە، ڕاست ترە لەبری ڕەنجاندن و شکاندنی یەکتری، بکەونەوە خۆیان و وەك یەك تیم کارو چالاکی نواندنی گەنجانەی خۆیان لەفۆرمێکدا جیاوازو سەرتاسەری، بێگومان بەئاڕاستەی بەهێزکردنی بوونیادە مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەکوردەواریدا، بنوێنن و بەڕێوەبەرن. تا ئەمە واتا نەکرێ، تا ئەم مۆراڵە هاوبەشە لەناخی یەك بەیەکدا بەمانا نەبێت، کورد وەك میللەتێکی مەزڵوم، کورد وەك نەتەوەیەکی غەدر لێکراوو ژێر دەستە، ناتوانێ ببێتە خاوەنی ئەو ڕەنگدان و ئامرازە ناسێنەرو گوتارە کاریگەرو هاوبەشەی دەکارێ دەربازی بندەستەیی و ژێر دەستەیی بکات.

ئەم بێباکگەرای و شرمبرمێنەی ئێستا گەنجانی کوردی بەخۆیەوە سەرگردان و خەریك کردوە، هەرچییەك بێت سەرەئەنجامەکەی بێ ئامانە، ڕونە، تەنانەت جگە لەدوبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەزمونە شکستخواردوەکانی ڕابردوو، هەروەها نانەوەی شەڕو ئاشوب، تروسکاییەکی تری تیادا بەدی ناکرێت! شەڕی کورد یەك شەڕەو حزبەکانی حزبیەکانی هەزار شەڕ، بەرژەوەندی کورد یەك بەرژەوەندییە وەك نەتەوەو، نیشتمانەکەی، بەرژەوەندی سیاسیەکانی و سیاسەت لەناوچەکەدا، هەزار شت. ئەم پەرتبوونەی گەنجانی کورد، زۆر مەترسیدارە، تینوتاو بەفیڕۆدانە، نەخێر هەرزانفرۆشیە لەفۆرم بەرگێکدا غەیرە کوردی، بەمەیش ئەگەر گەنجانی ئەم وڵاتە هەستیارو خاوەن پرسیارو لەسەر هەست نەبن، ئەگەری توانەوەی توانستەکانی خۆیان لەناو ئەم گوتارە پەرت و پەرێشانە حزبی و سیاسیە نا واقیعبینەدا، مسۆگەر ترو دەستەمۆ تر دەکەن!

تەنانەت زۆر بەئاسانی دورو نزيك، هيچ نەبێ لەداهاتوودا ماهييەتی داخوازيەكانيان لەبگۆڕەوە دەگۆڕێت بەنەگۆڕ، ئەی ئەوەنيە هەر لەئێستاوە ئاستی داخوازيەكانی خەڵك، لەبەرزترين پلەو پايەو پێگەيەوە دابەزيووەتە نزمترين ئاست و، ويست، لەبری سەربەخۆيی داوای سەرەتايترين ماف و ئازادی و كارەباو ئەمنيەت و، ئاوەدانی و ئاو دەكات. حزب لەدنيادا، ئامرازی بەديهێنەری خواست و، ويستەكانی خەڵكە، بەڵام حزبی كوردی لەبری ئەوەی ئامرازی بەديهێنەری ويست و خواستەكانی خەڵك و ميللەتەكەيان بن، خەڵك و ميللەتەكەيان وەك ئامرازی دەستەبەركردنی بەرژەوەندييە حزبيەكانيان بەكار بردوەو، دەبينن! كەی دەبێ گەنجانی كورد لەوە تێبگەن، ئەوەی ناوی فكرو ماريفەو ئايديۆلۆژياو مۆراڵە لەحزبی كورديیدا نەماوەو نيە، ئايديۆلۆژيای ئەم حزب لەويتردايەو، ئەفكاری ئەم حزبەی تريش لەمەی ترداية، بەس دژو دوژمنايەتيكردنی يەكترييان لێبستێنيتەوە هات و هاوار بڕاو دەبن!

هيچيان نامێنێت بۆ وتن، لەخۆيان و خەڵك و خودايش دەبنەوە، سەركردايەتی ئەم حزب ئەوەندە گەمژەو گوناحن، هێندەی خەريك بەڕازيكردنی جەماوەری ئەو حزبی بەرامبەرن بێگومان لەسەر كەولّی جەماوەری حزبەكەی خۆيان، پۆينت و چارەگێك ئەوەندە خەيالّ و ئەندێشەيان لای هەوادارو جەماوەرو ئەندام و كادری حزبەكەی خۆيان نييە! ئەوەندەی لەسەر ميزاج و مەجازو پەيوەندييە شەخسی و ڕۆمانسييەكان كار دەكەن، نەك هەرگيز ئەوەندە گوێ بەپرانسپ و دسپلينە حزبيەكانی خۆيان نادەن، ئەسڵەن بەهيچيشيان نازانن! هێشتايش خەڵك وەك سەرچاوەو خۆراكی ئەم بەر بازاڕييە دەبينن، هێشتايش پێيان وايە دەتوانن وەك هەميشە تۆقێنەرو گەوزێنەرو گەوجێنەری يارو نەيارەكانيان بن!

گەلۆ، زەمەن سروشتێكی سەيری هەيە، وەك با لەڕۆيشتن ناكەوێ و ئاوڕيش لەهيچ ناداتەوە، گەنجانی كورد نابێ لەچاوەڕوانيدا وەك شوتييەك بەشەرت خۆيان بخۆنەوە، دەبێ ئيتر زۆر هەستيارو هۆشيارو شوناسخوازو چاوكراوەتر بڕژێنە مەيدانی خەبات و

تێکۆشانەوە. ئەگەر خۆر سەرچاوەی ڕۆناك کردنەوەی گەردونی بێ گەردون لەبەرامبەردا بێباکی نەنواندوەو ڕەنگدانەوەی خۆی نواندووە، دەی ئەگەر گەنجانی ئەم وڵاتە سەرچاوەی وزەو هێزو نۆژەنکردنەوەی ئەم وڵاتەن، دەبێ ئەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆشناییەی خۆیانی نەبێ، تەمای زیاتری لەسەر هەڵنەچنن.

گەنجانی کورد ئەگەر خوێندنەوەی تایبەتی خۆیان نەبێت لەسەر ڕوداوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، ئەگەر وەك ئەوەی هەن بیر لەو هەبوونەی خۆیان نەکەنەوەو خۆیان بەماناوە بەیان نەکەنەوە، ناتوانن ببنە بەدیهێنەری ئەو ئامرازە ناسینەرو بکەرە کاریگەرەی دەتوانێ ڕۆڵبگێڕێ لەگۆڕانکارییەکاندا. گەنجانی کورد لەبری ئەوەی بکەونە ژێر باری ئەو بانگەوازو تەبلیغاتە حزبییە گەوزێنەرو گەوجێنەرەی جگە لەخۆ بەرهەم هێنانەوە هیچ بەهاو ئامانج و ستراتیژێکی تری نیە، دەتوانن کاریگەری یەکلاکەرەوە لەسەر ئەداو گوتارو تەواوی پرۆسەکە دابنێن و خواست و داخوازیەکانی خۆیان بسەلمێنن و بسەپێنێت. گەنجانی کورد، ئەگەر پێیانوایە کوردەواری خاوەنی فەرهەنگ و تۆرەی تایبەت بەخۆیەتی، ئەگەر خۆیان بەجێگرەوەی نەوەی دوێنێ و نوێنەری ڕاستەقینەی بزافە مەدەنی و ڕۆشنبیری و زانستیەکەی ئەمرۆی وڵاتەکەیان دەزانن، دەبێ خۆیان لەژێر رکێفی گوتارو ڕەفتارو ئەدای کۆمەڵگە جۆراو جۆرەکانی دی بهێننە دەرەوەو ناسنامەیەك تایبەت بەخۆیان چێبکەن، نەك ئەو بێ ڕەنگییە لەناو ئەم هەموو ڕەنگە بێ ڕەنگانەدا، ڕەنگبکەنەوە!

# ئەمە چجۆرە سیاسەتێکە

موتڵەقخوازی"بێ چەند و چۆنی" لەهەر شتێکدا بوونی هەبێت، ئیدی ئەو شتە ئەگەر ئاسمانی بێ یا ڕێسمانی، ماددی بێت یا مەعنەوەی، لەزیهنیەتدا بێت یا لەپراکتیکدا، هەر چییەك بێت دواجار سەرئەنجامەکەی ڕونە، بۆگەن دەکات.

وەها بکەرو هزرینێك ئەبەد لەسیاسەت دا جێگەی نابێتەوە، بێگومان سیاسەت بەمانا زانستییەکەی سیاسەت بەمانا واقیعییەکەی، چونکە لەسیاسەت دا شتێك نییە بکەوێتە دەرەوەی نەشتەرگەر کاری و شرۆڤەکاری و پرسیار کارییەوەو بتوانێ بەنەگۆڕی بمێنێتەوە. سیاسەت، خود وێناکردنەوەو بەرهەمهێناوەی خودگەرایی نییە لەبازنە هێشوییە خێڵەکی و مەزهەبی تائیفیە داخراوەکاندا، جوینەوەی بانگەوازە بەسەرچووەکان و مانەوەش نییە لەڕابردوە دورو نزیکەکاندا، سیاسەت زانستە واقیعبینییە هەڵێنجانەوەی ماناو بەمانا کردنەوەی بێمانایە لەڕاستیدا.

لەبەر ئەمە، ئەوەی ئەمڕۆ دۆخی کوردەواری لەخۆیدا گەناندووە، لیخناوی سیاسەت نییە لەڕاستیدا، بەرئەنجام و سەرئەنجامی هزرینێکە لەناخدا موتڵەقخوازو بەرواڵەت سیاسەتگەرا، یەك ڕەنگ و تاك ڕەهەندگەرایی لەسیاسەتدا نییە، سیاسەت ناتوانێ بەردەوام یەك ڕەنگ بێت، سیاسەت مۆڕاڵە، ئەمە بەمانا خۆرهەڵاتییەکەی نا، بەمانا خۆرئاواییەکەی، مۆڕاڵە وەك ئەوەی دەشێت وەك ئەوەی دەکارێ ئیزافە بخاتە سەر پێکهاتە خۆسەری و هەبوونە مرۆییەکە، وەك وەرگرتن و دانانەوە، ڕەنگدانە ڕەنگ ڕێژی و ڕەنگ بێژییە، نەك بەمانا موجەڕڕەدەکەی (یا هەموو یا هیچ) نەك بەمانا ئەفلاتوونییەکە (پاوانی کوێخاو ئاغاو خێڵگەراو ئەرستۆکراتەکان بێت).

هەروەك چۆن ئەرکی سیاسەتوانیش ئەوەیە سیاسەت بکاتە پردی پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵات و ئامرازی تێپەڕاندن و پەڕینەوەی قۆناغێك بەقۆناغێکی دی، نەك وەك

ئەوەی لەکوردەواریدا دەگوزرێ، لەلایەن سیاسەتوانەکانییەوە بکرێتە دیاردەیەك ئەوپەڕی ناپەسند.

ئەگینا وەك ئەوەی بووە بەوێردی سەر زوبانی خەڵك و ئیدیعا دەکرێت، سیاسەت درۆزنی و درۆزانی نییە، درۆ ئەوەیە سیاسەتوانبیت لێرەو هەڵگری جنسیە بیت لەوێ، ئەوەیە گەنجانی وڵات بەناوی بەرگریکاری و ڕزگاری نیشتمانی لێرە بدەی بەکوشت و منداڵەکانی خۆیشت لەوسەری دونیا بەپارەی میللەت خەریکی خوێندن و ژیانکردن بن، درۆ ئەوە بەناوی سیاسەتەوە خەریك بەفەرهودکردنی سەرخان و ژێرخانی وڵاتەکەت بیت، ئەوەیە هۆکاری ئەو هەموو نەهامەتییە بگەڕێنیتەوە سەر گوایە نەشازی و نەگونجاوی دۆخە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانەوەو دارمانی نرخ و بەهای بازەکانی نەوت لەجیهاندا.

کەی ئەوە سیاسەتە، پارلمانت هەبێ و عورفی حزبی ئەدای بکات، کەی ئەوە سیاسەتە، حکومەتت هەبێ و هەژموونی خێڵگەرایی ئاڕاستەی بکات، کەی ئەوە سیاسەتە، هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی وڵات، پێشمەرگە، لەبری نیشتمانی ڕەنگباری حزبی بکرێن، کەی ئەوە سیاسەتە، لەبری شەفافییەت هەڵلوشینت هەبێ، کەی ئەوە سیاسەتە، لەهەولێر شایی بێ و لەسلێمانی شین، کەی ئەوە سیاسەتە، دوای ئەم هەموو ساڵە لەحوکمڕانێتی خۆجێیی، نەدەستورت هەبێ و نەسیستمێکی ڕۆشنی حکومڕان، نەژیانت هەبێ و نەویژدان، نەمافت هەبێ و نەئازادی، ئەوەی هەتە نادیاربێ و دیارێکت نەبێ! سیاسەت و سیاسەتوانی کورد، دەنساڵە لەبری پێناسەکردنەوەی ئازادییە فەردی و گشتییەکان، لەبری بونیادنانەوەی سەرخان و ژێرخانی وڵات، لەبری هێنانە ئاراوەی فۆرمێك ئەوپەڕی نوێ و گونجاو لەبەڕێوەبردندا، لەبری کرانەوە بەڕوی خۆدا، بەڕوی دەرەوەدا، لەبری پەرەپێدانی مەدەنی و چەسپاندنی دیمۆکراسی، ئۆڵفەتیان بەمۆدیلاتی پۆشاك و سەفەرو سیاحەوە گرت، دەستیاندایە گۆڕانکاری لەڕەنگ و ڕۆخسارو سەیارەو تەیارەو ماڵەکاندا.

# رەخنەگری کوردی

ئەگەر رەخنە هەڵسەنگاندنی بەهاو دیاریکردنی بنەما بێت، ئەوا کاری رەخنەگر بزوێنەرو کارتێکەری چالاکییە مرۆییەکانە، ئیشکردنە لەسەر ساغکردنەوەو تەتەڵەکردنی ئەو بەهاو شتە مرۆییانەی بەلای تاك و کۆمەڵگەکەیەوە گرینگ و هەستیارو چارەنووسسازن، نەك وەك ئەوەی لەکوردەواریدا دەگوزەرێت، ئەوەتا لەدیاردەیش تێپەڕاندووە، ئاوتکردنی بنەما زانستیەکانی رەخنەو دورکەوتنەوە لەکاری رەخنەگرانەی عەقلانیگەراو ئیشکردنی لەسەر جوڵاندنی هەست و سۆزگەرایی خەڵك بووە بەشای هەر شتك لەپراکتیکدا.

بێگومان هەموو ئەمانەیش لەژێر بالۆرەو ناوی بەرژەوەندییە گشتیەکاندا، دژو دوژمنایەتی جوانییەکان بەناوی جوانیەکانەوە دەکرێت، یارو نەیاری جیاوازییەکان بەناوی جیاوازییەکانەوە دەکرێت، بەژێر لێوی رەخنەوە لەکرۆکی رەخنە دەدرێت!!

بەم عیبارەتە، رەخنەگر ئەگەر بەبنەما پیشەگەر رەخنەگریش نەبێ، لانیکەم دەبێ شارەزای ئەو بوارە بێت دەیخاتە بەر نەشتەری رەخنەگەر کارییەوە، هەر هیچنەبێ دەبێت پشت بەستووبێت بەداتاو زانیارییە تایبەت و هەمەکییەکانی پەیوەست بەباس و ڕوداوی هەڵوەستە لەسەر کراو، خۆ دەبێت توانای جیاکاری و بەراوردکاری و لەمەحکدانی سەرو بۆرو سەراوی هەبێت.

رەخنە لەغیابی ئەمانەدا یەکێتی دەرئەنجام و بەرهەم لەدەست دەداو ناتوانێ ئامانجەکەی بپێکێت، ناتوانێ ئارامبەخش بێ و ژاوە ژاو دروست دەکاو خولقێنێت، هەروەك ئەوەی ئەمرۆ فەزای شارو شەقامی ئەم وڵاتەی ئێمەی پەرت و پەرێشانکردوە!

کورد، جگە لەوەی"ڕەنگە هەڵە نەبم ئەگەر بڵێم" رەخنەگری پیشەگەری هەر نییە، نووسەرو ڕۆژنامەوانەکانی، ڕوناکبیرو ئەندێشەمەندەکانی، زانستگەو ئەکادیمیستەکانی، چالاکوانە مەدەنی و فەیسبووکەوانەکانی، میدیاو ڕاگەیاندنەکانی، سیایەتکارو

حوکمەتلیەکانی، پارلمانتارو تاك بەتاکەی یەکە پێکهێنەرە کۆمەڵایەتییەکانی، ئەوەندەی عەفەوی و عەشوائی و عاتیفیانە رەخنە دەگرن، هەزار هێندەیش لەگۆشە نیگایەکەوە تەسك و تروسك و ڤایرۆساوی بەهزری قەوم و قەبیلەو حزب و ناوچەگەرایی !

ئەوەی غائیبە دیقەتە، ئەوەی نییە داتاو زانیارییە، ئەوەی بەدیناکرێت بابەتییەت و نیەت باشییە لەرەخنەدا وەك مۆراڵ، ئامانجەکەیش یەك شتە: شکاندنی ئەوی بەرامبەر، چونکە هەر کەس و لایەك سەرکەوتنەکانی خۆی بەتەنها لەوەها تێزێکدا دەبینێتەوە، ئەمەیش لەسادەترین مانادا، نیشانەی بەکۆتا هاتنی توانستەکانە.

نیشانەی داڕمانی خۆلەخۆدای بەرپرسیارێتییە بەرامبەر بەیەکتری وەك شارۆمەند، دەی ئەگەر رەخنە بریتیبێت لەوەها غەوغاو غەبغەیەکی دەرون تێکدەرو دەرون نەخۆش، ئەگەر بریتیبێت لەوەها فالگەرایی و فەوزایەك، ئەی تیرو تانە چییە، ئەی تۆمەتبار کردنی بێ مروەتانە یانی چی، لەبەر ئەوە ئەمەی بەناوی رەخنەوە دەخرێتە ڕوو، لەڕاستیدا رەخنە نیە، کاردانەوەیە، ڕەتکردنەوەیە، نادیدگەرایی ئەوی بەرامبەرەو هیچی دی ! !

دەمێك ساڵە وتوومە کوردەواری لەم بەشە باشورییەیدا، کۆمەڵگەیەك نەماوە مرۆیی، بێگومان بەمانا مەدەنییەکەی، ڕەنگکراوە بەحزبی کراوە، کۆمەڵگەیەکە مەسرەف و سەرف حزبی، بێگومان بەمانا کلاسیکییەکەی، لێرە خەڵك ئامرازی خزمەتکردنی حزبە، ئەوەی وەسیلەی خزمەتکردنی خەڵك و تەحقیقاتی ئامانجەکانی خەڵکە، هەرچییەك بێت حزب نیە، ئێستا لەم هەرێمی کوردستانەدا یەکەی پێکهێنەری جڤاکی تاك نیە، یەکەی دەستەجەمعییە، زەردە، سەوزە، نیلییە، سورە، شینە، قاوەییە، ڕەشە، سپییە، نارنجییە بێگومان بەعقلیەتە ئوسولی و خێلەکییەکەی، کەس بەدۆی خۆی نالێت ترشاوە، کەس ئاوڕ لەهیچی کەس ناداتەوە !

لەکاتێکدا ئەم وڵاتە سەراپای لەم لیخناوەدا خنکاوە، فەزایەك خولقاوە دۆگما ئەوەی دێ گوێز لەهەنبانەکەی خۆیەوە دەژمێرێت، لەکۆبوونەوەکاندا کۆك و لەدەرەوەی دانیشتنەکان ناکۆك، وتیوتی و ڕیپۆرتکردنی یەکتری مۆدێلە، چونکە لەئەساسدا چنینە هەر کەسەو سەرەکەی خۆی بەماندێللاو گیڤاراو ئەم و ئەو دەچوێنێت!

کەس شك نابەی لەخۆی بچێت، کەس نادۆزیتەوە بۆخۆی بچێت، دەبنە مارکسیست کەچی خودی مارکس ئەوەندەی ئەمان شێلگیر نەبوو لەسەر مارکسیزم، دەبنە ئیسلامی کەچی ئیسلامییەك نادۆزیتەوە هێندەی ئەمان دەمارگیر بێت بەرامبەر بەچارەی میللەتەکەی، دەبنە قەومی، لەوسەر بۆهەتا ئەوسەری دنیا تەیبکەی هیچ قەومییەك نابینینەتەوە ئەوەندە دژی خۆیی و هێندەیش دۆست و ئەحبابی بێگانەو دوژمنەکانی بێت!!

هاوڕای نەبی ئەتکا بەدز، وەك ئەو بیرنەکەیتەوە، ئەتکا بەتیرۆرست، وەك ئەو ئەدا نەکەی وێنات ئەکا بەخائین و خۆفرۆش و بەهیچ، بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین بووینەتە کویلەی هەناو ڕەشی خۆمان و دارو دەستەی میت و بەسیج، ئەوەی سەدەها ساڵە فەرهەنگی دوفاق و چەقبەستوویی نەرێت نەیتوانی پێمان بکات، تەواومان کرد، بەم نەفسە، بەم هەوەس و هەناسە پیسە، لەئاسمانیشەوە بێنین و حوکممان بکات، لەوە باشتر نابێت حاڵی ئەم کۆمەڵگەو خەڵکە عاقیبەت نەگبەت و بێ ئەدرەسە!!

گەر ناتوانی زانستیانە رەخنە بگری بیرکارییانە بیگرە، ئەگەر ناتەوێ عەقڵانە رەخنە بگری، ویژدانیانە بیگرە، ڕاستگۆبە، بەشێکبە لەبەماناکردنەوەی ئەو هەموو بێ ماناییەی هەیە بێگومان بەهەڵێنجانەوەی مانا، نەك بەژەهراوی کردنی!!

# تەلاری مەدەنی و
# فرەیی فەرهەنگی لەعێراقدا

ژێدەری سامانی نەبڕاوەی بەهێزو بزۆز پەیوەندی بەژێرخان و سەرخانە ماددییەکەوە نییە، لەفرەییە فەرهەگیی و کەلتورییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کۆمەڵگەی مرۆیی تاك فەرهەنگ و تاك ڕەهەندو تاك نەتەوەو تاك کەلتوری، توانای تەجاوزکردنی نییە و هەردەم لەژێر پرسیارو مەترسیدا دەناڵێنێت، هەرگیز ناتوانیٚ یەکەی پێکهێنەری مرۆیی تیایدا ببێتە ئەم ئامرازو بزوێنەرە پۆزەتیڤەی کۆمەڵگەیەك لەپەتیبوونەوە بەرەو مەدەنیەت و ئاسایش و هەڵکشانی خۆشگوزەرانی ببات.

**ئەمە بۆچی و چۆن؟**

بۆچی، چونکە ئەوەی لەکۆمەڵگەی داخراودا ڕودەدات، لەڕاستیدا ئەرکدارکردن نییە، بارکردنە، بەریەککەوتن نییە، بەکاربردنە، هەماهەنگکاری و بەیەکەوە کارکردن نییە، پەرتکردنە، پەرەپێدانی هزری مرۆیی نییە، ڕستکردن و ئاڕاستەکردنێکە مێگەلی، ئەمە هەم لەڕوی جستەیی و دەرونی و، هەم لەڕوی مۆڕاڵی و ئەقلانی و زیهنیشەوە هەر ڕاستە، بەڵام لەڕوی فرەییە فەرهەنگییەکەوە، ئەمە تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە.

کۆمەڵگەی فرە فەرهەنگ هزری باوگەراو زاڵگەرایی ڕەت دەکاتەوە، تێگەیشتنە سەپێندراوەکان بەقبوڵکردنی جیاوازییە ڕوانگەیی و بڵاوبوونەوەی لێبوردەیی دەگۆڕێت، هاندەرو چێژبەری لەکار، لەکردەوەو ژیانکردندا باڵاو بەرەو سەر دەبات. چۆن؟ ئەوەی ئەوە وەك یەکەی پێکهێنەر لەکۆمەڵگەی فرەییدا ڕۆل دەبینێت تاکە، بەڵام ئەوەی لەکۆمەڵگەی تاك ڕەهەند پێکدەهێنێت یەکە دەستەجەمعییەکەیە، لەکۆمەڵگەی فرە فەرهەنگدا، تاك وەك خۆی بیردەکاتەوەو بڕیار دەدات، بەڵام لەکۆمەڵگەی تاك فەرهەنگدا، یەکە دەستە جەمعیەکە لەبری تاك بیردەکاتەوەو بڕیار دەدات.

**شارۆمەندی عێراقی و فرەیی فەرهەنگی:**

ئەمەی سەرەوە وەك چەمك بەسە، ئێستا با بپرسین: ئایا وەك ئەوەی ئیدیعا دەکرێت، کۆمەڵگەی عێراقی، هەر بەڕاست کۆمەڵگەیەکە فرەیی؟ بەلای منەوە بێگومان نەخێر! زۆر بەڕونی و، ڕاشکاوییەوە دەڵێم: کۆمەڵگەی عێراقی، چۆن لەڕوی جوگرافییەوە بەزۆر بەیەکەوە لکێندراوە، لەڕوی مرۆییەکەیشیەوە هەروایە. ئەوەی هەیە نیشتمانێکە بەزۆر بەیەکەوە لکێندراو، برایەتییەکە بەزۆر سەپێندراو، سەیری دۆخە ئەمنییەکەی بکەن: توندوتیژی تا دێ لەهەڵکشاندایە.

سەیری بوارە ئیدارییەکەی بکەن: گەندەڵکاری و پشێوی شای هەموو شتێکە. ئابورییەکی داڕماو، بێکارییەکی زەوەند، ناکۆکی نێوان دەسەڵاتە جیاکانی وەك پارلمان، حکومەت و دادوەری، بەر لە خەتای هەر شتێك، بەرئەنجامی ئەو دژو دوژمنایەتییە مەزهەبی و تائیفیەن کەلەم ولاتەدا هەن. ئەو تاوان و دیاردە سەیرانەی لەئێستای عێراقدا بەدیدەکرێن، لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا بوونیان نەبووە، کووشتن لەبەر شوناس، تەقاندنەوەی: پرسەکان، مزگەوت، بازاڕ، چاخانە، قوتابخانەو پردەکان. رفاندنی منداڵ و کوشتنیان، دزینی پارەی فەرمانگەکانی دەوڵەت، سەرکوتکردنی ژنان و هتد، ئەمانە لەپوختەترین گوزارشتکردندا، مانای ئەوەن شارۆمەندی عێراقی نەك هەر وەك مرۆڤێکی سەربەخۆ لەخۆی ناڕوانێ و هەڵگری ناسنامەیەك نییە فرەیی لەفەرهەنگدا، ڕێك ئەوەی ئاڕاستەی دەکات، هزری پاننەتەوەگەرایی و ئاینگەرایی و مەزهەب و هۆزو تیرەگەراییە.

نامەوێ بەڕەهاییەوە بڵێم ئەم دەبڵ مۆڕاڵییەی تاك و پێکهاتە عێراقییەکان هیچ کاریگەرییەکی دەرەکی لەسەر نییە. بەڵام بەڕێژەی زۆر دەتوانم بڵێم فاکتەرە هەرە بنەڕەتییەکە پەیوەست و پەیوەندی بەلایەنە نێگەتیڤە کۆمەڵایەتیە پێکهێنەرە زۆرەملێییە نێوخۆییەکەیەوە هەیەو ئەمەیە وایکردوە لەبری عەقڵ، ئەوەی هەیە بەنەقڵ بێت، ئەمەیە وایکردوە نەتواندرێ لێبوردەیی و ئاشتەوایی بەمانا بکرێن لەواقیعدا.

لەبەر ئەوە، تاك لەکۆمەڵگەی عێراقیدا، نەك هەر ئاشنا نییە بەمافە مەدەنییەکانی، ئەسڵەن هەستکردنی بەوەها بەرپرسیارێتییەکیش نامۆو چەپێندراوە لەخۆیدا، ئەوەی هەیە لەحەقیقەتدا پەتییە، هەروەك چۆن ئەوەی لەواقیعشدا هەیە ڕواڵەتییە.

**باوەڕ لای تاکی عێراقی لە خۆیدا نییە:**

باوەڕ ناکەم هیچ مرۆڤێك هەبێ و هۆشمەندبێ، بەڵام لای وابێ تاك لەتەنهایدا بڕسکێت، واتا بکەوێتە دەرەوەی کۆمەڵگە لەکاتی ڕسکان و، لەساتی هەڵکردنیدا، چونکە ئەگەر ئەمە وابووایە، کەس نەباوانی، نەئامۆزا، نەهاوڕێ، نەهاوتاو، نەپێشەنگ و تەنانەت نەجیران و نەناسنامەشی نەدەبوو، ئەگەر نا ئەوە هاوڵاتییە لەپێناو ئاسایش و سەلامەتی بەشە هەرە زۆرەکەی سەرو ماڵەکەی خۆی، بێگومان لەدەست هاو ژیاوەکانی خۆی، دێت و دەستبەرداری بەشێك لەو ناوەرۆك و مافە سروشتیانەی خۆی دەبێ و دەیبەخشێت بەکۆمەڵگەکەی، کاتێك دەگوترێت تاك یا هاوڵاتی بەتەنها هەڵکردو، بوونی نییە، مەسەلەکە بەتەنها لەبەر ئەوە نییە، مرۆڤ بەسروشت بوونەوەرێکە کۆمەڵایەتی، بەڵکە لەبەر ئەوەیە باشتر بتوانێ پارێزگاری لەماف و ئازادی و ئاسایشە فەردییەکەی خۆی بکات. بەم پەیوەستبوون و بەخشینەیش دەگوترێت: وابەستەیی خۆویستانە. نەك سەپێندراو. هزرو باوەڕی مرۆیی، لەناخی خودی مرۆڤ خۆیدایە، نەك لەفەزاو ژینگە جڤات و جڤاکیەکەیدا، ئەمە نابێت لەڕێگەی هیچ هێزێك، ئەگەر بکەوێتە دەرەوەی خۆیەوە وەك تاك بسەپێندرێ. چونکە ئەوەی پەیوەندی بەهزرینەکەوە هەیە، ئەوە پەیوەستە بەماف و ئازادییە خودییەکان و، ئەوەی پەیوەستیشە بەفەزاو ژینگە دەرەکییەکە لەخودەکەدا، فەرمانکردن و، سەپاندنە، یانی یەکێکیان لەڕێگەی دیالۆگ و، ئەوی تریان لەڕێگەی سزا عورف و یاساییەکانەوە دەسەێندرێت. ئەمەش تەنها هێزی مەدەنی مافی ئەوەی هەیە ئەنجامی بدات، ئەوەی پەیوەندی بەیاساو عورفیشەوە هەیە، نیەت باشی و سیستەمك مرۆڤ دۆست و ژینگە دۆست بێت بەسە بۆ سەپاندنی. چونکە ماف و دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگەی مرۆیی لەبنەمادا بەمانا مەدەنییەکەی، لەشتە دەرەکییەکانی مرۆڤ وەك تاك

پێکدێن، نەك ناوەرۆکە کەسیەکانی تاك، ئاخر نەتاکەکەسەکان بۆ سەر تاکەکەسەکانی دی، نەخێزان و خزم، نەمزگەوت و کلێسا، تەنانەت نەدەوڵەت و، دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانیش، مافی ئەوەیان نییە بەناوی هیچ شتێکەوە، هەڵبکوتنە سەر مافە مەدەنی و شتومەکە دنیاییەکانی یەکتری، ماف و ئازادییە دنیایەکانی تاك بەتەواوی ماناوە مەدەنی و، لەوەها مۆراڵێکیشەوە دەبێ سەرچاوە بگرن، نەك وەك ئەوەی لەعێراقدا پێچەوانە بەم تێگەیشتنە دەگوزەرێت.

**خودناسکردنی ماف بەرپرسیارێتی خودی:**

بەم عیبارەتە کۆمەڵگەی مرۆیی عێراقیدا بەتەواوی یەکە پێکهێنەرە ئیتنیکیەکانیەوە نەوەها پێکهاتەیەکە مرۆیی و نەهەڵگری وەها سیماو خەسڵەت و بونیادێکشە مەدەنی چونکە لەوەتەی هەیە هەم لەناوخۆی خۆی و هەم لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا لەکێشەو تەقدیسو ناتەقدیسو جەنگدا دەژی. لەوەها ژینگەو دۆخێکدا ماف و بەرپرسیارێتییەکانی تاك جگە لەرواڵەتی و بەخو نامۆیی خود ناسکردنی ماف و بەرپرسیارێتییە خودییەکان لەژێر پرسیارو مەترسیدا هەڵدەپروکێن و ناگەن بەوەی دەربازی سەر شا رێگە مەدەنییەکە بن، هەر ئەمەیشە وایکردوە ئاشتەوای و ئاسایش، ناسکردنی مافە مەدەنییەکان، لەم وڵاتەدا بەرقەرارو پارێزراو نەبن.

هەتا ئەو بروا نەسازو دۆگما گەرانەیش لەخۆ بەرهەمهێنانەوەدا رەها بمێننەوە پێیوایە پاوانکاری فەزیلەتەو تاك دەبێت لەبۆتەی هزرە شمولیگەراو دەستەجەمعییەکاندا، بەپاساوی نەرێتپارێزی و بەبیانویی خوداو ئاین و خێڵ و سەرۆك و بەرۆك و چاکەو خراپەو بەرژەوەندییە گشتییە جیاکانی تردا بتوێندرێتەوە. کۆمەڵگەیش بەمانا مەدەنییەکەی لەغیابی ئەو ماف و ئەرکدار کردنەی تاکدا، دەمێنێتەوە. یاساو عورفە کۆمەڵایەتیەکان، لەبنەمادا دەبێ بۆ ئەوەبن، موڵك و ماڵ و لەشساغی بابەت بەمانا مەدەنییەکەی لەبریندارکردن و فرتوفێڵ و توندوتیژی گروپ و کەسانی دیکە بپارێزن نەك پارێزگاریکردن

لەکەمتەرخەمیە خودی و پشتگوێخستنە خودیەکان بایەخدان بەرۆحگەرایی، نەئەرکی دەوڵەت و نەئیشی خاوەنشکۆو نەکاری نەرێت و، هەروەها نەماف و دەسەڵاتی کۆمەڵگە مرۆییەکانیشە ڕێنامەی کۆمەڵگەی مەدەنی بایەخدانە بەفراوان کردنی فەزای ئازادو ژینگەی مرۆیی، بایەخدانە بەشتە دەرەکییەکانی پەیوەست بەگەشەپێدانی مرۆیی، بایەخدان بەرۆح یا ڕۆحانییەت لای هەر کەسێك، بەتەنها ئەرکی ئەو کەسە خۆیەتی، دەبێ ئەو ئەرکە جێبهێڵرێت بۆ کەسەکە خۆی، کۆمەڵگە ماف ئەوەی نییە بەنمونە:

زۆری لەهیچ مرۆڤێك بکات بۆ ئەوەی دەوڵەمەند یا تەندروست بێت، ئینجا ئەگەر ببێت یا نەبێت. نەخێر، تەنانەت خودا خۆیشی مرۆڤەکان دژ بەویستی خۆیان رزگار ناکات. کەچی لەکۆمەڵگەی عێراقیدا پێچەوانەکەی دەگوزەرێت. پەیوەستبوونە خودییەکان، پابەندبوونە تائیفی و مەزهەبی و سوننەتییەکان، وەك ماف مەدەنی وەرناگیردرێن، تەقدیس کراون، هەر لایەك ئەوەیدی تەکفیرو، ڕەت دەکاتەوە، هزری تاکگەرایی بەدەرچوون لەرێسا کۆمەڵایەتی و دینییەکان، لەلایەك ئەژمارو تاوانبارو، لەلاکەی تریشەوە بێ ماف و بێ ئازادی لەئەزمون کردندا دەکرێت.

**کۆمەڵگەی عێراقی و مرۆییەکەی خۆی:**

نەمزانیووە هزرینێك هەبێت هێندە بەهێزبێ و بتوانێ مەرجەکانی خۆی بەسەر مرۆڤدا بسەپێنێت و لەقاوییدات، جگە لەهێزی هزرە دۆگماگەرو سیستەمە شمولیگەراکان، لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، ئەگەر جیاکاری ورد نەکرابێت لەنێوان کاری حکومەت و هەژموونی ئایینیدا، هەروەها ئەگەر سنورێکی ڕەوا لەنێوان ئەم دوانەیا دانەندرابێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە بیەوێ یان نەیەوێت، لەخۆیدا دەبێت بەخۆرکەی بونیادە مرۆییەکەی خۆی، هەروەها بەجۆرێکیش لاڕێ دەبێت هەرگیز تیایدا کۆتایی نەیەت بەو مشتومڕو کوشتارگە بەشەرییەی هەتا ئێرە ملیارەها بوونەوەری لەناوخۆیدا لولداوە بەناو تونێلە تەنگەبەرو تاریکەکانی مەرگدا.

کێشەی کۆمەڵگەی داخراو لەوەدایە، توانای هەڵکردن و مامەڵە کردنی نییە لەگەڵ دیاردەو دەرکەوتە نوێگەرە دەرەکی و ناوەکییەکانی خۆی، بەرگەی کرانەوە بەڕوی خۆیی و دەرەوەی خۆیدا ناگرێت، کورت و پوخت، پێوەر لەکۆمەڵگەی داخراودا، بە ئەقڵ نییە، بە نەقڵە، هەر لەبەر ئەوەیشە تاك لەبۆتەی کۆدا، مافە مەدەنییەکانی فەرامۆش و زەوتدەکرێت، بەنمونە: لەبری ئەوەی بگوترێت خۆتان لەبتەرستان و بتەرستگەرایی بەدور بگرن، فتواو بانگەوازی ئەوە دەکرێت، بتپەرستەکان وڵاتبەدەر بکرێن و بکوژرێن، یانی ناتواندرێت لەچوارچێوەی مافە مەدەنییەکاندا، لێبوردەیی مرۆیی بنوێندرێ بەرامبەریان، یان ئەگەر کەسێك لەدەرەوەی بڕوا ئایینییە باوەکە، بڕوای بەو ئایینە نەبێ کەهەیە، تەنانەت بەبێ ئەوەی ئەو کەسە هیچ زیانێکیشی گەیاندبێ، تەکفیر دەکرێت، ناتواندرێت ئەمە وەك مافێکی مەدەنی ئەو کەسانە قبۆڵبکرێت. لەکاتێکدا جولەکە یا مەسیحی و هەر ئیسلامیەك، ئەگەر بڕوای وانەبێ ئایینەکەی ئەویدی ڕاستە، لەڕاستیدا نەهیچ شتێك لەمەسەلەکە دەگۆڕێت و نەخودایش بەوە دڵخۆش یا توڕە دەکات، ئەمە مافێکە تەواو ئەزەلیەو دەچێتە خانەی مافە سروشتییە مەدەنییەکانی تاك و گروپە خۆویستەکانەوە لەپێکهاتەدا.

یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵگەی عێراقی وەك کۆمەڵگەیەکی داخراو، لەبەر ئەوەی لەسەر تاك بینا نەکراوەو ناکرێت، ناتوانێ لەو ڕاستییە تێبگات: ئەرکی یاساو ڕێساکان ئەوە نییە ڕاستی و ناڕاستی بیروڕاکان دیاری بکات، بەڵکو ئەرکییەتی سەلامەتی و ئاسایش بەرقەرار بکات، هەروەها سەرو ماڵی هاوڵاتی لەچوارچێوەی مافە مەدەنییەکاندا بپارێزێت. کۆمەڵگەی داخراو، ناتوانێت لەوەها بنەماو مۆراڵگەراییەك مرۆڤانە تێبگات، ئەگەر نا، ئەوەی نابێ لێبوردەیمان هەبێت بەرامبەری لەڕاستیدا ئەوە دەبێت ئەو هزرو هێزە ناکۆك بەکۆمەڵگەی مەدەنی و، ناکۆك بەرێسا ئاکارییە مەدەنیانە بن لەواقیعدا دەبنە لەمپەر لەبەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

پێرۆكردن و بەرگریكردن لەهەر بیرو ڕایەك، ئەگەر بەهای هەبووەكانی دی وەك ئەوەی هەن، بخاتە ژێر پرسیارو مەترسیەوە، دەچێتە خانەی دۆگماگەری و شەڕانگێزییەوە، هەبوونی حیزب و هەڵبژاردن و پاڕلمان و حكومەت و میدیاو پارك و تاوەرگەلێك بەناوی ئازادی و بازاڕی ئازاد، نابنە مایەی هەبوون یا گەشەپێدانی كۆمەڵگەی مەدەنی. تا ئازادی خود لەخۆدای تاك لەكۆمەڵگەدا بێگومان بەمانای وشە بەمانا نەبێت، بەدڵنیاییەوە لەچوارچێوەی دەستورو سیستەمێكدا تەواو بنەما گرتوو بێت بەدیمۆكراسیەت، وەها ماف و دامەزراوە گەلێك لەخۆرهەڵات و لەناویشیاندا لەعێراقدا، ناتوانن ئیزافە بخانە سەر هەبوون. ئاخر لەكۆمەڵگەی داخراودا، هەرگیز خێڵێك نادۆزیتەوە، بانگەشەی ئەوە بكات، ئەندامەكانی ناچار بەگوێڕایەڵگەرایی عورف خێڵەكانیان و فرمانی سەرۆك خێڵەكانیان نەكراون، بەڵام لەواقیعدا بەڵام لەپراكتیكدا پێچەوانەكەی بەڕونی دەردەكەوێت، ڕەنگدانەوەی بەشوێنگەو شوناس و نازناوگەرایی تاكەكانەوە هەیە، دوا بڕیاریش هەر لای باوك و هەر لای سەرۆك خێڵەكانەو، بەئاشكرایش ئەو ماف و دەسەڵاتانە بەخۆیان دەدەن و، واش وێناكراون ئەوان لەسەروی ئاكارو بەهاو بایەخە مەدەنییەكانەوەن.

كەواتا: كێشەی هەرە گەورەی كۆمەڵگەی داخراو، لەڕیاكاری و درۆدا نییە بەهێندەی لەددانپیادا نەهێنانی مافە مەدەنی و ڕاستبیژیەكەیدایە. چونكە كەس تیایدا ناتوانێ وەك ئەوەی هەیە، وەك ئەوەی دەیەوێ، ژیانبكاو بژیت، مرۆڤ تیایدا دەبێ ملكەچی شتگەلێك بێت، ناچار بەشتگەلێك دەكرێت، ویستی خۆی لەسەری نییە، هەمیشە لەبڕو بیانوێك زیاتر هەیە بۆ زەوتكردنی مافە مەدەنییەكانی.

**تەلاری كۆمەڵگەی مەدەنی لەعێراقدا:**

ستوونەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی، لەسەر بناغەی مەدەنییەت و هەنگاونانی دولایەنە وەستاوە، واتا لەلایەك یاسارێژە بەو جۆرەی تاك تیایدا مافەكانی وەك ئەوەی هەن قبوڵبكاو، لەلاكەی تریش دۆخە سیاسیەكە پابەندی پارێزگاریكردنی مافە مەدەنییەكانە.

غیابی ئەم حەقیقەتە وەك چەمك لە زیهنیەت و وەك پراكتیزەكردن لەواقیعدا، تەلاری كۆمەڵگەی مەدەنی لەعێراقدا نەسازو ناتەواو ناشرینكردوە، دەكرێت ئەمانەی خوارەوە، وەك چەند هۆكارێك ئەژمار بكرێن:

**یەكەم: سیستەم:** پارتە سیاسیەكان، ڕێكخراوەكان، هەڵبژاردنەكان و، میدیاو، حكومەت و دەسەڵاتە سیاسیەكە هەن، بەڵام چجۆرە هەبونێك، بێگومان لەغیابی سیستەمێكدا پشت بەستووبێ بەبنەماو پرەنسیپە دیمۆكراسیەكان بەمانای وشە. ئەمە یەكێك لەبەربەست و ئاستەنگە هەرە گەورەكانی بەردەم هزری مەدەنی و مەدەنییەتە لەعێراقدا.

**دووەم: ئازادییەكان:** نەسازی ئازادی، دیارە وەك فەزا نا، وەك ژینگە جڤاتگەراییەكە نا، وەك خەسڵەت، وەك ئیرادەو مۆراڵی مرۆڤانە بەمانا سروشتیەكەی. هەن پێیان وایە كاتێك قسە دێتە سەر ئازادی، تەنها ئازادییە سیاسیەكە دەگرێتەوە، ئەگەرچی خودی ئازادییە سیاسیەكەیش هێشتا لەژێر پرسیارو مەترسیدا دەناڵێنێت، بەڵام ئازادی ڕاستەقینە لەڕاستیدا ئەوەیە تاك لەهەموو بوارەكانی ژیانیدا ئازادبێ و، بتوانێ ئازادی خود لەخۆدای خۆی لەخۆدا دەستەبەرو سەربەخۆییانەیش ئەزمونبكات، بەڵام وەها مافێك هەتا ئێستا یاساغە، تاك ناتوانێ ڕاشكاوانە سەرنجەكانی لەمەڕ زۆرێك لەشتەكانی تەنانەت پەیوەست بەخودیخۆیشی وەك بلێت، ناتوانێ وەك ئەوەی هەیە، وەك ئەوەی دەیەوێت گوزارشت لەڕاو بۆچوونەكانی بەنمونە بەرامبەر بەهەژموونە نەرێتگەراو ئاینییەكەی بكات و، ڕەتیانبكاتەوە، ناتوانێ ڕۆڵبگرێت لەبیناكردنی كەسیەتییەك سەربەخۆ بێت، گەر كەسێك نەتوانێت ئازادانە قسەبكاو، نەتوانێ ئازادانە بڕیاری خۆی بدات، نەتوانێ ئازادانە ئەزموونبكات، بەنموونە نەتوانێ ئازادانە واز لەئینتما خێڵگەراو، ئاینگەراو، ناوچەگەراو، بنەماڵەگەرایی بهێنێت و، نەتوانێ سەربەست بێت لەبوارەكانی خوێندن و، ئەزمونكردنی حەزو خولیاو خەون و پسپۆڕییەكەیدا، چۆن دەتوانێ پەیوست بێت بەرێكخراوە مەدەنی و هزرە مەدەنییەكانەوە، لەوڵاتێكدا پێكهاتە مرۆییەكەی،

تەنانەت لەکوچەو کۆڵان و شەقامەکانی شاریشدا، ناوچەگەرایی تیادا بەئامانج گیرابێت، مەدەنیەت و هزری مەدەنی لەکوێ دەتواندرێت گەرا دابنێت و، گەشە بکات.

**سێیەم: دین و دەسەڵات:** تا دین هەژموونی خۆی بەسەر تاك و کۆمەڵگەدا بسەپێنێت، بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەنها قسەو باسێك دەبێ بێمانا لەواقیعدا، ئاخر لەهزری مەدەنیدا لێبوردەیی ئایینی و ئازادییەکانی تاك لەهەڵبژاردنی ئاینی و مەزهەبدا بەرجەستەو جێگرن، بەپێچەوانەوە زاڵبوونی دین بەسەر تاك و کۆمەڵگەو دەوڵەتدا، ئەو مافانە سنوردارو زەوت دەکات.

**چوارەم: دەسەڵات و سەروەریی یاسایی:** یەکێك لەئامانج و ئەرکەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کارکردنە بۆ کەمکردنەوە دەسەڵات و هەژموونی دەسەلاتی سیاسیی بەسەر تاکدا. کاری بنەڕەتی کۆمەڵگەی مەدەنی، فشار هێنانە بۆ سەر دەسەڵات تا تاك لەژێر چنگ و چەپۆکیدا بەیاسا ڕزگار بکات، چونکە ئەوەی دواجار مرۆڤ دەپارێزێ و ڕێگری دەکات لەستەمکاری و دەسەڵاتی ستەمکارانە، ئەوە یاسا خۆشگوزەرانێتی نەك یاساو دەسەڵات بەمانا مەرکەزییەکەی. تۆ لەعێراق گەڕێ جارێ، لەکوردستاندا نەك هەر وەها جیاکارییەك بەدیناکرێت لەجێبەجێکردندا، خودی دامەزراوەی یاسا دانان، بەهەر بیانوێك بێ پەکخراوە.

**پێنجەم: کاریگەرییە خۆرئاواییەکان:** حزوری حکومەتە خۆرئاواییەکان لەعێراقدا، هەتا ئێستایش بەتەنها هەر خۆی لەحزورو پشتگیری بوارە ئابوری و سەربازی و سیاسیەکاندا، دەبینێتەوە تا ئێستایش ئەوەی بەلای حکومەتە خۆرئاواییەکانەوە گرینگە لەم خۆر هەڵات و عێراقدا بەدیاریکراوی دەستگرتنە بەمانەوەی ئەو دەسەڵات و حکومەتانەی بەرژەوەندییە جیاکانی ئەوان لەناوچەکەدا دەپارێزن، نەك گەشەپێدان و بڵاوەپێکردنی بیرو هزری دیمۆکراسی و مەدەنی ئەرکی ڕێکخراوە زەبەلاحە مەدەنییە نێودەوڵەتیەکان

لەدنیادا بڵاوەپێکردنی وەها هزرینێکە، لەعێراقدا دروستکردنی مزگەوت و کۆمەکی ئاوەرەو خۆ خەریکردن بەهەڵگرتنەوەو چاندنەوەی ئەلغامە جیاوازە بکوژەکان!

**شەشەم: دەبڵ مۆڕاڵی حزبی:** ئەحزابی عێراقی، ئەوانی بەفۆڕم عەلمانی، لەناوەرۆکدا هەڵگری پەیامێك و، لەپراکتیکدا جێبەجێکاری پەیام و ڕاسپاردەیەکی ترن، دیارە بەجیاوازییانەوە بێ مۆڕاڵ و بێ ئیرادەو، دوفاقانە ڕەفتار دەکەن، وەك ئەوەی هەندێکیان بەئاشکرا ئیدیعا دەکەن، دواجار هەرچییەکبن سەوابت پارێزو سوونەتگەران، ئەحیزبە ئیسلامیەکانیش بەناوی مەدەنیەتەوە، سەرسەختانە دژایەتی هزری مەدەنی دەکەن، تێکرا تەنانەت بەجیاوازیشیانەوە لەبری کۆمەڵگەی بەشەری، بەمانا مەدەنییەکەی خەریك بەبوونیادنانی کۆمەڵگەی حزبین، بێگومان بەمانا کلاسیکیەکەی.

**حەوتەم: نەرێتارێزی:** نەرێت و نەرێتگەرایی، بەهۆی ئەوەی هەردەم ڕێگرن لەکرانەوەو، بەرهەمهێنانی کەلتورو فەرهەنگە هاوبەشەکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، بەهۆی ئەوەی وەك هەمیشە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم حوکمی یاساو، ئازادییە تاکە کەسییەکان، بەتایبەتیش ئەو بوارانەی پەیوەندییان بەمافی ژنانەوە هەیە. بەئاستەنگە هەرە گەورەو گرانەکەی بەردەم کۆمەڵگەی مەدەنی ئەژمار دەکرێت لەعێراقدا، نکۆڵیهەنەگرە نەرێت و نەرێتگەراکان خاوەن هەژموون و پێگە لەپێش و، تاکی عێراقییان بەدەیەها ئەڵقەی هێشوویی گۆشەگیرو کۆت و بەند کردوە.

**هەشتەم: ڕێکخراوی پیشەگەر:** لە عێراقدا، بەسەدان و هەزاران ڕێکخراوی لەفۆرمدا مەدەنی هەن، بەڵام لەواقیعدا، دروست بەمانا مەدەنییەکەی هەڵگری ئەو پێناس و شوناس و چەمك و خەسڵەتە مەدەنیانەو، پیشەگەر مەدەنی نین، ناحکومین و حکومەت دروستیکردون بەئامانجی جوانکردنی ڕوی حکومەت، بێگومان لەسەر ئاستە دەرەکییەکەو تەنانەت لەسەر ئاستە ناوخۆییەکەیش بەکاریان دەبات بۆ کاڵ و کپکردنەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەری و میللەیە مەدەنییەکان، حیزبی نینەو حیزب

دروستیکردون و سپۆنسەرییان دەکات، بێگومان بەئامانجی حیزبی، دژی هەڵاوێردی ڕەگەزین و، جیاوازییە ڕەگەزییەکانیش بەرین و بەرینتر پێدەکەنەوە، ئەمە وایکردوە تابێ کاریگەرییەکانیان لەمەیدانەکە کەمتر بێتەوەو، متمانە لەدەست بدەن یا نەتوانن وەك ئەوەی شایستە بەخەباتی مەدەنییە، چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکان بخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە، لێرەدا نامەوێ بڵێم حکومەت و حیزب بەئاشکرا دژی مەدەنیەت دەجەنگن، بەڵام ئەو ڕۆڵەیان نییە لەگەشەپێدانی هزرو خەباتی مەدەنی و، خەمساردییان، بەکاربردون و، لاڕێکارییان، خۆیلەخۆیدا بووە بەئاستەنگ و بەربەست.

**نۆیەم: هۆشیاری:** کۆمەڵگەی مەدەنی، وەك چەمك، وەك هزر، نوێیە لەعێراقدا، تەنانەت کتێبخانیش زۆر هەژارن لەم بوارەدا. نووسەران زۆر کەم و درەنگ خۆیان لەقەرەی ئەم بابەتە گرینگە داوە، ئەمە لەبوارە زانستیەکەیشدا هەر ڕاستە، کەمبەشە لەتوێژینەو ڕوماڵکردنی ئەکادیمیانە، لەبواری وەرگێرانیشدا هەر ڕاستە. دیارە جگە لەم ڕێگریانە، دەیان ڕێگری تریش هەن، لەوانە: ناسەقامگیری سیاسی، هەژاری، دواکەوتوویی و، خراپ تێگەیشتن لەچەمکەکان.

**دەیەم: خوێندن:** بێدادی و نەبوونی مۆڕاڵی مەدەنی کۆمەڵگە، چەندە لەبێدادی و بێ مۆڕاڵی یەکە پێکهێنەرەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت، هێدەو زیاتریش لەپاڕادۆکسالیەتی فەلسەفەی خوێندنەکەییەوە، ئەمە چجۆرە فەلسەفەیەکە لەبری زانستە ئاینییەکان، پەروەردەی ئیسلامی دەخوێندرێت، هێشتا مندالّ فێرە"ئەلف و بێ " نەبووە، فێرە وتنەوەی سورەت و ئایەتەکانی دەکەن، ئەمە چجۆرە فەلسەفەیەکە لەوانەی ئایندا" ئاینی ئیسلام " بەخوێندکار دەڵێت" مرۆڤ، نەوەی دایکە حەواو باوکە ئادەمە"و، لەهەمانکاتیشداو، لەوانەی زیندەوارزانیدا، دەڵێت: لەگەردیلەوە هاتووە، لەبەر ئەوە تا نەبینە خاوەن سیستەمێك پشت بەستوو بەفەلسەفەیەك بۆ خوێندنی هاوچەرخ، تا نەبینە خاوەن ژینگەیەك خاوەن مۆڕاڵی مەدەنی لەناوەندەکانی خوێندندا، هەزارجار مەدەنیەت و هزری مەدەنی وەك میتۆدیش بخریتە بوارەکانی خوێندنەوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی

نابێ و ناتوانی ئیزافە بخاتە سەر هەبوونمان وەك گەشەێدانی هزری مەدەنی و، دەبێ هەر لەچاویلکەی حکومەت و خێڵەوە سەیری دادو بێدادییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانمان بکەین.

**یازدەم: پیاوانی ئاینی:** کۆمەڵگەی مرۆیی بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، دەبێت کۆمەڵگەیەك بێ، تەواو مەدەنی، هێزی گەورەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەوەدایە، زۆرترین ماف و ئازادییەکانی تاك دەستبەر دەکات، تاکە رێگەیەك مرۆڤ بەرەو خود کۆیلەیی و کۆیلایەتی دەبات، نەبوونی یا نەمانی گفتوگۆی ئازادو عەقلانییە، ئەمەیش کاریگەری وێرانکەری دەبێت لەسەر مرۆڤ، مەعلومە ئەگەر مرۆڤیش لەبوارە جەستەیی و ئاکاری و عەقڵییەکەیەوە، وێران بێت، شتەکانی دی چبەهاو مەهایەکیان نامێنێت، لەبەر ئەوە دیالۆگ گرینگە، بەڵام عەقڵانی، ئەگەر ئەمە ڕوی نەدات، سەرئەنجامەکەی ڕوونە، جگە لەوەی زیانی هەرە گەورە بەر پەیامە ئاینییەکە دەکەوێت، قسەی زل و بێمانایش وەك هەمیشە دەبێت بەشای هەموو شتێك. دینداری مافێکە بەسروشت مەدەنی، گشتاندنەکەی، سەپاندنەکەی، نەك هەر خودا ڕازی ناکات، دژ بەخودی ئاینەکەو مەزهەبەکەیشە، لەدەستدانی ئازادی بەهۆی ترساندنە بەردەوامەکانەوە، زۆر سەختە دواجار وا لەمرۆڤ دەکات بەشێك لەمرۆڤبوون و بەرپرسیارێتیە مرۆییەکانی وەك مۆڕاڵ و تەنانەت لەڕوی فیکریشەوە، لەدەستبدات، پیاوانی ئاینی لەعێراقدا، نەلەمە تێدەگەن و نەئەمەیش وەك ئەرك و کاری خۆیان دەبینن و پراکتیزە دەکەن.

**دوازدەم: ژنان:** لەدیدی ڕەجعیگەراکاندا، مێینە ئەرکەکەی ماڵدارییە، کاتێك دێتە دەرەوە، بەرگەکەی عەباو مەقنەگەرییە، ئەو خانمانەی بەشداری خەباتی ڕێکخراوەیی و مەدەنیش دەکەن، پێچەوانەی ئەم دیدە کۆنەپارێزگەراییەن، لەبەر ئەوە تەبلیغاتەکە لەئەحیزبی ئیسلامی و سەلەفییەکانەوە سەرچاوەی پێگیراوە، ئامانجەکەیش دو سەرە، لەلایەك پاشەکشە پێکردنی مێینەیە لەبەشداری و گەشەپێدانی خەباتی مەدەنی و، ڕێکخراوەیی، لەلایەکیش بردنە پێشەوەو گشتاندنی ئەو دیدە کۆنزێرڤاتیڤەیەو،

دەیانەوێ لەسەر ئەژماری ئامادەیی ئەو چالاکوانانە، بەکۆمەڵایەتیبکەن، دەبێ لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری مەدەنییەوە، بەر بەو هزرینە ژیانکوژە بگیرێت، دەبێ لەبری چڕ کردنەوەی توانستە مرۆیی و هزرییەکانی مێینە، لەدرێژەدان بەخەباتی ڕەگەزی، بەرەو خەباتی مەدەنی مرۆیی هەنگاو بندرێت، بەداخەوە گروپ و دەستەو بەستەو رێکخراوەکانی مێینە لەکوردستاندا، زۆرینەی هەرە زۆرییان پیاو دایمەزراندون و سپۆنسەرییان دەکەن، جا لەناو پیاوانیشدا، پیاوی حیزبی، بێگومان بەئامانج و خزمەتی حیزبی.

**سێزدەم: میدیا:** کار و ئەرك و ئیتك لە میدیادا، پێوەری ستانداردو جیهانی خۆی هەیە، بەڵام ئەوە نابێ مانای ئەوەبێ لەوڵات بۆ وڵاتێکی دی، لەژینگەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ ژینگەیەکی تری دیاریکراو، وەك مۆراڵ خەمساردو بێباك بێت، چونکە خودی میدیاش لەژینگەیەکی داخراودا، ناتوانی ئەو گەیەنەرو دامەزراوە ئازادەبێ لەڕوماڵکردندا کەدەبێ هەبێت، بەبێ هەڵدانەوەی سەری زێرابە نەرێتییەکان و، ڕوماڵکردنی وردو درشتی روداوو گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکان، ئەو بەهاو دەسەڵاتە هۆشیاریکارەوەی نابێت، مەدەنیەت و میدیا یەك ئەرکی گرینگ و کاریگەری هاوبەش بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەویش هۆشیارکردنەوەی تاك و گەشەپێدانی ماف و ئازادییە سروشتییەکانیەتی.

# قوربانی و قەوانی قارەمانی

قەڵادزێ، بەتەنها هەر ئەم شارو شوێن و سروشت و جوگرافیایە نییە قەڵادزەییەکانی تیایدا نیشەجێنە، بەڵکە ڕۆشنایی ئەو پڕشنگدانە مرۆییە لەخولیاو ئەندێشەی پشدەریەکاندا دەژی و نامرێت!

دەوڵەتی عیراق، دوای ١٦ ساڵ لەدامەزراندن و ڕاگەیاندنی، توانی بگاتە پشدەرو یەکەم قائیمقامیەت لەقەڵادزێ بکاتەوە، بەعس لە٢٤\٤\١٩٧٤ ئەم شارەی بەچەکە قەدەغە کراوە نێودەوڵەتییە بەردەست کراوەکانی بۆردومانکردو سەرئەنجامیش لە٢٦\٦\١٩٨٩ وێرانیکرد، بەڵام دواجار هەر نەیتوانی ئەم ڕەنگدانی عیشقە ئەم عەشقی ڕۆشناییە لەئەندێشەو زیهنیەتی خەڵکەکەیدا بسڕێتەوەو خامۆش بکات.

لەم شەبەنگە مانایەوە، لەم فتیلەو فانۆس و چرا تۆڕی تاك بەتاك و ماڵ بەماڵەیەوە، لەم تریقانەوە خرۆشاوەی تروسکایی کوچە بەکوچەو کۆڵان بەکۆڵان و نوری بەرەبەیانی شەقامەوە، لەهەموو ئەو شتانەوەی پەیوەندیان بەڕوناکییەوە هەیە، بۆ بەڕێزان/ ئەندامانی ئەنجومەنە گەلی و کارگێڕییە جیاوازەکانی خەمساردی و بێباکییەت لەم مەملەکەتە خەمرەوێنەدا!!

سڵاوێك لەمانا، دڵنیام تەیکردنی ئەم ڕێگە تەنگەبەرو تاریك و تەریکە ژیانبەزێنە، نەی هەژاندون و ناشتان هەژێنێت، ئەمە هەم لەبەر ئەوەی ساڵی جارێك لوتف دەهێنن و پیایدا دەگەڕێنەوە، هەم هەر لەخۆیدا ئێوەی ئاسودەو مۆدێرنگەرا ڕۆشنایی وەك تیۆری موجەرەد، ماف و ئازادییە سروشتییەکان پانەو پانی دیموکراسیەت و ڕێچکە جەبرییەکانی تری تەبیعەت ڕەتدەکەنەوە، تەنانەت ئەگەر بەرژەوەندی ئەم پێدەشتە بەهەشتیە لەهاتنە ناوەوەی ڕوناکی سروشتیدا بێت بەرژەوەندییەکانی ئێوە لەقەدەغە کردنیدایە، چونکە لەتاریکیدا نەبێت داری دەسەڵاتی ئێوە، کوا لەکوێ پێدەگرێ و جارێکی دی دەنگ دەگرێت!!

ئێمە داوایەکمان هیە نایاب بەسپاسەوە دەیخەینە بەردەم بەڕێزتان، تکایە هەر بەشێوازە عورفییەکە نا، ئەمجارەیان بەیاسا، بفەرموون لوتف بکەن تەواوی کون و کەلەبەرەکانی شار، یەکبەیەکی پەنجەرەکانی چاوەڕوانی ئەم خەڵکە بەدیار هاتنەوەی ڕۆشناییەوە دابخەن!

ئێوە تێدەگەن لەنێوان هات و نەهاتدا، زەواجێك هەیە نەپساوە، با جوتیارەکان لەوە زیاتر پەلپەی هێنانی ئالیات و گەیاندنی پترۆ پەین و ڕۆناکی دەستکردتان پێنەگرن! ئەوەی بەحەوت پشت بچێتەوە سەر بڵاوبوونەوەی تاعون لەبیربکەن با هونەرمەندەکان لەوە پتر پلتە پلت لەمەڕ دروستکردن و دامەزراندنی کۆمەڵگەی هونەری نەکەن، کلاوڕۆژنەکانی تەنهایی بەقەڵاتەوە بروخێنن با گەنجەکان چیتر مینگە مینگ لەسەر نەبوونی مەلەوانگەو یاریگەو پەیمانگەو کۆلێژەکانی پەرەپێدانی مرۆیی نەکەن.

زێیەکانی شار وەك بزاوتەوە ڕۆشنبیرییەکەی لاڕێکەن، پازدەو غارە لەکازینۆکاندا زیاد دەکات، مەعبەدو مەیخانەکان دەبووژێنەوە، مەڕو ماڵات و ڕەشە وڵاخ پێست و گۆشت و خوێن و خورییەکەیان سامانی کشتوکاڵی بەهێز دەکەن، درزەکان بگرن، با ڕۆشنایی داخڵ نەبێت دزەکان هێندەی دی بەرەڵڵاکەن، با شەفافیەت بفرازێت با سەیرانی گوڵاڵەو چاندنی زەیتون و خواردنی خەرتەلە فراوانتر بێت، ئیسراف خراپە، دەشتەکانی شار سەوز بەدەر بکەن، با لەداخە باخەکانتان وشك نەبن، جوانی شاخەکانی بۆچیە، هەنگەکانیش فێرە بەهەدەردانی بۆنخۆشی و تامخۆشی ڕەزو باخ و گوڵزار بوون!

ئەمە بکەن، بەیاسا ڕێکی بخەن، بەمە هیچ بوارێك نامێنێتەوە فروانبوونی مەزنی بەسەردا نەیەت، هیچ کۆکەرەوەیەك موحتاج بەو جەووە سروشتییە نامێنێت جۆرئەتی ئەوە بکات بەبێ ئێوە بژیت، هیچ ڕەژوکەرێك لەقوڵایی چاڵە چارە ڕەشەکەی خۆیدا نامێنێتەوە، چێژ لەخۆشگوزەرانی هەڵکشاودا نەبینێت، یەك وشە نامێنێتەوە بۆ وتن دژی ئێوە بدرکێندرێت!

بەڕێزان! دەست لەجوینەوەی بەلاغ و دروشم بازی و پیاهەڵدانی ساڵانەی قوربانییەکانی شارو لێدانەوەی قەوانی قارەمانییەکانی شارۆمەندانی هەڵگرن، شار قوربانیداو قارەمانێتی نواند، ئێوە بیریان دەهێننەوە!

ئەگەر ئێوە بەرهەمهێنانی ڕوناکیان وەك هەمیشە هەر لەم ڕۆژدا پێببەخش و سەرئەنجام بەرهەمی بەڵێنەکانتان نەچننەوە، ئەگەر لەبری ژیانیان وەك هەمیشە هەر لەم ڕۆژەدا دڵخۆشیان بکەن و ئاوڕ لەپەیام و ڕاسپاردەکانی شارۆمەندی شارەکە نەدەنەوە، گورزێکی کوشندە لەو سیاسەتکارییەی خۆتان دەدەن. کەڵەکەکردنی بێبەڵێنی لەسەر بێبەڵێنی، جگە لەکەڵەکردنی بێمانایی لەسەر بێمانایی، هیچ بەهاو بایەخێکی تری نیەو نابێت، هێزی کارو سروشت بەرێژەی جیا جیاو بەگوێرەی وڵات و کەش و هەوا هاریکاری یەکتر دەکەن لەبەرهەمهێنانەوەی مانادا.

ئێمە هەین و ئێوە نین، ئەو بەشەی سروشت دەیبەخشێت هەمیشە خۆڕاییە، ئەو بەشەی وزەو هێزی کاری مرۆڤ بەشداری پێدەکات لەبونیادنانەوەدا بەهای هەیەو گەشە پێدەر دەردەچێت، سروشت نیوەی هێزو کاریگەرییەکەی خۆی بەخشیووەتە ئێمە، بفەرموون ئێوەش نیوەکەی تری تەواو بکەن!

# خودی رێگەش
# باوەڕی بەهەنگاوەکانتان نەماوە

میللەت لەقەیران و مەترسیەکانی قڕبووندا دەژی، حزب و حزبیەکانی شعورو لاشعوری ختووکە دەدەن، وەك ئەوەی بارانی ئەم هەموو نەهامەتییە، لەئاسمانی ناپاکی و بێباکی ئەوانەوە نەهاتبێتە خوارێ، وەك ئەوەی سەری زاتی تاکبەتاکی ئەم خەڵکە، لەرێگە بەرەو خودکۆیلەگەی و ملهوڕی ئەوان نەیپەڕاندبێ! !

خاك سەرخانەکەی پەرتکراوە ژێرخانەکەی فرۆشراوە، یەکێتیی نەتەوەیت نیە، ئیرادەیەکی یەکگرتووی سیاسی و میللیت نیە، دەستورت نیە، پارلمانت نیە، ئازادییە سروشتییە فەردییەکانت نیە، مافە بنەڕەتی و سەرەتاییە زاتییەکانت با بردونی، سەروەری یاسا گێژەڵوکەی عورفگەرایی لێیداوە، دادگاکانت بەشتە بچوکانەوە خەریکن، فەلسەفەی پەروەردەو خوێندنت کەس نیە بزانێ لەکوێ ئاو دەخواتەوە، لۆبیت نیە، کەچی دەهۆڵی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەکوتن! !

گەر راست بێژن، ژیانی دەوێ ئەم خەڵکە، بەر لەهەر شتێك ژیانی بدەنەوە، بەر لەهەر شتێك سەربەخۆیی زاتی بدەنەوە، پاڕلمان و حکومەت لەخۆیدا چالاك و ئەم بارودۆخە مەترسیدارەی ئاسایی بکەنەوە، ئەوسا نەلەڕوی نێودەوڵەتی و، نەلەنێوخۆی وڵاتیشدا، پێویست بەم لوتفە زۆرو بۆرەی ئێوە ناکات، عەزییەت بکێشن و بۆیان کۆببنەوەو، جاڕی سەربەخۆیی نەتەوەیی و نیشتمانیان بۆ بدەن.

ئەمە پرسێکە بەخەڵکانی خاوەن بەندەو خودکۆیلگەر نایەتە دی، بەو سەرانە ناکرێت لەئەزەلەوە ئەسری درۆکانی خۆیانن، ئەوەی ئێوە بەمیللەتەکانی دەکەن، کەس بەکەسانی هاونەتەوەو نیشتمانی خۆی نەکردوە، خودی رێگەیش باوەڕی بەهەنگاوەکانتان نەماوە، لەڕاستیدا دنیا پێتان پێدەکەنێ، چونکە هۆکاری هاتنە ئاراوەی نەهامەتییەکانی سەر ژیانی ئەم خەڵکە ئێوەن، ئێوەی ترساو لەئازادی، ترساو

لەخۆبەخاوەندارێتیکردنی خود، ترساو لەسیستم و، پرەنسیپە دیمۆکراسیەکان، ئەم زورِنا ژنینەتان لەچییە!!

ئەم کوردە، هەرگیز کێشەی لەگەڵ ڕیفراندۆم و، سەربەخۆیی وڵاتەکەیدا نەبووەو نییە، خەونی لەمێژینەیەتی، لەگەڵیدا گەورە بووە، قوربانی زۆری لەپێناودا داوە، ئەوەی ئێوە دەیکەن لەواقیع و لەحەقیقەتدا، بۆ گۆڕینەوەی ئەو خەونە جوانەیە بەخەم و خەونی ژیان!!

برسیکردنی میللەت، زەوتکردنی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵك، یەك ئەنجام و ئامانج دەداو دەپێکێت، ئەویش لەگۆڕنانی سەربەخۆیی زاتییە، چجای سەربەخۆیی مەوزوعی، ئا لەبەر ئەوە کێشەی خەڵك لەگەڵ ئەو دیوی نیەت و مەرامە ئەهریمەنیەکانی ئێوەدایە.

ئێوە چیتر ماڤ ئەوە بەخۆتان مەدەن بەناوی بەرژەوەندەییە گشتییەکەو، چاکە گشتییەکەو، ئاڵاو، باڵای نەتەوەو، ئەم چەمکە بکوژو قۆڕانەوە، قسە بکەن، ئەگەر ئەم کوردستانە هێشتا جوانە، ئاوەکەی هەر کەوسەرو خاکەکەی هەر گەوهەرەکەی جارانە لەزیهنیەتی خەڵکەکەیدا، هێزو فەزڵەکەی لەسروشت و ژینگەکەوەیەتی، نەك هێزو فەزڵ و کاریگەرییەکانی ئێوە.

کاری خەڵك، پەیبردن نییە بەنهێنیەکانی ئەودیوی هەڵبژاردن و دەنگدان، ئەوان دەیانەوێ لەباخیکدا بژین و لەودیوی داناییەوە دەوارێك هەڵدەن، ئەوان جوانی لەسادەیی و خاکیبووندا دەبینن، تادەستیان بەنەشئەی گەڵایەك نەشۆن، ناچنە سەر خوان، مەیانخەنە گۆماوی ئوینبازی و خیانەت لەدەنگەکانیان مەکەن.

# "فەیلەسوف"مان ناوێن

کەوتووینەتە دۆخێکەوە، هەستیارو مەترسیدار، لەڕاوچییەکانی وایە ئەوەی دواجار قوربانیەو دەبێ بمرێت، تەنێ نێچرەکەیەو بەس، کەس نیە لەئێستادا بژیت، کەس لەئایندە ناپرسێت!!

سەیرکە، یەکێك لەهەڵە هەرە گەورەکانی ژیانم، بێگومان لەدیدی ڕاوچییە کلاوچیەکانی ئەم سەردەمە نەگریسەدا بەدیاریکراوی، ئەوانەی بەچاو بیر دەکەنەوە نەك بەمێشك، دۆستایەتی کردنی پەرتووك و خوێندنەوەو پەیدا کردنی ئاشنایەتی بووە لەگەڵ نووسین و بەخشش لەبوارەکانی کۆمەڵی مەدەنیدا، دەڵێن: ئەوە ئێمە نین وا دەڵێین، ژیانە!!

ئەگەر بەم گوزارشتە روتە بێت، راست دەکەن! چونکە دەبینن نزیك (١٥٠٠) پەرتووك لەپەرتووکە نایابەکان لەپەرتووکخانەکەماندا هەن، بەڵام جگە لەقەرەباڵغی، دیارە قەرەباڵغی بەواتا مەعریفیەکەی، نەك هەر هیچی تریان نەخستۆتە سەر هەبوونم، وەك ئەوەی ئەوان دەڵێن، تەنانەت ئەوەی هەبوونیش بەخشیویەتی، بردویانەو لێیان سەندوم!!

کێشەی تۆ، ئەوەیە بەکەڵك خۆت نایەیت! ئەمە قسەی زۆرێك لەدورو نزیکەکانمە. لەڕاستیدا بەمە دەیانەوێت بلێن: مرۆڤ بەکەڵك خۆی نەیەت، بەکەڵك کەس و هیچی تریش نایەت، ئەمەیش بۆ ئەوەیە ڕەوایەتی بدەنە خۆدزینەوەو، پاشەکشەپێکردنی مۆڕاڵی بێگومان لەبەیەکەوە هەڵکردن و، بەریەککەوتندا!!

برادەرینە تێدەگەم!! بەڵام ئەرێ بە کەڵك خۆهاتن چییەو لە چیدایە؟ ئایا ئەوەیە خۆت لەخۆت بکەی بۆ ئەم و ئەوی دەسەڵاتدارو بریار بەدەست؟ یان ئایا ئەوەیە هەلپەرست و گوێ لەمست بیت؟ هەر بەڕاست ئەوەیە هەردەم بڵێیت بەڵێ و هەرگیز نەڵێیت نا؟ یان لەبری ئەوەی نەخش و بەخش هەبێت بەتەنها وەك گەمژەو کاسەلێس و

دەبەنگ و بێدەنگەکان، مشەخۆرو فشە خۆرو شرە خۆر و، هەر خەریك بەخۆت بیت لەسەر کەوڵە دزراوەکەی ئەوانی دی و وەك ئاژەڵ بلەوەڕێیت و بەس؟!

مرۆڤ ئەگەر زۆر باش نەبێ لەخۆیدا، لەکوێ دەتوانێ خاوەنی خۆی و ئەو هەموو نەخش و بەخشە بێت لەواقیع و لەراستیدا؟ ئێوە بڵێن: لێرە مرۆڤ نابێ تێبگاو، ڕای خۆی هەبێت! ئێوە بڵێن: کەس نابێ وەك ئەوەی دەیەوێ هەبێت، بەڵکە دەبێ وەك ئەوەبێ لێیان دەوێت! ڕاستتر ئەمەیەو ئەمەیە ڕاستیە نکۆڵی هەڵنەگرەکە، واتە پێویست بەتەومومژاویکردنی ئاکاریی و کەسایەتی ناکات، بەڵێ بەهەردوو باردا ئەمەیە کێشەکە، ئەمەیە دوا جار مرۆڤ دەخاتە گۆشەیەکەوەو وادەکا لەڕابردوودا بخولێتەوەو ئێستای گەمارۆ بدرێ و عیجز بخرێتە سەر ئایندەی !!

برادەرێك لەهەڵبژاردنەکانی ڕابردودا، ژمارەی دەنگەکانی هەر چەند هێندەی پەنجەی دەستەکانی خۆی دەرچوون، بەڵام لەگفتوگۆیەکدا عەقڵانی، وەك ڕەتکردنەوەی ئەهلی کتێب و ماریفە، دڵڕەقانە بەخۆمی گوت: هەڤاڵ، ئێمە فەیلەسومان ناوێن، ئەگەر ناتوانی چەپڵە لێدەر بی، ئەوا دەتوانی لەبری ئەوەی بێدەنگیش بی، دەنگ بدەی، تا بژی! یەکێکی تری هەر ئا لەم بۆ خۆی باشانە، لەدەزگایەکی باڵای حیزبییدا، گوتبووی: هەر چییەك دەڵێن بیڵێن، بەس تکایە باس لە سیاسەت نا!!

بۆ خۆ باشی ئەگەر ئەوە بێ، لەسەر کەوڵی حیزب و بەکاربردنی ئەو دەسەڵاتانەی هەتن ببیتە خاوەن سەروەت و سامان و باخ و بازاڕ و یاریگە، هەر بۆ خۆتان، هەی بۆ خۆ گول و گەرینە، بشفرن هەر بزنن!

بێگومان زۆر بەداخەوە، عەقڵی بەشێکی زۆر لەیەکە بڕیاردەرەکانی هەتا ئێستای کوردەواری، لەبری مێشك، لەچاودایە، پێیان بڵێن: ناوەندی عەقڵ دواجار مێشکە هەی مشکینە!

# هاونیشتمانی

کێشەی ئێمە لەهەمبەر واژەی هاوڵاتی لەدنیا بینیدایە، یا دنیابینی ئێمەیە بەرامبەر بەوەها چەمکێك دوای پتر دوو دەیەو نیوو لەحوکمڕانێتی خۆجێی لەکێشەدایە؟!

ئەمە ئەم پرس و پرسیارە جەوهەری و گرینگەیە درەنگ و زوو، دەبێت بەجورئەتەوە لەخۆماندا وەك تاك لەخۆماندا وەك جڤات لەدنیا بینیماندا وەك هزرو وەك ڕەنگدانەوە لەواقیعدا، وڵامەکەی بدۆزینەوەو بەمانای بکەینەوە.

دیارە هەر میللەتێك لەژێر ستەمکاریدا ژیا بێت، تەنانەت ئەو گەلانەی دوای ئەوەی رزگاریشیان دەبێت لەژێر ستەمکاریدا هاوڵاتیبوون بەمانا مۆڕاڵ و مەدەنییەکەی وەك ئەوەی هەیەو دەبێت هەبێت لەواقیعدا، بەهۆی ناهۆشمەندی و ستەمەوە ون و تەمومژاوییە لەزیهنیەت و ئەندێشەیاندا.

کەواتا کێشەی ئێمە بەدیاریکراوی هەتا ئێستایش وەك گەلێکی بەحساب دەرباز بووی ژێر باری داگیرکاری و ستەمکاری، لەدنیا بینیەکەماندایە، با ئەمە ڕونتر بکەینەوە:

لەدەوڵەتە ستەمکارو زۆرێك لەدیموکراتیەکانیشدا، هاوڵاتی ئەو کەسەیە نیشتەجێی ئەم وڵاتەو رەگەزنامەی ئەم وڵاتەی هەیە، ئەم پێناسەیە لەزۆر شوێن و جێدا لەزۆر وڵات و ژینگەی سیاسیدا، سەبارەت بەهاوڵاتی وەك تاك کۆتایی دێت.

بەڵام ئایا ئەمە مانا ڕاستەقینەکەی هاوڵاتی و هاوڵاتیبوونە؟ ئەی ئایا ئەو کاتەی دەسەڵاتێك لەستەمکارییەوە دەگۆڕدرێت و دەبێت بەدەسەلات و دەوڵەتێکی دامەزراوەیی، ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە واتا ئەوانەی پێشتر وەك هاوڵاتی بەمانا ستەمکارییەکەی ناسرا بوون، ڕاستەخۆ دەگوازرێنەوە بۆ هاوڵاتی بەمانا مەدەنی و دیموکراسیەکەی؟ بێگومان نەخێر، بۆچی؟ چونکە ئەندامانی کۆمەڵگە بەهەردو

بارەکەدا، ڕاستە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەم وڵاتەن، بەڵام هەرگیز مەرجنیە هەمووان بەزەرورەت لەڕوی واتاییەوە هاوڵاتی و هاوڵاتی کارا بن.

هاوڵاتی کارا، ئەو تاك و کەسە چالاکەیە تێکەڵە لەگەڵ تخوب و پرۆسەی سیاسیدا، واتا بەشداری سیاسییە، ڕۆڵ دەبینێت، دەکارێت، هەستیارو هۆشەمەندە سەبارەت بەمەسەلە گرنگەکان و شێوازی بەڕێوەچونیان و کاریگەرییان لەسەر ژیان و بەرژەوەندی و ویستەکانی تاك و خەڵك!

ئەم جۆرە لەهاوڵاتی دەتوانێت ببێتە خاوەنی بڕیاری سیاسی و ببێتە بەشێك لەپرۆسەی دیموکراسی و بونیادنانی سیستەمێکی دیموکراسی ڕاستەقینەیش تا تیایدا سەرچاوەی فەرمانڕەوایی بگەڕێتەوە بۆ هاوڵاتی وەك یەکە پێکهێنەرە بنەڕەتیە ڕاستەقینە جڤاتیەکە.

ئەکید لەسایەی دیموکراسیەتی ڕاستەقینەدا، کەسە هەڵبژێردراوەکان بەهیچ شێوەیەك ناتوانن دەستەڵاتی پێبەخشراویان بەشێوەی نایاسایی بەکاربهێنن.

چونکە بەسیستەمێکی تۆکمەی یاسایی بنەما گرتوو هەڵبژێردراوەکان بەر پرسیار دەکا، ئەمە هەم لەبەردەم ئەو سیستەمە یاساییەداو هەم دواجاریش لەبەردەم هاوڵاتیاندا.

بەڵام هاوڵاتی ناکارا، واتا ئەو تاکانەی تەنها لەڕیگەی هەڵگرتنی رەگەزنامەی وڵاتێکەوە ناوی هاوڵاتیان لێ دەنرێت، ناتوانن ببنە بەشێك لەپرۆسەی سیاسی، بەو پێیەش ناتوانن دەنگ و ویستی خۆیان لەپرۆسەی سیاسیدا دەربخەن و لەدواجاریشدا وەك ژێدەری کۆتایی بڕیاردان بەکاری بهێنن چونکە دیموکراسیەت تەنها لەپرۆسەی دەنگدانی ناکارادا پەنگ ناخواتەوەو هیچ کاتێك هەبوونی ماف دەنگدان بەمانای ئەوە نایە بوونی ئەمانە کاریگەرە لەسەر پرۆسەی دیموکراسیەت و فەرمانڕەوایی.

ئەوەی راستەقینەیە ئەوەیە: هاوڵاتی ناکارا، تەنها ئەو دەنگە کەم بایەخ و بێ واتاو ڕواڵەتیانەن ڕوکاری پرۆسەی سیاسییان پێ جوان دەکرێت، جێبە جێکاری ئەو ڕاسپاردە خەڵەتێنەرەیەن، دیموکراسیەت تەنها لەهەڵبژاردندا دەبیننەوە، هەر بۆیە کەسانی هەڵبژێردراو یاخود پارتە سیاسیەکان، تەنهاو تەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، بایەخ بەدەنگدەران دەدەن و سەرجەمی پرۆسەی پڕوپاگەندە کردنەکانی هەڵبژاردنیان ئاراستە دەکەن، لەبەر ئەوەی لەوەتێگەیشتوون هاوڵاتی ناکارا تەنها لەو کاتەدا بایەخ دەدات بەمەسەلەکان و دەنگیشی لەتەنها ژمارەیەك زیاتر هیچ بەهایەکی تری نیەو ناتوانێت پرۆسەی سیاسی گەشە پێبداو بگۆڕێت.

هاوڵاتی ڕاستەقینە، دەنگدانی وشیارانە واتە ئەو دەنگەی تاکەکەسێك پاش ئاگاداربوونی لەبەشی هەرە زۆری ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بەو هەڵبژارندنەوە هەیە دەیدات، دەتوانێت کار بکاتە سەر پرۆسەی سیاسی.

ئەو کاریگەریەش هەر خێرا لەو پرۆسەیەدا دەردەکەوێ، چونکە دەنگ بۆدراوی پارتە سیاسیەکان و کەسە هەڵبژێردراوەکان بۆیان ئاشکرا دەبێت چەندو لەبەرچی دەنگیان لەدەستداوەو گروپ و کەسانی دیکە شوێنیان گرتونەتەوە.

گرینگیدان بەو مەسەلە گرنگانەی پەیوەندی بەمافە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتی و هاوڵاتیبوونەوە هەیە، خاڵی هەرە بنەڕەتیە لەدامەزراندنی سیستەمێکی کارادا، تا تیایدا فەرمانڕەوایەتی بەشێوەیەکی راستەقینە بگەڕێتەوە بۆ خەڵك.

کورد گەر بیەوێ لەو دەرگیرییە نا هاوسەنگ و بێ مۆڕاڵە نەجاتی بێت، دەبێت لەسەر ئاستەکانی تاك، کار لەسەر بەماناکردنی هاوڵاتیبوونی بکاو مافەکانی بەیاساو لەدەستوردا بچەسپێنێت، ئەگەر نا، وەك هەمیشە بێبەهاتر لەهەڵبژاردن خودی دەنگدەر خۆی دەبێت.

# راپەڕینێکی ترمان دەوێ

ئەوەی دەسەڵاتێك دەگۆڕێ ِشۆڕش نییە ڕکەبەرایەتیە. دەشێت ئەو ڕکەبەرایەتییە لەخۆیدا واتا لەگوتارو لەفۆڕمدا هەڵگری ڕێکارو ڕێنامەو خەسڵەتگەرایی شۆڕش بێت، بەنمونە لەتەبلیغات و بانگەوازو ئەدەبیاتدا، بەڵام لەپراکتیك و ڕەنگدانەوەدا وشك و ڕوت و ڕواڵەتیە. ئەوەی شۆڕش لەواقیعدا دەبێ بگۆڕێ بەتەنها هەر دەسەڵات نیە، بەڵکە گەڵاڵەکردنی هزری و هێنانە ئاراوەی ئاوەزو ئاوازی نوێ و هزراندنە خۆش گونجاوەکانە بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی لەواقیعدا.

شۆڕش بەمانا حەقیقیەکەی ئەوەیە خاك و خەڵکەکەی بەیەکەوە ڕزگارو ئازاد بکات و بیانخاتە سەر شارێگەی گەشە ژیاری و فەرهەنگییە کۆمەڵایەتی وسیاسی و ئابورییەکان، نەك فت و فەرهودی بکات!

شۆڕشی نوێ و ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ ڕۆشنە ڕزگاری نیشتمانی بەدیهێنا، بەڵام وەك ئەوەی ڕونیشە سەرئەنجام نەیتوانی خەڵکی بەمانا مەوزوعییەکەی ڕزگاری ڕزگار بکات! دور لەنادیدگەرایی شکۆی پێشمەرگەو ڕاپەڕیوانی هاوپشت و گیانبازی شەهیدە سەربڵندەکان، ئەوەی هۆشمەندانە بڕوانێ، بەڕونی ئەم حەقیقەتە دەبینێت، هەن دەڵێن مەسەلەی ڕزگاری نیشتمانیشی نەگەیاندووەتە کۆتایی و ترۆپك، دەڵێن لەکەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان گەڕێ، ئایا ژیان لەتەواوی دێهات و شارو شارۆچکەو شوێنەکانی هەرێم بۆ هەمووان وەك ئەوەی دەخوازێ بژین و هەبن وەك یەکە؟

بێگومان بەداخەوە وەها سەرنجێك لەناواخندا هەڵگری حەقیقەتە، ژینگە سیاسیەکە دوای دو دەیەو نیوو وایکردوە وەکیەك نەبێ، کەواتا ڕاونانی دوژمنە ستەمکارەکە کۆتایی بەکاکڵەی ستەمکاری نەهێناوە لەواقیعدا!

با زیاتر بپرسن، ئایا هاتنە ئاراوەی ئازادی، ئێستا لەفەزا گشتییەکەدا، هاوتایە لەبەدیهێنانی ئازادی خود لەخۆدای تاك؟ ئایا جیاوازییە ڕەگەزی وچینایەتییەکانی

كاڵكردنەوە؟ ئایا ئیزافەی خستە سەر هەبوونی مرۆیی لەخۆدا، ئایا سەرخان و ژێرخانی ئابوری ولات، دامەزراوەگەلی و كارگێرییەكانی ولات، خزمەتگوزاری و ژیانكردنی خەڵك، هەر بەجیددی لەهەڵكشاندایە یا لەداكشانە؟ ئایا ئەوەی حوكم دەكات چییە؟ سیستمە یا عورف؟

ولامەكە ڕونە، چونكە وەها ماف و ئازادییەك لەدیدو ڕوانگەی دەسەلات و یەكە دەستە جەمعییە بڕیار بەدەستە كۆمەلایەتیەكاندا هێشتا بەدژی دەسەلات و بەرژەوەندییە گشتییە نەتەوەیی و نیشتمانی ونەرێتیەكان ئەژمارو ناس دەكرێن، لەبری خەڵك و ڕەهەندگەرایی لەحكومڕانێتی كردندا، هەژموونی تاك ڕەهەندو خێڵگەرایی هەیمەنەی بەسەر تەواوی جومگە هەستیارو بڕیاربەدەستەكانی حكومەتدا كردوە، هێشتا لەژێر ئەو دروشمە قۆڕانەی وەك ئێمە ئازادیمان بۆ هێناون، هەر بەئێمەیش دەپارێزرێ و ئەگەر لەسەریشی بڕۆن لێتان وەردەگرینەوە، نەرێگە بەكەس ئەدەن پولێك دابەزێ و نەخۆیشیان پۆینتێك دێنە خوارێ!

لەبەر ئەوە، ئەو لەخۆمارە بڕینەو بێباكیەی هەیە بەرامبەر بەواقیع، شتێك نیە سەر سورهێنەر بێ، چونكە ئەگەر هۆكارە هەرە سەرەكییەكە خۆی لەنا پڕۆگرام كراوی هەر لەسەرەتاوەی شۆڕش یان لەڕەفتارو گوفتارو ئەدای ناعەقلانی سەركردایەتی سیاسیدا ببینێتەوە، ئەی هەرەسهێنانی بەرپرسیارێتیە شەخسیەكە وەك تاك وەك خود چییە دەگوزەرێ لەگۆڕەپانەكەدا، ئەگەر تا دوێنێ دەستە بژێرێك هۆكار بوون، مەگەر ئەمڕۆ هەمووان بەشداری ئەو زولم و زۆری و گوناهە بەكۆمەڵ و كۆمەلایەتی كراوە نینە لەواقیعدا.

ئەوەی جڤاتێك بەڕێوە دەبات، هەر خۆی لەرەزامەندی تاكە كەسە پێكهێنەرەكانیدا نابینێتەوە، تەنها لەیەك كاتدا نەبێ، ئەویش ئەوەیە وەك یەك جەستەو بەیەك ئاراستەدا بڕوات، مەرجە ئەو جەستەیە بەو ئاراستەیەدا بڕوا هێزە مەزنەكە ئاراستەی دەكات. ئەو

هێزەش بریتییە لەرەزامەندی زۆرینە، ئەگەر نا رێگەی تێناچێت بتوانێت وەکیەك جەستەو یەك جڤات کار بکات. ئەم جەستەیەی رەزامەندی هەریەکە لەو تاکانەی لەسەرەو یەکیان گرتووە، واتا رێککەوتون لەسەر ئەوەی بەو شێوەیە بێت، بەم پێیەش هەمووان پابەندن پێوەی لەرێگەی ئەو رەزامەندییەوە لەلایەن زۆرینەوە پێی گەیشتوون. ئامانجی گەورەی مرۆڤ کاتێك دەبێت بەبەشێك لەم کۆمەڵ و کۆمەڵگەیەی دەیەوێ ژیان بکات لەناویدا بریتییە لەچێژ وەرگرتن لەسەروماڵیان لەسایەی ئاشتی و سەلامەتیدا.

بەم عیبارەتەبێ ڕاپەرینێکی ترمان دەوێ، ڕاپەرینێك لەپێناو ڕاماڵیندانا، لەپێناو داماڵیندا، داماڵینەوەی بەها باوەکان لەتەواوی کایەو مایە حزبی و سیاسی و ئابوری و کارگێری و کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕاپەرینێك، هێزە مەزنەکە بەرپای بکاو ئاڕاستەی باو بونیادی بنێتەوەو سەرکردایەتی بکات!

# چەمکە بکوژەکانی تاك

لەنێوان چەمك و چەکە بکوژەکاندا جیاوازییەك ئەگەر هەبێ لەشێوازی کوشتنەکەدایە ئەگەر نا لەواقیعدا هەڵگری یەك ئامانجن، ئەویش تێکدانی ژینگەو مرۆڤ کوشتنە. زۆرن ئەو چەك و چەمکە کۆکوژو ڕستکراوانەی ملیۆنەها مرۆڤ لەژێریاندا بوونەتە قوربانی و قەرەبروت.

بەرژەوەندی گشتـی، وەك یەکێك لەم چەك و دەستەواژە بکوژانەی مرۆڤ وەك تاك و میحوەری ئەم باسەی ئەمجارەی ئێمە بەدیاریکراوی، هەرچەندە دوراییە مێژوییەکەی لەئەدەبیاتی سیاسیدا دەگەڕێتەوە سەردەمی سەرلهدانی دەوڵەت نەتەوە، بەڵام تا ئێستایش بازاڕو هەژمونگەرایی خۆی تایبەت لەناو گەلانی خۆرهەڵات و میللەتانی لەمەڕ خۆماندا نەك هەر لەدەستنەداوە تا دێ بەڕمێنتر دەبێت. هەستیار نەبوونی تاك لەهەمبەر هێزە بکوژە شاراوەکەی ئەم چەمکە، ڕاستییەکەی نامۆیی نیە لەبەرگوێ کەوتندا بەڵکە ناهۆشمەندییە، لەپڕانە واتاگەری و گشتانە هەمەکیەکەیدایە. بەدڵنیاییەوە زۆر وتنەوەی ئەم چەمکە لەوتاردانی سیاسیەکان و بانگەوازی دەستە جەمعیگەراییەکاندا، وای کردوە کەسێك نەمابێ دورو نزیك ئاشنای ئەم چەمکە نەبووبێت، بەڵام لەواتادا، لەناوەرۆکدا، وەها هەستیاری و هۆشمەندییەك زۆر ناڕون و زۆریش سیحراوی و تەمومژاوییە. ئەمە تۆمەتبارکردنێك نیە بێمروەتانەو نائاگایانە، فەرموو با بەیەکەوە ئەمە ڕونیبکەینەوە: ئێستا وا ئەژمار بکەو بهێنە پێش چاوی خۆت، بەیەکەوە گفتووگۆمانە، تۆ وەك تاکێك ئایا هەرگیز پرسیاری ئەوەت لەخۆتکردوە ئاخۆ خودی بەرژەوەندی چیەو لەچیدایە؟ ئایا دەزانی مەبەست لەگشت و گشتاندنی بەرژەوەندی پاڵنەرەکە چیەو بۆچیە؟ باشە هەرگیز دەردەشەی ئەوەتکردوە لەخۆتدا ئاخۆ ئەوەی دەبێت دەستنیشانی بەرژەوەندی و سیاغەی بەرژەوەندیـیەکان بکات وەك ماف وەك ئەرك ئەم شتە یا ئەم کەسە دەبێت کێبێت؟ یەکە پێکهێنەرە بنەڕەتیەکەی کۆمەڵگە بەمانا مەدەنی و مۆڕاڵییەکەی کێیە؟ مرۆڤە وەك تاك یا یەکە دەستە جەمعییەکە؟ یان بەنمونە کاتێك

دەگوترێت سازانی نیشتمانی لەبەرژەوەندی گشتیدایە، بەهای ئەم سازانە لەچیدایە؟ لەسازشکاری یەکە دەستە جەمعییەکاندا بەخاتری ماف و ئازادییەکانی تاك یان لەسەر لەماف و ئازادییەکانی تاك بەخاتری یەکە دەستە جەمعییەکەدا؟ هەر بەڕاست بێدەنگبوونی تاك لەهەمبەر پرسە چارەنووس سازەکاندا، سازش کردنی لەسەر ماف و ئازادییە فەردییەکان لەبەرژەوەندی گشتیدایە؟ یا بەپێچەوانەوە بەرژەوەندییە گشتییەکە لەدەنگ و هاتنە سەر هەست و جوڵانی تاکدایە؟

راستیەکەی پێگەو رۆڵە بنەڕەتییەکەی تاك لەبەرژەوەندی گشتیدا ونە. چونکە ئەوەی ئەم بەرژەوەندییە گشتیە سیاغەو دیاری دەکات، لەبنەمادا تاك نیە، لەبوعدە کۆمەڵایەتییەکەدا یەکە دەستەجەمعییەکەو لەڕوانینە سیاسیەکەیشدا خێزان یا باوك و مزگەوت یا حزب یا حکومەت یا دەوڵەتە. کاتێك دەگوترێ بەرژەوەندی گشت واتا تاکەکانی کۆمەڵگە دەبێ یەك ئاڕاستەو یەك میکانیزم و یەك ئامانجیان هەبێت، بەدیهێنەری ئەو ئامانجەیش تەنهاو تەنها یەکە دەستە جەمعیەکەیە، ئەم یەکەیەش خێزان و باوك یا مزگەوت یا حزب یا حکومەت یا دەوڵەتە یا دەوڵەتـە، بەڵام ئایا وەها بڕیاردانێك بەبێ گەڕانەوە بۆ تاك دروستە؟ ئەمە بەڕەهاییەوە زەوتکردنی ماف و ئازادی تاك نیە؟ ئایا حکومەت لەبنەمادا یانی مرۆڤ؟ ئایا مافی وەها ڕەها لەخاوەندارێتی کردندا زەوتکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاك نییە وەك یەکە پێکهێنەرەکەی کۆمەڵگە؟ مەگەر دواجار هەر هیچ نەبێت تەتەڵەی تایتڵەکە لەهەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەکان و بەهای ئەو بەرژەوەندییە گشتیانەدا ماف و ئەرکی تاك نیە؟ لەفەلسەفەی ئازادیخوازیدا، تەنهاو تەنها تاکەکان مافی ئەوەیان هەیە بەرژەوەندی و ئامانجەکانیان دەستنیشان بکەن و چۆنیەتی دەستەبەر کردنیشیان هەڵبژێرن، نەك بەناوی بەرژەوەندی گشتیەوە دەسەڵات بەمانا کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی ئەم چەمکە وەك ئامرازێك بەکار بەرێت تا لەم ڕێگەیەوە ئەو ماف و ئازادییە لەتاك بستێنێت. مێژوی کورد، تایبەتیش لەم دو دەیەی ڕابردویدا، بەدیاریکراویش لەم بەشە ڕزگارکراوەیدا، تەژییە لەوەها گشتاندن و خەساندنی

ماف و ئازادی تاکەکانی، تەنانەت هەر کەسێك دەرچووبێ لەوەها بانگەوازو تەبلیغاتێك بەدژە کوردو دژە نەتەوەو دژە نیشتمان و خیانەتکارو بەرژەوەندیگەراو خۆپەسندو خۆبەزۆرزان و سەدەها لەناوو ناتۆرەی تری پڕوو پووچ ئەژمارو پێناسەو تۆمەتبارو کرا وەو لەقەڵەم دراوە ! ئێمە پارلمانمان هەیە، بەڵام بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە پەك دەخرێ، حکومەتمان هەیە، بەڵام بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە ئەتك دەکرێ، دامەزراوەی دادوەریمان هەیە، ماچێك بەلادان لەئاداب و بەرژەوەندییە گشتیەکان ئەژمارو پێوەند دەکات، بەڵام بێدەنگبوونی خۆیی و بێدەنگکردنی تاك لەبەرامبەر فەرهوتکردنی سەرخان و ژێرخانی نیشتمانی و بەهەدەردانی سەرمایی مرۆیی چاو قایمانە لەبەرژەوەندی گشتیدا دەبینێت !

ئەگەرچی هەڵبژاردنی پاڕلمان هەڵبژاردنی بەرژەوەندی گشتی نیە، هەڵبژاردنی دامەزراوەی یاسادانان و چاودێرییە، دامەزراندنی حکومەت دامەزراندنی دامەزراوەی بڕیادانی بەرژەوەندی گشتی نیە، دامەزراندنی ئامرازی جێبەجێکردنە، ماف ئەوەیان نیە لەبری تاك سیاغەی بەرژەوەندی بکەن و بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە بڕیار بدەن، بەرژەوەندی گشتی ڕای گشتی دەبێ سیاغەی بکاو بیکاتە بژاردەو بەربژێری خۆی. هەڵگرساندنی جەنگەکان، پشتکردنە میللەتکەت و ڕوکردنە بێگانەکان، زەوتکردنی ئازادییە فەردییەکان، لەکوێی بەرژەوەندیە گشتیەکاندان. بەشینەوەی فەلسەفەی مشەخۆری و شرە خۆری، لەهەڵبژاردن بێبەها تر کردنی دەنگدەر، بەحزبیکردنی کۆمەڵگەی مرۆیی، تاك ڕەهەندگەرایی لەبڕیاردان و دەرکردنی ڕاسپاردە هەستیارەکاندا، بەحەوت پشت ناچنەوە سەر ئەو چەمکە ڕستکراوەو فریان بەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە نیە، بەرژەوەندی گشت مافێکە مەدەنی و فەردی. هەموو ئەو هێزو دەسەڵاتە حکومی و هەمەکیانەی بەناوی بەرژەوەندی گشتییەوە بانگەوازو بریار ئەدەن، لەبنەمادا شمولی و دژی بەرژەوەندی گشتین، ئەمە دەبێ بەیاسا ڕێکبخرێت.

# پێکدادانی دو تاشە بەرد

گویێ لەشەنگالییەکان مەگرن "هێمن" بدوێنن بەسە ! ئەوەی حەوسەڵەی خوێندنەوەی گەرمیان و هەڵەبجە و پشدەری نەبوو، وێنەی گەنجە ئەتککراوەکەی هەولێری نیشان بدەن تەواوە !

ئەوەی کاتی هەڵدانەوەی لاپەڕە لاپەڕەی تراژیدیاو کۆڕەوەکانی٩١ و ٩٦ ی نەبوو، وێنەی پێشمەرگە ئەتککراوەکەی "٢٧ی ئەیلولی ٢٠١٦"ی بخەنە بەردەست قەناعەتی دیێ! گرینگ نییە یەکبەیەکی سەنگەرەکانی یادەوەریی بگەڕێی، مێژووی کورد واتا قەشمەرخانەی خێڵێ، یانی پێکدادانی دوو تاشە بەردی ناحەق و دڵڕەق، مانای پێکدادانی بۆشایی لەبۆشاییدا، یەعنی ڕەنگدانەوەی بیێ ڕەنگی لەدنیا بینیدا، مەعنای ئەتککردنی خەون و خەندەو خولیانی کۆترە کچەکان و شکاندنی وزەو هێزو ئیرادەی کوڕیژەگە نێرگزەکان، بەڵیێ لەخۆوە لەگۆڕنانی ڕۆشنایی جەنگاوەرەی ڕۆشنایی لەتاریکیدا!

قەشمەریات، جگە لەگاڵتەجاڕی بەیەکری، بازاڕی شتانی تر خۆش ناکات، پێکدادانی دڵڕەقانە، جگە لەبۆشایی هیچ بۆشاییەك پڕ ناکاتەوە، ئەتککردن، جگە لەبەهێزکردنی ئارەزوی ئەتککردنی یەکتری، هیچ شتێکی دی بەهێز ناکات، مرۆ دەکات بەهەر شتێك جگە لە خۆی، قوربانییەکانی جیاناکرێنەوە لەهیچ!

کردەی لەگۆڕنانی ڕۆشنایی، ملیۆنەها جار ملیۆنەها فرسەخ، لەکردەی عەقلانییەوە دوورە، ئەوەی نەتوانیێ ئاشقی ژیان بیێ، ناتوانیێ ئازادی قبولێ بکات، نەفرەت لەعەقلیەتی خایس، تف لەهەرچی میزەڵان پیاوە، یەع لەبودەڵەو پاڵەوانە کارتۆنییەکان!

# زانكۆو تارمایی

لەدەرەوەی بەها فكری و فەلسەفی و ئاینەكان، زۆر بەسادەیی دەمەوێ تەنها یەك پرسیاری زۆر سادە بكەم، ئەرێ ناسنامەی خویندكارێك هەموو سەرو جەستەی لەڕەش داپۆشراو بێت، بەتەنها چاوەكانی بترووسكێنەوە لەناو ناوەندەكانی خوێندن و زانكۆدا، لەناوەندەكانی پەروەردەو فەزای فێركاریدا، لەحانوتگەو كافتریارو پۆل و كلاس و لەتاقیكردنەوەكاندا، لەلایەن هاو پیشە، سەرۆكایەتی، بەڕێوەبەرایەتی، ئۆستازو مامۆستایانی ئەم ناوەندو، تیم و، دەستەی پاسەوانەكانی بەچی دەناسرێتەوە؟!

لەزانكۆ، ئەمەم دیت! دەزانم لەناوەندەكانی تری خوێندنیشدا بەدەیەها خوێندكاری وەها بەخود نامۆگەراو شوناس نادیارو مەترسیدار بوونیان هەیە، لەكاتێكدا ئەمە ماف و ئازادی تاك نیە لەپۆشیندا، چونكە ماف و ئازادی ئەوانی دی دەخاتە ژێر پرسیارو هەڕەشەوە.

مرۆ بەسروشت، مافی ئەوەی هەیە چۆن بیەوێ وا بكاو وا بپۆشێت، بەڵام مافی ئەوەی نیە بەم واكردنە مافی ئەوانی تر بخاتە ژێر پرسیارەوەو لەتەكیدا هەست بەدڵنیایی و سەلامەتی نەكەن، بەڵێ سەت لەسەت مرۆ بەسروشت بوونەوەرێكە ئازاد، بەڵام تا ئەو شوێنەی ئازادی ئەوانی دی نابەزێنێ و ناكات بەژێرەوە.

وەك یاسا داڕێژەر یا وەك دژە ماف و دژە بنەماكانی دیمۆكراسییەت نا، ئاسایی وەك هەر تاكێك باوەڕی نەگۆڕم بەوە هەیە هەتا یاساو هێزی مل پێكەچیێكردن لەكۆمەڵگەدا زاڵبێت مرۆڤ و ڕەگەزەكانی مرۆڤ، ناتوانن ببنە خاوەن پێگەی شایستەو شیاو بەهەبوونی خۆیان.

بەڵێ، تەنها ئەو كاتەی یاسای هاوچەرخ و سیاسەتی دروست ئازادی پەخش دەكات، مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەتوانێ داناترو تەژی تر بێت لەچاكەو مرۆڤ ژیاوتر بژیت.

هەر یاساو ڕێسایەك یەكەو لێكەوتەیەكی نامۆو نامەدەنی بخاتەوە لەناو خەڵك و ڕەگەزەكانی مرۆڤ، بەنمونە پیاوەكە بكاتە بەرپرسیارو ژنەیش بخاتە پەراوێزەوە دژە ماف و دژە دیموكراسییەت و لایەنگری تاركی و تارماییە ترسێنەرەكانە.

هەر بیرو باوەڕێك سەرو جەستەی مرۆڤ باوێتە ژێر كاریگەری شەونمی نەرێتگەرایی و بیخاتە بەر هەستیاری ئاینگەرایی و گشتاندنەوە، بەنمونە ئیجباری بكات بەوەی دەبێ ئاوا بڕواو ئاوا بخەوێ و ئاوا بپۆشێ و ئاوا بنۆشێ و ئاوا بدوێ و ئاوا بفڕێ و ئاوا بترێ، بەبێ ئەوەی كەسەكە پرسی پێكرابێ و هەست بەخۆی بكات و بخوازێت، بیرو باوەڕەكە جگە لەوەی ئەو كەسەی وەك كەرەستیەكی ڕیكلامی خستووەتە ناو خەڵك و بازاڕەوە، ل دەیەوێ ئەم جوانییە سروشتییەیش بفەوتێنێت خودا لەئەزەلەوە بەخشیویەتە مرۆڤ، دەیەوێ ئەو مافە مەدەنی و ئەزەلییانەش بسوتێنێت لەبنەمادا سەرەتایترین دیاری خودان.

داماڵینی مرۆڤ لەبەها ئەزەلییە سروشتییە یەزدانیانەكان و بەستنەوەی بەهزری بەخۆو خەڵك نامۆیی و ئایدیۆلۆژی، تەنها ئەو مانایە هەڵدەگرێ مرۆڤ نابێ وەك ئەوەی خۆی دەیەوێ بیربكاتەوەو بژی، بەڵكو دەبێت كۆتایی بەبیركردنەوە بهێنێت و ببێت بەبونەوەرێكی تەواو جێبەجێكارو ڕۆبۆتی!

مرۆڤ، داهێنەرە ئامرازی جێبەجێكار نیە، ئەوەی دەبێ بەها ببەخشێتە شتەكان تاكە وەك سوژەو یەكەی پێكهێنەرو بزوێنەری بنەڕەتی نەك بیرو باوەڕە شمولی و ئایدیۆژی و یەكە دەستە جەمعییەكان.

خودا بەر لەهەر شتێك جەستەو عەقڵ و ئاكاری بۆ ئەوە بەخشیوەتە مرۆڤ تا دڵخوازانە ئەزمون بكات، راسەقینەیی مرۆڤ لەبیركردنەوەو لەئەزمونكردن و پەیوەندی و لەبەریەك كەوتنیدایە، نەك لەخۆشاردنەوەو بەخودو خەڵك نامۆیی.

پەرلەمان و حکومەتی کورد، تەنانەت خۆرهەڵاتی، لەوە بێدەسەڵات و بێباکترن مرۆڤ ڕوی دەمیان تێبکات و داوای هێنانە ئاراوەی چارەسەرێك بۆ بەماناکردنەوەی ئەم دیاردەنەیان بەیاسا لێبکات، بۆیە داوا لەهاو پیشەو لایەنە پەیوەندارە ڕێکخراوەیی و مەدەنییەکان دەکەم، هاوکارین لەرزگارکردنی هاوەڵەکانیاندا.

ببنە هاوڕێ و پشتیوانیان، بکەونە دیالۆگ لەگەڵیان، مرۆڤانە لەزانین و زانیارییەکانتان بێبەشیان مەکەن، ئەم ستایل پۆشییە دەرچەو بەرهەمی هزری ئوسوڵیەکانەو لەزیهنیەتی ئوسوڵیەکانیشدا، دامەزراوەکانی پەروەردەو خوێندن کارو کردەوەی فکری و فەلسەفی و مەعریفی، تەنانەت بیرکاری و زمان و زانستیش مەنهەجی شەیتانییە، بەنەرمی ڕونیبکەنەوە، ئەی کەواتا ئەم بەڕێزانە بۆچی دەیخوێنن؟! یان دەبێ ئەمان کەوتبێتنە هەڵەوە، یان ئەم دوفاقی و دۆگماکارییەی دنیای ئوسولێگەرایی هەڵەو نادروستە.

پێیان بڵێن: ئەگەر ئەمڕۆ ئوستازو مامۆستاکانتان نەزانن ئەوە کییە هاتووە بخوێنێ و فێر بێت و ببێتە هەڵگری بڕوانامە، ئەی لەداهاتوودا چۆن دەشێت کەسێك ببێتە ڕێنیشاندەرو خزمەتگوزاری وڵات ناسنامەو شوناسەکەی شاراوە بێت؟

ڕازییانبکەن بەهاوەڵیکردنێکی زانستانەو عەقڵانەو مەدەنیانەو سەردەمیانە، لەبری ئەوەی ملکەچ بژین با هاوڵاتی باشترو سەلامەت ژیاوتر بژین، مرۆڤ هەر مرۆڤە، بەڵام لێتان نایشارمەوە، وەك خۆم بێز لەو مرۆڤە دەکەمەوە شانازی بەلاوازی و کۆیلەبوونی خۆی و ئەوانی ترەوە دەکات، بەبێ ئەوەی بمەوێ تف لەو دەزگەو دامەزراوە بەڕواڵت مەدەنی و زانستیانە دەکەم لەژێر هەر پاساوێکدا دەبنە بەشێك لەکاڵکردنەوەی جوانیەکانی مرۆڤ و قەدەری نەرێتگەرایی برەو پێدەدەن، بێباکی دەیانبات بەرێووە.

# ئاوەزو باوەڕو دیالۆگ

بەبێ هەبوونی دیالۆگ، دیالۆگێکی کراوەو عەقڵانی، مرۆڤ لەناو کەوڵە نەرێتگەرایی و ئایدیۆلۆژی و فەلەکییە ئاینییە تایبەتییەکەی وەك خود هەیەتی، لەخۆیدا دەبێت بەستەمکارو دڕندەو دواجاریش هەر لەو فەزا دۆگماو سنورداراەدا بەر لەوەی بخنکێت دەخنکێنێت! چونکە ناتوانێ فێرە ئەوەبێ زیاتر بزانێت، چونکە ناتوانێ فێرە ئەوەبێ فراوانتر قبوڵبکاو تێبگات، چونکە ناتوانێ باشتر تەعریف بێ و چاکتر بناسێت، چونکە ناتوانێ بابەتیانەتر گوێبگرێ و بخوێنێتەوەو لەمەحەك بدات، چونکە ناتوانێ وەك ئەوەی بەسروشت هەیە هەڵبکات و بگونجێت لەگەڵ خویی و لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا!

لێرەوەیە مرۆ دەبێت بەبوونەوەرێکی بەخودو بەخەڵك و بەخودا نامۆو گۆشەگیرێك تا هەیە نەتوانێ ئیزافەیەك بخاتە سەر ئەو هەبوونەی هەیەتی و هەیە لەواقیعدا، ئەدەبیات و ئەزموونی ئەحزابی ئیسلامی ئوسوڵی، لەوەتەی هەن هەر بەو جۆرە تەژی بووەو تەژییە لەوەها ئیشکالییەتێك. هەر کاتێك قسە هاتبێتە سەر مافە مەدەنییەکانی تاك و خەڵك، هەر جارەی باس هاتبێتە سەر ئازادییە سروشتییەکانی تاك و خەڵك، هەر کەسێك قسەی هێنابێتە سەر موقەدەس و بەپیرۆز کراوەکان، لەبەرامبەردا وەك ئەوەی دنیا خرابووبێت دەماگیرانەو ناسروشتیانە هاتوونەتە دەنگ و کەوتوونەتە جوێندان و بگرەو بکوژەو بەشینەوەی هزری توندوتیژگەرایی و تۆمەتبارکردنی ئەم قسەکەرو ئەو خاوەن گوتارەو وەك کافرو مورتەدو هەڵگەڕاوە لەخودا وێنایان کردوەو ناساندویانە! تەنانەت بۆ جارێکیش نەیانتوانیووە لەو فەزا سوننەتی و ئوسوڵیگەراییەی هەیانە بێنە دەرەوەو کەمێك عەقڵانە سەیری ئەدەبیات و ئەزموونی گەلان و خەڵکانی دی دەرەوەی خۆیان و دەرەوەی دنیاو ئەخیرتبینی خۆیان بکەن! هیچ کاتێك نەیانتوانیووە دەرگەو پەنجەری ڕوانینیان بەروی خوێندنەوەو هەڵێنجانی دیدگەی تازەو نوێدا بکەنەوەو لەڕێگەیەوە بۆنی هەواو تامی هەناسەدانێکی جیاواز بکەن! ئەمە لەکاتێکدا هەتا ئێستایش نەیانتوانیووەو ناشتوانن بڵێن و بیسەلمێنن پەیوەندییەکی ڕیشەیی و ڕەسەنی ئەزەلی لەنێوان مرۆڤ و

ئاینەکاندا بوونی نییەو نابێت، سەرەڕاش وەك هەمیشە دیالۆگ ڕەتدەکەنەوە. هاتنە ئاراوەی هەر جۆرە گفتوگۆیەکیش لەبنەمادا هەڵگری توخم و بەهای تازە بێت لەسەر ئەم بابەتە، وەك فۆبیاو ترس وێنایان کردوەو دەیکەن لەناو هەوادارو شوێنکەوتەو عەوام دا. پەتای ناعەقڵانی لەزیهنیەتی بابی ئوسولّیدا تابێ لەبڵاوبوونەوەی زیاتریشدا خۆی دەنوێنێت، ئەوەتا پەڕیوەتە ناو ئەو جالییە ئیسلامییەی ماوەکی درێژە نیشتەجێی خۆرئاوان، ڕوداوەکانی ئەم دواییەی پاریس، لەسادەترین مانادا دەڵێن ئیتر هیچ کەسێك لەمسە بۆ هەتا ئەوسەری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەلامەت نابێ و نابێ هەبێت، دەڵێت ئیدی هیچ شوێنێك نابێ بەئارامی بمێنێتەوە لەسەر گۆی زەوی! ئەمە زەنگێکە مەترسیدارو تەحەمول نەکراو لەمرۆڤی ئەم سەردەمەدا، تەنها کارێك لەبەرامبەردا ئەگەر بتواندرێ ئەمڕۆ ئەنجام بدرێت خۆی لەهەڵێنجان و داهێنانێکی فکرێکی تازە لەئیسلامدا دەبینێتەوە، فکرێك بنەماکانی لەبەر ڕۆشنایی عەقڵانیەت و لەسەر هزری لێبوردەیی دارێژرابێت. ئیدی مەعلومە دوراییە ئاڵۆزەکانی ئەم کێشەیە، مەودای قوڵاییە بێبنەکانی ئەم ئاریشە بەئێشەیە، هێندەی ئەوەی فکرین، هەرگیز ئەوەندە پەیوەندییان بەچجۆرە بابەت و شتگەلێکی ترەوە نییە، چۆن دەکرێت خودا وەك ئەوەی ئەحزابی ئیسلامی و هزری ئوسولّیگەرایی تەفسیرات و تەبلیغاتی لەسەر دەکات، هێندە دژە مرۆڤ و ئەوەندە دژە ئازادی و ئەوەندە دژە موممارەسەکردنی هەبوونێك بێت لەبنەڕەتدا خۆی خالقی بێت؟! لەبەر ئەوە، ئەگەر لەڕوی فکرییەوە کێشەکە یەکلایی نەکرێتەوە، ئەوا ڕۆژێك لەڕۆژان نابیندرێ لەڕووەکانی تریەوە وەها کێشەیەك بەلادا بکەوێت، ئەوەی لەژێر کاریگەری هەژموونی ئوسولّیەتدا دەپێکرێ، ئازادییە بەهەموو ماناکانییەوە فرەییە بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە، ئاینی و جڤاکییە بەهەموو پێکهاتەو جومگەکانییەوە، ئەمەیش وەك هەمیشە بەکەڵك وەرگرتن لەم فەزا ئازادو نەرێتگەراییەی لەخۆرئاواو خۆرهەڵاتدا بوونی هەیە جێبەجێی دەکەن. هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر ململانێکە بەتەنها لەتیرۆرو دژە تیرۆر بەمانای وشەدا چڕ بکەینەوە، ئوسولّییەت وەك مەنهەجێك

لەخۆیدا دژی هاتنە ئاراوەی هەر جۆرە بەریەککەوتنێکی فەرهەنگییە، دژی هەر جۆرە دیالۆگێکە لەنێوان شارستانییەتەکاندا، دژی هەر جۆرە تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی تازەگەرو عەقلانییە لەسەر دین و دنیاو ئەخیرەت، هەموو ئەوانەی بەپێوری ئەوان موسڵمان نین، بەکافر پێناسەیان دەکات، هەروەك چۆن هەموو ئەو بەهایانەی شارستانیەتی ئەوروپایی و جیهانیان لەسەر دامەزراوە، ڕەتدەکاتەوە. ئێستا ئەوەی یاخییە بەتەنها ئەوە جیهانی ئیسلامییە، ئەوە جیهانی ئوسوڵیگەراییە کەڵکەڵەی ئەوەیەتی بەر بەگەشەکردنی ئەم فەرهەنگە هاوبەشە نوێییە مرۆسالارە بگرێ، ئەوە ئەحزابی ئیسلامی سیاسییە دەیەوێ بەر بەو هەڵکشانە بگرێ دنیا بەجۆرێك لەجۆرەکان بەرەو کرانەوەی زیاترو دیموکراسیەت دەبات، دەبێت خوێندنەوەو تەفسیرێکی تازەی عەقڵانیمان هەبێت بۆ بەماناکردنەوەی بێمانایی لەزیهنیەتی خەڵك و هاوڵاتیدا، ئەمەیش دەبێت لەجیاکردنەوەی هاوڵاتیبوونی سیاسی، لەئینتیمای مەزهەبی و تائیفییەوە دەست پێبکات. هەموو ئەو دەوڵەت و گەلانەی بەرەو پێشەوە هەنگاویان ناوە، لەوەها تەجاوز کردن و جیا کارییەکەوە دەستیان پێکردو سەرکەوتووانەیش گەیشتنە جێ، ئەرکی پەرلەمان و دامەزراوە بنەڕەتی و باڵاکانی پەروەردەو خوێندنە، واجبی هەرە لەپێش و گرینگ و هەنوکەیی حزب و هێزە پێشکەوتوخوازو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنییە، تەمووژی ئەو جیاکارییە بڕەوێنەوەو ڕونیبکەنەوە وەها کارێك مانای سڕینەوەی دین ناگەیەنێت لەواقیعدا، وەك ئەوەی ئەحزابی ئیسلامی تەبلیغاتی بۆ دەکات. دەبێت ڕونبکرێتەوە ئازادی پەرستن و تقوس و شەعائیرەکان لەهیچ وڵات و ژینگەیەکدا، بەهێندەی وڵاتان و ژینگەی عەلمانی پارێزراو سەلامەت نییە، ئەگەر تواندرا ئەمە بکرێت، ئەگەر ڕێککەوتنێك لەنێوان ئیمان و ئەقڵدا، لەنێوان فکرو دیندا، لەنێوان زانست و ماریفەدا لەخۆداو لەسیستەمدا بەمانا بکرێت، ئەوە لەو شوێن و ژینگەیەدا، زەمان و زەمینەی ئوسوڵیەتگەرایی بار دەکات.

# فەزیلەت لەپاوانکارییدا نییە

بەبێ هەبوونی حوکمی یاسا دامەزراوەو دەوڵەتێك نادۆزیتەوە، کاریگەرو سەرکەوتوو بوو بێت لەبوونیادناندا، بەڵام ئایا هەبوونی یاساو هەر جۆرە حوکمکردنێکی یاسایی دەتوانێ وەها حەقیقەتێك بەمانا بکات؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر. ئەی ئایا چجۆرە یاساو حوکمکردنێکی یاسایی دەتوانێ ئەو داوەرو رێکخەرە کاریگەرە بێت؟ چجۆرە یاساو حوکمکردنێکی یاسایی دەتوانێ وەها سەروەرو چەسپاو بێت؟ ئەو یاسایانەی بنەمای گەڵاڵە کردنیان لەدەقەکانەوە سەرچاوە دەگرێ یا ئەو یاسایانەی لەدیدگە فراوانە خۆشگونجاوەکانەوە هەڵدەهێنجرێن دەتوانن بەو جۆرە پەسندو شیاوبن لەپراکتیزەکردندا؟ ئەز یاساناس نیم، ڕەنگە زۆر شیاوی ئەوەش نەبم قسە بهێنمە سەر وەها باسێك، بەڵام دەزانم ئەرکە هەرە لەپێشەکەی یاسا لەحوکمکردندا ئەوە نییە ڕاست و هەڵەی هیچ جۆرە بیرو ڕایەك دیاری بکات، ئەوەش نییە مافە مەدەنی و سروشتییەکانی مرۆڤ لەچوارچێوە بدات، بەڵکە ئەرکییەتی ئاسایش و سەلامەتی وڵات گیانی خەڵك و هاوڵاتی وەك تاك بپارێزێت.

دەزانم هەر جۆرە هزرینێك هەر جۆرە ڕوانگەو دەربڕینێك ناکۆك و تەبا نەبێت بەو ڕێسا ئاکارییە سروشتیانەی دەست بەهێشتنەوەو گەشەپێدانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە دەگرن، ئەگەر بکرێنە سەرچاوەو بکرێنە یاسا بەسەر هەر شتێکەوە دواجار توندوتیژی دەخەنەوە لەواقیعدا. لەبەر ئەوە، ئەرکی یاسادانەرانە جیاکاری ورد بکەن لەنێوان کاری حکومەتی مەدەنی و کاری ئاییندا، ئەگەر سنورێك لەم نێوانەدا نەبێ و بەدینەیەت، هەرگیز کۆتایی نایەت بەو ستەمکارییانەی لەژێر سایەی وەها گەمەیەك بەناوی حوکمی یاساوە، دەکرێنە سەر مافە مەدەنی و ئازادییە سروشتییەکانی تاك و خەڵك. بڕوای نادر، ئاینداری ڕاستەقینە لەبرواهێنانی هزری تاك دایە لەخۆیدا، نابێت لەرێگەی هیچ هێزێکەوە بسەپێندرێ هەر جۆرە سەپاندنێك دەچێتە خانەی خزمەتکردن بەبڵاوکردنەوەی هزری بێ خودگەرایی و بێ خوداییەوە. خەڵك ناچار بەگوێڕایەڵیکردن و سەپاندنی زۆرە

ملێیانە، ئەرکی هیچکەس و حکومەتێك نییە بەبنەما مەدەنی بێت لەواقیعدا، هیچکەس و هەر جۆرە حوکمکردنێکی یاسایی ژیانپەروەر، ماف ڕەهاو ڕەوای ئەوتۆی نیە بەناوی وەها یاساگەلێکی شەتەکدراوەوە هەڵبکوتێتە سەر مافە مەدەنی و شتومەکە دنیاییەکانی تاك و خەڵك، خودا بەر لەوەی ئاینەکان بنێرێتە سەر زەوی مرۆڤەکانی خوڵقاند، جەستەو هزرو ئەکاری بەخشییە مرۆڤەکان، دەبێت ئەزموونی بکەن.

ئەوانەی جیاواز بیر دەکەنەوە، ماف خۆیانە، بەڵام باشتر وایە تێبگەن چاندنی تۆوی تاك ڕەهەندگەرایی و شەڕانگێزی لەیاساکاندا کوشندەو وێرانکەرە، زۆر بەهێزە لەوروژاندنی رق و کینەی بێکۆتاو زەوتکردن و کوشتاردا، دەبێ تێبگەن ئاسایش و ئارامی بەدیناپەت لەناو مرۆڤەکاندا ئەگەر ئەو بڕوایەی پێیوایە پاوانکردن فەزیلەتەو دەبێت ئاین بەزەبری چەك و شمشێرو هێزی یاسایی بسەپێندرێ و تەشەنە بکات بایەخدان بەرۆحی هەر کەسێك تەنها ئەرکی ئەو کەسە خۆیەتی و پێویستە ئەو ئەرکە جێبهێڵرێت بۆ کەسەکە خۆی، ئەرکی یاسا پارێزگاریکردنی ئەو مافانەیەو بەس، خودا خۆیشی مرۆڤەکان دژ بەویستەکانی خۆیان ڕزگار ناکات، ئەرکی یاسا سەپاندن و قەدەغەکردنی مەراسیمە ئاینییەکان نییە پارێزگاریکردنە لەماف و ئازادییەکان، لەسەلامەتی مرۆڤ و لەژینگەو لەبوونەوەران دیارە بەهەموو ماناکانییەوە. رابردوی دورو نزیك و ئێستای شەڕانگێزە جیهادی و سەلەفییە هزر ڕزیوەکانی دنیا چونکە لەناخی خۆیاندا دوچاری جۆرەها لەدەردە عەقلی خەسێندراوی لاڕێکارو چەپێندراوو ڕەجعیگەرا بوونەتەوە لەهەر کوێیەك دەسەڵاتیان هەبووبێ و دەستیان ڕۆیشتبێت، ئەگەر نەوترێ تەواوی مرۆڤبوون و بەرپرسیارێتییە فکری و ئەخلاقییەکانیان لەپراکتیزەکردندا لەدەست داوەو تەژی بوون و دەبن لەحوکمکردنی درۆ،.کەواتا، هەر جۆرە حوکمکردنی یاسایی، ئەگەر ببێتە مایەی نەمانی گفتوگۆی ئازادو عەقڵانی، وەك ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی داعشدا دەبیندرێ خەڵك دەکات بەکۆیلەو فەزای درۆینە بازاڕی لەژیانکردندا دەخولقێنێت.

# زیندانی سەربەخۆیی

تەبایی و هاتنە ئاراوەی هاودەنگی لەهەمبەر بابەت و پرسە گرینگ و چارەنووسسازەکان شتێکە مومکینە، بەڵام ئەمە وەك ئەوەی دەبێ هەبێت بەتەبلیغاتی حزبی و بەبڕیارو ڕاسپاردەو بانگەوازی تەمومژاوی سولڵتان نایەتەدی.

بەڵکە بەلای کەمەوە کاتێك بەمانا دەبێت، تاك وەك هاوڵاتییەکی سادە لەگۆڕەپانەکەدا دەربکەوێ و ئازادانە بتوانێ بکارێت لەوەها دۆخێکدا، یانی بکەوێتە دەرەوەی شەتەکدانی حزبی و بەرژەوەندی ئایدیۆلۆژی و تەبلیغاتی ئاینگەراییەوەو بەمانای وشە سەربەخۆو خۆی بێت.

دەبێ تایبەتمەندی هەوێنەکەی دروست لەخانە بەدیهێنەرەکانی بەنمونە ئامانجە جڤاکییە گەورەکەوە هاتبێت، ئەگەر مرۆڤایەتی دیارە لەدەروەی پێکهاتە ئۆرگانیکییە دەوڵەتگەراییەکەی هێشتا هەر چاوەڕوانی بەنمونە ئانشتاینێکی دی بکات تا هەبوونی لەفۆرمێکی نوێتردا بەمانا بکاتەوە، کورد لەناو ئەم کۆیە مەزنەی مرۆڤایەتیدا، وەك تاك و هەم وەك نەتەوەیش، هەڵە دەکات خولیای بەماناکردنەوەی شوناسەکەی لەبۆتەی سەربەخۆیدا، بخاتە سەبەتەی چاوەڕوانی بەنموونە دەست فریاد ڕەسێکەوە بەتەنها، چونکە نەکێشەکەی لەم دۆخەدا کێشەیەکە زانستی بێت تا بابای فریادڕەس و داهێنەر بتوانێ لەوەها ئاڵۆزی و بلۆزی و ڕۆبۆتگەراییەك دەربازی بکات، نەسەربەخۆیی لەزیهنیەتی خەڵکانی ئاسایی ئەم وڵاتەشدا هەمان ئەو سەربەخۆییە خۆیی و بابەتییەیە مێشك و خەیاڵدانی خاوەنشکۆی بەخۆیەوە خەریککردوەو نەشونمای پێدەکاو تەمای لەسەر داناوە.

سەربەخۆیی لەزیهنیەتی خەڵکدا، درەختێکە جگە لەبەرو بۆنی خۆش، خاڵییە لەپەتییە درك، سێبەرێکە هێندەی دڵ دەیبا پان و بەرینە، دەتوانن لەژێر سێبەرەکەیدا پشوو بدەن و خەونەکانیان وەك تاك و کۆیەکی ئازاد لەسایەیدا بهێننە دی.

سەربەخۆیی لەجەوهەردا بەرهەم و داهێنراوێك نییە لەبەرهەم و داهێنراوەكانی فریادڕەس، سەربەخۆیی مافێكە ئەزەلی خواستێكە كوردەواری دەمێكە لەسەری كۆدەنگە ئەوەی ناكۆكە حزبەكاننی، ئەمە نەك هەر لەهەمبەر سەربەخۆیی، بەڵكە ساڵەهای ساڵە لەژێر چەترێكدا ناتوانن كۆدەنگ و كۆنگرەی نەتەوەیی ئەنجام بدەن، گرفتە هەرە گەورەكەی حزب و حزبیەكانی كورد لەوەدایە ئەوەی بكەوێتە دەرەوەی كۆمەڵگەی حزبیانەوە ڕێك لەڕوانینیادا دەكەوێتە دەرەوەی هەر شتێكیانەوەو مەكروهە، حزبیەكان جگە لەجێبەجێكردنی بڕیارو ڕاسپاردەی حزبی وەزیفەیەكی دی نازانن و نابینن. ئەم ڕوانینە حزبییە، بەكۆمەڵایەتی بووە، خەڵكی بەسەر دوو بەرەی گەورەو چەند بەرەییدا بەشكردوە، پەرتەوازەییەكە لەباوەڕدارو مادديیەتگەرایدا نەماوە، ڕەوایی لەناڕەوایەتیداو ناڕەوایی لەڕەوایەتیدایە، حەقیقەت بەڕبەی حزبی دەپێورێت، قۆناغی كۆتایی هاتنە پێشەوەی هەر دەرفەتێك لەبری هاتنە دی خەونەكانی خەڵك لەبری سەركەوتنە سەرەوەی هزری ئازادی و بەمانا بوونی ماف سەربەخۆیی، بریتییە لەسیناریۆی ڕەش، درامای تراژیك، ملشكاندنی یەكتری، ئەمە لەكاتێكدایە وەهمۆكەی زاتگەرایی لەسیاسەتدا، هەیمەنە پێكردنی هەژموونی حزبی لەواقیعدا، هێندەی وێرانكەرەو دەبێتەوە ئاریچەی هەڵگرساندنەوەی شەڕ لەناو خۆدا، ئەو جەنگەی لەناوەوەی هەر تاكێكی حزبییەوە دێ و گەرمكردنەوەی دەوێ، ئەو شەڕەی لەقوڵاییە تاریكەكانی دەرونی حزبییەكانەوە بەفیكەو فتوایەك سەر هەڵدەدات هەرگیز ئەوەندە ناچێتە خانەی خەزمەتكردنی خەڵك و هێنانە ئاراوەی كۆدەنگی.

ئەم خەڵكە، ئەگەر سەربەخۆیی كوردستانی بوێت، لەپێناو ئەوەدا جارێك تەنها جارێك لەدەرەوەی ڕەزامەندی حزبی، دەهاتنە سەر هەست و شەقامیان پڕ دەكرت لەنای ملهوری حزبی و هاواری سەربەخۆیی، ئەم میللەتە ئەگەر ئازادی خۆشبووێت تێدەگەیشت نەك هەر دیووی ناوەوەی حزب بەڵكە ڕوخساری حزبیش لەم مەملەكەتەدا زیندانی سەربەخۆییە.

# واتا لە گەنجێتیدا دەفراژێ

ئەوەی لەکوردەواریدا سەبارەت بەگەنجێتی دەوترێت گوایە هەڵگری ناسنامەیەکی نادیارو هزراندنی یان ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی لەکێشەدایەو تەواوی خواستەکانی خۆی لەبری پەرە پێدانی بەهرەو توانستەکانی خستووەتە سەبەتەی هاتنە ئاراوەی جۆرە خۆشگوزەرانییەکی تاکگەراییانەوەو بەس، نەك هەر ڕاست نیە تۆمەتبارکردنێکی هەر زۆریش بێمروەتانەیە. چونکە ئەوە سایەو سێبەرو ڕوانگە ئۆرگانیکییە جڤاکی و سیاسییەکەیە لەئاست بەدیهێنانی خەون و خولیاو بەجێهێنانی خواستە هەنوکەیی و دنیا بینییەکەی ئەواندا نییەو نایەوێ لەگەنج و ناتوانێ لەگەنجێتی وەك ئەوەی لەدنیای ئێستادا ناسدەکرێت تێبگاو بناسێت.

ئەوە یەکە پێکهێنەرە نەتەوەیی و دەسەڵاتە نیشتیمانییەکەیە لەژێر پرسیارو مەترسیدایەو ناتوانێ دەربازی سەر شاڕێی مەدەنییەت بێ، ئەوە فۆڕمی حزب و زیهنیەتە سیاسییەکەیە وایکردوە سڵکردنەوە لەبەشداریکردن بەلای گەنجانەوە ببێتە شای هەموو شتێك و خەمە جڤاکییەکە ئەو بەهاو بایەخەی نەمابێت لەڕاو ڕوانین و ڕوانگەیاندا. دیارە لەناو تەواوی ئەو پێناسەو ڕوانگە زۆرانەی سەبارەت بەچییەتی گەنجێتی لەئاراو بەردەستدان، فکرین و تێگەیشتنە لیبرالّەکە بەلای منەوە شیاوترینیانە: هەر تاکێك بتوانێ ڕۆژانە لەهەر بوارێکدا ئیزافەی هەبێت لەفراژۆ پێکردنی هەبووندا، ئەوە ئەو تاکە لەهەر تەمەنێکدا بێت گەنجە، چونکە لەپێناسە تەمەنی و زەمەنییەکانی بەنمونە وەك ئەوەی لەپرۆتۆکۆڵە بڕیار لێدراوەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووەو چەسپێندراوە گەنجێتی لەتەمەنی ١٥ ساڵیدا دەستپێدەکات و لەتەمەنی ٣٠ ساڵیدا، کۆتایی دێت، بەتەنها سات و سەودای بونیادنانی جەستەیی و گەشەکردنی عەقڵی بەهەند براوە، بەڵام سلوك و ڕەفتاری تاك دیارە لەهەر تەمەنێکدابێ پەیوەندییەکی بەزەمەن و تەمەنی ئەو تاکەوە نییە، بەڵکو ئەوە ئاست و توانست و ڕەفتاری مرۆڤانەی ئەو تاکەیە کەسێتییەکەی دیاری دەکات، بەم پێوەرەیش ئەگەر هەڵوێستو ڕەفتاری زیندو، یا

ئەگەر ئامادەیی و لێبوردەیی پەرە بردو، یا ئەگەر نەخش و بەخش و هەڵگری ڕوانگەی ئازادیخوازانە لەسیماو خەسڵەتە هەر ناسراوەکانی گەنجێتی بن، ئەوا هەر تاکێکی وەها مەیلکردو لەهەر تەمەنێکدا بێت دەتوانیٚ گەنجبێت.

ئەمە لەڕوانگە بایلۆجییەکەیشییەوە هەر ڕاستە، چونکە تەمەنی تاك چ لەخوار یا لەسەروی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بێت هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت سەبارەت بەگەنجێتی، ئەمە بەو مەرجەی ئەو تاکە ئامادەگییە بایلۆجییەکەی هەبێت، بەپێچەوانەوە لەقاودانی دەچێتە خانەی خزمەت بەنادیدگرایی و خۆشکردنی بازاڕی سەرمایەخوازی و باوگەرایی هەر وەك ئەوەی لەکوردەواریدا بەفۆڕمە هەرە پەتییەکەی برەوی هەیە. گەنجێتی لەڕوانگە سایکۆلۆژیەکەیشیەوە یانی ساغڵەمی دەرونی، بەرزە ورەیی و هێزی بەرهەمهێنان لەمرۆڤدا، کەوابیٚ لەپوختەترین پێناسەدا گەنجێتی یانی توانست و بەرهەم و ئامادەیی، هەروەك ئەوەی لەتێگەیشتنە لیبراڵییەکەدا هاتووە.

بەڵام غیابی ئەم هزرینەیە لەزیهنییەتە کۆمەڵایەتییەکەی ئێمەدا دیارە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە سەبارەت بەگەنجێتی وایکردوە پێناس و ناسکردنی گەنجێتی هاوتابیٚ بەوپەڕی ناتەبایی و ناتەواوی لەبوونیەتدا، یانی ئەوەندەی وەك مرۆڤێکی نائامادەو ناتەواو سەیرو ئەژمار دەکرێت، هەرگیز ئەوەندە تەمای لەسەر هەڵناچندرێت، با ئەمە ڕونتر بکەینەوە: گەنجێتی وەك چەمك، وەك واتا لەکوردەواریدا، جگە لەوەی ئەو تەمەنەیە هێشتا نائامادەیە بۆ وەرگرتنی بەرپرسیارێتی و هێشتا ناتوانێت لەئاستی پێویست بەجێبەجێکردن و ڕایکردنی ئەرکەکانی ڕۆژانەو ژیاندا بێت بەگشتی، جگە لەوەی هێشا تۆمەتبار دەکرێت بەوەی خاوەنی ئەزموون و لێهاتوویی و شارەزایی ڕیشەیی نییەو هەردەم پەلە دەکات لەبڕیارداندا، دیسانەوە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی خۆپەرست و خۆدپەسەندو دەمارگیرە بەرامبەر بەوی بەرامبەر یا بەوانی دی!!

تاك ئەگەر لەوپەڕی تەمەن و زەمەنی ئەزمونی تایبەتی خۆیشیدابێ بەڵام وەك گەنجێك بەواتا كۆمەڵایەتییەكەی ئەگەر بییەوێ ماف و ئازادییە خودییەكانی خۆی ئەزمونبكات و زاتی خاوەندارێتی كردن لەخۆی بكات، دیسانەوە هەر تۆمەتبار دەكرێت بەوەی ئەم سەرەی، سەری خۆی نییەو نابێ، یانی سەرە ڕۆیی تاك جا لەهەر تەمەنێكدابێ وەك هەڵگری خەسڵەت و سیمای گەنجێتی ئەژمار دەكرێت !!

ئەمە لەڕوانگە سیاسیەكەیشدا هەر وەهایەو دیسانەوە تۆمەتبار دەكرێن بەوەی ناتوانێت خۆڕاگربێت لەبەرامبەر پێشهاتە جیاوازو نەخوازراوەكان، یانی زیهنیەتە ساسیەكەیش هێشتا لەو باوەڕەدایە گەنجێتی ناتوانێت لەئاست ستەم و زۆرداری و بەرگرتن بەچەوت و چەوێڵ گەراییە كۆمەڵایەتی و سیاسییە هەمەكییەكاندا وەك ئەوەی پێویستە بەرگە بگرێت و سەركەوتوو بێت. ڕەنگە غیابی گەنج بەپێوەرە باوەكەی ئێستای لەمەوقیعەكانی بڕیارداندا، سەلمێنەری بێچەندو چۆنی وەها حەقیقەتێك بێت، یانی بەهەردو باردا، زەمینەی بەشداری كردن و بەشداری پێكردنی لەبەردەمدا، سنور دارو قەتیس كراوە، سەیرەكەیش زیاتر لەوەدایە وەها فام كردنێك هەم لەڕوانگە كۆمەڵایەتی و هەم لەدیدە سیاسیەكەیشدا گەنجانێكی سەر بەخانەوادە پێگە لەپێش و خودا پێداوەكان ناگرێتەوە، ئاشكرایە ئەمان هەر كات بیانەوێ بەئاسانی دەتوانن بچنە ناو كاری سەربازی و بەبێ گەڕانەوەیش بۆ هیچ جۆرە پێوەرێك ببنە ڕائدو نەقیب و عەقیدو قائید !

یان هەر كات بیانەوێ زۆر بەسادەیی و ئاسانی و ئاسایی دەتوانن بچنە ناو كاری سیاسییەوەو ببنە سەركردەو بڕیار بەدەست، یان ببنە گەورە بازرگانی بەناوبانگ، تەنانەت زۆر بەئاسانی و سادەیی هەر كات بیانەوێ دەتوانن پلە زانستییەكانی وەك دكتۆراو بۆردو ئەم شتانەیان هەبێ و چۆنیان بوێ ئاوا بخوێنن و كوێیان بوێ لەوێ بخوێنن، یانی بەئاسانی دەتوانن ببنە خاوەنی هەر شتێك ! بەڵام ئەوەی لەبنەمادا دەبێت بەڕاگرو ڕاوێژكاری بردنە پێشەوەی توانستەكانی وەها گەنجانێك، ئەوە تینوتاوی دزراو

یا ئیستغلالکراو یا قوتی گەنجە دەستکورت و هەژارو نەدارو پەراوێز خراوەکانە وایکردوە لەسەر کەوڵەکەیان بژین، ئەگەر نا مرۆڤێك نییە وەك سوڵتان و ڕەعییەت لەسەرەتاوە هاتبێتە بوون و لەدایك بووبێت.

لەبەر ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە وەك ئەوەی باوە ئەگەر بڕوا بەوە بکەین لەکوێدا ناتەواوییەکانی تەمەنی و زەمەنی تەواو دەبن، هەر لەهەمان ئەو شوێن و ژینگەیشدا گەنجێتی تەواو دەبێت، هەڵەی لەوەیش گەورەتر ئەوەیە هەبوونی زیهنیەتی گەنجانە لەهەر تاکێکدا ئەگەر بەتەمەنیش بێت، بەیاخی و سەرە ڕۆو لادەر ئەژمار بکرێت. ئەوەتا ئەم جۆرە یاخیگەراییە دەرونییەی گەنجانی ئێستای کوردستان لەڕوانگە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەیشیەوە بەبێباکی و نەبوونی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی ئەژمار دەکرێت! بەڵام لەبنەڕەتدا ئەمە وانییە، ئەوەی هەیە بەرئەنجامی ڕەنگدانەوەی وەها ڕوانگەیەکی باوگەرایەو نیشانەی ئەوەیە کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە لەژێر پرسیارو مەترسیدایە، ئەوە ئەو فەزایەیە تەموومژاوییە نەك وەك ئەوەی دەوترێ گەنجانی کورد هەڵگری شوناسێکی نادیارن و خۆیشیان نازانن چییان دەوێت. گەنجانی کوردستان، نەئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانییان لەکێشەدایەو نەشوناسیشیان نارۆشنە، ئەوە سیستمە کۆمەڵایەتی و فەزا سیاسییەکەیە دەیەوێ ئەوان لەدۆخێکدا بووەستێنێ، ئاشکرایشە گەنجێتی لەهەموو سەردەمێکدا، لەهەموو تەمەنێکدا، لەهەر کوێیەك پێویست بکات، یانی ڕەتکردنەوەی وەها دۆخێك. دیارە زۆر هیوادارم دواجار دژایەتیکردنی ئەم دۆخەیش وەك ئەوەی هەن تەبلیغاتی بۆ دەکەن، نەگاتە نانەوەی ئاشوب و بەکاربردنی هێزی بازوو نانەوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتی و سیاسی. چونکە بێ ئەوەی گەر بیانەوەی وەها ڕەنگدانەوەیەك چەند بارە هەروەك ئەوەی لەڕابردودا بەدی کرا، دیسانەوە دەچێتەوە خانەی خزمەتکردن بەمانەوەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەلپەرست و ئۆینبازەکانەوەو بگرە پێگەیان قایمتریش دەکات.

# بەرداشەکانی کۆمەڵگەی حزبی

ئەوەی خەڵك دەهێنێتە سەر شەقام لەکوردستان، هەژموونی دنیای نوێ و چەکرەکردنی ئەو فەرهەنگە هاوبەشەی مرۆڤگەلی ئەم سەردەمە نییە، ڕاڕەوەکە لەکوردستاندا هێشتا بەدەست کۆیلەگەرەکانەوەیەو ڕێڕۆیش هەر بەرەو خود کویلەگەرکارییە، پاڵنەرەکە وەك پێویست نەبوونی خزمەتگوزرای و ڕەتکردنەوەی نابەرابەرییە لەژیانکردندا. بەمانایەکی دی، درککردنە بەناشەفافییەت و بەلاڕێدا بردنی دەسەڵات بەقاچ و قولە حیزبییەکەی، دژایەتی کردنی ئاپارتمانێکە لەکات و درۆی بەسەریەکدا ترشاو لەزیهنیەتە کۆمەڵایەتیەکەدا، بۆ بەرگرتنە بەشێلانی گیرفان لەسەر قوت و کەوڵی ئەوانی دی بەمانا بابەتییەکەی، بۆ ڕێگرتنە لەغروری و جێگۆڕکێ بێ ماناکانی شەیتان بەمانا سوننەتگەراکەی. ئەوەتا وەك هەمیشە میدیا ورۆژێنەرە بەئەنقەست و بەمەبەستەکانیش بێباکانە ئاڕاستەی هێزە مەزنە ورۆژاوەکەی سەر شەقام لەمرازی خۆی دەترازێنێ و نارەزایەتییە بێ ڕتووشەکانیان بەرتووشکراوی دەیخاتەوە خزمەت موزایەداتە جۆراو جۆرە قازانج ویستە قێزەونەکانی خۆی و سەرچاوەکانی ئاڕاستە کردنیانەوە. بەنموونە دروشمەکانی ڕۆژانی دووەم تا کۆتایی ورۆژاوان جگە لەئازادی، ئازادی، غەیب دەبیات، وەك ئەوەی ئازادی لەسایەی ئەلفدا کەوتبێتە ژێر پرسیارو مەترسییەکانی لەناوچوونەوە بەڵام لەسێبەری بادا دونیا شامی شەریف بێت!
بەدبەختییەکە ڕەنگە لەوەدابێ چۆن داری ئازادیمان بەخوێن ئاودا، ئیدی دەبێ بەری دیموکراسییەتیش هەر بەوەها خوێنێك پاراو بکەین، ئەگەر نا، لەڕاستیدا نەخزمەتگوزاری وەك ئەوەی دەبێ هەبێ هەیەو نەئازادیش دروست بەمانای ئازادی، بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر هاتنە سەر شەقامی ئەم خەڵکە تەنها پەیوەستە بەدروستکردنی فشار لەپێناو هێنانە ئاراوەی خزمەتگوزارییەکی زیاترو شایستەتر بەهەبوونی ئەو خەڵکەبێ، ئەدی وتنەوەی ئازادی ئازادی لەوەها دۆخێکدا جگە لەپارادۆکسی حیزب و یەکە بڕیار بەدەستەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بڵێن تا بڵێم شوێنگەی چییە لەوەها شەتەکدانێکدا؟ ئەدی

ئەگەر هاتنە سەر شەقامی ئەم خەڵکە لەبەر نەبوونی ئازادییە بڕو بیانوی نەبوونی خزمەتگوزاری جگە لەکار تێکەرێکی فریودەرانەی وروژێنەر بێژن تا بێژم بەهای چییە لەوەها جوینەوەیکدا؟! ئەم نابەتیبوون و ناتەباییە هەمەکییەی لەژینگە سیاسیەکەی ئەم وڵاتەی خۆماندا بووە بەواقیع و خەریکە بەتەواوی بەکۆمەڵایەتیش دەکرێت ڕەنگە لەهەر شت زیاتر زادەی نەبوونی زمانی بەموختابگرتنی شەقام و ئەو ناهۆشیاری و زانیارییە هەڵەو باوانە بێت سەبارەت بەدیاردەو دەرکەوتە جیاکانی ناو کۆی کۆمەڵگە وەك تاك و یەکە پێکهێنەرەکانی هەمانە، ڕەنگە لەبەر ئەوەیش بێت پرسیارگەلە هەستیارو سەرەکییەکە وەك تاك هێشتا لەزیهنییەتماندا بەمانا نەبی و لەبەرامبەردا یەکە گوتاربێژو بڕیار بەدەستە باڵاکانی کۆمەڵگەیش ئەوەتا دڵخوازانە ئەم نائامادەگییە لەقازانجی هاوسەنگکرنەوەی ململانێکانی نێوان خۆیاندا لاڕێ و ئیستغلا دەکەن!

یانی نایانەوێ بۆشاییەکانی هەبوونمان بەهەڵوێست نواندنە ڕاست و دروستەکان تەژی بکەینەوە، چونکە ئەگەر خەمە قوڵەکەی خەڵك هەبوونی ژیانێکی شایستەتر بێ ئەوە بەدڵنیاییەوە خەونە گەورەکەی حیزب شوێنپێکردنەوەی زیاتری خۆی و جومگەکانی خۆیەتی لەسەر کەوڵی نارەزایەتییەکانی ئەم خەڵکە، هەر لەبەر ئەمەیشە نایانەوێ فێرە ئەوەبین پرسیاری جیددی دروستبکەین لەخۆماندا. بەنمونە ئەو پرسیارانەی من وەك تاك بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانم دەبێ چیبکەم؟ ئایا پتەوکردنی دیمۆکراسییەت ماف و ئازادییەکانم وەك تاك تاچەند دەتوانێ دەستەبەر بکاو بپارێزێت؟ ئەی ئایا کەوتنە دوای هەڵڵای ئەم و ئەوێك دەتوانێ لەمندا ئەگەر بێماناییەك هەبێ بەمانای بکاتەوە؟ ئەی ئایا ئەگەر بەهێز کردنی پیگەو پایە یاساییەکانم وەك پارێزەری ماف و ئازادییە خودییەکانم بەلاوە گرینگەو بەخاتری ئەوە هاتوومەتە سەر شەقام، ئەزانم وڵاتەکەم ئینگلاند نییەو لەغیابی دەستورێکی هاوچەرخدا وەها بەهێز بوونێك زالگەرایی حکومەتێکی تەواو مەرکەزی دەهێنێتە ئاراوە؟ جەستەی خۆم مولکی کێیە؟ ئەی دیدو ڕوانینەکانم دەستکردی کێن؟ ئەی ئیستغلاکردن و پێشێلکردنی ئەم بنەمایانە

لەژێر ناوی چاکەی گشتی و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە دەچێتە خانەی خزمەت بەکێ ؟ ئایا خۆم وەك مرۆڤ ئازادم لەوەی دەسکردو داهات و موڵکایەتییەکانی خۆم وەك ماف و ئازادییەکانی خۆم گەشە پێبدەم و بپارێزم بەو مەرجەی تەجاوز نەکەمە سەر ماف و ئازادی و موڵکایەتیکردنی ئەوانی دییەوە؟ ئەمانەو زۆر پرسیاری تریش، دەتواندرێ لەدو ئاستدا وڵام بدرێنەوە، یەکەم، وەك ئەوەی سروشت دەڵێت تۆ وەك تاك ئازادی و مافی تەواوەتی موڵکداریەتی تایبەت بەخۆتت هەیە، یانی بۆت هەیە ماف و ئازادییە خودییەکانی خۆت ئەزمونبکەی ئەمە بەبێ ئەوەی کەس بۆی هەبێت ئەم ئازادی و مافە خودییانەت لێ زەوت بکات و لەبەرژەوەندی خۆیدا وەك ئەوەی ئێستا لەکوردستاندا بەکار دەبردرێت، بەکاری ببات! ئاشکرایە خودا ئاینەکانی لەخزمەت مرۆڤدا بەمانا کردون، نەك مرۆڤەکانی خستبێتە خزمەت ئاینەکانەوە، یانی ئەگەر ئەمە سەبارەت بەخوداو ئاینەکان وابێ، ئەوە حزب و ئایدیۆلۆژیاو فەلسەفەکان هەرگیز مافی ئەوەیان نییەو نابێ مرۆڤ بخەنە خزمەت هەڵکشانی جێگەو پێگەو ڕێگەی خۆیانەوە. دووەم، بەمانابوونی ئەم ماف و ئازادییە خودییانەو پارێزگاری لێکردنیان، لەبەر ئەوەی لەم لەسەردەمە دیجیتاڵییەدا ڕەنگە هەروا سادەو سانەیش نەبێت بەڵکە لەبنەڕەتدا ڕەنگە پێویستییان بەهەبوونی ئۆرگانێك هەبێ بەڵام ئەوە هەر حکومەت و دەوڵەت نییە بتوانێ وەك ئۆرگانێك ئەو ماف و سەلامەتییانە بپارێزێت! لەدنیای پێشکەوتودا ئەگەر نەوترێ ئەمە ئەوەندەی حکومەت ئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەتە ناشتواندرێ نکۆڵی لەڕۆڵییان بکرێت. وتم کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت، نەك کۆمەڵگەی حیزبیی و کەرتی قۆرغکراوی تایبەت، هەروەك ئەوەی لەژێر ئەم ناوەدا ئێستا لەکوردستاندا بوونەتە بەرداش و کەرامەتی مرۆڤی کورد دەهاڕن و لەخۆڵەمێشەکەیشیان کۆیلەی حزبیی و پاسەوانی پارێزگاریکاری بێدەربەستی سەروماڵی ناشەرعی بابای خاوەنشکۆی لێدروست دەکەنەوە!

# کارگەی فەرهود

لەکۆمەڵگە داخراوەکاندا هەمیشە لەبیانووێك زیاتر هەیە تا یەکە کاریگەرە باڵاکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەڕێگەیەوە ماف و سەربەخۆییە زاتییەکانی تاك لەبۆتەی نەرێتگەرایی و دەستوردانی شەرعی و نا شەرعی و تەنانەت یاسایش بدەن! یانی، ئەم هەژموونە باوگەرایخوازە هەمیشە وەك چەکێك دژی یەکە پێکهێنەرەکانی وەها کۆمەڵگەیەك حازر بەدەست و لەسەر پێیە بەو ئامانجەی ماف و توانستەکانی تاك هەردەم بەدەم وتنەوەی دەستەواژەی چاکەو بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە لەتەمیانی مێگەلدا بهاڕێت و بیانکاتەوە بەخۆراکی یەکە کاریگەرە باڵا دەستەکانی.

ئەمە لەکاتێکدا تەواوی ڕوانینە ئاسمانی و ڕێسمانییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە جەستەی مرۆڤ وەك خود جگە لەخۆی موڵکی مەخلوق و بوونەوەرێکی دی نییە، یانی مافی ئەزەلی و بنەڕەتی و سروشتی خۆیەتی خاوەندارێتی لەدیدو ڕوانگەو ڕوانیەکانی خۆی بکات نەك بەبێ ویست شەتەك بدرێتە ئەوەی پێیدەگوترێت چاکەو بەرژەوەندییە گشتییەکان. چونکە وەها ڕوانگەیەك لەمێژودا ملیۆنەها مرۆڤی ڕاپێچی مەرگکردوە، ڕەنگە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەجەنگ وماڵوێرانییە زۆرو زەوەندەکانی ڕابردو، بەس بێت بۆ سەلماندنی وەها ڕاستینەیەك. یەکە قۆرغکارییە باڵا دەستەکانی وەها کۆمەڵگەیەك لەپێناو ئەوەی ڕەوایەتیش بدەنە وەها بەرخۆرییەك، ئەم دەرئەنجامە وەك حەسانەیەك لەبەرژەوەندی خۆیاندا وێناو ئەژمار دەکەن، یانی پێچەوانە بەکۆمەڵگەی گەشە سەندو، هەردەم ئەوەی وادەکات ئەزمونکردنی هەبوونت وەك تاك بەمانا بابەتییەکەی بەهای هەبێت، پشت دەبەستێ بەهەڵخراندن و سەپاندنی هزری دەستە جەمعیگەرایی و سنورداركردنی ماف و توانست و ئازادییەکانی تاك. ئەم بەندو باوە، بەجۆرێکە، تەنانەت ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی پانتاییە کەلتووری و شەرعییەکانیشەوە ئەوا بەڕێگەی هێنانە ئاراوەی یاسا داتاشراوە شەتەکدراوەکانی دەستی دوو چەندایەتی ئەرك و چۆنایەتی ماف و فۆڕمی ڕەفتارکردنی تاك، دەسەپێندرێت.

ئەمە لێرە لەکوردستان وایە! مرۆڤ وەك تاك بەر لەهەر شتێك دەبێ ببێت بەبەشێك لەکۆیە مەزنەکەو وەك باوانی بدوێ وەك ئەوەی باوە ڕەفتار بکا، بەڵام بۆی نییەو ناتوانێ تەنانەت ماڤی بەماناکردنی ئازادیخود لەخۆدای خۆیی لەخۆدا بەمانا بکات، بۆی نییەو ناتوانێ خەون و خولیاو توانستە زاتییەکانی خۆی وەك تاك و وەك ئەوەی شیاو بەهەبونیەتی ئەزموون بکات! لەکوردستان، بەهۆی زاڵگەرایی وەها هەژموونێك و بەهۆی ڕەنگ پێدانەوەی وەها بێبەریکارییەکی تاك لەماف و بەکار بردنی توانستە زاتییەکانی خۆی، ئەوەتا بەشە هەرە زۆرە سەرمایە ماددی و مەعنەوییەکەی وڵات خۆکارانە کەوتووەتە خزمەت ژیانکردن و بەهێزکردنی زیاتری پێگەی یەکە باڵا دەستە قۆرغکارەکانی کۆمەڵگەوە! تاك و هزری تاك گەرایی هێندە لەژێر باردان دەتواندرێ بگوترێ نەدۆزەخییەو نەبەهەشتییە، یانی ئەگەر نەگوترێ ژیانێکی تەواو ڕوەك ئاسا دەبێ بژین، ئەو ڕوەکانەی نەلەدۆزەخدا دەسوتێن و نەلەبەهەشتیشدا، بوونیان هەیە، بەمانایەکی دی تەواو ڕاستە ئەگەر بگوترێ نە ئازادو نە کۆیلەیشن، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەبری ئازادی، بەرەو خودکۆیلەیی خویخۆیان ئاڕاستە دەکرێن و دەبردرێن.

چونکە بەرژەوەندی و فراژۆپێکردنی هەستە ئاکارییە باڵاکە ئەو هەستە خودپەسەندە جەمعیگەراییەی وایکردوە قوڵبوونەوەی هزری بێموبالاتی لەناو جومگە کۆمەڵایەتیەکاندا لەناو ژینگە گشتییەکەی کۆمەڵگەدا لەناو یەکە ئیداری و کایە سیاسییەکەدا بەتەواوەتی ببێتە یەکێك لەپرسە مەترسیدارە هەرە ڕاشکاوە حاشا هەڵنەگرەکانی هەستنەکردنی تاك بەرامبەر بەئەرك و بەماف و بەرپرسیارێتییە جڤاکییەکانی. ڕەنگە بگوترێت، ئەی ئەوەنییە زۆرینەی خەڵك بەشداری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی هەرێمیانکرد، مەگەر ئایا ئەوە هەستکردنی تاك نییە بەرامبەر بەئەرك و بەماف و بەرپرسیارێتییە جڤاکییەکانی سەرشانی؟ هەرچەندە نامەوێ لەیەکەی باسەکە لابدەم، بەڵام وڵامدانەوەکەی بەگرینگ دەزانم، زۆر بەسادەیی لەم جۆرە کۆمەڵگەیەدا وەك هەمیشە ئەوەی خەڵك دەهێنێتە سەر هەست و دەیانجولێنێت ئەوەی ئاڕاستەیان دەکات ئەوەی بەشدارییان پێدەکات،

لەڕاستیدا ئەوا گشتاندنی هەستە ئاکارییە بەرژەوەندیخوازە باڵا دەستەکەی کۆمەڵگەیە بزوێنەرەکەی، نەك ئەزمونکردنی ماف و درککردنی تاك بەخود ئەرکدارکردنگەرایی.

گەر نا دەمێکە ساغبۆتەوە لەوەها کۆمەڵگەیەکدا بێبەها تر لەهەڵبژاردن، خودی دەنگدەرە خۆیەتی، چونکە دەنگدەر هەرگیز نەیتوانیووە لەم واقیعە چەقبەستووەی تێیکەوتووە دەربازی بێت، هەمیشە تەوافوقاتی بەناو نیشتیمانی و هاوپەیمانی بەرخۆرو ئەم نەوعییەتە لەبەرژەوەندیگەرایی چینە باڵا دەستەکەی کۆمەڵگە دوای هەر هەڵبژاردنێك بووەتەوە شوێنگرەوەی بەرئەنجامەکانی خودی ئەو هەڵبژاردنە. سەرنجبدە، دوای هەر پرۆسەیەك، کاتێك زۆرینەی ڕەها هەم لەسەر ئاستەکانی تاك و هەم لەسەر ئاستە گشتییەکەی خەڵکیش بەدیناکەی هەست بەوە بکەن ئەم حکومەتەی پێکهێندراوە یا پێك دەهێندرێ ڕەنگ دانەوەی هێزی ئەزمونکراوی ئەرك و ئەزمونکردنی مافەکانی تاك بێت، دروست لەم حەقیقەتەی سەرەوە بەڕونی تێدەگەی. گەر هەبێ و هێشتا بییەوێ بپرسێ، هۆکاری وەها هەست نەکردنێك چییە مەعلومە تاك نایبینێت ئەم حکومەتە وەسیلەی لانیکەمی هێنانە ئاراوەی خۆشگوزەرانی و خواستەکانی ئەو یا ئەوانی دی هاونیشتیمانی ئەو بێت، بەقەد ئەوەی خودی خۆی و ئەوانی تری هاونیشتیمانی وەك وەسیلەیەك دەبینێت لەخزمەت قایمکردنەوەی پێگەو پارێزگاریکردنی بەرژەوەندی دەستە باڵاکانی کۆمەڵگە.

نمونە: تەنهالەیەك ساڵدا بڕی ٦٨ ملیارو ٤٠٧ ملیۆنو ٣٢٠ هەزار دینار، دەچێتە قورگی تەنها١٣٣٦بەناو پلە تایبەتەکانەوە، بێگومان ئەمە بێجگە لەمووچەو ئیمتیازاتی بێشوماری وەك ئیفادو هاوسەنگ و ناهاوسەنگی خاوەنشکۆو ئەوانی تری پێیان دەگوترێ سەرکردەو شرینیاتی بۆنەو مناسەبات و ساڵانەی منداڵانی پلە یەك! لەبەر ئەوە، هەر حکومەتێك مافی تاك و خەڵکەکەی وەك ئەوەی شایستە بەهەبوونیانە دەستەبەر نەکات و نەیپارێزێت بەو حاڵەوە نایشتوانێ وابکا تاك و یەکە پێکهێنەرەکانی لەبنەمادا بەهی خۆیانی بزانن. بەڵام ئەوەتا خۆشیانی لەگەڵدا دەگونجێنن؟ یانی دانەرو گوێگری ئاوازە

بێدەنگییەکە بەمانا بابەتییەکەی دیسانەوە هەر خویدی خۆیانن؟ دەی ئەگەر ئەم دەرئەنجامە پەیوەندی بەنا ئاگامەندییانەوە هەبێ، ئەوە بەشە هەرە زۆرەکەی هۆکارەکە پەیوەندی بەدەرهاویشتەی ئاکارە خود سەپێنە دەستە جەمعییەکەوە هەیە، چونکە بەبێ ئەوەی تاك تیایدا بەخۆی بزانێت، کراوە بەستەمکاری سەر خودیخۆی.

دەگوترێ ئیرادەی خەڵك یانی ئیرادەی زۆرترین ژمارەو چالاکترین بەشەکانی خەڵك لەکۆمەڵگەدا، بەڵام ئەرێ هەر بەڕاست تۆ بڵێی وەها زۆرینەیەك بەسروشت تامەزرۆی ئەوە بن خودی خۆیان سەرکوت بکەن؟ یان ئەوە فەرزیاتی کەلتورو ئاکاری چینە باڵا دەستەکەی کۆمەڵگەیە ئەمەی کردوە بەسەوابتاتی ژیانکردن و وایکردوە خودی خۆیان بەرەو خود کۆیلەگەر کاری خۆیان لینگ بدەن؟ دیارە بەدڵنیاییەوە ئەوەی لێرەدا نەسازە، ئەوە ڕێز نەگرتنە لەپێکهاتەی هەر تاکایەتییەك لەلایەن یەکە دەستە جەمعییەکەوە، چونکە مرۆڤی ئەم چەرخە بەسروشت ڕەنگە مەرگ بەلایەوە ئاسایی تربێ لەوەی ببێتە کۆیلە، کەواتە ئەوەی دەنگدار لەهەڵبژاردندا دەیکات، لەڕاستیدا ئەرکدارکردنی یاسادانەرو وەزیرانێك نییە بەرامبەر بەخزمەتکردنی جڤاك و هێنانە ئاراوەی ژینگەو ژیانێکی شایستەتر، بەقەد ئەوەی مووچەدار کردنیانە.

ئێستا لەهەر هاوڵاتییەك بپرسیت، لەوڵامدا دەڵێت بەرهەمی هەڵبژاردن، چینە باڵا دەستەکەی کۆمەڵگەو ئەو ١١١ ئەندامەی ئەنجومەنی نیشتیمانی و ستافی ئەنجومەنە جیاوازە کارگێڕییە ناوەندییەکانی دی و سیاسییە بڕیار بەدەستەکانی دی دەیبەن و دەیخۆن! لەکاتێکدا ڕەنگە ژمارەیان هەر هەموویان نەگاتە ١٥٠هەزار کەس لەناو میللەتێکی چەند ملیۆنیدا، ئەمە لەپوختەترین مانادا نیشانەی ئەوەیە زیندانەکانی عەقڵ ستەمکاری بێزاو قومارخانە زەبەللاح و کارگەکانی فەرهوتکردنی سامانە کۆمەڵایەتی و نیشتیمانییەکان تەنهاو تەنها لەکۆمەڵگە داخراوەکاندان و جیاوازییەك ئەگەر هەبێ تەنها لەناوەکانیاندایە.

# ئابڕومەندی

ئابڕو چییە؟ مرۆڤ بۆ دەبێ بەردەوام بوونەوەرێکی تەواو ئابڕودار بێت؟ دەی باشە ئابڕو ئەگەر لەهەر تاکێکدا هەبونی ئەوەندە گرینگەو دەبێ هەبێ، ئەی واتاکەی، ماناکەی، بەهاکەی لێرەوە تا ئەوێ، لەوێوە تا ئەولاو ئەمانە بۆ دەبێ ئەوەندە خۆگۆڕو ئەوەندە ناجێگرو هەڵگری دەیەها هێندەش لەمەغزاو گوزارشتی جیاواز بێت؟!

رەنگە ولاّمدانەوەی ئەم پرسیارانە قسەی زۆرو جیاواز هەڵبگرن، لێرەدا بەنۆرەی خۆم هەوڵئەدەم پوختەیەك لەدیدی خۆم بخەمە بەر دەست و دیدەتان، زۆریش هیوادارم نووسەران و شارەزایانی بواری جێندەرو توێژەرانی کۆمەڵایەتی، شرۆڤەو ڕۆشنایی بابەتیانە تری پەیوەست بەم باسە پێشکەش بکەن. ئابڕو لەدیدی مندا، وەك چەمك وەك واتا وەك بەها، لەناو کۆمەڵگە داخراوەکاندا جگە لەوەی بیانووێکە بۆ چەوساندنەوەی رەگەزی داپۆشینی کیماسییەکی دەرونی و ئاکاری خودیشە لەپیاودا، ئەگەر نا ئابڕو هەردەم لەنێوان بەرژەوەندی و ئەرکدارێتیدا ئامادەیی بەرپێنە بڕاوی خۆی هەیە، ڕاستە هەمیشە ئەرك دەتوانێ سنورەکانی بەرژەوەندی تێبپەڕێنێ، بەڵام وەها تێپەڕاندنێك واتای کاڵکردنەوەی ئەو پەیوەندییە ناگەیەنێت، چونکە هەر یەك لەئەرك و بەرژەوەندی، پەیوەندییەك دەیانگەیەنێتەوە یەك و دواجار دەیانبەستێتەوە بەئابڕووەوە.

بەنمونە: بهێنە پێش چاوی خۆت، مرۆڤێك ژیانی خۆی لەپێناو ڕزگارکردنی مرۆڤێکی دیکەدا دەخاتە مەترسییەوە، بەڵام دواجار لەبری ڕزگارکردنی، یانی لەبری ئەوەی ئامانجەکەی بپێکێت، ئەوی بەخنکاوی دەریهێناوەتە دەرەوە لەڕوبارەکەدا. ئەوەی لەم نمونە ڕوداوەدا، بەها دەبەخشێتە قوربانیدەرەکە، بەر لەپێکانی ئامانجەکە دروست خۆ بەختکردنی قوربانیدەرەکەیە، وەها خۆ بەخت کردنێکیش بەر لەهەر شتێك شانازییە، شانازیش لەپوختەترین پێناسەدا ئابڕوە، وەها ئابڕوێکیش لەبنەمادا تێپەڕاندنی هزری خود پەسەندانەو بەرژەوەندی گەراییە، چونکە ئەمە لەبنەمادا ئەرك نەبووە بۆی.

ئابڕو، وەك هەر شتێك لەشتە داهێنراوەكانی مرۆڤ، هەر چەند بەپێوەری پلەو پایەو پێگەی خۆی لەسەر ئاستە جیاكاندا دەزانیٚ و بەكاری دەبات بۆ بەرز نرخاندن و بەرز ڕاگرتنی بەها لەدەرەوەو لەناووەوەی خۆیدا، بەڵام لەبەر هەبوونی جیاوازی لەڕوانگەو لەفەرهەنگدا، لەواقیعدا جێگر نییەو هەر كۆمەڵگەیەك جۆرە پێوەرێكی تایبەت بەخۆی هەیە، ڕەنگە ئەوەی بەلای كۆمەڵگەی خۆرهەڵاتییەوە مایەی ئابڕومەندیی بیٚ، لەكۆمەڵگەی خۆر ئاواییدا، بكەوێتە خانەی ئەوپەڕی بیٚ ئابڕوییەوە هەروەك چۆن پێچەوانە كەیشی هەر هەمان تشتە، بەڵام دیسانەوە ئەوە واتای ئەوە نییە چجۆرە تێگەیشتنێكی هاوبەش و سەرتاسەریش سەبارەت بەئابڕوو ئابڕوومەندیی لەئارادا نەبێت.

نمونەیەكی دی، ئاڵا لەوسەر بۆ هەتا ئەوسەری كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەئابڕو ئەژمار دەكریٚ، خۆ بەختكردن لەپێناوی نەتەوەو لەپێناو نیشتیماندا، پارێزگاریكردن لەئازادی و سەربەخۆیی وڵات و گەلدا، یان قوربانیدان لەپێناو هێنانە ئاراوەی ئازادی و سەربەخۆییدا، یان بەدەستهێنانی نمرەی بەرزو بڕوانامەی بەرز جا لەهەر بوارێكدا بێت، لەهەر وڵاتێكدا لەپێوەرە هەرە بەرزەكانی ئابڕوون. بەڵام هەبوونی دیموكراسییەت و هەبوونی سیستەمێكی خۆشگونجاو، پێڕۆكردنی یاساو دەستەبەر بوونی ئازادییەكانی تاك وەك ئەوەی بەلای خۆرئاواییەكانەوە ئابڕوە، شەرت نییە بەلای خۆرهەڵاتی یا تەواوی گەلانی تری دنیاوە ئابڕو بێت. نمونەیەكی تر، لەوڵاتانی پێشكەوتودا ڕێزگرتن لەكارێكی داهێنەرانە جا لەهەر بوارێكدابیٚ و ئیزافەیەك بخاتە سەر هەبوونی بوون لەو وڵاتەدا، یا ڕێزگرتن لەهەر شاكارێكی مەزن جا لەهەر بوارێكدابیٚ و سودی هەبێت ئەوە مەخلوقە داهێنەرەكە لەهەر ڕەگەزێك بێت لەهەر ڕەنگێك بێت، بەهەر زمانێك بدویٚ و بەهەر زمانێك بنووسێت داهێنانەكەی بەپلەی بەرزی ئابڕو دەنرخێندرێت و خەڵاتیش دەكرێت. بەڵام ئەمە لەوڵاتانی تەنانەت تازە پێشكەوتووشدا وانییە، ئابڕو لەكۆمەڵگە دواكەوتووەكاندا، بەجۆرێكی دی تەحریف و تەعریف دەكرێت، یانی ئابڕومەندیی تەنانەت لەڕەگەزێكەوە

بۆ ڕەگەزێکی دی لەخێزانەوە بۆ جومگەیەکی کۆمەڵایەتی دی گۆڕانی بەسەردا دێ، ئەوەی پیاوێك ئابڕومەند دەکات شەرت نییە، هەمان ئەو تشتە ژنێك شەرفمەند بکات ! !

ئەوەی لەخێزانێکدا بەئابڕومەندیی ئەژمار دەکرێ مەرجنییە لەجومگەیەکی تری کۆمەڵایەتیدا، وەها ئەژمار بکرێت، لەهەندێ کۆمەڵگەدا پیاو ئابڕوی ڕەگەزی بەرامبەریش بەموڵك و ماڵە نەبڕاوەکەی خۆی دەزانێ جگە لەوەش، ڕەگەزی مێینە تەنانەت چەندە بێدەنگ و چەندە ملکەچ و چەندەش لەش داپۆشراو بێ هەر ئەوەندە شەرفمەندەو هەر ئەوەندەیش ئابڕوی پارێزراوە. بەڵام لەبنەمادا، وەها ڕوانگەیەك پێچەوانە بەپێوەرە بنچینییەکانی ئابڕوە، چونکە ئابڕو، بەخشراوێك نییە ئەزەلیبێ، بەڵکوو ئەوە کۆشش و هەوڵەکانی مرۆڤە ئابڕو بەواتا دەکات لەخۆیدا، ئابڕومەندیی شتێك نییە بەبڕیارو ڕاسپاردەی ئەم و ئەوێکی باوك یا خاوەنشکۆو ڕێسا لۆکاڵییەکان بپێورێ و بگۆڕدرێت. هەروەك ئەوەی چۆن کۆیلایەتی ناتوانێ ببێتە جێگرەوەی ئازادی، درۆ وێژی ناتوانێ ببێتە جێگرەوەی ڕاست بێژی، یا چۆن جەهالەت ناتوانی ببێتە ئەلتەرناتیڤی زانست و زانیاری، ئا ئاوهایش بەئابڕویی ڕەگەزێك ناتوانێ ببێتە مایەی ڕاستکردنەوەو هاوسەنگ کردنەوەی بێ ئابڕویی ڕەگەزەکەی دی.

لێرەدا، نامەوێ زۆر دوربکەومەوە لەباس، بەڵام وابزانم دەرفەتێکە گونجاو تا تیایدا پرسیار بکەم، پیاوێك تەواوی ئەندامەکانی مێینە بەئابڕوی خۆی بزانێ شەرەفمەندییە؟ یان لەبەرامبەر هەر شتێکدا مێینەیەك وەك هاوسەر یان شتی تر بکڕێ و بفرۆشێت؟ ئەمە لەدنیایی ئێستادا جێگەی پێکەنینەو مایەی گاڵتە پێکردنە، ئەوەندەی زانیاریم هەبێ ئێستا پەردە دورینەوەی مێینە لەکۆمەڵگە جیاوازەکاندا، بووە بەشتێکی ئاسایی، یانی سەرەڕایی دورینەوەی لەلایەن پزیشکانەوە لەوەیش بەولاوە وڵاتانی خاوەن پیشەسازی ئێستا کارێکیان کردووە تەنانەت بەبێ پزیشکیش دەتواندرێ پەردەی مێینە دابندرێتەوە. بەئابڕوتان! ئابڕوێك بەواتای ئابڕومەندیی ئابڕو بێت، پێنەو پەڕۆکردنی دەشێت؟ وڵامەکەی ئەگەر بەئەرێ بێ، دڵنیابن ئەمرۆش نەبێ سبەی هەر دەچێت.

# ئامادەکردنی واقیعێکی نا ئامادە
# لە(چی دەکەی بەکۆشێك پەڕسێلکەوە)ی سدیق عەلی

ئەوانەی دەخوێننەوە مەرجنییە لەبنەمادا خوێنەر بن، خوێنەر ئەوانەن لەخوێندنەوەدا توانابینی تێگەیشتن لەناوەرۆکی دەق، ریتم، هارمۆنی یا ماناو مەغزای بابەتییان هەیە، ئەوەی ئەم توانابینییەش دەبەخشێتە وەها خوێنەرێك، بێگومان پرس و پێویستی خۆ راهێنانن لەسەر خوێندنەوە.

هەڵبەتە بۆمنێك خوێندنەوەی دەق جا هەر دەقێك بێ، وەك ئەوەی زۆرێك لەخوێنەر یا چیرۆك نووس و هۆزانڤانە لاوەکانی ئێستای کوردەواری فرچکییان پێوە گرتووە بۆ وەرگرتنی زانیاری یا پەیداکردنی شارەزاییەك نییە. راستیەکەی بۆ ئەوەش نییە چاوی ڕەخنەو شەحنەمی پێ تیژ بکەم، دیسان وەك ئەوەی بووەتە پیشەو نەخۆشی هەنێ بەناو نوسەرو رۆشنبیرانێك تا ئێستا کەسێك گوێی لەڕەئی خۆیان نەبووە، نایشمەوێ بەشوێن دۆزینەوەی چەند ڕستەو تێکستێکی زلەوە بم بۆ جوینەوەیان لەبەریەککەوتنی رۆژانەدا تا جۆرێکی دی باکگراوندی رۆشنبیری و ماریفیمی پێ وێنا بکەم، ڕەنگە هەر بۆ ئەوەش نەبێت هەڵوەستەیەکی جیدیانە تری لەمەڕ کۆمەڵگە یا هەر تشتێکی دی پێ بهێنمە سەر قسەو باس.

خوێندنەوەو ئەم پرسی خۆڕاهێنانە لەخوێندنەوەدا بەلای منەوە بۆ گەیشتنە بەشێوازێکی دی باڵاتر لەپەیوەندی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، نێوان مرۆڤ و ژینگە، نێوان مرۆڤ و دنیا، لانیکەم بۆ ئەوەمە مرۆڤبوونی خۆمی پێبەرەو جوانی و کامالّیەت بەرەو کرانەوەو خۆشەویستی بەرەو چێژ گرتن و چێژ بردن بەرم. ئەم یەکانگیرییەش کاتێ دەێتە رۆژڤەوە، خوێنەر لەئاستی راڤەکردن و شیکردنەوەی دەقی خوێنراودابێ و بتوانێ دەروازەی جیاش بۆ چێژو جوانی جیا بخاتە سەر گازەرای پشت.

بیریشت نەچێ، دواجار ڕەنگە ئەوە هەر ڕوانینێکبێ و بەس، تۆ مافی ئەوەت هەیە جۆرێکی دی چێژ لەو دنیایە وەربگری، چونکێ دەبێ ئاگاداری ئەوەشبین وەکیەکی لەخوێندنەوەو تێگەیشتنی دەقدا، کارێکی مومکین نیە، بەنمونە ئەوانەی زۆر بەسادەیی لەشیعری نوێ تێدەگەن، مەرج نیە بەو ساناییەوە لەشیعری کلاسیك مەسەلەن لەمەحوی چێژ وەربگرن و تێبگەن. هەرچۆنێکبێ، خوێندنەوە نەسەرەتاو نەسەربردەو نەمێژوو نەشوناسێکی تایبەت بەخۆشی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی نوسین لەو مەهزەلەو بێ شوناسیەی نێوان خوێنەرو خوێندنەوەدا نەمرێ با بۆی لەکەوڵی خۆمان وەدەرکەوین و بنکۆڵی بن درێژو وشەکان بکەین! ئاشکرایە دڵی مرۆڤ شتگەلێکان دەخوازێ، بۆ من یەکێك لەوان شیعرە، لێ نوسینی نا، خوێندنەوەی، ئەز بۆنی خاك، تامی ئەبەدییەت لەبروسکەو بارانە شیعرییەکان دەکەم. کاتێ دەکەومە خوێندنەوەی شیعری شاعیرێك نەك ئەو میعرو ماعیرانەی سەد هەزار جاری تریش تەڵقین وەربگرن و تەڵقینیان بدرێتێ وشەیەك چییە ناچێتە گوێچکەکانیانەوەو چییەکی بەماناتر لەوەی رابردو هێناویەتی ناخەنە سەر بوون، چونکێ ئەمانە لەبنەمادا بەمردویی لەدایکبوون، بێئەوەی بمەوێ بەر لەتۆو ئەموو ئەوێك لەخۆمی واقیع ئەو واقیعە تاڵ و تفتەی جارسی کردوین لەوجود جوێدەبمەوەو بەرەو مەودا دورەکانی خەیاڵ سەری پرسیار هەتا ئەوپەڕی وڵام لەپریاسکەی چێژو ڕوانیندا بەرەڵڵای دنیابینی و سەحرا دەکەم، ئاخر خۆ حەیفە بگەیتە دەریای شیعرو بەلوێچێك لێی ڕازیبی!

شیعرەکانی"سدیق عەلی" چونکێ خولانەوەیەك نین بەدەوری تێکست و چەمکە ڕستکراوەکان چونکێ ئیشکردنێك نین لەسەر داتاشین و داشۆرینی ماناو مەغزاو روتکردنەوەی بەهاکان چونکێ کۆپی و سەمایەك نین لەسەر خەیاڵاتی خەملاوی ئەوانی دی، چونکێ دورن لەجوینەوەی بانگەوازی بەسەرچووی مەعبەدو بێخەیاڵی بەد مەیخانەکان، بۆ من دور لەنادیدگەرایی بندێڕو سەردێڕەکان دور لەوردو درشتی سەرنج و تێبینییەکان لەو دەریا بەرینەن و کەچی تینوێتیشم لێیان ناشکێ.

چڕ بونەوەی ئەو پرسە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە بەسەریەکدا ترشاوە وەك دەرهاویشتەی ئەو دۆخە دەنرخێنێ و پێمان دەڵێ: هێشتا کوێچەکەکانی کۆمەڵگە لەئاست بەوەها هاوارێك کپن و هیچ لەحیکمەتەکانی ئەم بەردەوامی پێدانەی ژیان تیناگەین. سدیق، لەم ئیشەیدا رۆڵێ کۆمەڵگە نەك وەك ئەو ئەکارەکتەرە ئەرێنیە نابینێ، بگرە ئەو بەسروشت پێیوایە پەروەردەو دادو چیژو فەلسەو جوانیەك بەم فۆڕمەی خۆی دەیەوێ لەئارادا نەماون کەوتبێتە ئێرەی کۆمەڵگەوە تا پریشك و پرشنگەکانی دەرنەکەوێ، ببینە ئەو لەنێوان ئەو عەدەمیەت و پەتیبوونی مانایەدا سەرنجمان بەرەو دو لایەنی زۆر زەق رادەکێشێ:

مندالآنی ئێرە لەو سەری کۆلارەوە

تا ئەوپەڕی گڕوگرتن

لەم دیوی چەکەرەییەدا تا ئەودیوی هەڵوەرین

یەکەمیان دەیەوێ کۆمەڵگە بخاتە بەردەم ملکەچ بوونێکی ڕەهای ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و دووەم گەڕانی کۆمەڵگە بەرەو پەیوەست بوون بەحەقیقەتەوە بەیان دەکات. لەم ئیشەی سدیق ـدا نادیدگەرایی یان نەزانین هیچ کات و سەردەمێك وەك هەڵگری دوا دەواو دوا چارەسەر ئەژمار ناکرێ:

لێرە لەو ئاواییە بێ جریوەیەدا

تاریکی بەرپا دەکەن

مانگ کۆ دەکەنەوەو

ئەستێرە لەسەر جۆلانەکانیاندا پاڵ دەخەن

ئەگەرچی ئەم تێگەیشتنە مەعریفیە وروژاندنی پرسیارێکی نوێ نییە، بەڵکو دەربڕی توانایەکە بۆ گەیشتن بەبوونەوەرە جیاوازەکانی دی، بۆیەش بەشی یەکەمی دەکەوێتە

ناو ئەخلاقەوەو گێرانەوە بەرەو جوانترین شێوە لەپەیوەندییە مرۆییەکان، بەڵام ئەو دەیەوێ مرۆڤ وەك خۆی ببینێ:

لەو پەرێزی بە هەڵمبونەدا

چیتداوە لەگرگرتنی پەنجەکانی جگەرەیەکی چڵکن

هەڵبەتە دواتریش ئەو جیاوازیانە شی دەکاتەوەو لەهەوڵی پەیبردن بەژیان کردنێکی دیکەدایە، ژیانێك لەدوای وەها بوونێکەوە دەست پێدەکات و لەم خاڵیبوونەوەی ماناو ئەو بێناوەڕۆکییەی دەرگیری بووە دەرباز ببێ، ئەو مەیلی کێش کردنەوەی مرۆڤ بەرەو چێژی مرۆ ویستی و گەڕان بەدوای وڵام و مانادا لای سدیق،

تەمەنی پەپولەیەك کورتترە لە میزاجی گورگێکی خوێنڕێژ

کوندێك بەدبەختترە لەهەڵۆیەکی داوێن پیس

لەو بەردەمە بۆ پێکەنینمان بەشی ژێرکردنەوەی

فانۆسێکی بە عیشوە ناکا

وێرای پرسیار کردن و خستنە ڕوی جیاوازییەکی فیکری فەلسەفی و ماریفی، هەڵوەستە کردنێکی جیددیانەیشە لەسەر ئەوەی چۆن باشتر لەبوونمان وەك مرۆڤ و ئەم گرفتار بوونە تێبگەین:

دڵمان لە هەورازەکانی ترپەدا

بۆ نەگەیشتە خەڵوەتی دۆستانی هەتاو

هەروەك چۆن بیریشمان کێش دەکاو دەیەوی تاك یا خوێنەریش لەگەڵ خۆیدا ڕۆڵ لەبەرهەمهێنانەوەی مانادا بگێڕێ، ئەم پرس و بروسکە تەلیسماویانەی شاعیر، کارێکی داهێنەرانەو سەماکردنێکی جوانیشە لەگەڵ هێڵە خۆڵەمیشیەکانی خەون و خولیاو

خەیاڵاندن لەڕوانگەبینی خۆیدا. لێ، زنگێکیشن لەبێدار کردنەوەو دەیەوێ ڕێ لەیەئس و دەستی ئەم فەنابوونەیش بگرین خەریکە هەموو بەهاو شتەگەلە جوانەکانمان بەخۆی دەسپێردرێت.سەیرکە شاعیر چۆن کات و شوێن و تەمتوومانی ئەو ژینگە سیخناخکراوە لەبیموبالاتی ژیانکردن لای کۆمەڵگە تەی دەکات:

**من کۆڵانێك پێ دەزانم**

**بێئەوەی تەماشام بە سیلەی سوێیانەکانیدا هەڵواسم**

**بێئەوەی نیگام بگرمە داوێنی دەرگایەکی**

**زیاتر لەو ئەستێرانەی شەو بە دیاریەوە هەڵدەکورمێن**

**بزانە دەیەوێ لەکوێوە تریفە بارانی کۆڵانە تاریکەکانی وجودمان بکات:**

**زیاتر لەو دەستانەی چارەنوسی پەنجەرەکانی قفلٚ دەدەن**

**من هەر لەوێم**

**چاوەڕوانی لە تەنیشتمەوە وەستاوەو مەرگ بەرپا دەکا**

**تاریکی لە بەردەمم دانیشتوەو زەمەن بە رووبارەوە گرێ دەدا**

ئەگەر کەمێك بەدیقەتەوە بۆی نەڕوانی، وا تێدەگەی شاعیر ئەوپەری ڕەشبینی و گەمەیەکی سەرکێش و شێتانە تەنێ لەگەڵ وێناو ماناکردندا دەکات، لێ بەتێگەیشتنی من چ ماناو چ وێناکردنەکەی یەکانگیرە لەگەڵ چاوەڕوانییەکی شادیهێنەر، ئەوەتا دواجار پێمان دەڵێ:

**بێ ئەوەی بەخۆم بزانم**

**بەو ئاخیری عومرەوە**

هەر لەو کۆڵانەو چاوەڕوانیش بە تەنیشمەوە هەر لاو دەبێتەوە

هەستکردنمان بەمانای خودی ئەو بێمانابیە زەبرێکی کوشندە لەتەمتومانی ئەو بەفیرۆدانی کات و زەمە تاریکە دەسرەوێنێ و چاوەڕوانی دەپەڕێتەوە لەنەهات. ئەمەیش ئەوپەڕی درەوشانەوەی شیعریەتی شاعیر لەم ئیشەیدا نیشان دەدات، ئێمە ئێستا هەموومان شاهیدی دنیابینی ئەم سەردەمەین بەهاتوو هاوارو ساختەچێتی دروشمبازو ریاکارانێکییەوە گەمارۆ دراوە، بۆیە بەداخەوە دەبێ بڵێن پەروەردەکردن و بارهێنانەوە خەریکە بەژێر مەیلی ئەو مێگەل بەمۆدەکردندا دەبێتە کارێکی بێهوودە، نەك جێگایەك بۆ چاك کردنەوەی رۆحیەتی شپرزە کراوی کۆمەڵگە:

بەیانیانی ئێستا وەك هی ئەو زەمەنە پەمەییەی ئەودەم نەماون

نیوەڕۆیانی ئێستا

وەك جاران بەسکی برسیەوە خەو نایانباتەوە

عەسرانی ئێستا سێبەرێك نەماوە بۆ پیاسەی پشیلەیەکی توکن

ئێواران کەس عەشق ناباتە پشت ماڵ

شەوانە کەس دڵی دەرگا ناداتەوە

ئاخر ئەوە دەبێ چ کۆمەڵگەیەك بێ بەخاتری هێشتنەوەی فەرهەنگ و ترو تەوێڵکەی هزراندنی بۆماوەیی خوازانە کەرەستەیەکی نوێ بۆ ژیان کردن نەدۆزێتەوە؟! ئایا دەبێ رابردوی ئێمە بۆ هەمیشە هەروا لاو بمێنێتەوەو داهاتووی تیادا لەدایك نەبێ؟! تۆ بڵێی ئەمە هەروا کردەیەکی تێپەریوی بەردەوام ژیاوبێ و قابیلی پەلوپۆکردنێك نەبێ؟! تۆ بڵێی هەمووومان هەروا بێپەرواو بۆ هەتا عەدەم وەك ریزە پولی دۆمینە بەدوای یەکدا بکەوین و وەك گەڵاڕێزان بەدوای یەکدا هەڵوەرین و بەدوای یەکدا بمرین و وڵامی ئەم هەڵوەستەکردنانەی شاعیرمان دەست نەکەوێ؟!

نەمای تا لەهاتوچۆی نێوان ئەوسەری دارهەنجیرێکەوە

بۆ ئەوپەڕی دارتویێکی پەرچەم خۆڵاوی

دیقەت لە زەوقی پەڕەسێلکەیەکی خانە خەراب بگری

نەمای تا تێبگەی گوژاڵکی چاوەڕوانی تاڵترە

یان پەشمەکی بن سێبەرەکانی فیراق

بێگومان گەیشتنی شاعیر بەم یەقینە تاڵە، لەگەڵ ئەوەی هەڵگری جۆرە لێکدانەوەیەکی فانتازی ئامیزە، لێ جۆرە ئەبەدییەتێك نالێم لەرەشبینی، بەڵکو لەوەها بێولامییەکیش دەخاتە ڕوو، ئەمەیش ئاساییە بەڵام گوزارشتکردنێکی قولێشە لەم پرۆسەیەی هەروا سادەو سانا بۆ دەست خستنی وڵامێکی راست خۆی بەدەستەوە نادات، کەچی لەجەوهەرداو تائێرەیش تەنێ هەرگەیشتن بەهیچ یانی هیچی بەهیچی سپاردبین، ڕەنگە جۆرێك بێ لەنامەتیقیەت، ئینجا یان ئەوەتا نهێنی ئەم وێناکردنە کەوتۆتە دیوی ناوەوەی سروتی داهێنەرانەی شاعیر، یان ئەوەتا وێناکردنێکی هەڵەو تێپەرینێکی سەرچڵیانەیە ! بێگومان شاعیر دەبێ ورد بینانە تر لەئاسمانی ئەو پۆلووە ئاگرینانەی ژور سەری وردبێتەوەو بەدیقەتیشەوە شوێنەواریان لەسەر رۆحی شەکەتی خۆی هەڵبگرێ:

من کوڵانێك پێ دەزانم

ماڵێك پێدەزانم

نەخێر من هیچ شتێك پێ نازانم

لەوەتەی هەم لەگەڵ پەرەسێلکەیەکدا باران نادۆزمەوە

بەفر ون ناکەم

لەوەتەی هەم ئاگرم بەرنەداوەتە کوڵانێك

سەربانێکم بە زیکر تەڕ نەکردوە

پەنجەم نەخۆستۆتە نێو پەنجەی دارهەنارێك

قێزی قالۆچەیەکم نەکردۆتەوە

لە دەرگای شعوری هیچ کانیەکم نەداوە

من هیچ شتێك پێ نازانم

لە کەپری ریشۆڵەیەکی بە دەسنوێژەوە

تا دەواری دوعایەکی خنکاو

لە مەزرای شیعرێکەوە

تا بێشکەی خەمێکی چاو گەش

هیچ شتێك ناخزێتە ناو پەڕاوەکانی شعوری من

دیارە ساغکردنەوەی ئەم کۆ پرسە لەزانین و نەزانین، سۆراغکردنی ئەم هەموو بوون و نەبوون یا نا ئامادە گییە فکری و ڕۆحییە جڤاکییەی شاعیری هێناوەتە سەر هەڵوێست لەئاستی بیرکردنەوەو ئێستاتیکییەوە راستە ڕێك قسەکردنە لەسەر رابردویەکی مات و ئێستایەکی چەق بەستوو، بەڵام ئەو لێرەدا دەیەوێ بەزمانێکی جیاواز خەمە خودیی و ئەو رۆژگارە مردو مراوە لەبێماڵی و بێمروەتییە لەشعوردا بنکۆڵ بکاو ببڕێت و ئەم هاودژییەی لەپێشەوە باسمانکرد "ئامادەکردنی واقیعێکی نا ئامادە" لەم دابڕانە ئێستاتیکی و تەنانەت ماریفییەیش ڕزگار بکاو دوای ختم بوون مشتومڕێکی فرە روانگەو رەهەند بەدوای خۆیدا بهێنێت. بێگومان بەماناکردنەوەی ئەم نا ئامادەگییە جڤاکییە راستەوخۆ کێشمان دەکا بەرەو هەست کردن بەچییەتی شاعیر لەم خەیاڵاندنەی خەونی پێوە دەبینێ. حەتمەن "ئامادەکردنی واقیعێکی نا ئامادە"ـیش، تەنێ بەهەڵدانەوەی

پەڕاوەکانی شعورو قەتماغەی برینەکان، تەنێ بەوێنا کردنەوەی وێنە نەگۆڕەکان لەخەم نارەخست و تووڕ هەڵدانی ئاستەنگەکانیش وەك خۆیان دەمێننەوەو هیچ ئاکامێکیان نابێت ئەگەر خوێنەر نەخاتە سەر هەست بۆ جوڵاندن، ئەمەیە خوێنەر لەنادیاری روانگەیی و ئاڵۆزی ناوەکی و هەستیدا دەهێڵێتەوە:

**لەو ئاواییە بێ مروەتەدا هەمو رێگاکان دەچنەوە سەر بەجێهێشتن**

**هەمو رێگاکان بۆ رۆیشتنن**

**هەمو دەروازەکان بۆ نەکرانەوەن**

**هەمو چراکان بۆ ئاگر نەدانن**

**هەمو گیتارەکان بۆ نەژەنینن**

**هەمو کەسەکان بۆ نەهاتنە ژوورەوەن**

**من کۆڵانێك شك دەبەم**

**ماڵێك شك دەبەم**

**ئێستا بۆنی چایەکی عاشق سەمای تێدا ناکات**

**هەڵمی شۆربایەکی ئێسك سوك**

**نائاڵێتە یادەوەری پەنجەرەکەی**

**کچێکی لێ نیە چاوەڕێی تێپەڕینی دێوەرەیەکی بازنفرۆش بێ**

**هەیداد هەی بێداد**

ئاخر ئەم ئاوێتە کارییەی نێوان خەیاڵ و واقیع لەم نۆرم و فۆرمە تراژیکیەدا، شاعیر بیەوێ یان نا، هێندەی هەستی ترس و یەئس لەناخی خوێنەردا دەچێنێت، ئەوەندە

ئەسپی خەمە گەورەو وردیلەییەکانی بەرەو بێدار بوونەوە لەو نا ئامادەگییەدا لینگ نادات. ڕاستە لای ئێمە هێشتان شیعر کەم دەستە لەگۆڕینی هزری کۆمەڵگەداو ئەوە دەزانین شتێکی ئەوتۆی لەدەست نایەت، بەڵام ئەوەیش بەو مانایە نییە تۆ ئەم هەموو دەروازە داخراوە بێ ئاریچەو ئەم هەموو پرۆسەی بەهەڵمبوونە بێ بارینە بەفرێکی جاویدو نەزۆکی لەیادەوەری بەر هەیوانی ئەم دادو بێداییەتەدا دوبارە بەنارۆشنییەك بسپێری. ڕاستە زۆرینەی نەوەی ئەمرۆ بەژێر سایەی ئەم نەبارینەوە بووینەتە کرێگرتەی قوژبنە روخاوەکان و جگە لەباری رۆحی شتێکی ئەوتۆ نەماوە بەنیشتیمانەکەمانەوە گرێمان بدات! لێ، هێشتا هەڵاتن ئەو دوا دەواو چارەسەرە نییە تا بەدوا وێستگەی بچوێنین، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ، شیعر نهێنییەکی تێدایە هەموو کات مرۆ ناتوانێ پەیپێبەرێ:

ئاستەنگ کەوتۆتە بەردەم پیاسەی دوو هەنار

گومان دەکرێ لەوەی پەنجەرەکان لەهێنانە ژوورەوەی تیشکدا

دزی بکەن

تۆش بە کۆشێك پەڕو باڵی وەریوەوە

چیتداوە لە خاپوربونی باڵەخانەکانی تەمەن

بەوهەمو یەئسەوە

قەبری ئەژدادی کام پەرەسێلکە

پڕ دەکەی لە هەتاوی نەعلەت

بەو بەیانی زووە

ئاگر لە سوچی کام بیابانی زەمەن بەر دەدەی

دەتەوێ ئەو منداڵانە لە سێبەری کام باخچەدا خەو بڕوێنن

لە سێبەری کام درەختی توکندا

تاریکی رابخەنو تیشك بوەرێنن

منداڵ بۆئەوەیە دارستانەکان بە تەنیا نەمرن

منداڵ بۆئەوەیە پەپولە بە تەنها نەوەرێ

ئەستێرە بە تەنیا نەکوژێتەوە

باران بەبێ کەسی دانەکا

کۆتر بەبێ مرازی هێلانە نەگرێتە کۆڵ

هەتاو لە خۆیەوە گرێبەستە سپیەکانی بەفر هەڵنەوەشێنێتەوە

منداڵ بۆئەوەیە

لە رەشنوسەکانی زەمەندا

کەسێکی تر هەبێت بۆ عاشق بوون

ئەم چڕبوونەوەی شاعیر لێرەدا، دروست بەموخاتیب گرتنی ئەو کۆپرسینە نهێنی و شارەوەیە هەروەك چۆن یاریکردنێکی داهێنەرانەیشە بەوشە لەگەڵ وێناو هێماو بەماناکردنەوەی ئەو بێماناییەی ڕەنگی لەچۆن و چیەتی ژیانکردن پەراندوە! هەر ئەمەیشە وایکردوە چێژ پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بەم دەقەوە گرێبداو دەقیش سەراپای بەچێژەوە بلکێ و دەروازەی نوێیش لەگومان بخاتە سەر پشت:

ماڵێك هەبێت بۆ بەخێوکردنی گومان

کۆڵانێك هەبێت بۆ لەیەکدابڕینی دوو چەتر

بەو عەسرە درەنگەوە

بە کۆڵێك دەنوکی وەریوەوە

لەو ئاوەدانیە ریشنەی من چی دەکەی

کام شنەبای بۆن دوکەڵۆ

کام رووباری دڵبریندارهەڵی گرتوی

گومان نەبێ، ئارامی نارژێتە ژیانەوە! گومان نەبێ سەرمان لەزمانی پرسیار دەبڕێ! بەم هەموو بێگومانی و بەد گومانییەوە، بیناییمان ئەوبەر خۆی پێتەی ناکرێ، بۆیە دەبێ بەگومانەوە لەهەموو شتەکان بڕوانین، ئەو ماڵەی بەگومانەوە لەو پرسی بوون و نەبوونە نەڕوانێ، پێچەوانە بەتێگەیشتنی باو، ئارامی تیادا لەدایکنابێ، ئەمەیە راستەقینە، بۆیە ئێمە هێشتان نەبووینەتە خاوەن دایك و باوکێکی بەو مانا ماریفییە تەندروست، بەڵێ، بۆیە هەر خەریکی خۆ دوبارەکردنەوەو جوینەوەی بانگەوازە بەسەرچووەکانین.

# تێرۆری ڕۆژنامەوان
# وەك تیرۆری حەقیقەت

بێباکی حیزب و هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، بەرامبەر بەوەی هەتا ئێرە بەدیهاتووە، بەرامبەر بەوەی هەتا ئێستا قوربانی لەپێناودا دراوە، بەرامبەر بەهەبوونی

یەکتری، ئەوەتا هەبوونە جڤاکییەکەی بەمانای وشە یانی بەهەموو ماناکانییەوە تەموومژاویکردوە !

ئێستا لەم وڵاتەدا، ئێستا لەم بەشە کوردستانە ڕزگارکراوەدا، چاندنی تۆوی باوگەڕایی گەوجێنەرو گوێڕایەڵیکردنی کوێرانە گەواهیدانی درۆزنانە تۆمەتبار کردنی بێمروەتانە تۆخکردنەوەی ئەم ڕەنگ و کاڵکردنەوەی ئەو ڕەنگ لە خوێناوی بەقوربانی کراوو قوربانیدەردا تەنها لەپێناو سڕینەوەی یەکتریدا تەنها لەپێناو ڕەوایەتیدان بەناڕەوایەتیدا تەنها لەپێناو جێپێکردنەوەی خودو شوێن پێکاڵکردنەوەی ئەودا بووە بەشای هەموو شتێك !

چەند بەرزە فڕن ئەو مرۆڤانەی لەپێناو هێنانە ئاراوەی ژیانێکی باشتر، هەبوونێکی شایستەتردا، شەهید دەبن چەند نەمرن ئەو مرۆڤانەی بەزیندویی دێنە دنیاوەو هەر بەزیندویش دەمرن، بەڵام بەداخەوە بێباکی حزب و هێزو لایەنە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە بەرامبەر بەخەون و خەمە جڤاکییەکە، ئەوەندە ئاست نزمە وایکردوە تاکە خاوەن نەخشەکان وایکردوە نووسەرو ڕۆژنامەوان و مەخلوقە ئازادیخوازەکان لانیکەم وەها شەرەفێکیان بەبەردا نەبڕێت وایکردوە باوەڕی لایەنداری لەعەقڵگەرایی باڵاتر ببیندرێت وایکردوە ژانی لەدایکبوونی عەقڵ و عەقڵانیەت لەژێر پرسیارو مەترسیەکانی لەبار چووندا وەك هەمیشە لەچەمك و فۆڕمی جیاوازدا خۆی وێنا بکاتەوەو بناڵێنێت !

شەهید کردنی عبدالستار، سۆران، سەردەشت، کاوەو، هەموو ئەوانەی ڕفێندران و بێسەرو شوێنکران، هەموو ئەوانەی سنوردارو زیندانی و غەڕامەو ئازار دران، بەرئەنجامی سیاسەتی بنکۆڵ و کەولکردنی یەکترو سەپاندنی ئیرادە بوون بەسەر خەڵکی بێچارەو ڕەش و ڕوت و بەسەر کۆمەڵگەدا، نەك قوربانی ڕوانگەو هزرو کاریگەری پێگەو توانستەکانی پیشەگەرییان.

ئەمە لەکاتێکدایە هەر یەك لەحزب و هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەوپەڕی ڕاستیانەوە تا ئەوپەڕی چەپ، ڕۆژانە تەبلیغاتی ئەوە دەکەن مافێکی بنەڕەتی مرۆیی و سروشتیە هەر مرۆڤێك بییەوێ بەپێی خودی باوەڕەکانی خۆی ژیانبکاو ئەزموون بکات.

بەدڵنیاییەوە، سەپاندنی هیچ شێك بەشێك نییە لەماف و ئەرك بەڵکو ئەوە ویستی ئازادە بەرەو کاملیەتمان دەبات، نەك ترس و تۆقاندن و تیرۆرو بلاوپێکردنی هزری گەوجاندن و، دیماگۆجییەت.

بەڵام ئەوەتا لەسایەی ئەم ڕەوشە بێباکییە تەژی لەغەوشەی تەواوی ئەم حیزب و هێزو لایەنە سیاسیانەدا، دەیانساڵە بەدەیان نووسەرو بەدەیان ڕۆژنامەوان و بەدەیان خەڵکانی خاوەن نەخش دەترسێندرێن زیندانی و بێسەرو شوێن و تیرۆر دەکرێن!

بەتەنها لەپێناو بەلادا بردنی ململانێ حزبییەکانی نێوانیان ئەوەتا دەیانکەنە ئامانج، سەرئەنجام زەرەرمەندە یەکەمەکە بەتەنها هەر بەقوربانی کراوەکەو قوربانی دەرەکەی لێ کەوتووەتەوەو لێ دەکەوێتەوە.

بۆچی؟ چونکە دروست دۆسییەی بەقوربانیکراوەکە بەحزبی و بەسیاسی کراوەو دەکرێت، هەرگیز دەرفەتی ئەوە لەبەردەمی دۆسیەکاندا ناهێڵنەوە تا ڕەوتە ئاسایی و یاساییەکەی خۆی بگرێت!

لەبە ئەوە ئەگەر خانەوادەو خەڵکانی مەدەنی و ئازادیخوازانی ئەم وڵاتە، وەك ئەوەی پێویستە نەیەنە سەر هەست جوڵاندنی خەڵك تا بەر بەوەها هەمەکییەت و بێباکییەك بگرن، ئەوە بەدڵنیاییەوە دۆسیەی ڕۆژنامەوانە تیرۆرکراوو جوانەمەرگکراوەکەی گەرمیانیش"کاوە گەرمیانی" بەهەمان ئەو دەردەی ئەوانی دی دەبردرێت!

چونکە بەتەجروبە دەرکەوتووە بەسیاسیکردنی دۆسییەی ڕۆژنامەوانە زوڵملێکراوەکانی رابردو، دوواینجار هێندەی دۆسییەکانی ئەوانی دیزە بەدەر خۆنەکرد

ئەوەندە نەیتوانی بیانگەیەنەتە ئەنجام و ساغکردنەوە. بەڵایە سەدای دەنگ کوشندەیە ناونیشان بێئەوەی بەخۆتبزانی، بێباکی دەتکاتە ئامانجی بەلا دابرنی ململانێیە حزبییەکان، لێرە وایە ناونیشانێك دەپوکێننەوە تا بێناوێك شکۆفە بکات، سەدایەك دەبێ بخنکێت تا نەشازێك ببێت بەجێگرەوە ! !

بەحزب و سیاسی کردنی هەر دۆسییەکی وەها، جا لەلایەن هەر حزب و هێزو لایەنێکی سیاسییەوە بێ، تەنها لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراودایەو بەر لەهەر شتێك دەچێتە خانەی تیرۆرکردنی حەقیقەتەوە. سەرنج بدەن، ئەم هەموو کوشتارەی بەناوی ئازادی، شەرەف، پارە لەم وڵاتەدا خەریکە دەبێ بەدیاردەیەکی بەرپێنەگیراو، ئەرێ ئایا نیشانەی ئەوەیە ئەم میللەتە لەبنەمادا ئەوەندە بەر بادو بەربەری و مادديیە ؟ ئەرێ ئایا وەها کوشتارگەیەك دەرئەنجامی نائاگامەندی و نالێبوردەیی و ناشکۆمەندی ئەم میللەتەیە؟ یان لەبنەمادا، دەرهاویشتەی سەرئەنجامی مفرەداتی فورسەتبازی ئۆینبازە بێباکەکانی ئەم وڵاتەیە وایکردوە خەڵك ناچار بەشێوە ڕەفتارێك بکرێ ئەسڵەن خۆی هەڵینەبژاردوەو ڕەنگکراوە، میلتۆن دەڵێت: ئازادی باشترین قوتابخانەی فەزیلەتە. بەڵام فەزیلەت تەنها کاتێك ڕاست و چاکە ئەگەر ئازادانە هەڵبژێردرابێت، ئەگەر لەدەرەوەی ویستەکانی خۆی، ڕەنگ نەکرابێ! حزب لەدەرەوەی پرۆگرامە فەرمییە ڕاگەیەندراوەکەی خۆی، ئەگەر وەك تاکتیکێکی ئانی یا ستراتیژیش بێ، مافی ئەوەی نییە چی پێخۆش بێ ئەوە بکات، هەروەك ئەوەی ئەمە سەبارەت بەحکومەتیش هەر ڕاستە، ئەویش ئازاد نییە لەدەرەوەی سیستەمی بڕیار لێدراوی حکومڕانێتی دا، چی پێخۆش بێ ئەوە بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو شتە ببێتە مایەی هێنانە ئاراوەی هەبوونێکی شایستەتریش گەر بەر لەوە هەم پرۆگرامە حزبییەکەو هەم دەستورە حکومڕانێتیەکەیش پێویستییان بەهەموار کردنەوەو گونجاندنەوەی هەبێ، ئەوە دواینجار ڕێسایەك هەیە ڕێسای سروشت ئەو وەك حوکمێکی هەتاهەتایی بۆ هەموو مرۆڤەکان و یاسا دانەران و هەروەها ئەوانی دیکەش دەمێنێتەوە !

بەڵام لەکوردستاندا، جگە لەوەی دەستورێکی پەسندکراو نییە، حزب هەیە واتێدەگا ئەوەی هەیە خۆرسکانە لەژێر دەسەڵاتی ئەودایەو هەر جۆرە لادانێکیش لەبری ماف بەدەرچوون لەپرەنسیپە جێگرەکانی خۆی دەبینێت، هەیشە هەر بوارو هەنگاوێك بەئاڕاستەی تەنانەت گەشەکردنیشدا بکەوێتە دەرەوەی سەرچاوە جێگرەوەکانی پاکێجەکەی خۆی ڕەتیدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بشلوێت بۆی، بەر لەهەر شتێك لەداگیرکردنی ماڵەکانی خوداو خوێندنگەو خانەی خانەوادەکانەو یاریگەو مەلەوانگەکانەوە دەست پێ دەکات. ماوەتەوە بگوترێ، ئێستا پەلاماردانی "ی.ن.ك" و بەرگرتن بە پەرلەمانتارەکانی دەچنە خانەی وەها بێباکیەتێکەوە لەکاتێکدا زەرەرمەندی یەکەم لەتیرۆرکردنی شەهید کاوە گەرمیانی بەر لەخانەوادەکەی و بەر لەهەر شتێك، خودی یەکێتێی نیشتیمانی کوردستانەو بەر لەهەر لایەن و حیزبێکیش دەبێ "ی.ن.ك" ئەم دۆسییە بەهاوکاری دامەزراوە ئەمنییەکان و خەڵکانی تری ئازادیخواز ساغبکاتەوەو وابکات حکومەت بەبێ سڵەمینەوە ئەنجامەکانی بخاتە بەردەم میدیاو خەڵك.

ئیدی موزایەدەی هەر هێزو لایەنێك، هات و هاواری هەر تاك و گروپ و کۆمەڵێك، لەدەرەوەی ئەم لۆژیکە، بۆ تیرۆرکردنی ڕاستیەکانە، بۆ ئەوەیە ئەم دۆسییەیەیش وەك دەیەها دۆسییەی تری هاوشێوەوە، دواینجار نەگاتە دوا وێستگەو هەنگاوەکانی ساغکردنەوە.

## ژینگە و بەرهەمهێنان

لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، بەرهێنان بەمانا بابەتییەکەی یانی وەك ئەوەی شایستە بەهەبوونە لەجێگەی خۆیدا نەبێ و نەکەوتبێتە سەر شاڕێگە ئاساییەکەی ئەوا ژینگەکەی ناڕۆشنەو دیارە بەهەموو ماناکانییەوە لەژێر پرسیارو مەترسیدایە.

هەڵبەتە، ئەو تاك و خەڵكە سەرمایەدارانەی نەیانتوانیبێت زۆر بەدیقەت و بەباشییەوە ماڵ و موڵكە تایبەتیەكەی خۆیان و خاك نیشتیمانە هەمیشەییەكەی هەمووان وەك یەك بپارێزن، ئەوا لەئەنجامدا نەك هەر خودیخۆیان بگرە زۆرینەی هەرە زۆری فەزا گشتییەكەی ژینگەی وڵاتەكەیشیان لەناو بردوە! جێگەی داخە زۆرینەیەكی دیار لەسەرمایەداو سەرمایە گوزارانی ئەم وڵاتەو لەم وڵاتەدا لەسەرمایە بازاریدا ئەوەندەی لەخەمی بەدەستهێنانی زیاتری قازانجدان، هەرگیز ئەوەندە هزریان بەلای ئەوەدا ناچێ ئاخۆ ئەم سەرمایەكارییەی دەیكەن لەبنەمادا چەند زیانی هەیە لەسەر ژینگە بەمانا فراوانەكەی.

بەهەمهێنەر نابێ بەتەنها هەر خەریك بەكەمكردنەوەی خەرجیەكانی بێت و ئەمە بكاتە بیانوویێك چییە بەم رێگەیە بەرهەمی هەرزانتر دەخاتە بازاڕەوەو كاڵاكانی لەبەرهەم هێنەرانی دی هەرزانتر دەفرۆشێت، بەڵكو بەخاتری دەستگرتن بەهێشتنەوەی ژینگە شایستەییەكە دەبێ لەهەوڵدانی ئەوە دابن باشترین كاڵاو كواڵێتییەكان لەبەرهەم پێشكەش بكەن، یانی باشترین كاڵا بهێننە بەرهەم و بازاڕەكانەوە نەك هەرزانترین و نزمترین كوالێتییەكانی كاڵا. رەنگە ڕاستكردنەوەی وەها بارێك جگە لەبەرهێنانە ئاراوەی یاسا شیاوەكان بەڵكوو بەگرینگیدانی زیاتری ئەزموونی كەرتی تایبەت ببێتە وەڵام و هێنانە ئاراوەی چارەسەرێك. بەنمونە: لەوڵاتی ئوسترالیا كەرتی تایبەت توانیوویانە بەشێك لەئاژەڵەكان وەك كانگرۆ لەمەترسیەكانی لەناوچوون ڕزگار بكەن، هەروەها لەئەورووپا ئەركی پاراستنی بەشێك لەپاركە گشتیەكان، دراوەتە كەرتی تایبەت، بەكەڵك وەرگرتن لەم نمونەو دەیەها نمونەی زیندو تر لەجێگەی خۆیدایە ئیدارەی ڕاپەڕین غابات و دارستانە جیاوازەكان پارك و ناوچە گەشتیارییەكان یاریگەو مەلەوانگەو پاشماوەكانی خۆراك و خاشاك پڕۆژەكانی سەوزكردنی شارەكان، لەسەر ڕۆشنایی پڕۆتۆكۆڵێكی مۆدرێن، بداتە كەرتی تایبەت.

ئەوە بەو مانایە نا بمانەوێ وانیشانی بدەین لەکەرتی تایبەتدا هەرگیز هەڵەو خەمساردی و بەکاربردنی ناڕەوا ڕو نەدات، بەڵام ئەزموونی کۆمەڵگەی گەشەکردو ساغیکردوەتەوە ئەم بەشە زۆر باشتر ئەتوانی هەڵەکان ڕاستەبکاتەوەو بەرپرسیارانە تر هەڵسوکەوت بکات، چونکە لانیکەم لەئەنجامدا مەترسییەکانی لەناوچونی داهات و ژیانی خۆی دێتە ئاراوە، بەڵام حکومەتەکان وەك پیشەی هەمیشەیی خۆیان ئەتوانن کێشەکە بخەنە ئەستۆی کابینەو حکومەتەکانی دواو پێش خۆیانەوەو خۆیان لەوەها بەرپرسیاریەتییەك بپارێزن و بدزنەوە. وەها خەمساردییەك لەڕاستیدا تایبەتیش لەوڵاتی ئێمەدا لەئاستەکانی تاکیشدا بەدیکراوە، یانی لانیکەم نەتواندراوە ژینگەو هۆشیاری ژینگەیی ژینگەو بەرپرسیارێتییە ژینگەییەکان بەکۆمەڵایەتی بکرێت، بەڵام ئەگەر دەربازکردنی سەرمایەداران، لەچنگ ئەو بێموبالاتییەی تێیکەوتوون لەم وڵاتەدا، بەهۆی هەبوونی دەستەی ژینگەو فەرمانگەکانی ئیدی لێرەوە بەیاسا ڕێکبخرێ، بابەتی بەکۆمەڵایەتیکردنی ژینگەو بەماناکردنەوەی تاك لەتاکێکی نابەرهەمهێنەوە بۆ تاکێکی بەرهەمهێن هەروا سادەو سانا نابێت و دەبێت بکرێتە نەریتێك تیایدا ژینگە بۆ هەمووان ڕەنگبداتەوە. لاولاك، وەها ئاریشەیەك بەهێنانە ئاراوەی تیورییەکەی گایا دەیەوێ ئاوا بەچارەسەر بگەیەنێت ئەو سەبارەت بەیەکەوە لکاندنی مرۆڤ و ژینگە وەك تاك دەڵێت: وەها هەژمار بکەن و بڵاوبکەنەوە گەرمبوونی زەوی و هاتنە پێشەوەی وشکە ساڵی و کەمکردنی ئاوی ژێر زەوی و تەنانەت هاتنە ئاراوەی ڕوداوە سروشتییەکان مایەی تۆڵە کردنەوەی ژینگەن لەمرۆڤ و ناپاکیەکانی مرۆڤ بەرانبەر بەخودی ژینگە.

## ئەو شەرعەی
## حیزبە ئیسلامییەکان لەدەستی دوو وەریدەگرن

دڵشاد گەرمیانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی، ئەو کەسەی بەرابەری سەلەفیەکانی ناو حیزبە کەی دەناسرێت، لەپەیجەکەی خۆیدا نووسیویەتی "بەزاندنی هەندێ لەسنورە شەرعیەکان، بەناوی کرانەوەو، بەمەبەستی کۆکردنەوەی دەنگی غەیرە ئیسلامییەکان، حازر بەقەرزدان و، بازرگانیەکی دۆڕاو بووە" زیاتری نووسیوەو، گوتووشیەتی" خەڵك و جەماوەری ئیسلامی قسەی فەلسەفیی بێناوەڕۆك و سیاسەتی شوێن پێهەڵگرتن و لاساییکردنەوەی حیزبە عەلمانیەکانیان ناوێ"

بەبڕوای گەرمیانی، لەبری وەها لاریکارییەك وەك خۆی لەبەشێکی تری پۆستەکەیدا نووسیویەتی"خەڵك و جەماوەری ئیسلامی عەودالّی دینداریەکی ڕاستەقینەو ئیسلامەتیەکی بێ غەل و غەشن "لەبەرامبەر خستنە ڕوی ئەم ڕوانگەیەدا چەندین کادیری ئەو حیزبە وڵامیان داوەتەوە، سەرنجڕاکێش ترییندیان بەلای منەوە ئەمەیان بوو "پۆستەکەی گەرمیانی، ئاگادار کردنەوەیەکە بۆ هەموو ئەوانەی بیر لەکرانەوەی زیاترو پێداچوونەوە دەکەن بەو بنەما ئاڵۆزکاو چەق بەستوانەی بەناوی شەرعەوە بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم گوتارو کاری کۆمەڵدا" ئەو کادیرەی کۆمەڵی ئیسلامی، سەبارەت بەو باسە رونترو بەدیاریکراوی هەر لەوڵام بەگەرمیانی دا، هەر بەوەندە نەوەستاوەو وتوویەت" ئەو شەرعەی ئێمە لەدەستی دووەوە وەریدەگرین و خۆمان نەمانتوانیوە وەکوو نەتەوەیەك لەو پەیامەی خودا بۆ مرۆڤایەتیی ناردوە، تێگەیشتنێك بۆ ژیانی خۆمان دروست بکەین" ئەوەی دڵشاد گەرمیانی، پشت بەستووە بەسنوورە شەرعییەکان، وەك خۆی ئیددیعای کردوەو گوتویەتی، لەپوختەترین واتادا دەرئەنجام ئەوەیە: ئەوەی لەم قۆناغەدا کۆمەڵ و حیزبە ئیسلامییەکانی دی بەناوی ئیسلامەوە دەیکەن، ناڕاستەو تەنانەت پڕاو پڕە لەغەل وغەش و کەوتووەتە دەرەوەی بەهاکانی ئیسلامەوە. "خەڵك و جەماوەری ئیسلامی، عەودالّی دینداریەکی ڕاستەقینە و ئیسلامیەتێکی بێ غەل و غەشن" بەڵام کادرەکەی کۆمەڵ لەکۆمێنتە وڵامەکەیدا، پێچەوانەی گەرمیانی لەپوختەی واتادا خولانەوەی حیزبە ئیسلامییەکان لەبازنە داخراوە

ئیستراد کراوە شەرعییەکاندا وەك هۆکارە بنەڕەتییەکەی داڕمانی ئەو بەرەیە دەبینێت "ئەو شەرعەی ئێمە لەدەستی دووەوە وەریدەگرین و خۆمان نەمانتوانیوە وەك نەتەوەیەك لەو پەیامەی خودا بۆ مرۆڤایەتیی ناردوە، تێگەیشتنێك بۆ ژیانی خۆمان دروست بکەین " دڵشاد، دەیەوێ بڵێت رەتکردنەوەی گوتاری فەلسەفی و هەژموونی شارستانیەتی نوێ دەبێت بخرێتە ئەولەویاتی کارو کردەوەو کاردانەوەی تەواوی حیزبە ئیسلامییەکانەوە، یانی ئەو بوون و بەهای ئیسلام بەتەنها لەڕەتکردنەوەی دنیایی نوێدا دەبینێت، بەڵام بە بڕوای رەوشت محمد، گرفتی هەرە گەورە بەهۆی ئەو هزرە دۆگمایانەوەیە وایکردوە وەك خۆی دەڵێت لەدۆخێکی چەقبەستوودا بیان وەستێنێت، بەواتایەکی دی، رەوشت یان با بڵێین لەناو ئیسلامییەکاندا، ئەوانەی وەك رەوشت بیر دەکەنەوە، ئیسلامییەکانی کوردستان ئێستا لە دۆخێکی قورسدا دەژین، ئەمەیش بەهۆی چەند بکەرێکی وەك دڵشاد گەرمیانی، ئەگەر نەڵێین سووکایەتی ئەوا هەست بە قێزەونی و بەدڵشکاوی دەکەن، واتە لەو باوەڕەدان رێگوزەری پێشکەوتن و شارستانییەت زۆر پێشییان کەوتووەو بەو عەقڵییەتگەراییەی دڵشادیشەوە بەگومانن لەوەی ئیتر بتوانن بگەنەوە بەخۆیان. پوختەی کۆمێنت ئێمە، هەرچۆنێك بێت سەرهەڵدانی ئەم جۆرە جەدەلە پۆزەتیڤەو جێگەی دڵخۆشییە، ئەمە نەبەواتا ئایدیۆلۆژی و حزبیەکەی، بەڵکە بەواتا بابەتییەکەی، چونکە سەردەمی ئەمڕۆ سەردەمێکە مرۆڤ دەبێ بەهەموو توانا زیهنیەکانی خۆیەوە بەرگریی لەبنەما عەقڵانییە پۆزەتیڤەکان بکات. بەتایبەت لەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان و ناوچەکەدا بەگشتی، مرۆڤی ئەمڕۆ ئەوەندەی شوێنکەوتەی ئایندەگەراییە لەژیانیدا هەرگیز بەو ئەندازەیە نەئاوڕ لە دواوە ئەداتەوەو نەچاویش دەبڕێتە گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو.

# با ماچ

# نەکەوێتە نێوانمانەوە

لێرە ئەوەی هەبێ لەژێر پرسیاردا دەناڵێنێ، لێرە ئەوەی هەبێ لانیکەم لەجێگەی خۆیدا نییەو بەلارێدا براوە لێرە ئەگەر هەر چار نەما ئەوە بەخودی یاسای دارێژارو دژایەتی یاسا سروشتییەکان دەکرێ!

لێرە جیاوازییەك بەدیناکرێ لەپێناسەکردنی فەرهەنگ و بەهای ئەخلاقی، لێرە پێش ئەوەی یەکە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە بڕیار لەسەر چۆنایەتی ئاکاری کۆمەڵایەتی و کردەوەی تاکێتی خۆی بدات کۆمەڵگە بڕیاری خۆیداوە!

لێرە ئەوەی بکەوێتە دەرەوەی سەوابتاتی دینی و بۆماوەیی یاساغەو ماچێك بەسە بۆ ئەوەی ئادابی گشتی بخەیتە ژێر پێشلێکاری و هەڕەشەی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە!!

سەیرە لێرە شتێك نەمابێ دەستدرێژی نەکرابێتە سەر، ئەمە لەمافی موڵکایەتییەوە بگرە تا دەگات بەسەلامەتی مافی ژیانکردن، لەمافی منداڵێکەوە بگرە تا دەگات بەمافی گەورە بێدەسەڵاتێك، لەخەتەنەی کچانێکەوە بگرە تا دەگات بەسوتانی هەزاران، لەبەلارێدابردنی سەرخان و ژێرخانی وڵاتەوە بگرە تا دەگات بەواڵاکردنی سنور!

جاچیماوە لەسرووشتی هەبوون نەشێوێندرابێ و داواکاری گشتیش لەسەری بەدەنگ هاتبێت؟! سەرنجڕاکێشە ئەم وڵاتە، ئەم فەرهەنگە، ئەم جومگەو دامەزراوە کۆمەڵاتی و کارگێڕی و یاسایی و پێکهاتە جڤاکییە!

پێت ئەڵێت، ئەبێ دوفاق بیت، هەرچیت ئەوێ بیکە، تۆ ئازادی بەڵام بەدزی، تۆ ڕەهای بەڵام نابێ ببیندرێی، پێت ئەڵێت بڕۆ سەروەت و سامانی ئەم میللەتە هەمووی بەرە بۆ خۆت بەڵام بەدزی!!

پێت ئەڵێت، ڕوایەتی لەدیموکراسیەت و مەدەنیبووندایە بەڵام بەڕواڵەتی، پێت ئەڵێت، ڕۆڵەی سەردەمەکەی خۆتبە بەڵام وەك باوانت قسەبکەو ڕەفتاربکە، جاچیت پێنالێت لەدوفاقی، دەی برۆ عاشق بەو ماچیش بگۆڕەوە، بەڵام بەدزی و ...هتد

هەر کامێك لەمانەی سەرەوە بەئاشکرایی بکەی، دەکەویتە خانەی پێشلکردنی ئادابی گشتییەوە، دە دەی سەری ئەم زێرابە داپۆشن، هەڵاوی دوفاقی شاڵاوی خۆ وێناکردنەوە ڕۆژێکدیێ دەمانخنکێنێت!

لەکۆمەڵگەی دواکەوتوودا، گرفتەکان هەر لەپێشێلکاری ئازادییەکانی تاك و بەرگرتن بەهەژموونی دنیایی نوێدا خەست نابنەوە، تیرۆر هەیە، تیرۆرکردنی کەسێتی مرۆڤەکان، بێناسنامە کردنی تاك بووە بەرۆتینێکی رۆژانەی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و کارگێڕی و گەلییەکان، هەر ئەم ئەقڵیەتەیشە وایکردووە هەر کاتێك تاکەکان دەم و دەستیان دایە تێکشکاندنی کەرامەت و کەسیەتی یەکتری، وەك هێمای سەرکەوتنێکی گەورە لەبۆتەی مێگەلدا، ئەژمار بکرێت.

درۆو بوختان هەڵبەستن، دۆزینەوەی عەیب و عاری کۆمەڵایەتی ڕتووشکراو، بەلارێدابردنی کەسانی سادەو ساکار مەترسییەکە بەجۆرێکن ئەوەی بیەوێ هەبێ ئەوەی بڵێت هەم نابێت لەخۆی غافڵبێت، چونکە بێپەروا پەلاماری ئەدرێت، جیاوازی ناکرێت بەرەش و سپی، دینداریش هەر ئەبێ بەو جۆرە بکەی ئەوان تەبلیغاتی بۆ دەکەن، ئەم کولتوورە بۆگەنە بەتەنها هەر دەرهاویشتەی کایە کۆمەڵایەتییەکانی نییە، بەڵکە لەناو تەواوی هێزە سیاسیەکانیشیدا ڕەنگیداوەتەوەو بەهەمان شیوەیش پیرۆز دەکرێت!

لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ڕێزی مرۆڤ بەهەند وەرناگیرێت، بەڵکوو ئەوەی تیایدا بەئامانج نەگیراوە ئەوە خودی مرۆڤە وەك تاك، ئەمە هەم لەفۆڕمە دینیەکەیداو هەمیش لەچوارچێوە بەناو عیلمانیەکەیدا لەدەق دراوە!

لەلای ئەم جۆرە سیستمانە، مرۆڤ تەنیا هەر ئەوەندە بەهای هەیە کاتێ لەگەڵیاندا هاوتەریب و هاوخان بێت و بەقازانجی ئەوان هەلسوکەوت بکات، واتە وەك کاڵا سەیری کەسیەتی مرۆڤ دەکریت و هەر وەك ئەوەیش بەکار دەبردرێت.

کۆنترۆڵ کردنی تاکەکان لەبازنەی نەرێت و یاسا باوەگەراکاندا، بەجوریکە زاتی ماچکردنێکی یەکتری نەکەن و رێگەیان پێ نادرێت هەبوونیان وەك ئەوەی شیاوی هەبوونە ئەزموون بکەن.

کۆیلەن ئەوانەی باوەڕ بەوە دەکەن لەکۆمەڵگەیەکی نەرێتی و سوننەتیدا نەك هەر وەها تەبلیغاتێکی درۆینەو هاتنە ئاراوەی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی تاك و ئەمجۆرە شتانە، بەڵکو بازاڕی ئەم نەوعییەتەیش لەخەڵکی ئازادیخواز، بەهۆی ستەمی فرەلایەنی ئەم کۆیلەگەرە هەمەکییانەوە تایبەتیش لەناو چینە باڵادەستەکەی کۆمەڵگەدا، لەخێزانەوە بگرە تا بەئۆرگان و دامەزراوە جیاکانی تری حکومەت و دەوڵەتدارێتی دەگات بەربگرێ و بەرمێن بیت.

هەرگیز روینەداوە بوونێکی نەگۆڕو وەستاو بازاڕێکی وەها بەبنەما بخولقێنێ، ئەمە ڕاستینەیەکی مێژوینی نکۆڵی هەڵنەگرە، هەرگیزیش بەبێ سازاندنی ژینگەیەك بۆ سەربەخۆی بوونی زاتی قسەکردن لەسەر سەربەخۆی بوونی بابەتی درۆینەو تەنانەت گاڵتە جاڕیشە!

بەڵێ یاریکردنە بەعەقڵی تاك تاکەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و جڤاکییەکان، تا ئەم ڕەنگدانەوە عەقڵیە باوگەرایەیش زاڵبێ و نەتوانێ لەگەڵ هەزموونی دنیایی نوێ و مۆدێرنێتەدا جوتبێ ژیانێکی نوێ و ئازادییەکی شایستە بەماف و ئازادییەکانی خەڵکی دیسانەوە دەڵێم وەجاخ کوێرەو هەرگیز لەدایك نابێ.

# بێمتمانەیی
# لەنێوان نەوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆدا

بێمتمانەیی، هەندێجار جگە لەگرێیەکی دەرونی، تایبەتیش لەوڵاتانی بەفەرهەنگ و فەزای سیاسی ئیداری لەمەڕ خۆمان، جگە لەخوێندنەوەو فکرینی زۆر سەرچڵیانەو نابابەتی، هەڵگری چجۆرە بنەمایەکی واقعبینانەو زانستیانە نیە، یانی ئەوەندەی وەك جۆرە دڕعێك بۆ پارێزگاریکردن لەپایەو پێگە حزبی و ئیدارییەکان بەکار دەبرێ، هەرگیز ئەوەندە دەرچەی شرۆڤەو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و چجۆرە لەمەحەکدانێك نییە.

بێمتمانەیی، وەك واتا هەڵگری دەرئەنجامێکە تەواو نیگەتیڤ، بەڵام بەر لەوەی بسەپێندرێ دەبێ بخوێندرێتەوەو دەردەشە بکرێ، بەبێ وەها فکرین و هەڵسەنگاندنێك، کاردانەوەکانی دەبنە مایەی نەمانی گفتوگۆی ئازادو عەقڵانی، بەمانایەکی دی، لێکەوتەکانی دەبنە مایەی نەمانی بازاڕی ئازادی خود بەخاوەندارێتیکردنی خود لەخۆدا، ئەمەش گەورەترین کاریگەریی وێرانکەری لەسەر مرۆڤ وەك تاك دەبی، تەنانەت لەسەر ئەوانەیش خۆیان بەڕدێن و سەر سپی ڕێبەرو بەڕێوەبەرایەتی وڵات و جڤاك دەزانن!

لێرەوەیە قسەی زل و عەمەلی بچوك دەبنە جێگرەوەو دەبنە شای هەموو شتێك. هەروەك فرێدانی ئەم قسەو دەستەواژانەی ڕۆژانە لەڕێبەرو سەرکردەو بەڕێوەبەرەکانەوە دەردەچن، زۆربەیان درۆن و ئامانجەکە لەبری بەشینەوەی زانیاری و داتای دروست، خودسەپاندن و خود مەزن کردن خود زوم کردنە.

خودێکی پاسڤ و نغرۆی ناو ڕابردویەکی موجەڕەد، جا لەهەر پلەو پایەو پێگەیەکدابێ، هەر ئەو خودەی بەتەنها لەبنباڵییەوە کۆتاییەکان دەبینێ، لەبنەمادە خودێکی ئەوپەڕی وەهمییە لەزیهنیەتداو دواجار نایەوێ دەنگیدی ببیستێ، نایەوێ ڕەنگیدی ببینێ، نایەوێ ببێ بەڕابردو، دەیەوێ بڵێ ئەوەی هەیە بەئەز دەستپێکردوەو هەر دەبێ لەمنیشدا کۆتایی بێ!

هەیمەنە پێکردن و ڕەوایەتی پێدانی وەها هزراندنێك لەم سەردەمەدا، مەعلومە لەپێناو چیدایە بەحساب بەرگرتنە لەتێپەڕ شەڕێکە ڕۆژانە بێگومان لەپێناو سەپاندنەوەی ئیرادە بەسەر تاك و خەڵکدا، خۆی لەبەشینەوەی بێمتمانەیی و بڵاوکردنەوەی دڕدۆنگیدا دەبینێتەوە.

دیارە بەنیەت و نیازی جێگر کردنەوەی هەموو ڕۆژێی پێگە لەپێشیەکەی خۆیان و بەڕەعییەت هێشتنەوەی تاك و ئەوانیدی لەگشتیدا، بێگومان لەڕێگەی پێداگرتن لەسەر هزری خود پەسەندی و کاڵکردنەوەی هزری خۆبەخاوەندارێتی کردنی تاك و ئەوانی دی.

بەڵام ئەگەر هەبێ هێشتا هەر لەو باوەڕەدابێ لەخاچدانی مرۆڤ، نیشانەی پاکبوونەوەیە لەگوناهـ و هێمای قوربانیدانە لەلێهاتوویدا، واتا ئەوەی بییەوێ پاکببێتەوە لەگوناهـ هەر دەبێ تواناکانی لەمەحەك بدرێ، هەر دەبێ لەخاچ بدرێ، هەڵەیەو لەزیهنیەتێکەوە تەواو ڕەجعیگەراو کۆنزێرڤاتیڤ.

نەوەی ئەم سەردەمە، نەوەی زەمەنێکی زۆر جیاواز لەدەورانی ڕابردووەو، پاکبوونەوەی خۆی لەڕەچە شکاندن و لەمرۆڤبووندا دەبینێت، قوربانیدان و لێهاتووییەکەی لەبەشداری پێکردن و لەتاقیکاری توانستەکانیدا دەبیندرێ و دەسەلمێندرێت.

زۆرینەی دەوڵەت و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەخۆرئاوا، ساڵانە جگە لەزانکۆکانیان بەدەیان و سەدەها دامەزراوەی تایبەت تەرخان دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی گوتارو خیتابی نوێ لەناو نەوەی نوێدا، بەڵام لای ئێمەو لەوڵاتانی لەمەڕ خۆماندا، تەواوی ئەم ناونیشانە جیاوازانەی سەرەوە لەبری وەها پەرەپێدانێك نایانەوێ لەم دامەزراوەو سەروەتە مرۆییە مەزنە کەڵك وەرگرن، تەنانەت متمانەش بەنەوەی نوێ ناکەن!

ئەوەی بیشیەوێ بەرگە بگرێت تەریك دەکرێ، دەخرێتە پەراوێزەوە بەئامانجی ئەوەی دواجار لەبێ چارەیدا ببێتە کۆیلەو ببێتە بوونەوەرێکی تەواو بێدەنگ! لەڕاستیدا هەموو

ئەمانە، بەدیاریکراوی لەبەر تەنەها هۆکارێکە، ئەویش خەمی لەدەستدانی ئەوەی هەتا ئێستا وەك خود بۆ خودیخۆیان بەدەستیان هێناوە!

ئەگەر ئەمە تومەتبارکردنێکی بێمروەتانەیە، ئەی لەبەرامبەردا بردنە پێشی نەوەکانی خۆیان لەپلەو پایەو پێگە حزبی و کارگێڕییەکاندا یانی چی؟ ئەی بەشداریپێکردنی منداڵەکانی خۆیان و دەرخستنیان وەك ئەستێرەی نوێ لەسەر بودجەو ئیمکانیەتی گشتی لەچالاکییە نێودەوڵەتیەکاندا یانی چی؟ ئەی ناردنە دەرەوەو خوێندنی منداڵانی خۆیان لەزانکۆ بەناوبانگەکانی دنیادا، ئەی دابینکردنی ئەم هەموو کۆشك و تەلارو ئۆتۆمبێلە نازدارە، ئەم هەموو باخە، ئەم پاسەوان و دەسەڵات و تەوزیف و تەوزیعاتە شەرمهێنەرە یانی چی؟! ئایا وڵامی هەر یەکێك لەم پرس و پرسیارە جیددیانەو دەیەهای دی، بەڵگەی نکۆڵی هەڵنەگری وەها حەقیقەتێك نین؟

ئەی ئەوەی چەند ساڵێکە، لەپێناو فراوانکردنی پشتێنەی پارێزگاریکردن لەمانەوەی خۆیان، دەستیان داوەتە بارگاویکردنی منداڵانی شەهیدیش، تەواو پێچەوانەی ڕێڕەوی وەها ماناوەیەکی بەماناوە نین؟ دیارە منداڵانی شەهید، شایستەی ئەوەن ئاستیان بەرز بکرێتەوەو پەرە بەتواناکانیا بدرێ، دەهێنن هەر جۆرە خزمەتگوزاری و هەر جۆرە هاوکاری و کارئاسانییەکیان بۆ بکرێ و پێشکەش بکرێت، بەڵام میراتگرەکانی رابردو، تێکڕای نەوەکانی ئەم وڵاتەن.

لەبەر ئەوە، دەبێ ئیدی لەوە تێبگەن ئەگەر نەوەکانی دوێنێ بەتەنها هەر خەمی لەدەستدانی ئێستایان بێ، ئەوە ئەم نەوە نوێیەیش بەتەنها لەخەمی بەدەستهێنانی ئێستایدایە، خەمێکیش ئەم هەموو کۆڵەهەڵگرە ڕەش و ڕوت و خاوەن خولیایانەی هەبێ، ئەمڕۆنا سبەی هەر دەگاتە جێگەو خۆی لەخەم دەڕەخسێنێت، دەی بۆ لەبری قولڵکردنەوەی وەها ململانێیەك خەمەکان نەکەینە یەك خەمی هاوبەش؟!

# بەکێڵگەکردنی جەستەی ژن
# سووکایەتیکردنە بەهزری مرۆڤبوون

هۆکارەکان زاتی بن یان بابەتی، سیاسی بن یان کۆمەڵایەتی، هەر چییەك بن، بەگومانم لەوەی هەتا ئێستایش تاکی کورد توانیبێتی ئازادی خود لەخۆدای خۆی بەمانکردبی لەخۆدا، لەدایك دەبێ، گەورە دەبێ، وەك ڕوەك لەکوێ دەبێ بگاتە وەرزی وەرین، دەوەرێ و دەمرێ، یانی وەك بوونەوەرێکی زیندو، نەفام دەکاو نەبوێری ئەوەیشی هەیە هەبوونی بخاتە ژێر پرسیارەوەو خۆی پاك بکاتەوە لەخەلایەی مردوی فەرهەنگی و نەرێتی دەبەنگ!

بێگومان، هەتا ئێستایش ئەوە تاکی کورد نییە وەك یەکەیەکی بنەڕەتی ڕۆڵدەبینێت لەپێکهێنانی جڤاکەکەیدا، بەڵکو ئەوە خودی جڤاکە لەبری تاك بیر دەکاتەوەو لەبری تاك بڕیار دەداو ژیان دەنووسێتەوە لەدو توێی میزاج و فەرهەنگی باوگیرو زاڵدا!

کەواتا گەر تۆی ژن، کۆیلەی ئاو هەڵکێشان و خۆ وشککردنەوەی خۆتبی لەخۆدا، هەر تۆ نیت، منی پیاویش لەفۆرمێکی تردا کۆیلەی ئاخ هەڵکێشان و خۆ خاڵیکردنەوەی خۆمم بەهەمان ئەم نەفەس و ترسە لەخۆدا.

ئەو تاکەی ئازادی خود لەخۆدای خۆی بەمانا نەکردبێت لەخۆدا، بێگومان سەر بەهەر ڕەگەزێك بێت بەر لەوەیش بەکۆیلە کرابێت لەلایەن جڤاك یان لەلایەن ئەوانی ترەوە، ئەوا خودیخۆی بەرەو خود کۆیلەیی خۆی بردوە!

بەم عیبارەتە، زۆرینەی ڕەها لەتاکی کورد، نەك هەر جارێك، بگرە دوجاریش کویلەین، جارێك کۆیلەی بەندوباوە کۆمەڵایەتی و جڤاکییەکان جارێکیش کۆیلەی نەسازییە خودییەکانی خۆمان لەخۆدا!

ئەم هەموو حەسرەت و قەهرەش تەنهاو تەنها لەوەها بێماناکارییەکی جڤاکی و نا ئازادی خودییەوە سەرچاوەیان پێگیراوەو گرتووەو بەس!

تۆی ژن بۆ دەچەوسێندرێیتەوە؟ ئەی باشە چەوسێنەر بۆ دەبێ منی پیاوبم؟ بوونمان هاوبەش، ژیریمان هاوبەش، ژیانمان هاوبەش، مردنی هاوبەش، بلێن دەی ئەی تاکە بڕیاردەر بۆ هەر منی پیاوم؟ ئایا زەوی نێرە؟! ئەی پلە نزم بۆ هەر تۆی ژنی؟! کێ پیاوی باڵاتکرد ئایا ئاسمان مێیە؟!

تاڵاوی ئەم هەموو ڕهاییە لەبڕیاردان، سوێراوی ئەم هەموو پلەبەندییە لەکۆت و بەندو وابەستەیی فەرهەنگی، تۆ بلێی لەکوێی عەقلانیەت و لەکوێی لۆژیکەوە ڕژاونەتە وجودمانەوە؟!

تۆی ژن، بۆ نیوەی جڤاك و نیوەکەی تری بۆ منی پیاوم؟! ئەم ناتەواوییەی بوون دەرهاویشتەی چجۆرە ڕێسایەکی مێگەلی و دەرچەی چجۆرە یاسایەکی فیزیکی و ماتماتیکییە؟! چجۆرە ئاین و بیردۆزەو فەلسەفەیەك، وەك ژمارە لەتاکێتیمان دەڕوانێت؟!

ئایا نیووەی پرتەقاڵ + نیووە سێوێك لەمیوەجات = بەچەند پرتەقاڵ و چەند سێوی تەواو لەباخچەدا؟ ئایا نیوەی نێرو نیوەی مێرێك لەمرۆڤدا = بەچەند مێرو نێری تەواو لەجڤاکدا؟

بێگومان نەنیووەی پرتەقاڵێك بەکۆکردنەوە لەگەڵ نیووەی سێوێك دەکاتە یەك جۆری تەواو لەمیوەو نەنیووەی سێوێکیش بەکۆکردنەوە لەگەڵ نیووەی پرتەقاڵێك دەکاتە یەك جۆری تەواو لەهەمان میووە، بەڵێ دواجار ئەوان میوەن، بەڵام نابن بەنیووەی یەکتر، چونکێ ئەوان لەبنەمادا دو جۆر میووەی سەر بەدو درەختی سەربەخۆن.

هەروەك چۆن نەپیاوێك نیووە مرۆڤە تا بەكۆكردنەوە لەگەڵ نیووە ژنێك بكاتە یەك مرۆڤی تەواو نەژنێكیش نیووە مرۆڤە تا بەكۆكردنەوە لەگەڵ نیووە پیاوێك بكاتە یەك مرۆڤی تەواو، ئەگەر ئەم كۆكارییەی میوەجات بۆ كوشتنی چێژ بێت لەبۆتەی باخچەدا، ئەوا ئەم بەنیووە تەواوكار بیینەی مرۆڤیش بۆ بەرینكردنەوەی جیاوازی ڕەگەزی و بۆ كوشتنی تاكە وەك مرۆڤ لەبۆتەی میگەلدا. میووەجاتەكان فرە چەشن و فرە چێژو سەر بەهەزارەها فرەیشن لەدرەخت، بەڵام مرۆڤەكان مێربن یان نێر، نابی وەك ژمارەو دو ڕەگەز سەیر بكرێن، نیووە مرۆڤبینی، نیووە بوون بینینەو دەبێت بكرێتە مایەی گاڵتەجاڕی، ئەم هەبوونە بۆ دەبیٚ وەك قێزەونترین بارهەڵگری نەفرەت لەیەكتری بەرەو سەر هەڵمانگریٚ! ؟ لەو باوەڕەدام، بەر لەهەر شتێك مرۆڤبوونمان دەبیٚ بەمانا بكرێتەوەو لەژێر پرسیار بهێندرێتە دەرەوە، بەپێچەوانەوە ئایا ئەمەیە مرۆڤبوون یان ئاژەڵی دەردەسەری؟! ئایا ئەمەیە ژیانكردن یان تەیكردنی شەقامەكانی بێخەبەری؟! كورت و پوخت دوبارەی دەكەمەوە، دەبیٚ هەبوونمان بەهەموو ماناكانییەوە بەمانبكەینەوە، ئەمەیە دوا كرۆك و دوا وڵام!

وتم هەبوون، یانی هەبوونی خود لەخۆدا، تۆ خۆت بهێنە بەر تەماشای خۆت و مرۆڤانەی خۆت و بڕوانە: ئایا دوا بڕیار سەبارەت بەخۆت هەر خۆتی؟ ئەگەر بەڵیٚ، ئەی ئەم هەموو ڕەفتارە نەشازو ئەم هەموو توندوتیژییەی ناوخیزان و دامەزراوە جیاكانی تری جڤاك یان ئایا ڕەوایەتی بەكۆیلەكردنی هەمە چەشنەی هاوبەشەكەت لەكوێی هەبونی مرۆڤ بوونتەوە هانی؟ ئایا تۆ بۆ وابكەی هاوبەشەكەت لەبری عەشق هێزی پێویست بێت بۆ ژیانكردن لەگەڵ تۆدا؟ ئایا تۆ ئەوە دەزانی ئەوە هەر كۆیلە كراو نییە نادیارێك دوا بڕیار لەچارەنووسی دەدات؟ تۆ دەزانی خودی كویلەگەریش وەك مرۆڤ لەشوێنی شیاو بەهەبوونی مرۆڤدۆستانەی خۆیدا نییەو ئەویش هەست و بیركردنەوەكانی دیارە بەجۆریكی تر بەرەو خودكۆیلەیی دەیبەن، دەزانی دواجار ئەویش هەر كویلەیە كۆیلەی خەون و خەیاڵ و ئەندێشەو فكرو فراوانخوازییەكانی خۆی!

بەم پێوەرانە، لەكوێ هێزی مل پێكەچكردن لەئارادا نەما، لەكوێ ڕێساو یاسا باوگەراكان بازاڕیان نەما، لەكوێ ئازادی خود لەخۆدای تاكێتی خۆتت لەناو خۆدا بەماناكردەوە، بەڵێ لەو شوێن و ژینگەیەدا مرۆڤبوونت شوێنی شیاو بەهەبوونی خۆی دەگرێت، لەوێوە دەتوانی پڕوپوچیش لەڕەگەوە ڕیشەكێش بكەیت، لەوێوە دەتوانی ژیانێكی بەماناتر بهێنیتە ئاراوە، لەوێوە دەتوانی بەرپەرچی هەموو ئەو سووكایەتی پێكردنانە بدەیتەوە كاتێك لەسەر دەستی تاك و گروپە كۆنزێرڤاتیڤەكان لێرەو لەوێیەك بەرامبەر بەهزری مرۆڤبوون كراون و دەكرێن.

بەكێڵگەو خۆراك و یاپراخكردنی ژنێك، لەبنەمادا سووكایەتیكردنە بەهزری مرۆڤبوون، ڕوانگەی بەخزمەتكاربینینی پیاوێك، هزری خۆ لەخۆدای خۆ بەپلە بەرزتر تەماشاكردنی خودێك، لەبنەمادا سووكایەتیكردنە بەهزری مرۆڤبوون، هەر جۆرە پوچی و هەر جۆرە دەلڕەقییەك، لەناو خێزانەوە بگرە بۆ هەتا ئەوسەری پێكهاتە كارگێڕی و جڤاكییەكانی تر، لەبنەمادا سووكایەتیكردنە بەهزری مرۆڤبوون، نیشانەی ئەوەیە مرڤبوونت لەژێر پرسیاردایە، مایەی ئەوەیە دامەزراوە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكانت، ژێرخان و سەرخانە ئابورییەكانت، زانست و زانیارییە هەمەكییەكانت، هێشتا زۆر زیاتر زیانبەخشن وەك لەوەی سودبەخش و دانابن. ڕاست نییە پەرلەمانت هەبێ و یاساكانت لەبری هاوسەنگی یەكەیەكی بێمانا لەنێوان نێرو مێدا دروستبكەن، ڕاست نییە حكومەتت هەبێ و نێر لەبری هاوسەنگی و حاكم سەرداری دلڕەقی و ژن سەپانی پوش بێ! ئایا وەها بەرخۆرییەكی ناعەقلانی دەبێتە ژیان و دەبێتە شكۆمەندی لەهەمبەر مرڤبوونت؟!

نەخێر، ڕێزدارترین ژنانی ژێر سایەی وەها هەیمەن و هەژمونێكی یاسادانەرو جێبەجێكار سەركوتكراو ترینن، تەنانەت سەریان غەرقی شەونمی هەستیاری پێكراوەو ئەو جوانییەی هەبوونیش پێیبەخشیوون، زاڵگەڕایی هزری خیڵ و كاوێژی باوگەرایی گروپە كۆنزێرڤاتیڤەكان لێیان هەڵپڕوكاندون، بوونەوەری بێدەسەڵات و چەوساوە جوانی و سۆزو ئەوینداری لەكوێ بوو!

ئەوەی ڕوئەدات، پەلكێشكردنی ئەوین نییە بۆ پێكهێنانی ژیانێكی هاوبەش، زۆربەی هەرە زۆری هەڵاتنە لەدنیا داخراوەكەی ناو خێزان، كەچی ئەوەندە ناباو دوبارە دەكەوێتەوە هەمان گێژاو، ئەی لەسەرەتای ڕێگەدا تەڵاق و هەڵنەكردن بەیەكەوە یانیچی؟ ئەی لەهەر بەرەبەیانێكدا خۆ كوشتن و خۆ سوتاندن و ئەم هەموو حەسرەتە یانیچی؟! ئەوەی دەرونێك هاوسەنگ دەكات، ئەوا هارمۆنیاو سۆزی مێشك و لێدانی ڕێكوپێكی ترپەكانی دڵە، بەڵام مرۆڤ لەجەنگەڵدا هاوسەنگی دەرونی لەكوێ بوو، مێشك هەنجن هەنجن، ترپەی دڵ هەلا هەلا، سۆزو ڕێزو خۆشەویستی لەكوی بوو!

لەدنیای كراوەدا، ژن و كچانێك هەن ڕەنگە تەنها پەژارەیان بریتی مابێ لەسوڕی مانگانە، هەشن لەدنیای داخراودا پتر لەڕابردو پڕن لەدەردو پەژارەی ڕۆژانەو هەفتانەو مانگانەو ساڵانە، سوڕی لەزەتی كۆنەپارێز دەبەنگی كردون، كەچی هێشتا زۆرینەن ئەو ژنانەی شانازی بەلاوازییەكانی خۆیانەوە دەكەن!! بەڵێ، زۆر زۆرن ئەو ژنانەی چێژ لەدیوەزمەی پاتریاكی وەردەگرن، نوخبەو نوێنەرایەتییەكانیان ئەوەتان پێشوازی لەفرەژنی دەكەن ئایی چەند بەئازارە! چەند بەئازارە قەشەنگ ترین گوڵە جوانەكانی وجود، پەڕ پەڕو بێباكانە لەژێر دەستە ڕەشەكانی جەهل و دەستەمۆییدا قەدەر بیان كرۆژێ! بەپێچەوانەوە، ئایا هەر هیچ نەبێ هاوەڵێكردنێكی عەقڵانیانەی ڕەگەزی بەس نییە بۆ ئەوەی كوڕو كچانێكی پڕ سەرنج ترو خوشك و برایانێكی پڕ سۆز ترو هاوسەرایەتیەكی دڵسۆزانە ترو مەعقولانە ترمان هەبێت؟ ئایا وەها بیركردنەوەیەك هەرهیچ نەبێ نامانكاتەوە بەمرۆڤیكی ڕاست و نامانكاتەوە بەهاوڵاتییەكی باش و خاوەن نەخش؟

تۆی نێر، هەرگیز لەمێرت پرسیووە ئەو شتانەی بەلای ئەوەوە گرینگن، خۆیان لەچیدا دەبیننەوە؟ هەرگیز بەلاتەوە گرینگ بووە لەخەون و خەمەكانی ئەو تێبگەی؟ هەرگیز بەلاتەوە گرینگ بووە لەئازاری ڕاستەقینەی دایك و هاوسەر خوشك و كچكەت لەدنیای ڕاستەقینەی خۆیاندا تێبگەی؟ بەداخەوە، تاوانی دژ بەمێینە خۆ تەنها هەر لەبەدكاری

دڕندەکانی دنیای کۆنەپارێزاندا کورتنابێتەوە، لەدنیای کراوەیشدا ئەوە هەر ڕاستە، بەڵام بەجۆرێکی تر لەوێش هێشتا مێینە خاوەنی هەموو مافە مەدەنیەکان نین، دڵخوازانە بۆیان نییە دەرکەون خۆ ویستانە بۆیان نییە بپۆشن، بەبێ واژۆی نێرینە تەنانەت پاسپۆرتی سەفەریشیان پێنادرێ، بەبێ هاوەڵیکردنی نێرینە بۆیان نییە سەفەر بکەن، هێشتا پیاو دوا بڕیار لەچارەی دەدات! ئەمانە مشتێکن لەخەرواری کۆی گرفتەکان، خەتەنە ئەوە هەر هیچ، مەسەلەی شەرەف و بێشەرەفی ئەوە هەرهیچ، مەرگی ژن بەئاسایی وەختە ببێتە دیاردەیەکی بەرپێنەگیراو، لەهەمبەر ئەم بابەتە جارێکی تریش دەمەوێ ئەوە دوبارە بکەمەوە ئەوانەی خودشەرەفی خۆیان لەوی بەرامبەردا دەبینن بەرئەنجامی خودبێشەرەفی خودی خۆیانەو بەس، چونکێ ئەوەی ئەمڕۆ بەبیانوی شەرەف ڕوئەدات، بەبەراورد لەگەڵ سەدەکانی ناوەڕاستدا، تەنانەت لەسەرئاستی ئەوروپاش هەر زۆر قێزەونتر دەردەکەوێت! ئەگەرچی ئێستا مەسەلەی ڕزگاری مێینە لەخۆرئاوادا، تاڕاددەیەکی بەرچاو بووە بەحەقیقەت، لەم نێوەدا چالاکان و ڕێکخراوە دژە ڕەگەزییەکان و بزوتنەوە فێمینیستیەکان ڕۆڵی پێشەنگ دەگێڕن! ئەم چالاك و سەرکردەی تەواوی ئەم بزاوتانە بەتەنها هەر مێینە نین، یانی هەر ئەوانە نین بەرژەوەندی ڕەگەزی کۆی کردونەتەوە، بگرە هەموو ئەو نێرینانەی مرۆیانە بیر دەکەنەوەو تێدەگەن بەیەکەوە لەدنیایەکدا دەژین، سەرمەشقی وەها شێوە تێکۆشانێکن. بەڵام لەوڵاتانی دواکەوتوو، یا تازە گەشەکردوشدا، ئەمە نەك هەر بەمانا نەبووە خودی ڕێکخراوەکانی پەیوەیست بەوەها تێکۆشانێکیش هێندەی بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئایدیۆلۆژیەتی ڕوتی حزبین چارەگی ئەوەندە مەسەلەی هاوسەنگی جێندەری کۆی نەکردونەتەوەو هەرگیز وەها ڕۆڵێکیان نەبینیووەو نەیانتوانیووە وەك ئەوەی شیاو بەهەبوونە هەبن!

# ئەو کاتەی خاوەن کۆیلەکان دەبنە کۆیلەی درۆکانی خۆیان

جاڕدانی سەربەخۆیی و هێنانە ئاراوەی حکومەتێکی شیاو بەژیان و ئازادی خەڵك لەبنەمادا کاری خەڵکی ئازادیخوازە، ئەم دنیاو فەزایە بەخوتبەو فتواو فەرزیاتی خێڵەکیانەو موزایەداتی ڕوتی حزبی یان بەبڕیارو ڕاسپاردەو زەوقی ڕەمەکیانەی خاوەنشکۆو خەڵکی خاوەن کۆیلە نایەتە دی.

کۆیلەن ئەوانەی باوەڕ بەوە دەکەن لەکۆمەڵگەیەکدا تەواو نەریتی، جڤاکیکدا تەواو سوونەتی، لەجوگرافیایەکدا سنورەکانی جگە لەخۆ بەسەر هەموو ئەوانی تری غەیرە خودا کراوە بن، لەناو میللەتێکدا یەکەی بابەتی لەنێوان خەڵك و دانیشتوانەکەیدا نەبێ و لەشارەیشدا هەر قەوم و قەبایلە کەڕەگ و شەقامی تایبەت بەخۆی هەبێ و جورئەتی تێکەڵابوونی یەکتری نەکەن، هەر وەها تەبلیغاتێکی تەمومژاوی وەڕاستگەڕێ بەڵکو بازاڕی ئەم نەوعییەتەیش لەخەڵکی ئازادیخوازانە، جگە لەهەموو ئەم سەرنجانەی سەرەوە بەهۆی ستەمی فرەلایەنی ئەم کۆیلەگەرە هەمەکییانەوە تایبەتیش لەناو چینە باڵادەستەکەی کۆمەڵگەدا لەخێزانەوە بگرە تا بەئۆرگان و دامەزراوە جیاکانی تر دەگات بەربگرێ و بەڕمێنبێ.

هەرگیز روینەداوە بوونێکی نەگۆڕ ئازادی زاتی و مەوزوعی بخولقێنێ، ئەمە ڕاستینەیەکی مێژوینی نکۆڵی هەڵنەگرەو هەرگیزیش بەبێ سازاندنی ژینگەیەك بۆ سەربەخۆ بیوونی زاتی قسەکردن لەسەر سەربەخۆییوونی بابەتی درۆینەو تەنانەت گاڵتەجاڕیشە، بەڵێ یاریکردنە بەعەقڵی تاك تاکەی پێکهاتە کۆمەڵایەتی و جڤاکییەکان، تا ئەم ڕەنگدانەوە عەقڵیە باوگەرایەش زاڵبێ و نەتوانێ لەگەڵ هەژمونی دنیایی نوێ و مۆدێرنێتەدا جوتبێ، ژیانێکی نوێ و ئازادییەکی شایستە بەماف و ئازادییەکانی خەڵکی، دیسانەوە دەڵێم وەجاخکوێرەو هەرگیز لەدایکنابێ.

ئایا تۆ دەتوانی خێڵێك بدۆزیتەوە بەئاشکراو راستەخۆ بانگێشەی ئەوە بکات ئەندامەکانی ناچار بەملکەچبوونی سەرخێڵەکەیان نەکراون؟ بێگومان نەخێر. بێگومان نەخێر بەدەلیلی ئەوەی هەرگیز ڕوینەداوە بابای سەرخیلێ و موفتی و جەنابی خاوەنشکوو کۆیلەگەر لەلایەن ئەندامانی یەکە پێکهێنەرەکەی ڕەتکرابنەوەو لەسەر عەرش لادرابن.

ئایا ئەوانەی بەناوی دنیاو دینەوە بێپەرواو هەرکاتێ بیانەوێ هەڵدەکوتنە سەر مافە مەدەنیەکانی خەڵك و لەبۆتەی خێلێ و مەزهەبگەرادا قانگیان دەدەن، هەرگیز رویداوە پۆینتێك ژیان و ئازادییەکانی خەڵکی لەدوێنێی هێزو بازووەوە بپەڕێننەوە ئەمڕۆی عەقلێ و مەنتیق؟

بۆیە هەرگیز باوەڕ بەوە ناکەم پاوانکردن فەزیلەتبێ و لەم سەردەمەیشدا بەعەقڵدا ناچێ ئایین بەزەبرو تۆقاندن گەشە بکات، بایەخدان بەرۆح بابەتێکی خودییە، هەروەك چۆن خاوەنشکۆش ناتوانێ بەبڕیارو راسپاردەی درۆینە ڕێ لەناسەغڵەمبوونی ژیان و زاتی مرۆڤەکان و عەوام بگرێ، ئەی ئەوە نییە خودا خۆیشی بەدژی ئیرادەو ویستی خۆیان مرۆڤەکان رزگار ناکات، بۆیە ئەرکی مەلاو موفتی و بابای کۆیلەگەر ئەوەیە نییە دین و دنیاویستی مرۆڤەکان سنوردار بهێڵنەوە!

خودا ئەو مافانەی بەخۆی نەداوە تا ئەمان مرۆڤ بریندار بکەن و ژیانکردنی وەك ئەوەی خۆی دەیەوێ بیلێ و بینوسێ و ئەزمونی بکات لێ زەوتب کات، کەواتە هەر فەرزیات و ئەندێشەیەکی ناکۆك و نا تەبا بەویستی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەچێتە خانەی دژایەتیکردنی ئیلاهییەوەو هەموو ئەو شتانەی پێویستیشن بۆ سەر دەرهێنان و هێشتنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ برەویان بدرێتی و مافێکی سروشتین.

بەڵام ژینگەیەك تیایدا برەو برەوی کۆیلەگەرکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بێ بێگومان ئەوەی پێیبگوترێ بازاڕی ئازادو ئازادی عەقلانی قسەی زلەو جگە لەخود زومکردنی

خاوەن کۆیلەکان بۆ خەڵك بەلارێدا بردن و خود پێش خستنیان لەسەر حسابی ئەوانی دی شتێکی تر بەمانا ناکات.

کۆیلەگەر لەهیچ کات و سەردەمێکدا زاتی ئەوەی نەکردووە لەبازنە بەرتەسکە ئەنانیە شەخسی و خێزانی و ڕەمەکییەتەکەی دەرکەوێتە دەرەوەی هێلکارییەکانی بوونی.

کۆیلەگەر بوونی هەموو شتێك لەبوونی خۆیدا دەبینێت، هەروەك چۆن لەنەبوونی خۆیشیدا هەموو شتێك بێبەها دەبینێت، ئەم چەشنە لەخۆشنودی بۆ مرۆڤەکان وەك ئەوەی لەسەرەوە باسمانکردو تەبلیغاتی بۆ دەکەن بەلای ئەمانەوە لەبنەمادا تورێکی تەڕ ناهێنێت!

سەربەخۆیی لای کۆیلەگەر، سەر بەو بوونە، نەك سەربەخود بوون، لەم نەرێتەیشەوە هەرگیز پێکهاتەیەکی سەربەستانەی حکومی نەدروستدەبێ و نەدەپارێزرێ و نەمەترسیەکان لەسەری بۆ ساتێك چییە دەڕەونەوە جاچجای فرێدانی درۆینەیەکی وەها پێکەنیناوی!..

خەڵکی ئازادیخوازو بگۆڕی چالاك بەسود وەرگرتن لەو ئەزموونانەی هاتوونەتە بوون بەرەو خۆشنودی کۆمەڵایەتی و بازاڕی ئازاد هەنگاو دەنێ، بەڵام کۆیلەگەر بێجگە لەمانەی خۆی چاوی بەرایی نادا هیچ تاقی کردنەوەیەکی تر ببینێت، یانی لەوێ درۆ بەهەموو جۆرەکانییەوە شای هەموو شتێکە.

درۆی ئاوا ئاماژەیەکی رەهایە بەکۆتایی هاتنی توانستەکان لەبیرکردنەوەدا، هەروەك چۆن ئەمە دواجار کۆی مرۆڤەکانی ناو ئەو ژینگەیەش دەکاتە کۆیلەی درۆکانی خۆی، ئەم جۆرەیش لەخود کۆیلەکاری هێندە رۆتیناوی دەچەرخێ!

زۆر زەحمەتە ئەم هەژموونی باوگەراییە تیایدا بوار بداتە بەرهەمهێنانی تاکێکی ئازادیخوازو دەرفەتی باتێ وەك یەکەیەکی بنەڕەتی لەسەر پای خۆی بووەستێ، چونکێ

ئیرادەیەکی وەها درۆینەی هەمەکی تەنێ ڕیسا کۆنینەکان لەڕوبەروبوونەوەدا بەپێوەر دەگرێ و هێشتان لەو باوڕەدان تاك هیچ کام لەسەروەری کردەوەکانی خۆی پێ ناپارێزرێ!

ئەم ڕوانینەیش لەوەها کۆمەڵگەیەکدا، لەسەرۆك و بەرۆکی خێزانەوە تا بەدامەزراوە جیاکانی تر دەگات هەڵدەزنێ، چۆن دایك و باوك منالەکانیان چەن گەورەو لەخەم ڕەخساویش بن، لەچاوی ئەمانەوە هێشتا وەك شیرە خۆرە ئەبینرێن، ئاوایش دامەزراوەکانی تر لەتوانابینییەکانی تاك دەڕوانن!

ئەمەیش زۆر ترسناکەو بەدڵنیاییەوە فەناپێکردنی تاك بتەوێ یان نەتەوێ، دواجار فەناپێکردنی یەك لەسەرەکیترین بەشە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەیە، کۆمەڵگەی بێتاکیش یانی خاڵیبوونەوە لەمرۆڤبوون و دەرکێشانی چاوگی هزو بیرکردنەوە، یانی نەبوونی ئەو پرنسپانەی بوونییەی کۆمەڵگەی بەمانای کۆمەڵگەی بەشەری لەسەر بەندە.

# پێکدادان لەبۆشاییدا

فەوزا چییە؟ ئاویان ناویان هەوایان نیشتمانیان ڕەگەزنامەی فەوزەوییەکان چییە کوێیە؟ پێوەری ڕێڕەوی ڕاستینەیی میدیای کوردی چییە؟ ئەگەر بریارە هەوڵەکان بۆ بەرپێگرتن بەفەوزاو لارێبوونێکی وەها ناودێرکراو وەرپێخراون، پێویستە لەدو خاڵ بەڕونی تێبگەین:

یەکەم: هیچ کارو کاردانەوەیەك نابێ لەسەر حسابی سنورداركردنی ئازادییە فەردی و گشتیەکان بێت، هەروەك چۆن نابێ لەڕۆشنایی ئایدیابینییەکی روتی موجەڕدو تایبەتی دیاریکراوەوە هەڵسەنگاندن بۆ هیچ کام لەدیاردەو دەرکەوتەکان بکرێ.

ئەوەی روئەدات بەشی هەرە زۆری لەبنەمادا بەرئەنجامی وەها دنیابینی و ململانێیەکی شکڵ پێگیراوە، پێویستەو زۆریش گرینگە زۆر بەوردی لەم راستییە تێبگەین، لەسەروی ئەمەشەوە دەبێ بزانین ئەم حاڵەتە رەنگ دانەوەی باکگراوندێکی زۆر شمولییەو دیاریکردنیشی ئەستەم یا هەروا سادەو ئاسان نییە، یانی تەنێ چینوتوێژێك لەهەڵایساندنی بەرپرس نین.

لەوڵاتیکدا سیستمێکت نەبێ دەسەڵاتەکانی حکومەت و دامەزراوەگەلی بریاردەرو جێبەجێکار سنوردار بکاو بەیاسا رێکیبخات وەك ئەوە وایە ژیان لەو شوێنە کەوتبێتە ناو ئاشی ئاگرەوەو هەرچی هات بەڕەوای دەبینێ نۆرەیبێ، ڕەنگە ئەمەبێ کرۆکی ئەم فەوزاو لاڕێبوونە.

لەم روانگەیەوە دەمەوێ بڵێم: هیچ شتێك لەشرۆڤەکارییەکی وەها شمولی بێمانا تر بوونی نییە، چونکێ هەروا ئاسان حەقیقەتی تیادا نادۆزرێتەوە، هۆکارەکەش ئەوەیە هەر لایەك هەر یەکێك لەئێمە دەمانەوێ تێگەیشتنی خۆی بسەپێنی، لەکاتێکدا خودی تێگەیشتن شتێکە ناسەپێنرێ.

تێگەیشتن، بۆئەوەی توانای بەرەنگاربوونەوەی دیاردەو دەرکەوتەی خراپ و لاوەکیت پێبدات دەبێ بەدی بهێنرێت، توانستی بەدیهێنەر هەڵێنجانی دیدگەو ڕوانگە فراوانەکانە نەك پاڵپێوەنانی بەشێك و بوغزاندنی بەشەکەی تر، نەك بەشینەوەی قسەی بازاڕو جوێن، نەك ڕوخاندن بەئامانجگری و شتێك نەهێڵیتەوە بکەوێتە دەرەوەی ڕەخنە لێگرتنەوە، هەر وەك ئەوەی لای بەشێك لەرۆشنبیرو رۆژنامەنوس بەداخەوە بووە بەباو.

لەسروشتی ئیشی رۆشنبیرو میدیاکاردا، پێویستە مەعریفەو باوەڕی بابەتی وەك پیشەوەر بەکارببرێ، نەك دەمارگیری و کاوێژکاری بکرێتە ریتمی رێکردن، بەڵام ئایا رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکای رۆژنامونوسان ماڵی وەها دەرهاویشتەیەکی رۆشنبیرو میدیاکارن؟! بەڕەهاییەوە دەڵێم نەخێر.

هەڵەیە پێمان وابێ هەتا ئێرە ئەم رێکخراوگەل و سەندیکایە توانیبێتیان رۆشنبیرێکی جیددی و رۆژنامەنوسێکی جیاوازیان پێگەیاندووە، بەڵکو بەشی هەرە زۆری ئەم فەوزایە شەتەکدراوی ئەوانە وایکردوە بێنەزمی و فەوزا لەبوارەکەدا خۆشبێ.

لەغیابی سەرکردەی رۆشنفکرو لیدەری لێزان لەناو رێکخراوو دامەزراوە مەدەنیەکاندا، نەبوونی میدیای نیشتمانی و میدیاکاری بەپرەنسیپ جگە لەفەوزا، مرۆ نابێ چاوەڕوانی باشتر بکا بکەوێتەوە، ئەمەیە وایکردوە هەموومان رەخنەگرو وتار نووس و رۆژنامەنووس و ئەو رۆشنبیرە پەتی و دەمارگیر بین بێپەروا بڕیاری راست و چەپ بەسەر گەشەو پاشەکشێی ژیان و کۆمەڵگدا بهێنین و پێکدابدەین لەبۆشاییدا!

دووەم: هەڵە سیاسیە گەورەکانی تایبەت هی ئەم نزیك بەسێ دەیەی رابردو، هێشتا دەیەها راستی تازەیان لەهەناودا هەڵگرتووەو دەبێ بیاندۆزینەوەو بەجورئەتیشەوە پەنجە بخەینە سەریان، توانابینی پوچەڵکردنەوەی ئەم هەڵانە پێویستی بەمەعریفەو خۆ رۆشنبیرکردنی زیاترە، یانی زیاتر لەوەی ڕۆشنبیرو میدیاگەلێك هەڵگری سروشتیەتی، ئەو ئەنجامەی پێویستە پێیبگەین بێگومان هەروا عەفەوی نییە.

لەوەیە پێچەوانەی ئەم مەیلکردنە لای کەسانێك پتر سروشتی بێ تا ئەو تێفکرینەی ئێمە، کەسانێك هەن دەڵێن ئەمەی ئەمڕۆ هەیە لەڕوی پراکتیکییەوە بونی خۆی سەلەماندوە، هەرچۆنێبێ نەقابیلی قسەلێکردنەو نەبۆ ڕەخنازۆ کردنیشە، چونکێ پیرۆزەو بەخوێن هاتۆتە دی!!

دەڵێن ئەوەی هەیە بەرهەمی شۆڕشێکی پێشمەرگانەیەو بزاوتێکی ڕۆشنبیری ڕۆڵی لەبونیادنانیدا نەبووە! بەئاشکرا دەڵێن ئەویێ ڕۆژی دنیا کەڕو لاڵ بوو، بێنەخشترین ڕۆلگێڕ میدیا بووە، هەر بۆیە بەلایانەوە پاساوی ڕۆشنبیرو هەڵلاو هۆریای میدیا تائێستایش هیچ بایەخێکی نیە، بەڵکو بەکوشندەیش ئەژماریان دەکەن!

لێ، پێداگری هەر دەسەڵات و سیستمێکی ئایدیایی سەرتاپاگیر تا بەبێ دودڵی پەسەند بکرێ، بێگومان دیدێکە تا بێ ڕۆشنبیران تورە دەکاو میدیاش بەئاڕاستەیەکی لارێدا دەوروژێنێ.

ڕاست نییە ئاوەدانکردنەوە بەناو بدەیتە دەست کەرتی تایبەت و لەژێرەوەیش کۆمپانی و مقاولەکان هێلکەی هەمان کۆخت بن، فەوزایی لێ دەکەوێتەوە بەتریلیۆن دینارو دۆلار بەناوی کرانەوە بدەیتە نەوعیەتێك لەتیڤی و گۆڤارو ڕۆژنامەگەلێك لەژێرەوەیش سێبەرو دەنگ و ڕەنگی ڕستکراوی حزب و ئەم و ئەو بن!

ئایا میدیاکارێك حزب دایمەزراندبێ لەبنەمادا میدیاکارە؟ ئێمە لەکوردستان بەهەزارەها کارمەندی تیڤی و میدیا جیاکانی تری لەو چەشنەمان هەن، بەڵام ئەوەی بۆینیە وەك خۆی بیر یکاتەوەو بڵێ هەر ئەمانن، داتاشینی ناوو ناتۆرەو بەشینەوەی بوغزیش ئەگەر ڕاستیمان بووێ لەم ناوەندانەوە هەلایساو ناکۆژێتەوە، فرسەتبازانیشی لەپەناو پەسێرەوە هاتوونە ناو، دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە ئاوێتەیەك لەگولکردنی مرۆڤی کوردو بەخود نامۆی لەناخیدا بچێنن!

ئەمانە ترسناکن و پێویستە هەڵمەتی ئەم بەر پێگرتنە دواجار بەپێی پێوەرێکی مۆدێرنی گەڵاڵەکراو بخرینە لیستی ڕەشەوەو ناوەکانیشیان بلاوبکریتەوە.

مرۆ دەتوانیٚ لیستێکی دورو درێژی ئەم جۆرە نەریتە ریز بکات لەم دو دەیەدا باڵی کێشاوە بەسەر بیرکردنەوەی رۆشنبیرو میدیاکاردا، بەلاّم نابیٚ ئەوەمان لەبیر بچێت تواناو ئازادی رەخنەگرتن، تواناو ئازادی گەڕان بەناو پێگە نوێیەکاندا، تواناو ئازادی ئەزموونکردنی دیدگە نوێیەکان ژینگەیەك دابین دەکات، بەبیٚ ئەو ژینگەیە رۆشنبیران و میدیاکار ناتوانن هەناسە بدات، دەبیٚ هەوڵەکان بۆ گەشە پێکردن و فراوانکردنی وەها ژینگەیەکیش بن.

ئەو دەسەلاّتەی بوار نەداتە سەرهەڵێنانی رەهای ئەم رێچکانە هیچ پاڵپشتێکی رۆشنبیرانی نابێت و میدیاکارانیش لێی دەکەونە تەقە، پێم وانییە هیچ جۆرە کۆنترۆڵکردنێك ببێتە مایەی خولّقاندنی شێوە ژیانکردنێکی باشتری مرۆڤی کوردو حکومەتەکەی، پێم وانییە بێدەنگبوون و ڕازیبوون نیشانەی خۆشەویستی و ئینتیمابیٚ بۆ نەتەوەو مانەوەی ئەم حکومەتە.

بەلاّم پێشم وانیە روبەروبوونەوەی دەمارگیرانە ڕەخناژۆکردنی بێمروەتانە روخاندنی بێباکانە دلّڕەقی و هاتوو هاوار شتێکی بەمانا بخەنە سەر بوون، بەدڵنیاییەوە ستەم هەر ستەمە، هەر کەس و دەسەلاّتێك بیکات، کەس و دەسەلاّتێکی ستەمکارە.

لیٚ ئیشی ئێمەومانێکی نوسەرو رۆشنبیرو میدیاکارێکی کورد ئەوە نیە لەتێفکرینی ئەوانی داگیرکارەوە تەڕو وشك بەیەکەوە بسوتێنین، ئێمە پێویستمان بەئارگومێنتی بەهێز هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی وەها گریمانە کردنێك، پێم وایە ئەو ئارگومێنتانە هێشتا وەك پێویست نەخراونەتە ڕو، تەنیٚ ئەوە بەس نییە ئاماژە بەکەموکوڕییەکان بکەین، دەبیٚ هۆکارەکان رونبکرێنەوەو ئیش بەپلان بکریٚ.

# هێلانەی شەیتان

شەش ساڵانە بوم، لەناو پێخەفێکی هێمندا، خەونی ئەرخەوانی منالانەم دەبینی، لەپڕ هەستم بەدەستێکی گەورەو، ساردو سڕ کرد، گرتمی، دەستێکی تر دەمی گرتم، نەفەسێکیان بۆ هاوارم نەهێشتەوە، هەڵیانگرتم بەرەو گەرماوی ماڵەوە، نەمزانی ئەوان چەند کەس بون، شێوەشیانم بیر نەماوە، نایشزانم پیاو بوون یا ژن، دنیا لەپێشچاوم تاریکهەڵگەڕا، ئەوەی تەنها بەسەر کاشیە لوسەکانی گەرماوەکەوەو، بەسەر جەستەی روتەکراومەوە هەستم پێکرد، لێکخشاندنی شتێکی کانزایی بوو، دواجار خستیانە ناو ڕانەکانمەوەو شتێکیان بڕی، ئەو شتە، پارچەیەك بوو لەجەستەم، کاتی گەورە بووم تێگەیشتم هیچ کچێك لەوە دەربازی نەبووە! "نەوال سەعداوی"

میللەتی ئێمە، بەبنەچە خاوەن زمانێکی مرۆڤانەیەو لەبەراییەوە هەڵگری چجۆرە زمانێکی نوسین یا شێوە ئاخاوتنێکی ڕەگەزی نەبووە، ئایا ئەمە مانایی ئەوەیە کورد پێش گەلانی ئەوروپایی و ئەمریکایی لەباری چۆنایەتی و جێندەرییەوە بەرهەڵستی سیستەمی پیاو سالاری کردوە؟!

ڕەنگە تازە بەتازەیی هەڵکشانی بزوتنەوەی ژنانی دنیا بەرەو گۆرینی زمانی ڕەگەزی بۆ زمانێکی مرۆڤانەی هاوبەش باشترین وڵامی ئەرێنی وەها پرسیارێك بێت، کەچی پێچەوانەی ئەو مێژوە، ئەمرۆ میللەتی کورد، بەدزی و شاراوەیی و بەشانازییەوە کەمئەندامکردنی ڕەگەزی ڕۆڵە ناکامەکانیان، هەروا سادەو سەرپێی دەبینن و بەخۆشییەوە ئەو مەراسیمە قێزەونە نەرێتیە هاوردە کراوە دەماو دەم دەگوازنەوە گوایە بەمە جڵەوی ناموسپارێزی و لغاوی کردەوەی شەهوانی شەیتانی مندالە کچەکەیان کردوەو دەکەن!

ئەگەر دۆڵانی مێینە بەکردەوە گوزارشت بێ لەناموسی نێرینە هۆکارەکەی لەبەد ڕەوشتیی نێرینەوە سەرچاوەی گرتووە، ئایا تۆی نێرینە وەها بەد ڕەوشتییەکی ناوەکی و سروشتیبوونی خۆتت پێقبووڵە؟!

ئەگەر وڵامەکەی ئەرێیە پێویستە لەبەرچاوی کۆمەڵگە ددان بەو بەد ڕەوشتییە سروشتیە دابنرێ و دەبێ روونبکرێتەوە خودی ئابڕوی نێرینە لەناو خۆیدا بەچییەوە بەندە؟!

باوەڕدەکەم نێرینە چ لەبەد رەوشتیی خۆی ئابڕوی مێینە بەهی خۆی بزانێ و چ لەباری ڕەگەزییەوە بوونییەی خۆی لەدۆڵانی مێینەدا ببینی بەد ڕەوشتیی هەر بەدڕەوشتییە.

ئەی گەر ئەم خۆ بەکەم گرتنە ڕەگەزییەی لای نێرینە گریمان لەوڵاتانێك بووە بەحالەتێکی سروشتی، خودی مێینە ئەم هەرزانفرۆشییە جەستەییەی خۆی لەچییە؟!

ئەگەر هۆکاری نا هۆشیاری یا زوڵمی کۆمەڵگەو کارتێکردنی کاریگەریەکانی دنیابینی باوگەراییە، ئەی کاری گروپ و ئەم هەموو رێکخراو گەلەی بەناو ئافرەتان، ژنان، خوشکان، خانمان، باجیان و دایکان چییە؟!

هێشتا ساڵانە بەدەیان هەزار لەکچانی ئەم وڵاتەی ئێمە لەبەرچاویان کەم ئەندامی جنسی دەکرێن، ئەمانە ئەگەر بەکاری شمولکاری و تەشکیلاتی یا پەیوەست بوونی ئایدیۆلۆژییەوە نەتان توانیبێ کاریگەرییەك بۆ نەمان و بەرپێگرتنی ئەم دیاردەیە دابنێن بەکردەوە ئەگەر کاریان بۆ دەرهێنانی هاو رەگەزەکانیانە لەم قەسابخانە کۆمەڵایەتییە بۆچی خۆیان هەڵناوەشێننەوەو ساڵانە ئیش و فشاریان بۆ یەك ئامانج تەرخان ناکەن؟ ئەی رۆڵی ئێوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئایا ئەمەیە مەدەنیەت؟!

بێدەنگبون نیشانەی رازیبونە، ئەگەر نا شەرەفپارێزی و رێگری کردن لەرەها بوونی ئەندامە سێکسییەکان پەیوەستە بەهاتنە کایەی پەروەردەیەکی بنەڕەتی مرۆڤسالاری، نەك برینی یەکێك و تیژ کردنەوەی ئەوی دی.

فەرموو جیهانی عەرەبی ببینە، وەك ئەوەی ئاینی ئیسلام تەنیا ئاینێکبێ و رێیبەو ئازادیە تاك رەگەز سالاری و سێکسیەی دابێت پیاوانیان لەهەموو سەردەمەکان تایبەتیش لەو ساتەوەی سیستەمی خیزانی باوکسالاری سەری هەڵداوە بەردەوام لەدەرەوەی ژیانی هاوسەرێتی و بەنهێنی سێکسیان کردوە، خۆ پیاوانی کلێساش بەنهێنی وەها سێکسیان کردووە!

ئەی ئایا گرتنە بەری هەموو ئەو رێوشوێنە جیا بینیە رەگەزیە دواجار لەشفرۆشییان زیاترو بەربڵاو تر کردوە یا پاشەکشێیان پێکردووە؟ ئەرێ هەرگیز گوێبیستی ئەوە بوون بگوترێ ئەو ئافرەت و ئەم پیاوە لەشفرۆشن لەبەر ئەوەی کەمئەندامی جنسی نەکراون و ئەوانەیەش بەشەرەفن لەبەر ئەوەی بەشێکی جەستەیان بڕدراوە؟!

ئەگەر ئیسلامێتی، وەك ئەوەی دەگوترێ، روانینێکی گوناهبارانەی بۆ حەوا وەك پاشخان بۆ مابێتەوە، بەوەی سەرپێچی لەفەرمودەی خودا کرد بۆیە لەبنەرەتەوە سێکس بەشەیتان و ئافرەت پەیوەستکرا بێ، یانی پیاو هەر چەند ئارەزوێکی زۆر تری هەبێ گوناهەکە ناکات تەنها بەهۆی دڵبەری و شەیتانی بوونی ئافرەتەوە نەبێت، خۆ هەزاران!!

دەی بەئێستایشەوە خۆ ساڵە لەکۆمەڵگە هاوشێوەکانی وەك ئێمەدا، خۆشی و ترشی هیلانەی شەیتان دەبڕدرێ، ئەی ئێستا ئەو ئاژەوەگێڕە ئەم هەموو گەرایە لەکوێ دەرێژێ، کەوابوو دەبێ ئەم دیاردەیە وەك میرات و کاردانەوەی ململانێیەك ببینین بۆ کۆتوبەندکردنی ئافرەتە وەك رەگەز نەك کۆنترۆلی سێکسی و سنوربەندی ئارەزویەکی شەیتانی و تاقی!

چونکێ ئەگەر بڕینی بەشێکی جەستەی پیاو هۆکارێکی زانستی و تەندروستی لەپشتەوە بێ ئەی بڕینی بەشێك لەجستەی ئافرەت چ ماناو پاساوێکی زانستی هەڵدەگرێ، شارەزایان لەو باوەڕەدان پیاو لەئافرەت بترسێت! دەڵێن ترسەکەیشی سروشتیەو باوەڕ دەکات ئافرەت هەمیشە شتێکی ناسروشتی دەسەپێنێتە سەر سروشت!!

بەلاتەوە سەیر نەبێ، هێشتاش زۆرێك پیاو هەبن هیچ لەنهێنی سکپڕی ئافرەت نەزانن، چیرۆکەکەی ئادەم و حەوا مانای شەیتانێتی ئافرەت و بەرجەستەکردنی ترسی پیاوە، ئێ ئافرەتێك هێندە بەهێز بێت پیاو لەبەهەشتەوە بەرەو دۆزەخ راکێشێ هەردەبێ لێی بترسێ!! ئەز هیچ مرۆڤێك بەشەیتان ناسناکەم، لێکەوتە وا وێنا دەکات، تەفاسیلێ بۆ خۆتان.

زانایانی بواری دەروونشیکاری باس دەکەن، بەرئەنجامی هەموو ترسێك رق لێبوونەوەو سەرهەڵدانی جەنگێکی شاراوە یەو ئەمەیش تەنها لەهێماو ئاماژەو کاردانەوەکاندا دەتوانرێ ببینرێ و بەرجەستە بکرێ، ئەوەتا فرۆیدا ددانی بەو راستیەدا هێناو دەڵێ" پیاو بۆیە رقی لەئافرەتە چونکێ بەسەرچاوەی مەترسی سەر خۆی دەزانێ"

# ئازادی لێرە ئازادی لەوێ

لەهەر وڵاتێك شارو شەقام و شوێنگەلێکی زۆرت بینی بەناوی ئازادیـیەوە ناودێر کرابون بزانە لەم شوێن و شارە لەم وڵاتە پرسی ئازادی و بەهای ئازادییەکان پرس و بەهایەکی لەبنەمادا ڕواڵەتی و تەمومژاوییە!

بەڵێ، وەها ناودێرکردنێك نەمانای ڕسکانی ئازادییەو نەتینوێتی خەڵکیش بۆ ئازادی دەشکێنێ، ئێرانییەکان و زۆرێکی تری گەلانی خۆرهەڵاتی ئەوەی بەتەواوی مانا لێی بێبەشن ئازادی و بەهاکانی ئازادییە، کەچی بەدەیەها لەشوێنە گشتیەکانی ئەم فەزا مرۆییە بەناوی ئازادیـیەوە ناودێرکراون!

ئازادی لەهەرێمی کوردستان، ئەگەرچی جیاوازییەکی بەراورد نەکراوی فەرهەنگی و ژینگەیی و مرۆیی هەیە، بەڵام هێشتا لەخوار پێویست و خواستی مومارەسە کردنەوەیەو بتەوێ یان نەتەوێ جۆرێك لەم وێناکردە شەرقییەی تیادا بەدی دەکەی.

لێرە لەکوردستانیش دەیان شوێنی گشتی و تایبەتی هەن بەناوی ئازادییەوە ناودێر کراون، لێرەش هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەت و سەفارەتخانەو فڕینگەو نشینگەو گۆڤارو ڕۆژنامەو دامەزراوەی جیا تر هەن، لێرەش ناوچەی گەشتیاری، یاریگەو مەلەوانگە، لێرەش بازاڕو نارەزایەتییەکان هەن، دور لەنادیدگەرایی و بەراورد کاری کوێرانە هاوکات هەڵاوێردی چینایەتی و جێندەری و ستەمکارییە سیاسی و کۆمەڵاتییەکانیش بەجیاوازییەوە هەن.

لەوێ ئازادییەکان بەسیستمێکی تۆتالیتاری و لێرە بەمیزاج ڕێکخراون! لەوێ لەسەر ئازادی بیرکردنەوەو گوتن، بەرۆژی روناك دادگا ملی خەڵکی پەتیار دەکاو لێرەش ئەم هەموو ژنکوژی و خودکوژییەی ژنان، ئەم هەموو ڕفاندن و کوشتنەی رۆژنامەنوسان، لێشاوی دڵشکان و تاقەت پروکێنی گەنجان، دامەزراوەیەك نییە بەشوێن گێڕانەوەی

مافەکانیانەوەبێ و بییانپارێزێ، وەك دەبینین کاری دادگەش بەتەنها بووەتە خۆخەریکردن بەشتە بچوکەکانەوەو ڕۆتین بەربینی گرتوون!

ئاشکرایە ململانێی نێوان ئازادی و دەسەڵات دیاردەیەکی مێژوییەو هەمووان بەوە ئاشناین و ئێمەیش لەوەها راستینەیەك تێدەگەین، لێ ئەگەر ئەوە بۆ گەلانی خۆرئاوایی زیاتر ململانێیەك بوبێ لەنێوان حکومەت و خەڵك بۆ خۆرهەڵاتییەکان و ئێمەیەك لەم ناوچەیەدا حاڵەتەکە دژوار ترە، لەم ناوچەیەدا ئەوەی بکوژ یا سنوردارکاری ئازادییەکانە ئەوەی بەڕواڵەتگەرایی دەیەوێ خەڵکی منەتبار بکات تەنێ هەر دەسەڵاتی سیاسی یان حکومەت نییە، فەرهەنگە هزری خێڵگەرایی و گۆماوو حەوزەی سوننەتی هزری بازو گەرایی و تەشریفاتی لەکۆسپە هەرە گەورەو گرانەکانی بەردەم کرانەوەی پرسی ئازادی و جێگربوونی بەهای ئازادییەکانن.

بەڵام ئێستا سەردەمێك هاتۆتە پێش مرۆڤ چیتر باوەڕی بەوە نەماوە فەرمانڕەواو ئەم دەسەڵاتە ناوەکیە بۆماوەیخوازانەی کۆمەڵگە بێچەوانەی بەرژەوەندی هێزە مەزنەکەی شەقام و خەڵك پێچەوانەی ئازادی تاك و ئازادییە گشتیەکان هەروا دەسەڵاتێکی بێپەرواو پۆڵاینی سەربەخۆ بمێنی و زۆرینەش بۆ تائەبەد بەژێر ئەم هەژمونەوە ڕەعییەتی کەمینەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسیبن.

دەسەلاتداران لەباری مەنتیقیشەوە دەبێ ئەوە بزانن دەسەڵاتی ئەوان جگە لەدەسەڵاتی تاك تاکەی پێکهاتەی نەتەوە بەچڕ کراوەیی شتێکی تر نیە، یانی دیاردەیەکی ئیلاهی و ئاسمانی و ئەزەلی نیە بۆیان جێمابێ، بۆیە لەپێڕۆکردنی ئەم دەسەڵاتە دەبێ رەچاوی هەڵبژاردنی گونجاو ترین پرەنسیپەکانی دیموکراسی و جێگیر کردنی نوێترین سیستم و یاسا بکەن.

بێگومان پێچەوانەکەی بۆ هەریەك لەدەسەڵاتی باوگەرایی و دەسەڵاتی سیاسی هیچ شتێك لەبێ بایەخییان ون ناکاو بۆ هەمیشەیش لەژێر پرسیاردا دەمێننەوە.

دیارە لەوەها دۆخێکیشدا تەنێ روبەروبوونەوەی ستەمکاریی سیاسی بەس نابێ، دەبێ چینو توێژە کۆمەڵایەتیەکان دژی ستەمکاریی هەست و ڕای باویش بجەنگن.

مرۆڤی ئەم سەردەمە مەجبورو ناچار نییە خۆی لەگەڵ هیچ دەسەڵاتێك بگونجێنێ، ئەوەی دەبێ خۆی لەگەڵ هەژموونی ئەم مۆدێلگەراییە لەدنیا بینی بگونجێنێ، دەسەڵاتە جیاکانن نەك خەڵك.

تەواوی ئەو ئایینە ئاسمانی و ئایدیۆلۆژییەتە ڕێسمانیانەی هاتوون و لەئارادان بۆ باشتر کردنی گوزەرانی مرۆڤ و پێشخستنی ئەوانن نەك بۆ سنورردارکردنی بیرکردنەوەو، گوتن و ژیانکردنیان.

کاریگەریی نەرێت لەرێگەگرتنی هەر بەدگومانییەك سەبارەت بەیاساو رێساکانی رەفتار لەنێوان ڕەعییەت و ڕەعییەت چێتیدا لەنێوان دەسەڵاتدارو رەعییەتەکاندا لەنێوان خانەوادەو عەوامدا لەنێوان پیاوان و ژناندا دەستکردی ئەو بەرژەوەندی و هەژموونە تۆتالیتارییەن لەجێی دۆزینەوەو کار لەسەرکردنی ئامانجی هاوبەش بۆ داکۆکیکردن لەئازادی گومڕایی ئاکاری و گەندەڵی خوو ڕەوشت و ژیاری بەگشتی دەبەشنەوە!

مرۆ لەوەها حاڵیکدا نابێ بەوە ڕازیبێ نیری نەرێتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەبەد لەملی خۆی بسوێی و سەر هەڵنەبڕێ، هێزی حکومەت و دەسەڵاتە جیاکانی تری کۆمەڵگە کاتێ هێزی مرۆڤەکانە ئازادی تاکەکەسی هەر تاکێك لەخەم ڕەخسابێ بەهەمان شێوە ئەو کاتە هێزی هەمووانە کەئامانجی فەراهەمکردنی کەشوهەوایەکی مۆدێرنی هەیە بۆ بیرکردنەوەو ژیانکردنێکی باشتر.

تا ئەو شوێنەی مرۆڤەکانیش لەرێگەی ئەزمونکردنێکی ئارەزومەندانەی ژیانکردنیانەوە توانستەکانی باشتر بوونیش بەدەست نەهێنن ئازادی شتێك نییە جێبەجێی سەر دیاردەو دەرکەوتەکان بکرێت.

لێ، لەبوونەوە تا گەورە بوون کێ لەئێمەو مانێکی شەرقی ئازادو ئارەزو مەندانە مافی وەها بریاردانێکی ئەزمونکراوی هەیە؟ کێ ئازادی سوربوون لەسەر ئارەزووەکانی خۆی هەیە؟ کێ ئازادی دارشتنی پلانی ژیانکردنی گونجاو بەکەسێتی خۆی هەیە؟ ئایا ئازادی ئەوەی ئارەزوی دەکەی هەیە؟!

دلنیام تێکرای کەمینەی بەریاردەر لەکۆمەلگەی شەرقی و دەسەلات لەم ناوچەیەدا هێشتا وا هەست دەکەن رەفتارو خواستی ئازادی تاکگەرایی مرۆڤ خواستێکی لەبنەمادا شێتانەو قۆرو هەلەیە، هۆکارەکەیشی لەبێئاگاییەوە نییە.

ئاشکرایە ئازادی تاك دواجار یەکسانە بەیەکگرتنی ئازادی کۆ، ئەمەیش پێچەوانەی دنیابینی نەسلی کۆن و ئامانجی خەلکانی فریودەرە، ئەمانە وەها دێتە بەرچاویان ئازادی بیرکردنەوە ئازادی گوزارشت کردن ئازادی بلاوکردنەوە ئازادی راو بۆچوون ئازادی جەستەیی ئازادی رۆحی سەر بەپرەنسیپێکی جیا لەئازادین و فەسادی سیاسی و کۆمەلایەتی بەدوای خۆیاندا دەهێنن، ترسیان لەوە هەیە مرۆ شتێکی گەورەتر بخاتە سەر بوونی خۆی، بۆیە نایانەوێ وەك ئەوەی مرۆڤ خۆی دەیەوێ ئاوا بژی، لەو باوەرەدان دەبێ پێرۆی ئەو یاساو رێسا باوانە بکا دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلاتی باو بۆی دیاریکردون!

هەر پرینگانەوەیەکیش بەئینحراف و هەلگەرانەوە لەکونی خۆی دەزانن، بەو عیبارەتەیش ئەوەی لەکونی خۆی هەلگەرێتەوە رێوییەکی بەردەوام خۆ گۆرەو گەر دەبێت، بەلام هەلگەرانەوە لەسروشتی مرۆڤبوون رێز نەگرتنی ئازادییەکان و بەرپێگرتنی مافی هەلسورانی ئارەزومەندانەی ئەوانی تری مرۆڤ و بوونەوەرە بەگشتی، هەر یاساو رێساو دەسەلاتێکیش ئەو مافانە ئاوەلە نەکا ئەو کۆمەلگەیە ئازاد نیە. یانی ئەو یاساو رێساو دەسەلاتە سەر بەرەگەزێکی جیا لەلێو رێژی کانیلەکانی ئازادین و بەشوێن کۆنترۆلکردنی ماف و رەفتاری مرۆڤەوەن تا ئازاد ژیان و ئازاد کردنی!

# ئیشی هونەر ئیغراو ڕواڵتگەرایی نییە

هونەر ئەوە نییە پۆشاکی کچانی بیانی بکەیتە بەر کوڕانی کوردو سەمای شەرقی و غەربیان لەسەر شاشەی تیڤی پێبکەی، کاری میدیاش بەشینەوەی هزری سازشکاری بەهاکانی مرۆڤبوون نییە لەسەر کەوڵی بەناو تێکشکاندنی باوگەرایی و فەزڵ پێکردنی ئازادی تاك، جیاوازیش ئەوە نییە ڕواڵەتگەرایی لەچاوی بینەردا بکەیتە داهێنان!

هونەر ئەوەیە بەهایەکی زیاتر بخاتە سەر بوونت نەك ئەوەی بوونیش پێی بەخشیووی لەبازاڕی ئیغراو ڕیکلامی کۆمپانیا داماوەکاندا هەرزانفرۆش بکرێ ئاخر میدیایەك ئەگەر ئامانجی دۆزینەوەی جیاوازییەکان و دەرخستنی بەهرەیە بەموخات بگرتنی هەژموونی دنیابینی نوێ ئەگەر بۆ تێکشکاندنی بازاڕی لەنگەیە پێمان بڵێن هۆکار چییە لەدەرەوەی ئەم بازاڕە فەزڵی ئەو باهۆزە ڕەجعیگەرایەی نەرێت دراوە بەسەر بەهرەو هونەری ژیانکردن لەتەواوی بوارە کۆمەڵایەتییە جیاکانی تردا؟

باشە ئەم هەموو خۆ تەخش و پەخش و نمایش کردنە بۆ ڕۆژێك لەڕۆژان دەمی ڕەخنەی ئەم ڕەخنەگرانەی نەکردەوە تا بابەتیانە هۆکارگەلی لەبنەمادا بێبەهرەیی ئەم هەموو سەروەتە مرۆییە ئاشکرا بکەن؟!

ئایا ئیشی وەزارەتگەلێکی وەك ڕۆشنبیری، پەروەردە، پلان و ژینگە چیبێ و چییە؟! مەگەر لاسایکردنەوەو کۆپیکردنی ڕەگەزی هونەرە؟ ئایا نوێگەری ژانگرتنە لەهونەری بێگانە؟ بەدیوێکی تردا، ئایا وێناکردنەوە کەوتۆتە کوێی بەهرەو داهێنانی دنیای هونەرو جیاوازییەکانەوە؟

تۆ بڵێی ئەم فرچککگرتنە خۆ لەخۆدا مانای ئەوپەڕی بێبەهرەیی نییە؟ ئەرێ ژینگەیەك مرۆ نەتوانێ تیایدا وەك ئەوەی هەیەو دەیەوێ بیر بکاتەوەو بڵێ، میدیایەکی لەبنەمادا گوێڕایەڵ لەدەرەوەی دروستکردنی بازاڕی ڕمێنگەرایی کۆمپانییە تایبەتەکان تۆ بڵێی خەمێکی تری بۆ ئەم نەسڵە لەکۆڵنابێ؟

بێگومان هونەر لەمیدیای گوێڕایەڵدا بۆ کۆشتنی بەهرەیە نەك ڕسکان، چونکێ ئەو لەبنەمادا خۆی هەڵگری دنیابینییەکی جیاواز نیە تا توانای دۆزینەوەی بەهرەو توانا جیاوەزەکانی هەبێ و برەویان پێبدات.

دیارە ئەم گێژاوە نەك هەر میدیای بینراو بەڵکو سەرتاپای بەرپرسە لەخولڵقاندنی ئەو دۆخە ڕواڵەتگەراییەو بووەتە کاری هەمەکارەو لەپێشی زۆربەی هەرە زۆری پەخش و بڵاوکراوەکان، گرفتیش ئەوەیە ناویان ناوە بەرەو نوێگەری، لێ پێچەوانەکەی راستە.

ناسر ڕەزازی گەورە هونەرمەندی کورد، دەڵێ" خۆ دەرخستن و خۆ ڕوتکردنەوەو نازو خەمزە نواندن نوێگەری نییە. جلی رەنگاو ڕەنگ لەبەرکردن و سمتو پوز دەرخستن کامە شوێنی نوێگەرییە؟! گۆرانیی نەجات سەغیرە بکرێتە کوردیی‌و کیژە کورد بیچڕێ، لەکوێ نوێگەرییە؟! نوێگەریی ئەوەیە ئاوازی تازەو وشەی تازەی لەسەر بێ بەکورتی بەستە (شێعری گۆرانی)دەبێ نوێ بێ‌و مۆسیقاش دەبێ کارێکی تازەی کردبێ هەتا پێی بگوترێ نوێگەریی!

بێگومان ئەوانەی دژ بەکرانەوەو هونەری نوێگەرین زۆر نین، لێ بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتی گەورەی جۆراو جۆریان بەدەستەوەیە بۆ لارێکردن و بەر پێگرتن، ئیشی هونەر تێکشکاندنی ئەو دەسەڵاتانەیەو میدیا نابێ بازاڕێکی تری درۆینەی لێ ساز بکاو لەژێرەوە بەدوای شتی ترەوە بێت!

## ئیشی هونەر وێناکردنی نەگۆڕ

ئەگەر بۆ بەدەستهێنانی شوناس یا هیچ نەبێ لەپێناو ئارامییەکی بەمانا کراوە هەزارەهای تریش لەمرۆڤی کورد لەم هەرێمەدا بکرێنە پێشمەرگەو پاسەوان و پۆلیس بەهەزارەها تریلیۆن دۆلارو دیناری تریش لەم پێناوەدا خەرج بکرێ، زۆر بەسادەیی دەڵێم ئاساییە، چونکێ وەها خاوەندارێتییەك بێگومان بەهاکەی قوربانیدانە.

قوربانی نەبێ ئاسایش نییە، بەڵام بۆ دەبێ دواجار سەروەرییەکانی ئەم قوربانیدانە مرۆیی و ئابورییە ببردرێتەوە تەنگەی بەرباخەڵی حزب؟! بەر لەوڵام، بۆ ئەوەی بەد حاڵێبوونێك رونەدات، بێگومان پێشمەرگە ناوی خۆی بەخۆیەوەیەو لای من سەروەتێکی گەورەی نیشتمانی و بەرەنگاری و رزگاری و پارێزەرە، لێ لەهەمبەر وەها پرسیارێك، وڵامێکی کورتم هەیە، ئەویش ئەوەیە چونکە لەبنەمادا ئەوەی خاوەن تەنها پێشمەرگەو پاسەوان و پۆلیس و هیچ کام لەتاك تاکەی هێزەکانی بەناو سەر بەوەزارەتی ناوخۆ نییە حکومەتە!

ئەمە بەو مانایەی هەر کاتێك حزب بیەوێ، حکومەت روت و ڕەجاڵ دەکات! ئەمەیە هونەری حزب، لەکاتێکدا کوڕو کچانی ئەم وڵاتە ئەوێ رۆژێ چەکی پێشمەرگایەتییان گرتە دەست بۆ ئەوە نەبوو دواجار حزب بیانخاتە خزمەت فراوانخوازی و هەیمەنەپێکردنی زاڵگەرایی خۆیەوە، ئێستا ئەمە بووە بەئەمری واقع، حکومەتیش دەبێ ئەم باج و خەراجە بدات، یانی بەخاتری پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی خودی حزب رێی لەحکومەت گرتووە بەشێوەیەکی دامەزراوەیی پریبکاتەوە، دەبێ ئەم هێزانە بۆ حزب بەخێو بکات لەسەروی ئەمەیشەوە دەبێ گوێڕایەڵی حزب بێ!

وەك هەمیشەش وتوومە دەبێ لەجێی پەرلەمان کار بەرێنامەو بریارگەلی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بکا، بەڵێ دەبێ لەجێی دادگا، پێڕۆو پرۆگرامی سونەتی و حزبی حوکم بکا. دەی ئاخر دامەزراوە سونەتی و حزبیەکانی ئێمە وجودی هەموو شتەکان لەوجودێکی ئاوا بۆماوەیخوازانەی خۆیدا دەبینێتەوە! بۆیەش ناچار نییە ئەم هەموو هێزە مرۆییەی خۆی وەك خۆی دەڵێ بەخوێن بەدەستیهێناوە ئاوا بێپەروا بخاتە ناو چوارچێوەیەکی بەیاسا رێکخراوی دەستوری!

عەقڵیەتی بەلارێدا بردنی زۆرینەو خود پاراستن و پێشخستنی کەمینەی باڵا دەست لۆژیکێکە تەنها چارەسەری کێشەو ئاریشەیەك دەکا لەبنەمادا گرینگییەکی پلەدو یا

لاوەكییان هەیە، ئەمەیش ئەوپەری دڵشكانی مرۆڤی كوردی لێ كەوتۆتەوەو نیشانەی ئەوەیە هونەری وەها هێزو دەسەڵاتێك لەوە پەتی ترە مرۆ چاوەڕێی كرانەوەی لێبكا، چونكێ هێشتاش سەرگەرمی بەرهەمهێنانەوەو وێناكردە نەگۆڕەكانی دوێنێی خۆیەتی!

ئەم ڕیتمی ڕێكردنە بۆ تێڕوانینی سیاسی و حوكمڕانێتی دژواریەكەی لەوەدایە ڕێگە نادا ئەزمونی ژیانكردنن لەدەرەوەی ئەم تێگەیشتنە شرۆڤەو ڕەخنازۆ بكرێ، مەترسییە هەرە گەورەكانی لەپێڕۆكردنی سیاسەتی بەكۆمەڵ ژیان كردندا ڕەنگ ڕێژ كردووە، دەیەوێ لەبری هەموومان بیر بكاتەوە، ئەی ئەوە نیە لەئەلفەوە تاد، لەمەڕ تەواوی مافە جیاكان پێمان دەڵی چۆن و بەچ شێوەو لەسەر چ بنەمایەك هەڵوێست وەربگرەو دەنگ بدەو...هتد.

بێگومان یەكبینی لەبیركردنەوەدا جگە لەكوشتنی جیا بینییەكان مانایەكی تری هەبێ وەستاندنی ئەزمونكردنی ژیانە لەدۆخێكدا، ئەمەیش نا كامڵترین ڕێگەیەو لەئامانجە بنەرەتی و لۆژیكییەكانی مرۆڤی ئەم سەردەمەوە دورە، دیارە هیچ هێزو هزراندنێكی دوێنێخواز جا سیاسی یا كۆمەڵایەتی و هەر تشتێكی تر بێ، ناتوانێ لەدەرەوەی هێزو هزراندنی ئەمرۆدا بناسرێتەوە.

هونەرمەندانی ئەمڕۆ هەرچییەك بن ناتوانن شتەكانی پێشووی خۆیان یان تەنانەت داهاتوویش بناسێنن، ئاخر خۆ هەر زەمەنەو هونەرمەندانی خۆی داهاتوانی دەناسێنێ، هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی نەگۆڕ مایە پوچییە، ژیری ئەوەیە مرۆڤی سەردەمی خۆتبی، ئێمە ئەگەر سیاسی و هونەرمەندانێكی ڕاستەقینەمان هەبن ئەوانەن ئیلهامی هونەروەرانەی خۆیان لەرۆشنایی ئەم تێگەیشتنەوە هەڵێنجاوە.

ئەوەی بەدەستهاتووەو هەیە هەرگیز بەرهەمی هونەری خۆبەختكردن و خۆ نواندنی تاك و گروپێكی دیاریكراو نییە، مرۆڤی كورد بەتەواوی توێژو پێكهاتە كۆمەڵایەتیەكانیەوە تاكەی دەسكەوتە سیاسیەكان هەڵكشانی بزاوتە كۆمەڵایەتیەكان

كليپ و فيلمسازی و بەرهەمە هونەرييەكان بەفەزڵ و بەخششی تاك و گروپێكی دياريكراوەوە گرێدەدات؟ بۆ نەپرسين وەها پەيوەستبوونێك جگە لەهەستی خۆ بەكەم گرتن و درێژ كردنەوەی تەمەنی نەرێتگەرا چی تر دەخاتە سەر بونمان؟ تۆبلێی ئيشی ئەم هەموو بەناو دامەزراوە رۆشنبيری و هونەرييە چييە؟!

بۆ دەبێ لەخۆ بەخاوەندارێتی كردنی بەهرەو توانستەكانمان سلّ بكەينەوە، كێ هەيە هونەری خۆيت فێر بكا؟ ئەمانەو دەيان پرسياری جيدديانە تر لێ من و تۆ وەك تاك وەك هونەرمەندو سياسی و هەر ناوێكی لێدەنێی گەر بمانەوێ دەتوانين ئەو شتانەی دەيانبينين و هەستيان پێدەكەين هەڵوێست و وڵاممان بۆی هەبێت، ئەمەيە هونەر هونەری بوون.

## هونەری بێگانەو ئەنفالی ئاوەز

شازو نەشاز دو ديوی ريتم و هارمۆنی دنيای هونەرن، ئەمە بەرئەنجامی تێگەيشتنی دنيابينييەكی هونەريشە بۆ ژيانكردن بەهەموو ماناكانييەوە، بۆ سروشتی مرۆڤبوون بەهەموو دەركەوتەو لێكەوتەكانيەوە. ئەوەی نەشازی لەوەها ريتم و هارمۆنييەك دادەماڵێ ئاستی خواستی بەمرۆڤبوون و پەروەردەی زانستی و مەدەنی پەنجەكانە، خولّقاندنی ژينگەی هونەری نوێ و بەسيستم رێكخراوە لەبۆتەی بەدامەزراوەييكردنی جڤات. بێگومان هيچ تاك يا فەرمانڕەوايەكی وەها بەبيروباوەڕ شتلّ و شكلّ گرتوو، ناتوانێ بۆيەك ساتيش چييە لەسروشتی مرۆڤبوونی خۆی دوربكەوێتەوە.

ئايا تۆيش دەتەوێ نەشازی سەرزەنشتبكەی؟ ئايا تۆيش هاوڕای ئەوانەی دەڵێن زۆرينەی خەڵك و گەنجانی ئەمڕۆ بەپشتيوانی كەمينەيەكی نەرێخواز بەوەها وڵامێك لەلايەن مۆرانەيەكی هونەری دەيانساڵە ئيش لەسەر تێكشكاندنی ئاكارو زەوقی هونەرييان دەكرێ لەم هەرێمەدا؟!

جارێ بێئەوەی لەباری مەنتیق و ئەقڵانییەوە ئێوە بەشوێن دۆزینەوەی وەها وڵامێك مژوڵ بکەم، دەمەوێ بڵێم راستییە بنچینەیەکەی کاری هونەر تەنێ هەر چێژ بردن و سڕکردنی ئاوەز نییە لەزەینی مرۆدا، بەڵکو لەبنەمادا ئیشی هونەر پەروەردەکردنی رۆحە. ئایا هاوردەکردنی ریتم و هارمۆنی هونەری ئەوانی غەیرە کورد ئەوانی دژە کورد لەئەزەلەوە بۆ ئەمرۆ، هەرگیز رویداوە وەزیفەیان پەروەردەکردنی رۆحیانەتی مرۆڤی کورد بێ؟ یا تێکشکاندنی کارەکتەرو شێواندنی تەل و ژێکانی ژیانکردن و بەرهەمهێنانی ئاژاوەو ژاوە ژاو؟!

لەو باوەڕەدام چۆن تا ئێرە قبوڵکردنی برایەتی سەپێنراو ئازادی بیرکردنەوەو ماڤی بڕیاردان ئازادی پەروەردەو فێرکردن کۆبوونەوە، رۆژنامەگەریی، سەفەر، کارو بازرگانی، بەکورتی تەنانەت ئازادی ژیان کردنێکی سەرەتایی شمان تێك دەشکێنێ، بەئاشکراو نزیك بەدەیانساڵە دنیابینی هونەری ئێمە بێپەروا بەناوی کرانەوە ژان لەهونەری بێگانە دەگرێ! دەیانساڵە بەرداشی ئەم بازارە مەبەست و بێ مەبەست کەرامەتی بینەرو گوێگرو کچ و کوڕانێکی ئەم هەرێمەی ئێمە تێکدەشکێنێ!

وێنە هەرە زەقەکانی ئەم هاڕینی دنیابینییەی مرۆڤی کورد لەبەعەرەبی کردنی ئاوەزو هەژموونی دراماو فیلمگەرا تورکی و فارسیەکانی وەك کەناڵە کۆپی پەیستە تورکی و سەحەر دا دەبینرێن. بێگومان پەنگاوی ئەم هەژمونگەرایە وایکردوە تاکی کورد لەنیشتیمانەکەی خۆیدا وا هەست بکات لەجەنگەڵی هێماکانا بژی و کوردستان وەك شوێنێکی نامۆ بۆ ژیانکردن ببینێ! ئاخر ئەوەی زیاد لەهەر شتێك هونەرو شەقام بەیەکەوە دەلکێنێ هونەروەرە رەسەنەکانن نەك زۆڵەکان هونەرو هونەروەری رەسەنیش ئەوەیە روناکی بخاتە ناو چاوی نابیناوە، یانی روانگەو دانیابینییەکی سەربەخۆت بداتێ، چونکە پێچەوانەکەی جگە لەوەی ئەم چاوو گوێچکەیەت نەرێ دەکا شتێکی ترت پێنابەخشێ.

لەهونەردا ئەو شتانەی دەکەونە خانەی درۆینەوەو نیەتێکی فریوکارییەوە یەکسانن بەپوچی، لیٚ ئیشی هونەر بەشینەوەی پوچی و هارِینی دنیابینی و ئەنفالی ئاوەز نییە! ئیشی هونەر فراوانکردنی فەزای گشتیش نییە لەسەر حسابی ئەسلٚ و بنەچە، ئیشی هونەر بەرهەمهێنانی هارمۆنی و توخمی نوێیە لەناو نیشتیمان بۆ هاونیشتیمانی، لەسەرووی هەموو ئەمانەیشەوە ئیشی هونەر پارێزگاریکردنە لەهەستە گەورەو ناسکەکانی مرۆڤ بەگشتی.

## ئیشی هونەر هونەرو سیاسەت

جوگرافیایی بیرکردنەوەو ئەداکردنی سیاسەتکارە خۆرهەڵاتیەکان هەرگیز لەکاری شمولکاری تێناپەرِیٚ، رێگەکانی دنیابینی ئەوان سنوردارەو لەهونەری ژیانکردنێکی فرە رِەهەندو بەمانا تێناگەن، خۆیان وەك شوانکارەی مێگەلٚ دەبینن و لەو باوەرِەدان ئیتر ئەوە روناداات ببنەوە تاکێکی سادەو ئاسایی!

بێگومان جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان هونەری مێگەل بەمۆدە کردن و هونەری ژیانکردنێکی سروشتی، مرۆڤی ئەمرۆ بوونەوەرێکی بەربەری یا جەنگەڵی نییە تا دلٚخوازانە رِەوانەی بیابان و چیاو چۆڵەوانی بکریٚ، شوانکارانێکی وەها بەرخۆر هەرچەند توانای کرین یا دەست بەسەرداگرتنی ئەسپ و مەرِو ماڵاتیشیان هەبیٚ دواجار دەرهاویشتەی هێزی هونەری ئەو مێگەلە هەموو هی ئەوان نییە، چونکیٚ وەها شواکارانێك هەمیشە لەدژایەتی و دڵەرِاوکێی ناو خەون و خولیاو ئەرکەکانیاندا ململانێیەکی نەبرِاوە هەیە، مۆدێلی هونەری ژیانکردنێکی نویٚ رۆناچێتە ناو زیهن و عەقلٚیەتیانەوە! ئەمە تۆمەتبارکردن نیەو لەرۆحێکی دوژمنکارانەیشەوە سەرچاوەی پێنەگیراوە، کارو کردەوەو روداوەکانی دوێنیٚ جەنگە دزێوەکان رەو کردنە بەکۆمەڵەکان ئەشکەنجەی ئاینی پاوانخوازی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری قۆرخکردنی بازارِ گەندەڵکاری خوو رِەوشت بەعادەتکردنی باوگەرایی و تاد، رەگ و رِیشەی ئەم مەیلە شمولییەن! ئایا وەها هونەرکارێکی کوێرانە دەتوانیٚ وێنەکێشێکی باش مۆسیقارێکی

داهێنەر ئاوەزێکی نەمر گۆرانیبێژێکی رەسەنت بداتێ؟ ئایا لەجێی دروستکردنی کۆمەڵگەی هونەری و هۆڵی شانۆ دروستکردنی سەدەها هۆڵی پرسە دەتوانێ تەشویقی ژیانکردنێکی ئەزمونکراوت بداتێ؟! ئایا هیچ نوێنەرایەتییەکی هونەری خەوتووی سەر باڵی ئەم بێمروەتییە دەکارێ بەرێگەی رێنومایی کارە سیاسی و وەعز دەرانێکی وەهاوە رێگە لەم بانگەوازو تەبلیغاتە تەشریفاتییە بگرێ؟!

بێگومان نەخێر، چونکێ ئەم پرسیارانەو دەیانی تر دەبێ وا سەیر بکرێن گەر هونەرکار خاوەن دنیابینییەکی فرەبینی نەبوو چۆن دەتوانی مەخلوقێکی گەورەتر لەدنیابینی خۆیمان بداتێ؟! ئەی ئەگەر کارەکتەری ئاراستەکراو خاوەن هزراندنێکی هونەری نەبوو چۆن دەکارێ بنوێنێ، هونەرمەندی گوێرایەڵ و دەستەمۆکراو تەنها بینەر دەرەنجێنێ، لێ ئیشی هونەر هونەری نوێ ئەوەیە جڤاتێکی ئاوا پەرت و بڵاو لەوەها دۆخێکدا کۆبکاتەوەو بەرەو کرانەوەی فەرهەنگی و دامەزراندنی جڤاتە کۆمەڵاتییەکان پەلیانبگرێ. لەبیرتان بێت، ئەمە تەنێ روانگە بینی من و تۆیەك نییە، حەقیقەت لەم دەرئەنجامە بەدەر نییە، یان ئەوەتا سیاستکارانی ئەم مەملەکەتە هیچ لەهونەری ژیانکردنێکی کراوە نازانن یان نایانەوێ ئەو خەڵکە سەبارەت بەم دنیایە شتێکی زیاتر ببینن، ئەفلاتون دەڵێ "کاتێ مۆسیقارەکان تۆنەکانیان دەگۆڕن، بارودۆخی دەوڵەتەکانیش دەگۆڕێ"

## ئیشی هونەر وەك لەناوبەری روانگەی باو

ئیشی هونەر، هونەر بەگشتی، جوینەوەی ئاوەزی بەسەر چوو نییە، خۆ دووبارەکردنەوەی دوێنێش نییە لەبەرگی ئەمرۆدا، ئەمەیش نییە لەزۆرینەی تیڤییە لۆکاڵ و فەزاییەکانی ئەم هەرێمەدا بێپەروا تەخش و پەخش دەکرێ، ئیشی هونەر لای ئێمە دەبێ بەر لەهەر شتێك تێکشکاندنی فەرهەنگ و دەسەڵاتی زەینی باو بێ لە ئێستادا.

ئەم دۆخە مێژووینە تراژیدییەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەی بەخود نامۆیی بارگاوی کردوە، ئەگەر تا ئێرە کاریگەرییە بۆماوەییەکانی قەلاچۆپێکردن و ماڵوێرانکردن هۆکارگەلی هەرە لەپێشی وەها دەرئەنجامێك بوبن، لێرەوە راستەوخۆ پەیوەندی بەوەوە هەیە دوای ئەم هەمو ساڵە لەحوکمرانێتی، هێشتان مرۆڤی کورد بەچاوی ئەوانی دی تایبەتیش ئەوانی داگیرکار مەیلی خۆ بینی و دنیابینی کێشی دەکات! ئەمە بۆچی لەخەم نەرەخساوە؟ بێگومان وڵامی وەها پرسیارێك لای حکومەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان و ئەو میدیا بینراوە حزبی و بەناو نا حزبییە لەکرانەوەی کۆمەڵایەتی لەدەرکەوتنی مەیلی خۆبەخاوەندارێتی کردنی تاك دەترسن!!

وەها وڵامێك لای ئەوانەیە هێشتا هۆڵەکانی شانۆ وەك دیواخانی خان ئاغاو میلۆدی وەك بالۆرەی شەیتان و هەر هونەرێك جگە لەپیاهەڵدان و بەرهەمی تەشریفاتی حەرام دەبینن! لای ئەوانەیە بەر هەر هۆیەك بووە تا ئێستا زاتی جوڵاندن و هەڵدانەوەی لاپەڕە مێژوییەکانی ژیانکردنی کوردەوارییان نەکردوەو لەچاوی بەرهەمە ئێرانی و تورکییەکانەوە مێگەل ژیاو بینایمان لەگەڵ بەهەدەردانی ملیۆنەها دۆلار لەسامانی نەتەوەیی دەبەنەوە بەردەم رابردو، ئەم رابردووەی تەژی کراوە لەسوکایەتی کردن بەفەرهەنگی مرۆڤی کورد!! هەر بۆیەیشە فەرهەنگی ئێمە جگە لەبینایی شتێکی تری نەماوە لەدەستی بدات، هەڵبەتە ئەوە بەو مانایە نا مرۆ بۆی نەبێ چێژ لەدنیابینی ئەوانی دی وەربگرێ، بەڵام نابێ ئەو گۆشە نیگایە بدۆرێنی شوناسی خۆتی پێ دەناسرێتەوەو شیاوی ئەوەیە دەسکاری چارەنوس و دنیابینی سبەینێ بکات.

بۆیە ئێشی هونەر، هونەری نوێ ئەوەیە ئەم پاشخانە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگییە، لەبازاڕی ئەم بەرخۆرییەی تادێ ژیانی تاك قۆرختر دەکات لەخەم برەخسێنێ و رزگاری بکات. زۆر راستە هونەر وەك زۆر لەبوارەکانی تری ژیانکردن لای ئێمە، هێشتا خاوەن ئەو نەفەس و ئازادییە راستینەیە نییە تا چ لەباری دامەزراوەیی و چ لەبواری بەرهەمهێناندا بتوانێ شتێکی گەورەتر لەو بونە سیخناخ کراوەی خۆی بخولقێنێ، ئەوەی

هەیە هەر ئەوەیە هەژموونی باوگیرو سیاسیکاری کوێرانە خستویەتە ناواخنی خۆی، چۆنیشی بوێ ئاوای پێدەر داوێ! !

ئاخر خۆ ئەمانە بەهای هونەرو کرانەوەی کولتوورییان بەلاوە گرنگ نییە، ئەی ئەوە نییە زۆرینەی شارو شارۆچکەکانی هەرێم خاڵی کراون لەرێبەرو نوخبەی هونەری و توانستیان خراونەتە خزمەت بەرهەمهێنانی سنوردارو کاری تەشریفاتی! ئەی ئەوە نییە بێئەوەی نەخشێکیان هەبێ مانگانەو ساڵانە ملیۆنەها دینارو دۆلار بۆ بەحزبیکردنی هونەر دەدرێتە بەناو تیپ و گروپگەلێکی ڕستکراوی ئاراستەکراوی بەم ناوە ناودێر کراو، ئەی ئەوە نییە نەبوترین دامەزراوەی هونەری رێکخراوی هونەرمەندانە ! !

ئەمە بەهەموو مەنتق و نامەنتقێکیەوە بێگومان بەرپێگرتنەو دەچێتە خانەی دەقبێگرتنی جوگرافیای هونەرییەوە، بۆیە ئا لێرەوەیە ئیشی هونەر، هونەری نوێ، دەبێ لەو نۆرم و فۆرمە باوە لابداو شتەکان وەك ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ تۆمار نەکات، بەڵکو لاسارانە بچێ گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵبداتەوەو نۆتە لەپەنجەی شەهیدەکانمان بچنێ. ئاخر خۆ هونەری نوێ ئەوەیە مرۆ بەرەو مەودا دورەکان روناکی بەرەو ژورە تاریکەکان جۆرە ریتمێك بەرەو رەسەنایەتی لەجوانناسی لەخۆشەویستی لەدنیابینی ئەمرۆو داهاتووی نیشتمان بەرێ، تاك تاکەی خەڵکی بشواتەوە لەتێگەیشتنی سونەتی، پێم وایە تا ئەو دەمەش کەسمان وەك ئەوەی بووین و هەین لەوە تێنەگەین چگەمەیەکی ترسناك بەسایکۆلۆژیای مرۆڤی کوردەوە کراوەو دەکرێ، بەڵێ رەنگە تا ئەو کاتە لەوە حاڵی نەبین تا چ ئاستێك حورمەتی ئینسانی کورد خراوەتە بەردەم چ قەدەرێك و چەندو چۆن نزمکراوەتەوە. بۆیە ئیشی هونەری نوێ ئەوەیە پێش بەو مەسخ بونە جڤاکییە بگرێ و مەدلولێکی فراوانترمان بداتێ، ئاخر هونەری نوێ رەنگاڵەیی ئەو رەگەزە تۆخانەیە واتایەکی دەستەمۆ نەکراوی لەهەناودا هەڵگرتوەو لەژێر دارو پەردوی وەها بازاڕێکی هەرزانفرۆشدا گۆشەگیر ناکرێ.

# دەنگدەر وەك بێبەهاتر لەهەڵبژاردن

عیراق، ئەم وڵاتەی سەد ساڵە چییەکی بەسروشت تیادا لەدایك نابێ، لەبنەمادا وڵاتێك نییە بەسروشت بووبێتە خاوەن پێگەیەکی دەوڵەتی، ئەم دەرئەنجامە تەنێ هەر ئەم هۆکارە نیە وایکردوە بەدرێژایی ئەو مێژووە جگە لەبیمانایی باهۆزێکی تر لەم وڵاتەدا هەڵنەکات.

پارت و سیاسییە بێسەرو بەرەکانی عیراق، پشکی هەرە گەورەی ئەم بێ نەزمییەیان بەردەکەوێت، تۆتالیتاریەکانی سەدەی رابردو تەواوی توانستە مرۆیی و سەرخان و ژێرخانی ئەم وڵاتەیان لەپێناو هەیمەنەپێکردنی هزری پانناسیۆنالیزمی عەرەبیدا کردە ئاردی ناو درِو، تا زەمەنی بەرژەوەندییە بەدە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیەکان بواریدان سڵیان لەخوێنرِێژی نەکردەوە !

ئەکتەرە سیاسییەکانی ئەم سێ دەیەش هێشتا هەر سەرگەرمی بەشینەوەی نوقڵانەی مەزهەبی و تایفەگەرین، زۆرینەیان هێندە بەربادو شکستخواردون نەك هەر بێحیکمەتن لەپێکهێنانی حکومەت و وڵامدانەوەی دەنگی خەڵك، نەیانتوانی و نایشتوانن چجۆرە خۆشگوزەرانییەك بهێننە دی.

لەجێیاندا روداوە دڵتەزین ئامێزو چاوەرینەکراوەکان تادێ لەم وڵاتەدا وەك دەگوترێ لەمردنی ئاسایی زیاتر دەبن، ئێستا عیراق لەسەر ئاستی دنیاش بەغەرقی گەندەڵی و بێتوانا لەکۆنترِۆڵکردنی تاوان و رانەپەرِاندنی سادەترین ئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنی پێناس دەکرێ.

لەمەیش بەولاوە قەوارەو سیاسییە غافڵگیرەکانی ئەوەندەی رۆژانە سەرگەرمی راستکردنی بەرژوەندییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ناوچەکەن، هەرگیز لەخەمی تێپەراندنی ئەم دۆخە ئالۆزەی وڵاتدا نین.

لەبیرمانە ڕۆژانی پەسندکردنی دەستور، نەك هەر بۆ عیراقییەکان وەك دەسپێکردنی ژیانکردنێکی نویێ دەبینرا، ئەوکاتە ڕێك لەواشنتۆنەوە فشار خرایە سەر سەرکردە ڕۆژهەلاتیەکانی تریش داوایان لێکرا دەبێ ئیتر وەك عیراقییەکان دوێنێی وڵاتەکانیان بەرەو گۆڕانێکی بنەرەتی جێبهێڵن!

کەچی هێشتا دەستاو دەستپێکردنی دەسەڵات و بێنرختر لەهەڵبژاردن لەم عیراقە نوێیەدا مەسەلەی هاوڵاتیبوون و دەنگدەرە، بەڵێ لەمانەیش بێبەهاتر دەستورەکەیەتی، چونکە ئەگەر دوێنێ هەژموون و بڕیارگەلی تۆتالیتاری، ئەوا ئەمڕۆ سات و سەودای تەوافوقی سیاسی و گرەوی ڕۆژانە، لەجێی حکومەت و دامەزراوەگەلی بەمانای دەستوری حوکم دەکەن!

ئەوەی بەبنەما نەگیراوە بەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان و پرسی بەهاوڵاتی بوونە، ئەم دیاردەو دەرکەوتە تاڵانەیش ئەگەر بڕیارە لەلایەن گەلانی عیراقییەوە بۆ دواجار پێشیان پێ بگیرێ ئەوا ئاماژەگەلێکی گرنگن بۆ بەخۆدا چوونەوەی هەموو ئەو دەنگدەرانەی لەمەو دواو لەم وڵاتەدا دەنگ دەدەن.

دەنگدەری عیراقی دەبێ ئیتر لەسەر بنەمای ئاگاداربون لەسیاسەتیکارو بەرنامەی هەڵبژادنی کاندیدەکان دەنگ بدەن، نەك سۆزو ترس و خورافیات، مەعلومە ئەوەی زامنی سەرکەوتنی دیموکراسیەت و ژیانکردنێکی تەژی لەژیان دەکات بەتەنها هەوڵەکانی تاکی کاراو هوشیارە.

بێگومان هەموو ئەوانەی پێگەو بەهای دەنگی خۆیان وەك تاك و هاوڵاتی بەمانا دەزانن دەچنە ئەو خانەیەوە، هەڵەیەکی گەورەیە ئیتر نەبینە ڕێگری بەردەم ڕێسا شمولییەکان کاتی ئەوە هاتووە دەنگدانی بەکۆمەڵ تێپەڕێنین.

دەبێ ئەو ڕێسا پوچانە بایکۆت بکرێن، دەبێ لەوە تێبگەین هاوڵاتیبوون هەر ئەوە نییە بەهەڵگرتنی ڕەگەزنامەیەکەوە وەك ئەوەی لای سیاسەتکارە عیراقییەکان باوە

بەندبکرێ، هیچ هاوڵاتییەك بەوەها شوناسێك ناتوانێ دواجار ببێتە بەشێك لەئالیەتی سەرخستنی پرۆسەی سیاسی، ناتوانێ دەنگ و ویستی خۆی لەوەها پرۆسەیەکدا دەربخاو دواجار وەك مەرجەعی کۆتایی بڕیاردان بەکاری بهێنێ.

هاوڵاتی بۆچی ئەبێ لەخۆی نەپرسێ ئاخۆ هۆکار چییە تەواوی سیاسەتکارو پارتە سیاسیەکانی عیراق تا هەنوکەیش تەنهاو تەنها لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بایەخ بەمەسەلەی هاوڵاتیبوون و دەنگدەر دەدەن؟!

دەرئەنجام رونە، رەنگە پوختەترین وڵام بەوەها پرسیارێك بریتیبێ لەوەی ئەمانە خۆیان بەئەمری واقع دەبینن و بەلایانەوە دەنگدەر یا هاوڵاتی جگە لەژمارە بەهایەکی تری نیەو ناتوانێ دواجار چ رۆڵێك لەگۆڕینی پرۆسەی سیاسیدا ببینێت، ئەی ئەوەنیە هەر چونە سەر کورسی دەسەڵات ئەوەیان لەبیر دەچێتەوە بەدەنگی هەریەك لەم دەنگدەرو هاوڵاتیانە هاتونەتە ئەو شوێنە، بەڵام نەك هەر نایانەوێ لەوە تێبگەن تەنانەت یەقینیشیان وایە بۆ هەمیشەو لەخولەکانی داهاتووشدا ئەم دەنگانە جارێکی تریش بەدەست دەهێننەوە.

ئەمەیش مانای ئەوەیە لای سیاسی و پارتە سیاسیەکانی عیراق، لەناو دەنگدەرو هاوڵاتی عیراقدا وێك چوونێکی دەرونی و عەقڵی هاوبەش هەیەو هەیمەنەی کردووە بەسەر بریارو بیرکردنەوەیاندا، لەم باوەڕەدان هەرچۆنێبێ دواجار زۆرینە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەری سنوردار دەنگ ئەدەن! بێگومان ئەم تێگەیشتنەیش رەنگدانەوەیەکی فرە ڕەهەندی خۆی هەیەو ئەگەر بریار بێ قسەلێکردنی لەم وتاردا بهاوێینە ناو باس ئەوا تولێ دەکێشێ.

# تاك سەلارو تاك سەروەر

هەستیاری و پێداگری زۆرم لەچالاکی و بەریەککەوتنە پەیوەندیدارەکاندا سەبارەت بەتاك سەلارو تاك سەروەر لەکایە کۆمەلایەتی و سیاسیەکاندا، مانای ئەوە نیە وەك ئەوەی هەن ئیددیعای دەکەن بمەوێ دژبەری ئایدیای بەها هاوبەشەکان بکەم لەجڤاکدا، لەڕاستیدا پەیوەندی بەتێگەیشتنێکەوە هەیە ئامانجەکەی مرۆڤە، لەحەقیقەتێکەوە دێ باوەڕی نەگۆڕی بەوە هەیە هەموو مرۆڤێك ماف ئەوەی هەیە ئازاد بێ و ئازاد بژی و ئازاد ئەزموون بکات، دواجار ئەوە تەنها تاکی ئازادە دەتوانێ خۆبەخۆیی ڕیزبەندی بخولقێنێ، بێگومان بەبێ ئەوەی یەکە دەستە جەمعییەکان و دەسەلات بسەپێنێتە سەریان و ناچار بەهیچ شتێك بکرێن.

بەلێ، تاکەکان بەشێوەیەکی کامڵ نە دێنە بوونەوەو نە لەخۆشیانەوە دەرسکێن و دەفرازێن، نە باوەڕیشم بەتاکی بەتەنها هەلکردو هەیەو نە ڕەتکردنەوەی چاکەی هاوبەش و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیشم بەلاوە پەسندە، بەرگری و پێداگری و هەلوەستەکە لەسەر تاکی کامڵ و کاراو بونیاد نانی تاکی ئیرادە ئازادە.

ئەو تاکەی دەکارێ ئازایەتی ئەوەی تیادا بفرازێ بەرپرسیارێتی بەرامبەر بەڕەفتارو گوتارو ئاکاری عەقلمەندا هەلگرێ، یانی لەبری دژبەرایەتی نەرێت و فەرهەنگ و دنیای ڕوحی جارێداو پێی قوت نەچێ، بتوانێ تەفاعول بکاو بکارێ ببێت بەئاریچەی کردنەوەی دەرگە داخراوەکان و بیانکاتەوە هەم بەڕوی خۆیان و هەم بەڕوی دەرەوەی خۆیاندا.

خولانەوەی ئۆرگانە ڕوحی و کۆمەلایەتی و سیاسیەکان لەبازنە داخراوە سوننەتی و نەرێتی و خێلەکیەکاندا مرۆ بەرەو پوکانەوە عەقلی و بەدەنی و ئاکارییەکان دەبات.

لەوەها حالێکدا ئەوەی دەبێ بەها ببەخشێتە شتەکان تاکە پێکهێنەرەکانی ئەم جۆرە جڤاکە نابن، لەجێگەی تاك جڤاکگەران واتا ئەوانەی لەبری تاك بیردەکەنەوەو بڕیار

ئەدەن ئەم ئاوە لەبەرژەوەندی خۆیاندا دەڕێژن، بەمەش بەر لەتاکەکان خودی جڤاکگەران خۆیان وەك هەمیشە بەرەو خود کۆیلەیی خۆیان دەبەن.

هەروەك چۆن خۆ خواردنەوەی تاك لەخۆیداو دەست بەردار بوونی لەخۆ بەخاوەنداریێتی کردن و خۆ ئازاد کردنی خۆیدا، ڕەوایەتی و هێزی مانەوەی زیاتر ئەداتە ئەو باوەڕەی پێی وایە هزری تاك سالاری و تاك سەروەری، هەروەها ماف و ئازادییەکانی تاك بەها هاوبەشەکان و کۆمەلگە بەرەو لادان و بادان و هەلوەشانەوە دەبات!

باشترین بژاردەی ئەلتەرناتیف، بێگومان هاتنە سەرهەست و جوڵانە بەئاڕاستەی کار کردن لەسەر کاڵکردنەوەی ئەم زیهنیەتە باوە، بەپێچەوانەوە وەك حەقیقەتی موتڵەق وەك هەمیشە خۆی وێنا دەکاتەوەو خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە.

سەردەم و زەمەنی شکاندنی ئەم دەهۆڵ و داهۆڵە جڤاکییە هاتووە دوێنێ خوڵقاندویەتی و لەڕابردودا نەبێ ناتوانێ بژی، باوەڕ بەوە مەکەن هەبێ بڕوای بەتاکی موجەرەد هەبێ، ڕەگ و ڕیشەی ئەم جۆرە تۆمەتانە داڕێژەرەکەی جڤاکگەراکانن، هەموو تاکەکان بەزەرورەت بەرجەستەن و هیچ تاکێك نیە بەتەواوەتی مرۆڤی بەتەنها هەڵکردو بێت، هەر بۆیە هیچ پێگەیشتوویەکی ئاسایی مافی ئەوەی نیە بژاردە بەسەر پێگەیشتووانی ئاسایی تردا بسەپێنێت، مەگەر تەنها لەحاڵەتی نا ئاساییدا نەبێ، بەنمونە وەك ئەوەی کەسێك لەهۆشخۆی چووبێ و کەسێکی دی بێ و کۆمەکی پزیشکی یا تەلەفۆن بکات بۆ ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن.

تاکەکان هەرچییەك بن و لەهەر کوێ بن، لەهەندێك دۆخی هاوێردەدا نەبێت کۆمەڵێك وابەستەیی سەپێنراویان لەسەر شانەو دەبێت بیکەن لەبەرامبەر کەسانی تردا، ئەوانەش وەك نابێت زیان بگەیەنن بەژیان و ئازادی و تەندروستی و موڵکەکانی ئەوانی دی، وەك ئەوەی جۆن لۆك دەڵێ چونکە مرۆڤەکان هەموویان یەکسان و سەربەخۆن، هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە ئازار بەژیان و تەندروستی و ئازادی و موڵکی کەسی تر بگەیەنێت.

دروست لایەنگری ئەوەم، هەموو تاکە پێگەشتووەکان وەك ئەوەی خۆیان دەیانەوەێ چێژ ئەزمونکردنی ژیان و ئازادی و مافە فەردییەکانیان وەربگرن و کەسانی دی بەهەر بڕو بیانوێك بووە ڕێگە بەخۆیان نەدەن و بەیاسا ڕێگەیان پێنەدرێ دوچاری ئازارو زەت کردن بکرین.

هەروەك چۆن ماف و ئازادی و ئەم وابەستەییە هاوبەشانەی تەواوکەری یەکترن و گەردونین، لەهەلومەرجی ئاساییدا مافی هەمووانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ چیژیان لێوەربگیرێت، بەڵام بێگومان لەدەرەوەی ئەم بەها هاوبەش و وابەستەییە تەواو کاریانە، نابێ هیچ کەس و هێزێك هەبێ بەهاو وابەستەیی نەویستراو بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت، چونکە ئەم ڕەفتارە ئاکارو ماف و سەلامەتی جەستەیی هەروەها هاوسەنگییە دەرونیەکەی ئەوانی دی وەك تاك بەڕەهاییەوە دەبەزێنێ و پێشێل دەکەن.

بەڵێ تاك بەشێکە لەخێزانەکەی، بەشێکە لەکۆڵان و شەقام و شارو نیشتمانەکەی، بەشێکیشە لەمرۆڤایەتی، ئەمانە تەواو وابەستەیی ئاکاری هاوبەش بەیەکیانەوە دەبەستێتەوەو پەیوەست دەکات، بەڵام بەو مەرجەی مرۆو بەها مرۆییەکان تیایدا ئامانج بن، چونکە دواجار تاك هەموو خۆیەتی، کێشە گەورەو قوڵەکەی وابەستەییە گوێڕایەڵکارو کوێرانەکەی جڤاکگەراکان بەردەوام ئیدعای دەکەن ئەوەیە تەواو پێچەوانەی ئەم حەقیقەت و تێگەیشتنەیەو بەپۆینت چییە ناخوازن سازشی لەسەر بکەن!

لەکاتێکدا لەڕوی بابەتی و زاتیشەوە، تاکی ئامادە تەنها ئەو کاتە خۆی وەك خاوەن پشك و بەشێك لەکۆمەڵگە مرۆییە بچوك و گەورەکەیدا دەبینێ، خۆی وەك یەکەیەکی پێکهێنەر ڕۆڵی هەبووبێ و هەبێ وەك ئەوەی خۆی دەیەوێ لەبوونیادنانەوەو پێکهێنانەوەیدا.

جڤاکگەراکان، وا وێناو بیر دەکەنەوە تاك هەر لەبونیادییەوە، بەوابەستەیی گوێڕایەڵ و کوێرانە دێتە بوونەوەو لەدایك دەبێ، شتێکش هیچ ڕۆڵێکی لەهاتنە بوونی خۆیدا نەبێ، ئەوەی دەبێ بەهای بداتێ ئەوانەن هێناویانەتە بوونەوە، دەی ئەگەر تاك بەوابەستەیی گوێڕایەڵ و کوێرانەوە هاتبێتە بوون و لەدایك بوبێ، ئەی ئەو کەسە کێیە بەباوك و بەدەسەڵاتدارو بەمافی فەرمان دەرکردنەوە لەدایکبووهو هاتووەتە بوونەوە؟! لەبەر ئەوە ئەگەر کەسێك تیۆرەیەکی هاوسەنگی هەبێ لەبارەی وابەستەییەوە، ئەوا پێویستە تاکێك یان کۆمەڵە تاکێك بن ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆی خۆیان.

تاك سالاری و تاك سەروەری، دژایەتی کردنی فەرهەنگ و نەرێتەکان نیە، داکۆکی کردنە لەفەرهەنگی کراوەو نەریتی ئازاد وەك بەرهەمی بەریەککەوتنی مرۆڤ و هەزاران ساڵەی مێژوی مرۆڤایەتی!

فەرهەنگی کراوە، خۆی بەدەستەوە نادات، ناکەوێتە ژێر باری هەژمونی ئەوانی تری غەیرە خۆی، ئەمە ترسی ناوێ، ئەوەی وەها مەترسیەك لەسەریەتی و شنەبایەك دەیبا فەرهەنگی داخراوە، چونکە مەناعەی تەفاعولی نیەو ناتوانێ بەرگە بگرێ!

نەرێتی ئازاد، نەپێکدا دەچێ لەخۆیداو نەپێکدا ئەدات لەگەڵ ئەوانی تری غەیرە خۆیدا، ئەوەی وەها ترس و مەترسییەك لەسەریەتی و هەردەم لەوەها دۆخێکی چاوەڕوان کراودا دەژییەت، نەرێتی داخراوە، چونکە لەوەهدا دەژی لەخۆداو هەست بەنامۆیی دەکات لەبەریەککەوتنی لەگەڵ ئەوانی تردا.

لەم تێگەیشتنەوە مرۆڤ دەکارێ و دەتوانێ سروشتی خۆی بدۆزێتەوە وەك بونەوەرێکی سەربەخۆو سەربەجۆر لەخواست و ویست و دنیابینی. بەڵی ئەکید ژیانێکی باش هەیە، بەڵام دواجار ئەم باشییە هەبووە چییەو سەر بەچجۆرو ڕەگەزێکە؟ تەنها ئەزمونکردن و گەڕانە، بەدوای ژیانێکی باشدا، ئەمەش تەنهاو تەنها لەهزری تاك سالارو تاك سەرورەردا بەرجەستە دەبێت.

# کۆکەی ناکۆك

دەمێك ساڵە ئیمانم بەوە هێناوە، ئەم تەوزیف و تەرحە هەمەکییە جڤاکی و سیاسیەی بەنمونە لەکوردەواریدا دەگوزەرێ نەك هەر لەخزمەت پێگە لەپێش و بڕیار بەدەستەکانە، خەللاقی ئەم نەوعییەتە لەبازاڕو بەرەو پێدانەیش هەر خۆیانن. بەواتایەکی ڕونتر، لەهەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیدا، هەیمەن و هەژمونی یەکە دەستەجەمعییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، لەخێزانەوە بگرە تا خوێندنگە، لەکۆڵانەوە بگرە تا شەقام، بەڕمێن بوو، هیچ گومانت نەبێ لەوەی یەکە دەسەڵاتدارو بڕیار بەدەستەکانی لەپشتە.

ئاخر فەڕزیات و ئیرشاداتی حزب و حکومەت و مزگەوت نەبێ، باوك ئەو جورئەتەی لەکوێ بوو ژنەکەی، کچەکەی، خوشکەکەی بکوژێت؟ ترسانی حزب و حکومەت و مەزگەوت نەبێ لەئازادییە فەردی و شەخسییەکان، لەکرانەوەی کۆمەڵگە بەڕوی خۆی و بەڕوی ئەوانی تری غەیرە خۆیدا، ئەم هەموو خود ناچارییە خود کوژی و خود بەرەنگار بوونەوە خودییەی تاك، ئەم هەموو لادان و بادان و لاڕێبوونە یاسایی و ئاسمانی و ڕێسمانییە کۆمەڵایەتییە لەکوێوە دەهات؟!

ئەزانی، باڵاترین سیفەتی خودا ئەوەیە تەدەخولی ماف و ئازادی و کارە شەخسیە ناکات، بەڵام ئەمە نەمزگەوت و نەحزب و نەحکومەت نییەتی، باڵاترین کارێك ئەم دامەزراوانە بیکەن دەستکاری کردن و تەدەخولکردنی ماف و ئازادی و کارە شەخسییەکانە. سەیرکە مزگەوت و ئەوانەی لەمینبەری مزگەوتەکانەوە بانگەوازو بانگ ئەدەن بەوە لای خودا خۆشەویست نابن، کاتێك فاحیشەو فەسادییەکی کۆمەڵایەتی ڕوئەدا پرۆتستۆی بکەن، موهییمەو کاری ئەوان ئەوەیە خوێندنەوەی نوێ بۆ دەق و تێکستە ئاینیەکان بکەن. خودا ئاینەکانی لەخزمەت مرۆڤ هێناوەتە بوون، نەك بەپێچەوانەوە، خودا پێویستی بەوە نییە بەگوێی بکەی، ئەوپەڕی بێخودایی ئەوەیە مرۆڤ ناچار بەوەها نا پێویستییەك بکرێت، خودا مرۆڤەکانی بەجیاوازییەوە خولقاندووە، کەواتا باوەڕی بەجیاوازیەکانە

لەژیاندا، ئەگەر وانەبا لەبری نەفرەت و ئازاد کردن، شەیتانی دەکوشت و بۆتا هەتایە ئەم کێشەو ئاریشەو ململانێیەی کۆتایی پیدەهێنا. "کاری خودا لێگەڕێن بۆ خودا" ئێوە لەسەرتانە لەپێناو خودا مرۆڤ و مرۆسەلاری بەئامانج بگرن.

هەروەك چۆن حزب لەدنیادا ئامرازە نەك ئامانج، لەبری بیرکردنەوەو دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤ، لەجیاتی گەڵاڵە کردنی بەرنامەو پرۆژەی جیددی و هێنانە ئاراوەی چارەسەری ریشەیی، دەرکردنی بەیاننامە فەردییەکان و سوار بوونی شەپۆلی پێشهات و دیاردەو دەرکەوتەکان بەتایبەت لەسۆشیال میدیادا، خۆشەویست و خزمەتی خۆیان و حزبەکانیان و خەڵکیش ناکات، هەمووان دەتوانن لەوە تێبگەن وەها کارێك جگە لەگەوجاندن و هەڵخڕاندن، لەئەساسدا ڕەنگدانەوەی بەتاڵەیی توانستەکانیانە.

نەقدو تەئیدی مەوزوعیانەی حزبی و حزبیانە، دور لەحەقیقەتی ڕووت، بەدەرە لەخوێندنەوەو تێگەیشتنە سەرچیخ و سەرچڵەکان، بنکۆڵکارییە، بەرهێنانی بەدیلە. ئێوە، چیتانداوە لەململانێ و لێکەوتەو تێکەوتەی خۆبەخۆی هێزو لایەن و مەخلوقە کۆنزێرڤاتیڤەکان.

لێگەڕێن ئەوەی بەیاسا ڕێکخراوە با بەیاسا بەڕوات، حەقیقەت ئەوەیە دواجار نەشمشەکوێرە دەتوانێ لەڕوناکیدا هەڵبکاو نەبەرازەکانیش دەبن بەئاسك، خزمەتکردنی خەڵك و بەرگری کردن لەئازادییەکان ئەوەیە بەرپابوونی وەها هەڵّایەك بخەیتەوە خانەی خزمەتکردن بەخەڵك و چەسپاندنی تەواوی ئازادییەکان. حەزناکەم هەبێ و بەم هۆیەوە بیەوێ تۆمەتبارم بکات بەوەی دڵڕەقانە ئەدوێم یان ماف و ئازادییە فەردییەکانی ئەوانی غەیرە هەڵگری ئایدیاو ئنتیمای حزبیم بەلاوە گرینگ نییە، نا نەخێر، چونکە جگە لەوەی ژیان لەجیاوازیدا دەبینم، ئەوەی ئازادی لێزەوت نەکرابێت وەك خۆم، ڕەنگە نەزانێ بەهای لەدەستدانی ئازادی چییەو چەندە!

گەر هەوری ئازادی بوومایە، لەهەر کوێیەك بوونەوەرێك پێویستی پێبوایە بارانی خۆم بەسەردا ئەبارانت، گەر زریان بوومایە لەهەر کوێ و هەر بوونەوەرو دەسەلاتێك ئازادییە سروشتییەکانی پێشلکردبایە، دەبووم بەئاگرو ئافات و ڕەشەبا بەسەرییەوە.

بەلام کاتێك دەبینم ئەم هۆزە هەر هەمان ئەو هۆزەی جارانەو تادێ لەمەرگی خۆی نزیکتر دەبێتەوەو تەنانەت لای هەموو هۆزەکانیش ڕسوایە، کاتێك دەبینم ئەم خوێنە هەمان ئەو خوێنە دژبەرەی هاو خوێنەکانم و خوێنخۆرەکەی جارانی خێڵی زیندەخەونە، خۆبەخۆ ئەوەی ویستوویانە لەڕابردودا ڕەوایەتییان پێداوەو ئەوەی پاش کەمێکی تریش بیانەوێ سەری سەلمێنەر بۆ یەکتر دەلەقێنن، ورد لەو کۆکە ناکۆکە ئانییە شەیتانییە تێدەگەم، ئەگەر وەك تاك هیچیشم لەدەست نەهات، نابمە بەشێك لەم ئێسقان کرۆژییە نەگریسە.

# حکومەت خۆی بەچی ئەزانێ

پێچەوانە بەوەی پێکهاتە جڤاکی و سیاسیەکانی ئیددیعای دەکەن، عیراق خاوەن دەوڵەتێکی ناپابەندی دەستوورییە نەك دەستورێکی ناپابەندی جڤاکی و دامەزراوەیی، هەموو ئەوەی دوێنێ و ئەمڕۆش بەژێر لێوی دەستوری و پابەندی دەستوورییەوە بەغدا بەرامبەر بەهەولێر کردویەتی و دەیکات ڕاست نییە، هەروەك چۆن ئەوەی لەبەرامبەردا هەولێریش دەیڵێت مەسەلەکە سیاسی و لەبەر کورد بوون و بەهۆی کوردایەتی و ئامانجەکە لەشکۆدانی خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستان ڕاست نیە.

حەقیقەتەکە بەنسبەت بەغداوە، بەشێکی پەیوەندی بەبونیادی هەر لەسەرەتاوەی دەوڵەتی عیراقەوە هەیە، بەسروشت بینانەکراوە بێت، تا ئەداو ڕەفتار سروشت بێت، بەشەکەی تری پەیوەندی بەلێکەوتە تائیفی و مەزهەبی و هەیمەن و هەژموونی بەرژەوەندییە هەرێمایەتی و دەولییەکانەوە هەیە، بەڕامانێك لەناسنامەو شوناس و سەرچاوەی خودبەڕێوەبەری سیاسی و حزبە عیراقییەکان، تێدەگەی فریان بەسەر عیراق و عیراقی بوونەوە نییە، چۆن عیراقی ئێرانی هەیە، ئاواش عیراقی سعودی هەیە، چەند عیراقی تورکیاوی هەیە، ئاواش عیراقی ئیسرائیلی و غەربی و شەرقییە عیراقی تائیفی هەیە، ئەوەی نییە عیراقی عیراقییە،

هەولێریش بێگومان لەفۆرمێکی تردا هەروایە، بونیادی دەسەڵاتەکەی بونیادێکی شکڵی تەموومژاوی و چەند فاقییە، ژێرخانی تاڵانفرۆش کردوە، سەرخانیشی نییە، هەرێمەکەی لەتکردوە، لەگەڵ دو ئیدارەیش نییە، چارەی مەرکەزی ناوێ دژی لامەرکەزیشە، داوای کۆمەك لەخەڵك دەکاو خۆیشی بەناوی دەزگەو دامەزراوی خێرخوازی تەبلیغاتی حزبی دەکات، داوا لەخاوەن موڵکەکان دەکات لەمانگانەی موڵکەکانیان لەسەر کرێنشینان خۆش بن، خۆیشی جورئەتی ئەوەی تیادا نییە لەرێگەی هەڵگرتنی زەریبەی ساڵانەوە هاوکاری بکات، سەتان هەزاری لەپاڵ مووچەخۆراندا کردوە بەمشەخۆرو حەرەس

حدودی قومارخانەو فەسادخانە تایبەتییەکانی بەرپرسان بەناوی باخ و باخدارییەوە، ئیددیعای چاکسازیش دەکات دەسەڵاتی لادانی کەسیش لەم شرەخۆرانەی نییە، چارەی لەبەغدایە، ڕوی لەئانکارایە، لەکەتافەوە تا ڕیبات، لەحزبییەوە تا حزب، لەبڕیارەوە تا تەنفیز، لەسیاسەتەوە تا دیبلۆماسیەت، لەئەداوە تا ئیدارەدان، مریشکەو هەڵپەی هێلکە قاز کردن دەکات، ئەم خۆ بەزۆر زانینەو هیچش لەبارا نەبوییە لەحکومڕانێتی کردندا هزرێکی شەڕفرۆشە جەڵەبییە، ئەم مۆدیلە هەڵخڕێنەرە حازر بەدەستە خۆپاساودەرو ڕۆمانسیەتە لەکوردایەتی، زادەی خۆبەکەمزانی دەرون فەرهەنگی تاکڕەهەندگەرای سیاسیە.

حکومەت خۆی بەچی دەزانێ! دەسەڵاتی ڕاستەقینە دەبێ بیانووبڕو ڕاستگۆبێ نەك پاوساودەرو درۆزن، ئەگەرچی بەهۆی ئەم هەژموونە سوونەتی و مەزهەبی و خێڵەکییەی سازێنراوەو بەردەوام بەرهێنانەوەی بۆدەکرێ، ئەوەی پێیدەگوترێ حەشامەت غائیبە، ئەوەی پێیدەگوترێ ڕایگشتی کەمخوێنە، بەڵام ئەمە ڕەنگە هەتا سەر نەتوانێ ببێتە زەمانی مانەوەی و خۆگری و خۆڕاگری ئەم حکومەتانە لەبەردەم ئیرادەی خەڵکیدا، ئەگەر حکومڕانێتیکردن ئاواهی بێت لەڕاستیدا بەهەمووان دەکرێت، حکومەتێك دوای ئەم هەموو ساڵە جگە لەوەك پێویست نەبونی کارەباو ئاو، ڕێگەوبان، خەدەمات و خزمەتگوزارییە جیاکانی تر، نەتوانێ مووچەی فەرمانبەرەکانی بدات، دوای ئەو هەموو ساڵە بەهۆی گەندەڵی و قۆرغکاری نەتوانێ وەك هەر هاونیشتمانییەکی ئاسایی بەپای خۆی بەناو بازاڕو خەڵکیدا بگەڕێ و بڕوات، شەرمە خۆی بەحکومەتی خەڵك بزانێ و مەیدانەکە چۆڵ نەکات.

جوت حکومەتێك" بەغدا & هەولێر " ئەکید ئاساییە نەتوانن متمانە بەیەکتری بکەن و بەم هۆیەیشەوە نەتوانن بسازێن، ئەوان یەکتر باش ناسدەکەن، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە هێشتا هەبێ ئەمانە ناس نەکات، هێشتا هەبێ متمانە بەتەبلیغات و ڕاستاندنی درۆکانیان بکاو تەیدیان بکات.

# قوت و قورگی خەڵك

نەوڵات بەدروشمی دزراوو داتاشراو بەهێز دەبێت، نەدەنگی ناڕازی شەقامیش بەزیندانیکردن کپ دەکرێت. نیشتمانی بەهێز، عەقڵیەتی بەهێز دەتوانێ بوونیادی بنێت، هێز وەك بەزۆرو زۆرداری سەپاندنی ئیرادە نا، وەك چەسپاندنی بنەماکانی ماف و ئازادییە بنچینەییە مرۆییەکان. ئەو دەسەڵات و حکومەتەی لەبری پۆزش، خەڵك لەسەر هاتنە سەر شەقام و بەرز کردنەوەی هاواری ماف و ئازادییە سروشتییەکانی زیندانی دەکات، زەلیلە لەعەقڵدا خەڵەفاوە لەزیهنیەتدا. خەیاڵدان و خەونەکان زیندانی ناکرێن!

دەسەڵاتداری چاوقایم، مۆراڵی نییە، ویژدانی لەکوێ بوو، چاڵاوەکانی مێژوو پڕییەتی لەحکومڕانی خۆبەزۆرزان، هزری خۆ بەسوڵتان و خەڵك بەڕەعییەت بینین، زۆر کەمخوێنە ئیرادەی نییە، عەقڵیەتی مرۆگەرایی و ژیاندۆستی لەکوێ بوو! ! گەورەترین شەرمەزاری هەر دەسەڵاتێك ئەوەیە قوتی خەڵکەکەی ببڕێ و دەستیش بنێتە قورِ ترسنۆکترین دەسەڵات ئەوەیە بەهێز، هێزی پۆلیس و بەڵتەچێتیگەرا، هێزی تەمووموژاوی قەزایی، وڵامی داخوازییەکانی خەڵکەکەی بداتەوە.

ئەو دەسەڵات و حکومەتەی خۆی بەدەسەڵاتی ڕەواو حکومەتی شەرعی بزانێت، لەو شوێنەی ناتوانێ لەئاست بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی بێت، جا بەهەر هۆیەك بووەو بێت، ڕاشکاوانەو ڕاستگۆیانە لەبری سوکایەتی کردن بەدامەزراوە گەلی و حکومڕانێتییەکان، لەبری قەتیسکردنی ئازادییەکان، لەبری هەر بەکەڵگایی زەوتکردنی مافەکان، رێز لەشکۆی ئەو دامەزراوانە دەگرێ پێیدەگوترێ حکومەت و پارلمان، پۆزش بۆ ئەو خەڵکە دەهێنێتەوە متمانەیان پێداوەو ڕوسورانە دەست لەکار دەکێشێتەوەو فەشلی خۆی ڕادەگەیەنێت. ئەمە نەسەر شۆڕییەو نەهەڵاتن، حەقیقەتە، ئەوەی ناتوانێ بەرگەی حەقیقەت بگرێ و لەحەقیقەت تێبگات لەوەهمدا دەژییەت، نابیناو کەڕە"نابیناو کەڕ وەك هزرو عەقڵمەندی"، خودیخوی بەرەو جەهەننەمێك لەئاگرو ئافاتی خەڵك دەبات.

# ئەهریمەنەکە لەوردەکارییەکاندایە

هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، ئەوانەن لەبەڕێوەبردن و ڕێبەرایەتی کردندا خاوەنی ئایدیای داهێنەرانەو هێزی هزری مرۆییانەی کاریگەرن بەسەر کەسانی تر لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، نەك ئەوانەی بەهۆی هێزو هزری خێڵەکیانەو جیهازی بیرۆکراتی و سەپاندنی دیسپلینێکی توندی تایبەتەوە دەیانەوێ یا دەخوازرێ واوێنا بکرێن و بچەسپێندرێن لەزیهنیەتی خەڵکیدا. لەمێژوودا هیچ هێماو کاریزمییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلپەسند نادۆزیتەوە هێزو مەزنی شکۆدارانەی خۆی لەسیستمە یاسایی و شەرعی و عورفیەکانەوە وەرگرتبێت، بەڵکە ئەوە توانای کێشکردنی خودی و بلیمەتیە خودییەکەیە وەها هێمایەکی خوڵقاندووە، ئەمە نەهەر لەبواری کارگێڕی و سیاسی و پێشەڕەوایەتیکردنەکەدا، بگرە لەبوارە کۆمەڵایەتی و ئاینی و فکری و ماریفی و زانستیەکانیشدا هەر وایەو تەنها لەڕێگە بەبنەماو مانا قوڵە مرۆییەکانەوە سیفاتە کاریزمیەکان لەخۆدا کۆ کراونەتەوە، نەك لەڕێگەی کەویکردنی خەڵك بەهۆی سامانی دزراو، یان ئابوری بزرو بێزراو، یان هەیمەنە پێکردنی نەرێتگەرایی کوێرانەی مەزهەبی و قەومی و سەپاندنی هێزی یاسایی و عورف. بەنمونە: هەمووان یان زۆرینەی ڕەها "گاندی" بەهۆی ڕۆشناییە مرۆییەکەی و سەرنجڕاکێشیی بیرو باوەڕو پەیام و بەڵێنەکانی وەك کاریزما قبوڵ دەکەن، بەڵام کاتێك بابەتەکە دێتە سەر جەنەراڵ دیگۆل لەفەڕەنسا یان هیتلەر لەئەڵمانیا، یان سەددام لەعیراق و... تاد بێگومان مومکین نییە هەمووان یا زۆرینەی ڕەها لەخۆیانداو گەلانی تر ئەمانە وەك کاریزما پەسەند بکەن، چونکە ئەمانە خودی ئەو هێزەی هەیانبووە بەبنەما لەماناو بنەما مرۆییە داهێنەرانە سروشتییەکانەوە سەرچاوەیان نەگرتووە، بەڵکە پشت بەستوو بوون بەهێزو دەسەڵاتی ترادیشناڵی یان یاسایی و عورف و چەك یان لەڕێگەی زەبرو زەنگ و هەیمەنە پێکردنی هزری ترس و تۆقاندنەوە ئەو ڕەمزەتەیان بەدەست هێناوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەروەك ئەوەی ماکس فیێبەر دەڵێ "مەرج نییە کەسایەتی کاریزمی هەمیشەو بۆ هەتاهەتایە هەر

بەکاریزما بمێنێتەوە" تا هەبێ و بیەوێ بەیاسا ڕێگری لەوە بکات قسەیان لەسەر بکرێ و بخرێنە ژێر پرسیارو ساتیرەوە، بەڵکە دەشێت ماوەی هێماو کەسێتییە کاریزمییەکان زۆر کورت یان درێژ بێت، ئیدی بەرۆیشتنی زەمەن و رۆژگارو هۆکاری دی بۆی هەیە ئەو هێماو کاریزمییەتە کاڵ ببنەوەو نەمێنێت، هێماو کاریزمییە مرۆییە گەلیپەسندو هەمیشەییەکان ئەوانەن لەسەردەمی خۆیانداو دواتریش لەڕێگەی هزرو ئایدیاکانیانەوە بەردەوام بانگەشەی دادپەروەری و یەکسانی مرۆیی کردبێ و بکرێت، ئەمە بەزۆر یان بەیاسا ناچەسپێت، ئەوەی لەسەردەمەکانی پێشوودا کاریزمی بوو لەم سەردەمەدا کاریزمی نییە، یان ئەوەی لەزێدو نیشتمانی تۆدا کاریزمییە لەشوێنێکی ترو لەکۆمەڵگەیەکی تردا کاریزمی نییە، تەنانەت لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی ئەوەی هەموو چەمکەکان بەهای واتایی جارانی خۆیان لەدەستداوەو ئەوەی بەلای تۆوە وەك تاك باشە یان خۆشە یان جوانە یان گرینگە مەرج نییە لەدیدی تاکێکی تردا ئەگەر هاوزمان و نەتەوەشت بێت هەمان ئەم پێوەرو ماناو بەهایانەیان هەبێت. ئەمە بۆ مەسەلەی کارێزماو هێما نەتەوەیی و نیشتمانییەکان تەنانەت لەسەر ئاستەکانی تاکیش هەر ڕاستە، یانی بابەتەکە پتر ڕێژەییەو هەڵەیەکی کوشندەیە پاڵپشت بەهێزە عورف و کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاساییەکان بسەپێندرێت، لەوەها سەپاندنێکدا دەسەڵات و حکومەت بەرەو ملهوڕی دەباو دەستکراوەی دەکات لەخنکاندنی ئازادی و لێدان لەبەهای ئازادییەکان.

لەڕاستیشدا هێما یا کاریزمییە نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و ...تاد ئەگەر بەحەق و لەحەقیقەتدا هێماو کاریزمی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی و...تاد بن، یانی ئەگەر لەهێزی زاتی و بابەتیبونیانەوە وەها شکۆمەندییەکیان پێبڕابێ، نەپێویستیان بەوە هەیە بەیاسا بەرگری لەمانەوەی ناوبانگ و شکۆمەندییان بکرێ، نەك تاك و خەڵکانێکیش دەبن سوکایەتییان پێبکەن، لەبەر ئەوە ئامانج لەوەها یاسا ڕێژکراییەکی کۆمەڵکە لەبنەمادا بۆ لەقاودانی ئازادییەکان و لێدانە لەبەهای ئازادییەکان، چونکە شەیتانەکە لەتەفاسیلدایە.

# پێکوتەی ناوەختە

دیرۆك و دەورانی دەوڵەتی عیراق نەئەزەلییەو نەهێندەش کۆنە مرۆ نەتوانێ بەئاوڕدانەوەیەك لێیتێبگات، سەدەیەك لەمەوبەر نەگەلێك بەناوی عیراقی و نەخاکێك بەناوی عیراقەوە بوونی نەبووە لەسەر نەخشە تا ئەوەی لەدوای دامەزراندنییەوە پێیدەوترێ عیراقی تواناو ئیمکانی ئەوەیان هەبێت هەمە لایەنە بیناو بەدامەزراوەیی بکەن، ئەوەی ئەمڕۆش دەتوانێ گۆڕانکاری بهێنێتە ئاراوە ڕاستییەکەی هەڵبژاردنی پێشوەختە نییە وەك ئەوەی ئیدیعا دەکرێت، بەڵکوو گۆڕانکاری ڕیشەیی پێشوەختەیە لەیەکە پێکهێنەرە کۆمەڵایەتی و جڤاکییەکەی ئەم وڵاتەدا.

بەڵام ئایا عیراق و عیراقییەکان تایبەتیش لەم دۆخە ئاڵۆزکاوە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و جیهانییە سەراپاگرەدا وەها وزەو هێزو توانستێکی عەقلانی و زانستی و یەکەیی هاوبەشی مرۆیی و هاوسەنگ لەخۆیاندا شك دەبەن؟! بێگومان نەخێر، بەڵام بۆچی؟ چونکە جگە لەوەی عەقڵییەت و زیهنییەت و خەیاڵدانی پێکهاتە عورف و عەشایری و مەزهەبی و نەرێتگەراکان بەسروشت نەك هەر لەعیراقدا لەهەر دەوڵەتێکدا کەوتووەتە دەرەوەی وەها ئامانج و دنیابینییەکەوە، بەتەجروبەش دەرکەوتووە مۆدێلی ئەم دەوڵەتە هەڵتۆقێندراوانەی سەد ساڵی ڕابردوو لەسایەی ڕێککەوتننامەکانی پاریس، سانڕیمۆ، سایکسپیکۆ، بێگومان بەدنەی زلهێزەکان لێرەو لەوێی دنیاو خۆرهەڵات بەتایبەتی دامەزرێندران بەسەرچوەو فەشەلی هێناوە. جیهانی ئەمڕۆ لەفۆرم و ڕیتم و ڕێکردندا جیهانێکی ترەو کۆرۆناش ئامرازی بگۆڕو بەرپا بوونی جەنگیش سوژەکەیەتی.

دۆخەکە هەستیارەو ئەوەی بڕیارە ڕوبدات سەرەتاتکێیەتی، بانگەوازو تەبیلغاتی چاکسازی و هەڵبژاردنی پێشوەختەو بەشینەوەو جوینەوەی شیعاراتی نەتەوەیی و نیشتمانی لەڕاستیدا بنەماو بەهایەکی ئەوتۆیان نەماوە لەم واقیعە نوێیە بەپێشهاتووەدا، هەروەك چۆن دەسەڵات و حکومڕانێتی ناوچەکەش بای ئەوە نەماون بیانخەیتە بەر

نەشتەری ڕەخنەو چاوەڕوانی یا ئومێدی سەلارو باشبوونیان لەسەر هەڵبچندرێت، ئەوەی پێچەوانە بەم حەقیقەتەش دەگوزەرێ و دەگوترێ لەڕاستیدا ه هەڵخرێنەرانەو گەوجێنەرانەیە، نیەتەکە رێگریکردنە لەهەڵچوونی و داچوو و سایکۆلۆژیای خەڵك بەئامانجی دەستگرتنە بەمانەوە لەپێگەکانیاندا.

ئەگەرنا، هەمووان دەزانن گۆڕانکاری گەورەی جیهانی و ناوچەیی بەڕێوەن، ئەم زەمەنەش زەمەنی سات و سەوداو سەرەتاتکێی هاتنە ئاراوەی گۆڕانکارییە گەورەو کتوپڕەکانە، کوردو عیراقییەکان کەوتوونەتە کوێی ئەم زەمەنەوەو ئەم زەمەنە کەوتووەتە کوێی ئەمانەوە، ئەگەر کۆڕۆنا لێگەڕێ و عومر باقی بێت هەمووانیش نەبێ زۆرینەی هەرە زۆرمان هاکا بەچاوی خۆمان بینیمان ئەوەی بڕیارە ڕوبدا چییەو چی لەهەگبەکەدایە.

# شاعیرانە سەیری سوتانی پەروانە مەکە

پێدەچێت کۆڕۆنا سەرە گەورەکان نەکوژێ، دەی هەموو شتێك سیاسەتە تەنانەت درەختیش، بەڵام تۆ خۆت بپارێزە لەتارماییە تاڵەکانی سیاسەت، لە ڤایرۆس و لێکەوتە بەدەکانی سیاسەت، لە سێبەرو سایە قورسەکەی، لە باهۆز و پریشکە نەرێنییەکانی ئەم تێگەیشتن و ئەم هەواو ئارەزووەی سیاسەتکردنە، هەموو شتێك سیاسەتە بەڵام لەو کات و شوێنەوەی پارێزبەندی تاکی دەست پێدەکەی دەتوانی وابکەی سیاسەت نەبێت بە هەموو شتێك، تۆ خۆت بپارێزە و ڕێ لە بەسیاسەتکردنی شتەکان بگرە. خۆت بپارێزە، خەون بەگەڕانەوەی ئەم ڕۆژگارو ئەو شەوگارە تاریکانەوە مەبینە هەتاو لەترسیاندا کڕ کەوتبوو، خۆت بپارێزە لەهەناسە دانەوەی سیاسەت و ئەنفلۆنزای ئەم هزرینە هەڵخڕێنەرە، لەبەرکەوتەو دەماودەم پێکردنی ئەم زەمان و ئەو زەمینە زەلیلانەی مرۆ دەکەن بەکەل و پەل و کاڵا، خۆت بپارێزە بیری ئەو دەنگە نەشازانە مەکە نەبوون بەهیچ، باوەش بەو ڕەنگە خشۆکانەدا مەکە غەرقی شەونمی شەرمەزاری بوون و خەجاڵەتیش ناکێشن، خۆت بپارێزە لەبێباکی ڕاڕەوە سیاسیە کاوێژکارەکان، لەقەرەباڵغی مەنهۆڵی سیاسیە نەرێتپارێزە بێمروەتەکان، مەهێڵە کاڵبیتەوە لەخۆدا لەڕوانیندا. هەموو شتێك کەرامەتی خۆی هەیە تەنانەت بەردیش، ئەوەی دەبێ بەها بداتە شتەکان تاکە، تۆ خۆت بپارێزە لەڕەنگدانەوەی فەهمی کەللە بەتاڵ و کولەکە پوتەکان، سیاسەت لێرە ئاوڕدانەوەیە لەباو، کارگەی بارهێنانەوەو خودوێناکردنەوەیە، ئاگاداربە لاوازەکان با بەلای خۆیدا دەیانبات، سیاسەت لێرە بەناوی هەموانەوەو لەپێناو هەمواندا درۆ کردنە لەگەڵ هەموان، چاکەو بەرژەوەندییە گشتییەکان تاك پارێز نین، تۆ وەك تاك ڕاستگۆبە لەگەڵ خۆتدا لەپێناو سەلامەتی هەموان، بوار مەدە عینادی گەمارۆتبداو خۆت بپارێزە لەتێوە گلان ! !

شاعیرانە سەیری سوتانی پەروانە مەکە، جوانی لەنەزانی و بەهای عەشق لەنزیکبوونەوەی شوعلەیەکدا نییە سوتێنەر بێت، جوانی ئەوەیە دنیا بینیت بفراژێنێت،

عەشق ئەوەیە ئیزافە بخاتە سەر هەبوونت نەك ئەوەی هەبوونیش داویەتی لێت بەسەنێت، خۆت بپارێزە لەژێر چەترو چەلەحانێی کۆڵانەکان، شکۆ لەشانبەشانی شەقامەکاندا نییە، ئەوەی وەك یەك بیردەکاتەوە مرۆ نییە مێگەلە، ئەوەی ڕاستە عەقڵانیەت ئاڕاستەی دەکات، عەقڵانیەتی پەتی حکومڕان و سیاسەت نا، عەقلانییەتی درکپێکراو، هەمیشە مەودایەك فاسیلەیەك بهێڵەرەوە لەنێوان خۆت و ئەوانی تردا بەمە دەگوترێ خۆپارێزی، تۆ خۆت بپارێزە لەزارە ترەکی مۆڵە بێ مۆڕاڵەکان، لەزیهنیەتە کرۆنشبەرە بەکۆمەڵەکان، ڕێگە مەدە بارانی بێشعوری وشکتبکاتەوە لەخۆت، لەخاك و لەخودات! دەشێت هەموو شتێك درۆ بێت، خۆشیەکان، ناخۆشییەکان، نەخۆشییەکان، مەرگ و ژیان، سیاسەت و دەسەڵات، حکومەتەکان، بۆی هەیە لەدرۆیەك بەولاوە هیچیتر نەبن، بەڵام تۆ خۆت بپارێزە چونکە تۆ ڕاستەقینەی حەقیقەتی، خۆپارێزی وەك ئەوەی کالّفامەکان ئیددیعای دەکەن، ترسان و هەڵاتن نییە لەواقیعی تەمومژاوی کراو، خۆبەدەستەوە نەدانی واقیعی تەمومژاوی کراوە، خۆت بپارێزە واقیع بەواقیع نەبێ ناگۆڕێ، خۆپارێزی وزەی مەعنەوی و هێزی بەرپرسیارێتی فەردییە. هەن، هەریەکە بەناوێك و هەریەکە لەژێر دروشمێکدا گرینگی بەخۆپارێزییان نادەن، ئەمانە کەوتوونەتە دۆخێکەوە توانابینی جیاکارییان لەدەستداوە، نەلەوەی هەیەو دەبیندرێ تێدەگەن، نەئەوەی کەوتووەتە ئەودیوی دیارەوە ناتوانن ببینن و لێیتێبگەن، خەڵەفاو یا مەعریفەو توانای خۆپارێزی لەخۆیان نییەو دەبێت بپارێزرێن، تۆ بەخۆپارێزی خۆت دەبێ ئەوانیش بیانپارێزیت! خۆت بپارێزە، هاوسەرەکان مافی ئەوەیان نییە خۆیان بێ یەکتر بکەن، مافی ئەوەیان نییە منداڵەکانیان بێ دایك و باوك بکەن، خۆت بپارێزە چونکە نەك هەر مافی ئەوەت نییە خوشك و براو خانەوادەو ئەزیزانت بێ خۆت بکەی، لەسەرتە نەبیتە مایەی سەرئێشەو ئاریشەو سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ناخۆشی و نەخۆشییەکان، دەبێت بیانپارێزیت. خۆت بپارێزە دەشێ هەموو شتێك درۆ بێت بەڵام تۆ ڕاستەقینەیت حەقیقەتی.

# دەسەڵاتداری برسی و حوکمی مەترسیدار

کاتێك حکومەت خۆی بووبێتە کێشەو مەترسی لەسەر شکۆی نیشتمان و ژیانی خەڵکەکەی، خەڵك مافی خۆیەتی بەدوای ئەلتەرناتیفدا بگەڕێت، حکومەتێك نەتوانێ تەنانەت مووچەی مووچەخۆرەکانی خۆی بدات، حکومەتێك مۆراڵی دابەزیبێتە ئەو ئاستە نزمەی قەرزە ڕەشەکانی بەمووچەی خەڵك بداتەوە، حکومەتێك توانستە عەقلانیەکانی گەیشتبێتنە پێوەرێك بەناوی چاکسازییەوە دەستبخاتە قوڕگ و قوتی خەڵکییەوە، شکۆی هێندە شکاوبێ نەتوانێ سەروەری خاك بپارێزێ و نەکارێ شتێك بخاتە سەر هەبوونی خەڵك، شوورەیی و شەرمەزارییەکی گەورەیە لە بەرامبەردا دەنگە ئازا و ئازاد و ناڕازییەکان، بە جاشی هەرێمایەتی و ناوەندچییێتی و بێباکییەت تۆمەتبار بکات.

حکومەتی هەرێم، خۆی حکومەتێکی ناپەندی دەستووریی و قەوارەی فیدراڵییە، دەیان ساڵە هەولێر سەری بەدەست ئانکەراوەیە، دەیان ساڵە بەبێ ئاوڕدانەوە لە حکومەتی فیدراڵ نەوت و غاز و ئاو و هەوای هەرێم ئاودیوی ئەودیوی سنوور و دور دەکات، کەچی جگە لەوەی لە قەرزداریی زیاتر چییەکی تری بەرهەمنەهێناوە، یارییش بە هەستو نەستی خەڵکەکەی دەکات، ئەوەی گوتبێتی بۆ وادەکەی بۆ ناڕۆی لەگەڵ بەغدا چارەسەری ڕیشەیی کێشەکانت بکەی، لەبری بەهەند وەرگرتنی شکۆی نیشتمان و ژیانی خەڵك، تۆمەتباری دەکات بە جاش و عیراقچی، ئێستا کێیە لە شکۆ و پێگەی هەرێمی داوەو خستوویەتیە ژێر مەترسی و هەڕەشەی لەناوچوونەوە؟ حکومەت خۆیەتی یا ئەو خەڵکە داماوەی لەبرسان و لەترساندا هاواری لێهەڵساوەو داوای ئەوە دەکات ڕاستەوخۆ لە بەغداوە مووچەکانی پێبدرێت؟

باوەڕناکەم هەبێ و حەز بکا کای کۆن بەبا بکات یا قەتماغەی زامە کۆنەکان هەڵبداتەوە، بەڵام تا دەسەڵات و ئەم حکومەتە فشەکەرە زامی نوێ بخاتە جەستەو ژیانی خەڵکەکەیەوە، دەبێ پتر چاوەڕوانی ئەوەش بکرێت پێیەکانی بکەونە سەر ئەم بەندو

باوە کۆمەڵایەتییە، چونکە کێشەکان لەوە گوزەراون چاوپۆشیان لێبکرێ، موعاناتەکە لەسنور تێپەڕیووەو بووە بەپرس و پرسیاری جیدی بەکۆمەڵایەتی بووە، خەڵکی وڵامیان دەوێت، وڵامی قەتعی نەك مەتاتی و ڕۆمانسی، لەبەر ئەوە بێباکی ئەوە نییە خەڵك دەیلێت، جاشایەتی کاری دەنگە ئازاو ئازادەکان نییە، بێباکی ئەوەیە لەبری بەرگری و بەرەنگار بوونەوە، سەرئەنجامی هەموو جارێ مەیدانەکە چۆڵبکەیت و میللەت هەرزانفرۆش بکەی، جاشایەتی هەرێمایەتی ئەوەیە خنکاندنی بزوتنەوەی سیاسی میللەتەکەت لەڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا، لەباشورەوە تا باکور لەبەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکە بکەیتە ئامانج و نیشتمانەکەت بکەیتە مۆڵگەی دامەزراوە ئیستغباراتییەکانیان، ناوەندچییێتی ئەوەیە بەناوی پارێزگاری لەسیادەی عیراق، سوپای بەعس بهێنیتەوە سەر پارلمانی وڵاتەکەت و ئەتکی بکەیت، ئەوەیە لەبەغدا پۆستە بەرکەوتە سیادییەکانی حکومەتی عیراق نەدەیت بەکەس و لەهەولێریش ڕۆمانسییەتی وەتەنیەت بەخەڵك بفرۆشیت... تاد.

ئەم عەقڵیەتە حکومڕانە نەخۆشە، ناتوانێ هەتا سەر بەناوی دژو دوژمنایەتی وەهمگەرایی ڕوت بەردەوامی بداتە هەڵخڕاندنی بوونیە نیشتمانی و جڤاکییەکەی کوردەواری، کێشەی ئەم خەڵکە حزبی و مەزهەبی و قەبیلەگەرایی نییە وەك ئەوەی واوێناو پاساو ئەدرێ، حکومەت بۆ خۆتان دەسەڵات بۆخۆتان ئەم خەڵکە ژیانی دەوێت، سەلامەتی سەرو ماڵ و مووڵك و پارێزراوی شکۆی نیشتمانی و نەتەوەکەی دەوێت، تۆ لەبری بەرەنگاری هەڵاتن بکەیتە پیشە، تۆ لەبری بەردەوامی ئاشبەتاڵ بکەیتە دوا وێستگە، بەدەمی خۆت بڵێیت "کاری ئێمە تەواو بوو" کەچی یەخەی خەڵك بەر نەدەیت، بەبەرچاوی دنیاوە ڕایبگەیەنیت "شێتم" هەر بشتەوێ حاکم و حکومڕان خۆت بیت و نەشتوانی ماف و شایستەییەکانی خەڵك دەستەبەر بکەیت و شکۆی نیشتمانەکەت بپارێزی، ئێ خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی بەدوای ئەلتەرناتیفدا بگەڕێ و داوا لەحکومەتی فیدڕاڵ بکات ڕاستەوخۆ لەبەغداوە ماف و مووچەو شایستەییە دارایی و

کۆمەڵایەتییەکانی کۆنترۆڵ و دەستەبەر بکرێت، حکومەت ئەگەر ناتوانێ وڵامدەرەوەی وەها حەقیقەتگەلێك بێت باش ناکات ناوی خۆی لەخەڵك بنێت، جاش دیارەو ناوەندچیش هەروەتر.